هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی سلێمانی/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
کۆلێجی زمان/بەشی کوردی

# لیریکی گۆران

# لەڕوانگەی بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانەوە

نامەیەکە

هەرێم عوسمان مەعروف

پێشکەشی کۆلێجی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لەپێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

پ.د. ئەنوەر قادر محەممەد

2716کوردی

2017 زایینی

**ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**ناو : پ.د. ئەنوەر قادر محەممەد**

ڕۆژ :     /     / 2017

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

**ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

ڕۆژ :     /     / 2017

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو: پ.ی.د.مەریوان عمر حسن | ناو: پ.د.عبدالقادر حمەأمین محمد |
| ئەندام: | سەرۆکی لیژنە: |
| ڕۆژ:  /  / ٢٠١٧ | ڕۆژ:  /  / ٢٠١٧ |
| ناو: پ.ی.د.محمد أمین عبدولله | ناو: پ. د.أنور قادر محمد |
| ئەندام: | ئەندام و سەرپەرشت |
| ڕۆژ:  /  / ٢٠١٧ | ڕۆژ:  /  / ٢٠١٧ |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا

ڕاگری کۆلێجی زمان

ناو: پ.د.عبدالقادر حمەأمین محمد

ڕۆژ:

## پێشکەشە بە:

کچە تاقانەکەم بە تۆی پێشکەش دەکەم، ببوورە زۆرکات لەنێوان تۆ و ئەمدا، ئەمم هەڵبژاردووە. بەهیوام ڕۆژێک بێت لێم تێبگەیت.

## سوپاس و پێزانین

ـ سوپاس بۆ دایک و باوک و براکانم، بۆ هاوسەر و تاقانەکەم.

ـ سوپاس بۆ هەموو فەرمانبەران و بەرپرسانی بەشە جیاوازەکانی خوێندنی باڵای زانکۆی سلێمانی، کە دڵسۆزانە هاوکارم بوون.

ـ زۆر سوپاسی سەرپەرشتیاری نامەکەم، بەڕێز پ.د. ئەنوەر قادر محەمەد دەکەم، کە بەوپەڕی بەرپرسیارێتی و دڵسۆزییەوە، بێ ماندووبوون هاوکاریکردووم.

ـ سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی لەسەرەتای خوێندنمەوە تا ئێستا، بە گیانی بەرپرسیاریەتییەوە فێریان کردووم، بە تایبەت مامۆستایانی بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی.

ـ سوپاس بۆ هەردوو مامۆستا و هاوڕێم: د.مەولود ئیبراهیم لە زانکۆی سەلاحەدین، د.محەمەد کەمال لە زانکۆی مالبۆرن_ ئوستراليا.

ـ سوپاس و خۆشەویستیم بۆ هەموو هاوڕێ و کەسەکانم، ئەوانەی تەنانەت بە وشەیەک پاڵپشتییان کردووم، بە تایبەت هاوڕێیان (فازل محەمەد، ڕایان عوسمان، ئیبراهیم حاجی زەڵمی، زانیار محەمەد، پشتیوان عەلی، ئارام سدیق)

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١_٢ |
| **بەشی یەکەم:** ژانرو بابەت و مۆتیڤی شیعری لیریکی | ٣_٣٥ |
| لیریک لەڕووی بنەوان و زمانەوە | ١٠ |
| ـ لیریک و ئاوێزانبوونی لەگەڵ ژانرەکانی تری هونەردا | ١٣ |
| لیریک و موسیک(مۆسیقا) | ١٣ |
| لیریک وەک وێنە | ١٤ |
| لێکدانەوەی کۆنتێکستی | ١٥ |
| چەمکی لیریک | ١٨ |
| ئاوێزانی شیعرو پەخشانی لیریکی | ٢٦ |
| ژانر(جۆر)ەکانی لیریک | ٢٧ |
| ژانری لیرۆ _ ئێپیکی | ٢٩ |
| بابەت(theme)ەو ناوەرۆک و مۆتیڤی شیعری لیریکی: | ٣٠ |
| مۆتیڤ: | ٣٣ |
| **بەشی دووەم:** ژانرو بابەت و مۆتیڤی لیریکی گۆران | ٣٦_٨٤ |
| ناساندنێکی کورتی دیوانی گۆران و ناونیشانی شیعرەکانی | ٣٦ |
| کێشی شیعرەکانی شاعیر | ٤٢ |
| ـ لیریکی گۆران لەڕووی قەبارە، شێوەو ژانرەوە | ٤٣ |
| ١ـ لیریکی کورت | ٤٣ |
| ٢ـ لیریکی ناوەند | ٤٣ |
| ٣ـ لیریکی درێژ | ٤٤ |
| ـ لیریکی گۆران لەڕووی ژانرەوە | ٤٤ |
| ١ـ بالاد(چیرۆکەشیعر) | ٤٤ |
| ٢ـ ئۆپێراو ئۆپەرێت | ٤٧ |
| ٣ـ سروود | ٥٠ |
| ٤ـ چوارین | ٥٣ |
| ٥ـ ستانزا(کۆپلە)و جۆرەکانی | ٥٤ |
| ـ بابەتەکانی لیریکی شاعیر | ٥٩ |
| یەکەم/ جیاکردنەوەی گشتی: | ٦٠ |

| | |
|---|---|
| ١. ليريكى هەست و نەست | ٦٠ |
| ٢. ليريكى هزرى | ٦٢ |
| ٣. ليريكى وەسفى | ٦٣ |
| دووەم/ جياكردنەوەى تايبەتى: | ٦٥ |
| ١. دڵدارى | ٦٦ |
| ٢. سرووشت | ٦٨ |
| ٣. خەباتى سياسى | ٧٠ |
| ٤. ئاشتى و ئازادى | ٧٢ |
| ٥. بۆنەو بەسەرهات | ٧٣ |
| ٦. ڕەخنە لە كولتوورو جياوازيى چينايەتى | ٧٤ |
| ٧. لاواندنەوە | ٧٦ |
| ٨. هەمەڕەنگ | ٧٧ |
| ـ مۆتيڤ لە شيعرى گۆراندا: | ٧٧ |
| ١. مۆتيڤى دەريا | ٧٨ |
| ٢. مۆتيڤى شيعر | ٨٢ |
| **بەشى سێيەم:** ليريكى گۆران لە ڕوانگەى چەمكى شيكاريى بونيادگەريى (لۆتمان)ەوە | ٨٥_١٨٨ |
| يەكەم/ زمان وەك كەرەسەى ئەدەب | ٨٩ |
| دووەم/ سرووشتى شيعر: | ٩٩ |
| ١. لادانى دەنگى | ١٠٦ |
| ٢. لادانى واتايى | ١٠٨ |
| ٣. لادانى ڕێزمانى | ١١٠ |
| سێيەم/ دووبارەكردنەوەى هونەرى: | ١١٣ |
| ١. دووبارەكردنەوەى ستانزا | ١١٨ |
| ٢. دووبارەكردنەوەى دەستەواژە | ١١٨ |
| ٣. دووبارەكردنەوەى وشە | ١١٨ |
| ٤. دووبارەكردنەوەى دەنگ | ١١٨ |
| ٥. دووبارەكردنەوەى دەنگو مانا | ١٢١ |
| چوارەم/ ئاستى لێكسيكيى شيعر | ١٢٣ |
| پێنجەم/ چەمكى پاراليليزم(تەريبى): | ١٣٥ |
| ١. پاراليلى دەنگى | ١٤٣ |
| ٢. پاراليلى سينتاكسى | ١٤٣ |

| | |
|---|---|
| شەشەم/ دێڕ(بەیت)ی شیعر وەک یەکێتییەک | ١٤٨ |
| حەوتەم/ "وشەی نامۆ" لە تێکستی شیعریدا | ١٥٩ |
| هەشتەم/ تێکست وەک سەرجەم(کولل)ێک: پێکهاتەی شیعر | ١٦٩ |
| نۆیەم/ تێکست و سیستم | ١٧٩ |
| ئەنجام | ١٨٩ |
| سەرچاوەکان | ١٩٢ |
| کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی(**ملخص البحث**) | ٢٠٤ |
| کورتەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی(summary) | ٢٠٥ |

## پێشەکی:

شیعری گۆران (١٩٠٤_١٩٦٢) وەرچەرخانێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی کوردییە. ئەم شاعیرە توانی زمان و بەهای ئیستاتیکی و شێوازی شیعری کوردی لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ و بیخاتە قۆناغێکەوە کە زیاتر هەر بەناوی خۆیەوە بەناوبانگە. ئەمەش بەرهەمی ئەوی کردۆتە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی توێژینەوەو ئاوڕلێدانەوەو کلوورێکی بە نرخی کولتووری کوردی بە گشتی.

## هەڵبژاردن و بایەخی ئەم بابەتە:

ڕاستە بەراورد بە بەرهەمی هەندێ شاعیری تری کورد، شیعرەکانی گۆران لەزۆر لایەنەوە لەسەریان نووسراوەو چەندین نامەی ماستەرو دوکتۆراو توێژینەوەی زانستییان بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەهۆی دەوڵەمەندی و گیانی مرۆڤانەو ئاستی بەرزی هونەرییەوە، شیعرەکانی هێشتاش هەر سەرچاوەیەکی ڕوونن بۆ توێژینەوەی زیاترو هەمەلایەنە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم نامەیەو ئێمە هەوڵی پێناسەو پۆلێنکردنی شیعرە لیریکییەکانیمان داوە لەبەر ڕۆشنایی چەمکی ژانرو بابەت و مۆتیڤی لیریکی بە گشتی و بە تایبەتیش لە ڕوانگەی میتۆدی زانای زمانەوان و ئەدەبناسی ڕووس، پرۆفیسۆری زانکۆی تارتۆ-ئیستلاند، یوری لۆتمان(١٩٢٠-١٩٩٦) و چەمکە گرنگەکانی کە کرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێ- شیکاریی شیعری شاعیرمان کردووە. هۆی هەڵبژاردن و—لای ئێمە-بایەخی توێژینەوەکەشە.

## ئەرکی توێژینەوەکە:

ئەرکی بنەڕەتیی نامەکە- توێژینەوەی ژانرو بابەت و مۆتیڤی شیعری لیریکیی شاعیرو شیکاریی تێکستەکانییەتی لەبەر ڕۆشنایی چەمکە بنەڕەتییەکانی بونیادگەریی کراوەو تەواوکارانەدا بۆ دەرخستن و نیشاندانی هەوڵی داهێنەرانەی شاعیر لە ڕەهەندە فیکری و ئیستاتیکییەکاندا، هەر لەم سۆنگەیەشەوە سوودمان لەدەوروبەرو کۆنتێکستە جیاوازەکان بۆ واڵاکردنەوەو ڕوونکردنەوەی بەهای هونەریی لیریکی ئەم شاعیرە-وەرگرتووە.

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

دوو سەرچاوەی بنەڕەتیمان بەکارهێناوە: یەکەم دیوانی شاعیر خۆی، کە سوودمان لە چاپە کۆنەکەی ساڵی ١٩٨٠ بینیوە، چاپی پێنجەمیشی لەبەردەستماندابووە، بەڵام پێمان وایە بەراورد بە چاپە کۆنەکە لەڕووی هونەرییەوە زۆر دەستکاری کراوە. دووەم: کتێبی (شیکاری تێکستی شیعری: بونیادی شیعر-١٩٧٢)ی یوری لۆتمان و لەو گۆشەنیگایەوە هەوڵی شیکاریی تێکستەکانی شاعیرمانداوە. زانای ناوبراو لەم کتێبەدا میتۆدەکەی خۆی بەشێوەیەکی چڕ دەخاتەڕوو، کە بەسوپاسەوە مامۆستای سەرپەرشتیارم (د.ئەنوەر قادر محەمەد) لە کاتی خوێندنی "پرۆژەنامەی ماستەر"دا ئەو بەشانەی پێویست بووە،

کردوونی بە کوردی. ئەمەش سەرچاوەیەکی میتۆدۆلۆگیی بنەڕەتی بووە. هاوکات چەندین سەرچاوەی ترمان بەپێی پێویست بۆ شیکاریی شیعرەکانی شاعیرو باشتر تێگەیشتن لە میتۆدەکە بەکارهێناوە.

## گیروگرفتی توێژینەوەکە:

هەندێ جار نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەکاتی توێژینەوەدا دەبێتە گرفت، بەڵام ئەمە بەرهەمی گۆران ناگرێتەوە، چونکە لە چاوخۆیدا، گەلێک سەرچاوەی چاک دەربارەی هەن، بەڵام دیسانەوە ئەوەی پەیوەندیی بە سەرچاوەی تیۆرییەوە هەبێت بۆ توێژینەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی تەوەرەکانی تری بابەتەکەوە هەن، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە میتۆدی شیکاریی تیۆری لۆتمانەوە هەبێ بە زمانی کوردی نییەو بە عەرەبی و فارسیش _ئەگەر هەبن_ لەبەردەستی ئێمەدا نەبوون، بۆیە ناچاربووین پەنا بۆ زمانەکانی تر ببەین، ئەمەش لەڕاستیدا بە گرفت دادەنرێت و هەرخۆی بەکارهێنانی ئەم میتۆدەش کە پێشتر _لای ئێمە_کاری پێ نەکراوە، زۆر ئاسان نەبووەو بەهیواین ئەم هەوڵەی ئێمە جێگایەک بگرێ.

## نوێکاری و سوودی توێژینەوەکە:

گەلێک وتارو کتێب و توێژینەوە دەربارەی شیعری گۆران هەن، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین بە میتۆدی کراوەو تەواوکارانە توێژینەوە دەربارەی شیعری شاعیر نەبووە، ئەم میتۆدە ئەدەبناسییە لەسەر بنەمای زمانەوانی و لەو ڕوانگەیەوە دامەزراوە، چونکە خودی لۆتمان زانایەکی دیاری زمانەوانە بەگشتی و زانستی سیمۆتیکیش بە تایبەتی، هەر ئەمەشە لەگەڵ گەوهەری داهێنەرانەی ئەزموونی گۆراندا کە شێوازێکی نوێی بە هەموو مەوداکانییەوە لە شیعری کوردیدا ئەفراندووە، دێتەوە. دەکرێ ئەمە بە سوودو نوێکاری بۆ توێژینەوەکە دابنرێ، بە تایبەتی بۆ خوێندکاران و بەرنامەی خوێندنی زانکۆ و تەنانەت توێژەرانیش.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە پێشەکی، سێ بەش‌و ئەنجام‌و سەرچاوەکان، کورتەی نامەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ژانرەوەیەو بەتایبەتیش ژانری لیریک، لەڕووی بنەوانی زمانی‌و چەمک‌و زاراوەو بابەت‌و مۆتیف و چەشنەکانیانەوە. هەروەها پەیوەندیی لیریک بە جۆرەکانی هونەرەوە.

بەشی دووەم: توێژینەوەیە لە لیریکای شاعیر لەلایەنی ژانر، (تیما)؛ بابەت و مۆتیڤی جیاوازی شیعرە لیریکییەکانی شاعیرەوە. هەروەها پۆلێنکردنی دیوانی شاعیر لەسەر ئەم بنەمایانە.

بەشی سێیەم: چەق و کرۆکی توێژینەوەکەیە لە ڕوانگەی (٩) چەمکی گرنگی میتۆدی بونیادگەریی لۆتمانەوە، شیکاریی شیعری لیریکیی گۆرانمان کردووە.

# بەشی یەکەم

# ژانرو بابەت و مۆتیڤی شیعری لیریکی

بیری دابەشکردن و پۆلێنکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەسەر چەند ژانر، جۆر، چەشن و ڕەگەزی جیاجیادا مێژوویەکی کۆنو نوێی هەیە. پۆلێنکاریش کارێکی گرنگو زانستییە، بەڵام پێویستی بە ئاگایی و وردبوونەوە هەیە. هەتا ئێستا پسپۆڕان لەسەر دابەشکارییەکی تەواو کۆتاییهاتووی زانستی کۆک نین؛ ئەمەش شتێکی سرووشتییە؛ چونکە بیرکردنەوە لە پۆلێنکردنی چەشنەئەدەبییەکان، بەهۆی فرەیی و پڕجووڵەیی و گەشەی ئەدەبیات و هونەر بەگشتییەوە، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لەڕەخنەگرانی هاوچەرخ ڕێککەوتنیان لەسەر پۆلێنی ژانرەکان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەئامانجی ئاسانکاری بۆ توێژینەوەی ئەدەب کردووە.[1] ئەم ڕێککەوتنە گرنگە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها نەبووەو ناشکرێ بەم جۆرە لەبارەی ئەدەبیاتەوە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدرێ، لەبەرئەوە بەردەوام پۆلێنو بۆچوونی جیاواز لەبارەی دابەشکاریی ژانرو جۆرەکان دێنەئاراوە، جگەلەوەی جۆری ئەدەبی جیاوازیش بەردەوام ئەگەری لە دایکبوونی هەیە. لەبەرئەوە سەرەتا پێویستە بزانین ژانری ئەدەبی چییەو لە کوێوە هاتووە؟

"ژانری ئەدەبی(لە وشەی فەرەنسیgenre – جۆر–شێوە)وە هاتووە، کە جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە لە ڕەوتی مێژوویيدا پەیدابووەو خەمڵاوە."[2] لەڕووی تیۆرییشەوە چەمکی ژانر ئەو سیما هاوبەشانە دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندیی گرووپێکی فراوانی بەرهەمی ئەدەبیی سەردەمی نەتەوەیەک یان بەگشتی ئەدەبی جیهانییە، ناوەرۆکی ژانریش بەردەوام دەگۆڕێو ئاڵۆز دەبێ.[3] لەبەرئەوە بڕواو گریمانەی وەستاوی و نەگۆڕی جۆرەکانی ئەدەب دوورە لە پێوەرەکانی زانست و ڕەخنەوە، چونکە لەگەڵ سەردەمەکەی لە پرۆسەی گۆڕانکاری و خۆگونجاندندایە. بۆ نموونە جۆرج لۆکاچ پێیوایە: ژانری ڕۆمان زادەی قۆناغی سەرمایەدارییە [4].

---

[1] ـ د. مرتضی حیدری، ارزیابی نظریه انواع ادبی فارسی:کلید نگارش تاریخ ادبیات نوین، نشریه ادب و زبان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی سال ١٨، شماره ٣٧. بهارو تابستان ٩٤. ص٨٥.

2_ E.H.Aurelius & TH Gostelius(red). Genre-teori. Lund(Sweden) 2001.s,168.

٣- سەرچاوەی پێشوو.

[4] ـ جورج لوکاچ، نظریه رمان، ترجمه، حسن مرتضوی، نشر قصه، ١٣٨١. ص ٤٥.

بێجگە لەمەش وەک زانایەکی ئەدەبناسی ئێرانی، لەبارەی تایبەتمەندیی جۆرە جیاوازەکانی ئەدەب و شیعرەوە دەڵێ: "جۆرە ئەدەبییەکان ئەو تایبەتمەندییە تەکنیکییە گشتیانەن کە هەر کام خاوەنی تایبەتمەندی، بونیاد، ئەندازە و ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن. بەم جۆرە بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەدەب رووبەڕووی بەرهەمی جۆراوجۆرو تەریب لەگەڵ بنەماگەلێکی وەک کێش، فۆرم، ناوەڕۆک، شاعیر و قۆناغی نووسینی شیعرەکە دەبینەوە"[5]، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەرنج و ڕەخنانەشدا پۆلێنکاری هەر دەکرێت، چونکە پێویستییەکی زانستییە. هاوکات دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ڕابردوودا ئاسانتربووە، وەک زانایەک لەم بارەیەوە دەڵێ: "پێناسەو پۆلێنکردنی ژانر لە ڕابردوودا لەچاو ئێستادا ئاسانتربووە، بۆ نموونە لە قۆناغی کلاسیزمدا، کە لەسەر بنەمای "پاکژیی" ژانرە، بەوردی پێناسە و دابەشکراوە"[6]، بەڵام بەهۆی پەرەسەندن و گەشەکردن لە بوارە جیاوازەکاندا ئاوێزانبوون و تێهەڵکێشی لەنێوان چەشنە جیاوازەکاندا هاتە ئاراوە، کە "پاکژی" لە قۆناغی کلاسیزمدا هەڵوەشاندەوە.

د.شفیعی کدکنی بە سوودوەگرتن لە ئەرستۆ بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای ڕەخنەی ئەدەبی بۆ چوار جۆر پۆلێندەکات: (داستان، دراما، لیریک، فێرکاری)[7] یاخود ئەدەبناسێکی تری ئێرانی سیروس شمیسا، جگە لەم جۆرانە، (گێڕانەوە)و هەجوو (داشۆرین)یشی بۆ زیاد دەکات،[8] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لای زۆرێک لە زاناو توێژەران بەرهەمە ئەدەبییەکان بەسەر سێ جۆری بنەڕەتی 'ئێپیک-لیریک-دراما'دا دابەشکراون، کە ئەم پۆلێنەش وەک تقی پورنامداریان دەڵێ: "هۆگەلی زانستی و فەلسەفی خۆی هەیە".[9] بنەمای ئەم دابەشکردنە بۆ یۆنان‌و بەتایبەت بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر-poetic)ەکەیدا ناوی لیریک ناهێنێت، کە ئەمەش توێژەرانی هانداوە، سەبارەت بە ناونەهێنان‌و باسکردنی لیریک لای ئەرستۆ بۆچوونی جیاوازیان هەبێت. هەندێک توێژەر پێیان وایە، ئەرستۆ باسی لیریکی نەکردووە، لەبەرئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانە، ئەوا بەشیعری سەربەخۆی نەزانیوەو چونکە ئەو مەبەستی بووە لێکۆڵینەوە لەو بەرهەمانە بکات، کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕن.[10] هەندێکیش پێیان وایە، ئەم فەیلەسووفە تەنیا ناوی لیریکی نەهێناوە، بەڵام باسی شیعرێک دەکات، کە دەچێتە چوارچێوەی لیریکەوە.[11] پاساوێکی دیکەش ئەوەیە، کە پیتەرهاڵبێرگ دەیهێنێتەوە، کە بەرهەمەکە ڕەشنووسی زنجیرە وانەیەکەو کارێکی تەواو

---

[5] ـ د. فرشته ناصری، مروری بر تاریخچه ادبیات غنایی در ایران،-فصلنامه در دری-سال اول، شماره دوم-بهار ۱۳۹۱، ص ۱۰۷.

[6] _ E.H.Aurelius & TH Gostelius(red). Genre-teori.s, 168.

[7] ـ محمد رضا شفیعی کدکنی'انواع ادبی، شعر فارسی'خرد و کوشش، دورەی چهارم، دفتری دوم، سوم ۱۳۵۲، ص ۹٦.

[8] ـ سیروس شمیسا،انواع ادبی، چاپ اول، انتشارات باغ آینه، تهران، ۱۳۷۰، ص ۵۳.

[9] ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شعر فارسی، مجله دانشکده ادبیات‌وعلوم انسانی، دانشگاه قم، سال اول، شماره سوم،بهار ۱۳۸٦ ص۱۰.

[10] ـ لطفعلی صورتگر، منظومه های غنایی ایران، تهران، دانشگاه تهران، چاپ دوم، ۱۳۸٤ص ۷٤.

[11] ـ بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس_هەولێر ۲۰۰٤. ل ۲۷.

ئامادەکراو بۆ چاپ نییە[12]، بەڵام وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بەرهەمی لیریکی پێش ئەرستۆو دوای ئەویش بەشێوەیەکی کاریگەر هەبووە. ئەوەی گرنگە کەمێک زیاتر لەبارەی بنەمای ژانرەوە هەڵوەستە بکەین‌و کە دەکرێت لەوێوە باشتر لە ناونەهێنانی لیریک لای ئەرستۆ تێ بگەین.

ژانر، کە جۆرێکی تایبەتی بەرهەمی ئەدەبییە، لقەکانی پابەندی تەکنیک‌و نەریتی دیاریکراون، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم زاراوەیە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لەئاستی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت. هەندێکیان وەک مۆدێل(جۆر)ێکی بنەڕەتی ئەدەبی وەک: کۆمیدیا، رۆمانس، تراجیدی و ساتیر یان هەندێکیان وەک (فیکشن) دراماو شیعر دەیناسێنن.[13] وەکچۆن لای هەندێک نووسەر ڕۆمان وەک درێژکراوەو گەشەی داستان دەزانرێت. لەبەرئەوەیە ئەدەبناسێکی وەک کارل ڤیتۆرس دەپرسێ، کە چی لە ژانردا بنەڕەتییە. یان تۆنیانۆفی فۆرمالیستی ڕووس بیری ژانری، وەک قەبارەیەکی گۆڕاو لە سیستێمێکی دینامیکیدا بەرجەستە دەکرد.[14] هەر تۆنیانۆف بڕوای وابوو، کە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبیدا، پێویستە جیاوازیی لەنێوان توێژینەوە لەبارەی (گەشەی بەرهەمی ئەدەبی)و (گۆڕانی ئەدەبی)دا بکەین، کە مێژووی ئەدەبی چاوی لە گۆڕانی ئەدەبیاتە،[15] لەبەرئەوەی گۆڕانی ئەدەبی کاریگەریی لەسەر گۆڕانی پۆلێنی ئەدەبی هەیە، بۆ نموونە جێگا چۆڵکردنی داستان بۆ ڕۆمان گۆڕانی ئەدەبییە.

جێگەی ئاماژەپێدانە، لە پاش سەدەی هەژدەیەمەوە پۆلێنی جیاواز لە چەشنی بایەخدان بە ناوەرۆک هاتەکایەوە، وەک ئەدەبیاتی سیاسی، ڕەخنەیی، کۆمەڵایەتی، لەژێر ناوی ئەدەبیاتی پابەندو پەیامدار، کە توێژەران وەک بەشێک لە ئەدەبیاتی فێرکاری دادەنێن.[16] لە ڕاستیدا ئەمە بە پێوەرەکەی تۆنیانۆف گۆڕان نییە، بەڵکو جۆرێکە لە گەشەو زیادکردنی ئەرکی نوێ بۆ ئەدەب و زۆرتریش ڕووی لە زانایان و ڕەخنەگرانی بەرهەمە ئەدەبییەکانە، تا ئەدیبان خۆیان.

لەبەرئەوە بە جیاوازی لە سەدەکانی پێشوو، ئەمڕۆ پۆلێن و جیاکردنەوەی ژانرەکان وەک زانست سەیر دەکرێت، چونکە ئەو یاساو ڕێساو فۆرم‌و تەکنیکە دیاریکراوانەی بۆ ژانرەکان هەبوون، گۆڕاون و دەگۆڕێن؛ جۆری نوێ زیادی کردووەو زیادیش دەکات. هەروەک ڕێنییە وێلک و ئۆستن وارین لە کتێبی تیۆرییە ئەدەبییەکاندا دەڵێن: "تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان پرەنسیپێکی سیستێماتیکە. ئەم تیۆرە، بەرهەمە ئەدەبییەکان بە پێی کات و شوێن و بە پێی قۆناغ و زمانی نەتەوەیی، پۆلێن ناکات، بەڵکو بەپێی بونیاد و سیستێمی هەر ژانرێکی جیاواز پۆلێنی دەکات"[17] ئەمە دابەشکردنی ژانرەکانە بەپێی پرەنسیپی گەردوونی نەک لۆکاڵی؛ واتە وەک زانست مامەڵە لەگەڵ جۆرەکانی ئەدەب دەکات، هاوکات ژانرەکان

[12] ـ پیتەرهاڵبێرگـو دانەرانی‌تر، تیۆریی ئەدەبی‌و شێوازناسی، ئامادەکردن‌و وەرگێڕانی، ئەنوەر قادر محەممەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی_سلێمانی٢٠١٠، ل٣٩.

13 _Gerard Genette. In trofuction till arketexten. ''Genre teore .s, 168

14_E.H.Aurelius & TH Gostelius(red). Genre-teori. s,168.

[15] ـ ایرنا ریما مکاریک، دانش نظریه ادبی معاصر، ترجمه: مهران مهاجر، محمد نبوی، چاپ سوم، تهران: آگه. ص ٨٤.

[16] ـ د. سید آحمد حسینی کازرنی، سخن پیرامون ادبیات تعلیمی و غنایی، فصلنامەی تحقیقات تعلیمی و غنایی زبان و ادب فارسی، دانشگاه آزاد اسلامی-واحد بوشهر، شماره پیایی، هشتم، تابستان ١٣٩٠. ص ١٢٧.

[17] ـ رنه ولک، آوستین وارن، نظریه ادبیات، ترجمه، ضیاء موحدو پرویز مهاجر، انتشارت علمی‌و فرهنگی، تهران ١٣٧٣، ص ٢٦.

خۆیان پێوەرێکی گرنگن بۆ جیاوازبوونیان. بە نموونە ژانری لیریک، خۆی پێوەرەکانی، کە بونیاد و سیستێمی تایبەتی هەیە، بۆ خۆ جیاکردنەوە لە داستان یان دراما، یان بونیاد و سیستێمی دراما لە هی داستان جیاوازە.

هاوکات سەرچاوەو بنەماکانی پۆلێنی ژانرو چەشن و جۆرە ئەدەبییەکان چەندین بۆچوون و تیۆریی جیاواز لە خۆدەگرن، کە هەندێک لەو بۆچوون و تیۆرییانە بنەماکەیان پەیوەندیی بە ئەدەبەوە نییە، بەڵکو لە دەرەوەی دنیای ئەدەبەوە سوودیان لێوەرگیراوە. بۆ نموونە (فردیناد برۆنتێیر١٨٤٩-١٩٠٦) ڕەخنەگرو بیرمەندی فەرەنسی بەسوودوەرگرتن لەتوێژینەوە بایەلۆژییەکەی (داروین) چەشنەئەدەبیەکان پۆلێندەکات. ئەو چەمکی پەرەسەندن و گەشەکردنی بۆ جۆرە ئەدەبییەکان بەکارهێنا [18]. پێی وابوو، بەپێی سەردەم و قۆناغی جیاواز جۆرە ئەدەبییەکان گەشەدەکەن و لەناوچوونی تەواو نییە، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ چەشنی دیکەدا بەردەوامدەبن‌و گەشەدەکەن. ئەم زانایە، میتۆدی مێژوویی لە ڕەخنەی نوێدا پەرەپێدا و هەوڵیدا بیسەلمێنێ، کە پێشکەوتن لە دیاردە ئەدەبییەکاندا دەبێتە هۆی پەیدابوونی شێوازی نوێی ئەدەبی، [19] یاخود (هدسۆن) لەسەر بنەمای دەروونشیکاری چەشنەئەدەبیەکانی لێکدەدایەوەو پێیوابوو، کە چەشنە ئەدەبییەکان وەڵامدەرەوەی پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤن.[20] لەلایەکی ترەوە فرای [لە کوردییەکەدا-فرییە-دانراوە] چوار جۆری(کۆمیدی، تراژیدی، داشۆرین، ڕۆمانسی) لەسەر بنەمای وەرزەکانی ساڵ جیادەکاتەوە. جۆری تەنزو داشۆرین بە(زستان) کۆمیدیا بە (بەهار) و ڕۆمانسی بە (هاوین) و تراژیدیا بە(پایز) پەیوەستدەکات،[21] بەڵام ئەوەی لەم پۆلێن و دابەشکارییانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە شیعرو ئەدەب خۆیان نەبوونەتە بنەمای لێکۆڵینەوە.

شایانی باسە هەندێک زانا و لێکۆڵەری دی لەڕوانگەی زمانەوە لە ژانرەکانی ئەدەب دەڕوانن. ئەمان پێیان‌وایە زمان گرنگترین کەرەستەی بونیادنانی دەقی ئەدەبییە، لێرەوە خۆیان لە پەیوەندییە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکان دووردەخەنەوە. ئەم ڕەخنەگرانە لێکدانەوەیان بۆ سێ هەڵوێستە هونەرییەکە (لیریکی، داستانی‌و درامی) بۆ سێ ئەرکی زمان دەگێڕنەوە، کە ئەوانیش(گوزارشتکردن، لاساییکردنەوە، بانگەشە)ن. گوزارشتکردن ئەرکی ڕاڤەکردنی لیریکی، لاساییکردنەوە ڕاڤەکاری داستان‌و بانگەشە بۆ ڕاڤەکاری درامی دەخوێننەوە. ئەم سێ ئەرکە لە داڕشتن‌و شێوازی ئەدەبیدا هەن. بەمجۆرە ئەوەش دەخەنە ڕوو، کە هەرسێ ئەرکەکەی زمان بەرانبەر هەر سێ هەڵوێستە هونەرییەکەن؛ واتە شیعری لیریکی گوزارشتکردنی تێدا زاڵە، داستان بانگەشە یان پاڕانەوە، درامی نواندن. لێرەوە جێناوی (من)

---

[18] ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شعر فارسی.ص ١٢.

[19] ـ د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپ‌و بڵاوکردنەوەی-سلێمانی، ٢٠١٢. ل ٣٧.

*لەڕاستیدا وشەی'theorie'ی یۆنانی کە بووەتە theory و teoria بە هەڵە لە کوردیدا دەکرێ بە(تیۆر)، ئەمە هەڵەیەکی زەق و باوی ئەدەبناسی کوردییە.

[20] ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر حەسەن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لەشیعری کوردیدا[نامەی دکتۆرا] زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی-٢٠١٠. ل، ١٠٧.

[21] M.H-ئەبرامز، تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب‌و رەخنە وەرگێڕانی، عوسمان ئەحمەد، چاپەمەنی ژێر_سلێمانی، ٢٠٠٩، ل، ٢٢

ئەرکی گوزارشتکردنە وەک لیریک، (ئەو) ئەرکی نواندنەو بەرانبەر شیعری داستانی دەوەستێت. هەروەها (ئەو) ئەرکی بانگەشەیەو بەرانبەر بە شیعری درامی دەوەستێتو ڕاڤەی دەکات[22].

زۆرێک لەو زانایانەی سەیری ئەدەب وەک زمان دەکەن و دەیکەنە بنەما بۆ توێژینەوە لە ئەدەب، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆڕشەی فردیناند دی. سۆسێر لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەرپایکرد. لەوێشەوە فۆرمالیست و بونیادگەرەکان توانیان بەچاوێکی نوێوە لە ئەدەب بڕوانن. جارێکی تر پێناسەی ژانرو چەمکە ئەدەبییەکانیان کردەوە، ژانری لیریکیش یەکێک بوو لەو ژانرانەی بە چڕی لەبارەیەوە هەڵوەستەیان لەسەر کرد.

ڕۆمان یاکۆبسن کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فۆرمالیستی ڕووسە پێی وایە، لیریک بۆ کەسی یەکەم و کاتی ئێستاو داستان بۆ کەسی سێیەم و کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.[23] بۆ جەختکردن لەم بۆچوونە، هانس رۆیین لە کتێبی"سۆفییەتی شیعر" (١٩٣٥)دا لیریک بە "کۆکەرەوەی کاتی ئێستا" ناودەبات[24]. هەروەها ئەدەبناسی ناسراو ئیمیل ستایگەر بە جۆرێک تایبەتمەندی لیریکی، ئێپیکی، درامی نیشاندەدا، کە جێگەی مشتومڕە: "ستایگەر لەلایەکەوە خزمایەتی نێوان ئەم سێ شێوە بنەڕەتییە دەبینێ و لەلایەکی تریشەوە دەیەوێ ئەو سێ ڕەگەزە بنەڕەتییەی زمانیش: پیت، وشە، ڕستە ببینێ"[25] لەڕاستیدا ئەم بەرانبەرگرتنەش زۆر پەسەندنەکراوەو ئاڵۆزیی تێدایە.

ئەم لێکدانەوانەی ڕەخنەگرانی بواری زمان ڕێخۆشکەر بوون بۆ شیکردنەوەکەی ت.س.ئیلیەت(1888–1965) کە هەرسێ هەڵوێستە هونەرییەکەی بەناوی (سێ دەنگەکەی شیعر)ڕاڤەکرد. ساڵی 1953 لە وانەیەکیدا ئەوەی ڕوونکردەوە، دەنگی یەکەم دەنگی شاعیر خۆیەتی گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات، دەنگی دووەم دەنگی شاعیرە ڕووی لەجەماوەرەو قسە لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر یان کەم دەکات، دەنگی سێیەمیش دەنگی شاعیرەو کاتێک گفتوگۆ لەنێوان کەسایەتییە خەیاڵییەکاندا دروستدەکات[26]. دابەشکردنی ئەم سێ دەنگە لای ت.س.ئیلیەت بە مەبەستی نیشاندانی زاڵبوونی دەنگێکە بەسەر دەنگەکانی تردا، یان پێیوایە، دەشێت لە شیعرێکدا هەرسێ دەنگەکە دەربکەێت، بۆ نموونە لە شیعری لیریکدا دەنگی یەکەم بەسەر دوو دەنگەکەی دیکەدا زاڵە؛ کاتێک شاعیر دەدوێت هەستوسۆزو دەروونی خۆی نیشاندەدات[27]. نووسەرانێکیش هەن لە دابەشکردنی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی ورد دەستنیشانی جۆرەکان دەکەن، بۆ نموونە ئەدەبناسێکی ئێرانی حسین رزمجو، سیازدە جۆری ئەدەبی جیادەکاتەوە،[28] بەڵام دەبێت بڵێین ئەم جۆرە جیاکردنەوەیە ڕاستە وردە، بەڵام لەڕووی زانستییەوە کێشەهەڵگرە.

---

22 ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شعر فارسی، ص ١٥.

23 ـ رنه ولک، آوستین وارن، نظریه ادبیات، ص ٢٦٢.

24 ـ پیتەر هاڵبێرگـو دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل٤٠

25 ـ سەرچاوەی پێشوو: ل ٣٧-٣٨.

26 ـ پرتو نوری علا، هنرو آگاهی(مجموعه مقالات و نقد ادبی) چاپ سوم.انتشارات سندباد-١٣٨٦. ص١٦٤.

27 ـ پەروین عەبدوڵڵا،ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا-کرمانجی خواروو ١٩٨٠-ڕاپەڕین. دەزگای سەردەم_سلێمانی-٢٠٠٨ ل.١٣١.

28 ـ حسین رزمجو، انواع ادبی، تهران، نشر توس، چاپ دوم 1385، ص 75.

لەبەرئەوەی جیاکردنەوەی ئەو هەموو جۆرە، ئاڵۆزی و تێکەڵییەکی زۆر لەنێوان جۆرەکاندا دروستدەکەن. هەروەک توێژەرێکی فارس ڕای وایە: دەکرێت بەشێوەی زانستی بەشی جیاواز، لەو سێ چەشنە بنەڕەتییە جیابکەینەوە، نەک ئەوەی بەشە بچووکەکانیش وەک شێوەی بنەڕەتی لەبەرچاو بگیرێن[29].

هاوکات وەک د.مرتضی حیدری پێیوایە، هەندێک لەو ژانرانە دایکن بۆ چەند وەچەی نوێ[30]. لەبەرئەوە پێویستە ژانرە دایکەکان بکەینە بنەما، ناکرێت بۆ پۆلێن هەموو جۆرەکانی ئەدەب وەک ژانری سەربەخۆ دابنێین، لە کاتێکدا بەشێوەی دروستی زانستی پێویستە ژانری دایک و بنەڕەتی لێکجیابکەینەوە. هاوکات ئەم زانایە بۆچوونی وایە کە، دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە ژانر و پێوەرەکانی بۆ جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنیان جیاوازن‌و بەپێی کاتیش دەگۆڕێن. هەروەک لێکچوونی نێوان دایک و نەوەی ژانرەکان زۆرکات ڕێژەییە، بۆ نموونە ڕۆمان‌و چیرۆک‌و داستان..[31]
یەکێکی دی لەو پۆلێنکارییانەی سەرچاوەکان بە گرنگییەوە باسیدەکەن، پۆلێنەکەی شاعیری ئەڵمانی ولفگانگ یوها گۆتە(١٧٤٩-١٨٣٢)یە. کە دەورێکی دیاری لە چەسپاندن و گەشەپێدانی دابەشکردنی ژانرەکاندا هەبوو، پیتەر هاڵبێرگ لەم بارەیەوە دەڵێ:"...لە بەرهەمێکیدا کە ساڵی ١٨١٩[گۆتە] نووسیویەتی، لیستەیەکی بۆ جۆرەکانی هونەری شیعری وەک: ballad (چیرۆکە شیعر)، elegy (شیننامە)، idlyll (گۆرانی لادێ_ شوانانە) oda (قەسیدە) satir (شیعری تەنزو داشۆرین) کردووە"[32].
هەمان ئەدەبناس دەربارەی ئەم دابەشکردنەی شاعیری ئەڵمانی گۆتە، دەڵێت: "ئەم زاراوانە زیاتر لایەنی شێوەو دەرەوەی شیعر دەگرنەوە تا ناوەرۆک، هەروەها ناتوانن نوێنەری شێوەی بنەڕەتیی شیعری بە بایەخ بن. گۆتە لەبەرانبەر ئەم جۆرە زاراوانەدا ئیپۆس و لیریک و دراما قوتدەکاتەوەو بە "شێوەی سرووشتی"شیعر ناویاندەبات.... هەروەها ئەو جۆرە فۆرمە شیعرییانەی [کە لیستی بۆ کردبوون] بەشێوەیەکی مێژوویی خراونەتەڕوو"[33]. ئەم شاعیرە ڕای وابووە، لە سەرەتای تراژیدیای یۆنانیدا هەرسێ شێوەکە [ئیپۆس، لیریک، دراما] ئاوێزانبوون‌و پاشان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لێک جیابوونەتەوە.[34] وەک تێبینی دەکەین ئەمانە بەشێکن لەو کێشمان و دید و تیۆرییە جیاوازانەی پۆلێنی ژانرەکانی ئەدەب، کە پێمان وایە دەوڵەمەندیی بەرهەمە ئەدەبییەکان سەرچاوەی فرەیی ڕوانینە جیاوازەکانە.

---

29 ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شعر فارسی، ص ٨.

30 ـ د. مرتضی حیدری، ارزیابی نظریه انواع ادبی فارسی ل ٨٤.

31ـ سەرچاوەی پێشوو: ل ٨٥. دیارە ئەم بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی"رینێ ویلیک، ئۆستن وارین"دا کە پێشتر هێنامانەوە تاڕادەیەک دژ دێتەوە، ئەوان پێیان وایە ناکرێت ژانرەکان بە پێی کات‌و قۆناغ و نەتەوە پۆلێن بکرێت، لە کاتێکدا ئەم زانایەو چەندین زانای ئەدەبی تر لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا کۆکنین.

32 ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل ٣٧

33 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

34 ـ عبدالحسین زرین کوب، نقد ادبی، موسسه انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٥٤. ص ٧٠.

لەگەڵ ئەمانەشدا جێگەی ئاماژەپێدانە، فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆرج ویلهێلم فریدریک هیگڵ (١٧٧٠_١٨٣١) سەرەتا وەک جۆرێکی تایبەت لە لیریکی ڕوانیوە، لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی‌دا لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "لە ئیستاتیکای ئەوروپاییدا لە لیریک ڕوانین، وەک جۆرێکی تایبەتی ئەدەب لەلایەن (هیگڵ)ەوە پێناسەکراوە." [35] ئەم فەیلەسووفە لەسەر بنەما فەلسەفییەکەی خۆی، کە سیانەی دیالێکتیکی(تێز-ئەنتی تێز-سینتێز)ن لە بەرانبەریاندا سیانەی لیریک، داستانو دراما دادەنێت[36]، پێی‌وایە لیریک و داستان لە پرۆسەی دیالێکتیکی گەشەکردوودا شیعری درامی پێکدەهێنن. بێگومان ئەگەر ئاشنای سیستێمی فەلسەفی هیگڵ بین، باشتر تێ دەگەین کە هەریەکە لەمانە نوێنەری بیرو ئایدیاو قۆناغێکن، بەڵام لە پرۆسەی دیالێکتیکیدا لەناوچوونی تەواوەتی نییە، لەبەرئەوە کاتێک دراما لەدایکدەبێت داستان و لیریک لەناو ناچن. ئەم فەیلەسووفە لە بەرهەمێکیدا بەناوی "ئیستاتیکا" باسی "کەسی، بابەتی" وەک دوو چەمکی فەلسەفی دەکات و پێی وایە لیریک کەسییە(شەخسی)و ئێپیک زیاتر بابەتییە.[37] لەبەرئەوە بۆ ئەم فەیلەسووفە داستان توانای دەرخستنی ژیانی فیکری و مەعنەویی قۆناغێکی مێژوویی هەیە، لیریکیش توانای دەرخستنی دەروونی مرۆڤی هەیە. بەواتایەکی دیکە داستان لەڕووی بابەتییەوە دەتوانێت ژیانی مرۆڤ لە قۆناغێکی دیاریکراودا و لیریکیش ژیانی دەروونی و کەسی قۆناغێک دەردەخەن.[38]

لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئاوڕ لە خاڵێکی جەوهەری بدەینەوە، ئەویش پرسی مێژوویی و تایبەتمەندیی نەتەوەیی جۆرەکانی ژانرە. مەبەست لەمەش ئەوەیە، لەگەڵ سیمای گشتیی ژانرەکاندا، تایبەتمەندی و پرۆسەی مێژوویی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەوری لە چۆنیەتیی ئەو ژانرەدا هەیە.[39] ئەم خاڵە گرنگەش بواری ئەوە بە توێژەرانی نەتەوە جیاوازەکان دەدات بۆچوون و پێناسەی جیاواز بۆ ژانرو جۆرەکان بکەن. لەبەرئەوە پێمان وایە، ئەم بۆچوونە ئەگەرچی ڕەنگە لەڕووی زانستییەوە کێشەهەڵگر بێت، لەبەرئەوەی بایەخ بە بەش دەدات و پرەنسیپی گەردوونی بۆ ژانرەکان لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام داهێنانی ئەدەبی کە زیاتر سرووشت و مۆرکێکی تاکەکەسی هەیە، گرنگە توێژەران و ڕەخنەگرانی نەتەوە جیاوازەکانیش بە ڕەچاوکردنی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەیی خۆیان لێکۆڵینەوە لە جۆرە ئەدەبییەکان بکەن و بەراوردی پرەنسیپ و بونیادی گشتی جۆرەکانی بکەن، چونکە دەکرێت جۆری ئەدەبی نوێ لە سووچێکی دنیادا سەرهەڵبدات و لە شوێنێکی تر نەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو تیۆرییە نوێیانەی لەسەر دەستی ڕەخنەگرانی وەک میخایل باختین و فرێدریک جیمۆن دانراون، "جەخت لەوە دەکەنەوە، کە

35 ـ ڤ.م کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا. نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی، ل ١٨٥.

36 ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ل ٥٠.

37 ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ل ٣٩.

38 ـ بابەک احمدی، حقیقت و زیبایی،-درسهای فلسفەی هنر. نوبت چاپ بیستم، انتشارات،تهران،١٣٩١.ص١١٢.

39- E.H.Aurelius & TH Gostelius(red).2001.s,168.

تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژی لەپشت هەر ژانرێکەوەیە."[40] ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی، کە پێویستە لە جیهانبینی جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبیدا ڕەچاوبکرێت.

لەسەر بنەمای پۆلێنی جۆرەکانی ئەدەب، بەشێک لە توێژەرانی فارس بایەخ بەم جۆرە پۆلێنە دەدەن، کە ئەدەب بۆ دوو یان سێ جۆر دابەشدەکەن: ١. پەخشان. ٢. نەزم.[41] هەندێکیان ڕەخنە لەم دابەشکارییە دەگرن پێیان وایە، دەبێت جیاکاری لەنێوان (شیعر، نەزم، پەخشان)دا بکرێت، لەبەرئەوەی دەکرێت پەخشان نەزمی هەبێت و شیعر نەبێت. جێگەی ئاماژەپێدانە ئەم دابەشکارییە لەسەر بنەمای ناوەرۆک و شێواز کراوە.[42] هاوکات، گۆرانی شاعیریش جیاوازیی نێوان (هەڵبەست) و (هۆنرا)و دەکات، هۆنراو[نەزم] بریتییە لە کێش و سەروا، بەڵام هەڵبەست [شیعر] جگە لە بنەمای کێش و سەروا، چەندین بنەمای هونەریتری پێویستە.[43]

سەرەڕای هەموو ئەم تیۆری و بۆچوونە جیاوازانەش، هێشتا دواخاڵ دانەنراوە، لەبەرئەوە دەرگای پۆلێنکردن لەبەردەم توێژەراندا کراوەیە. بەڵام ئەوەی تائێستا پۆلێنی جۆرەکانی کردووە، نەیتوانیوە ژانری لیریک نادیدە بگرێت، چونکە ژانرێکی بنەماییە. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بایەخ بەم جۆرە بنەڕەتییە دەدەین‌و هەوڵدەدەین بەتایبەت لەسەر لیریک و هەندێک لە شێواز و بابەتەکانی هەڵوەستە بکەین.

## لیریک لەڕووی بنەوان و زمانەوە:

---

40 _ M. Keith Booker. A practicd Introduction to litrary theory and Cniticism ''longman puhishers USA, 1996, p 479.

41 ـ رحمان مشاق مهر، رسول كاظمزاده، انواع ادبی، شعر غنایی و حسب حال سرایی، فصلنامه علم-تخصصی علامه، سال دهم-شماره پیاپی ٢٦، بهار و تابستان، ص ٨٩.

42 ـ کورش صفوی، آشنایی با نشانەشناسی ادبیات. انتشارات علمی، چاپ اول، ١٢٩٣.ص ٢٤٥. لەئەدەبی فارسیدا بە گوتەی صفوی حق‌شناس یەکەم کەس بووە ئەم جیاکارییەی کردوە. (محمد علی حق‌شناس، شعر،نضم،نثر، سی گونەی ادبی. در میر عمادی (گردآورندە) مجموعە مقالات دومین کنفرانس زبانشناسی نضری و کاربردی. تهران ١٣٧١.

43 ـ د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی‌و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٦ ل ٣٥٧.

زاراوەی (لیریک) لە وشەی (lyra)*وە هاتووە، کە ئامێرێکی مۆسیقابووەو شیعری بە ئاوازەوە لەگەڵ وتراوە.[44] لەبەرئەوە شیعری گۆرانیشی پێدەگوترێت. لە بنەڕەتدا ناوی لیریک لە ئامێری مۆسیقی (لیر)ەوە وەرگیراوە، کە لە یۆنانی کۆندا لەگەڵ گۆرانیوتندا ژەندوویانەو بە سیمبۆلی یەکیەتی و هارمۆنی خەملێنراوە.[45]

لە زمانی کوردیدا لیریک بە (شیعری گۆرانی) ناودەبرێت. لە زمانی فارسی و عەرەبیشدا زاراوەی (غنا یان غنایی) بەواتای گۆرانی و ئاوازێکی خۆش، سروود یان نەوایەکی بزوێنەر، یاخود ئەو شیعرەی لەگەڵ چەپڵەلێداندایە–دێ.[46] سەبارەت بە ئەدەبی عەرەبی ئەم جۆرە شیعرە بە (الشعر الغنائی) ناسراوە. (الغنائی) بەو شیعرانە گوتراوە، کە هەست و سۆزیان تێدا زاڵە. لە ئەدەبیاتی فارسیشدا زۆرێک لە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە ناصر بهرامی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: "لیریک کە بە غنایی وەرگێڕاوەو لە عەرەبەکانەوە وەرمان گرتووە، ئەوان بەو شیعرانەیان وتووە کە عاشقانەو سۆزدارانەیە. بەهەرحاڵ هاوواتا کۆنەکەی لیریک لەلای ئێمە غەزەلە".[47] لەبەرئەوە لە ئەدەبی فارسیدا پێش شیعری لیریک غەزەل هەیە، بەڵام بە هاتنی لیریک غەزەل بووە بە بەشێک لێی. هەروەها لەبەرئەوەی وشەی تایبەتیان بۆی نەبووە، ئەوا هەر سوودیان لە وشە عەرەبییەکە وەرگرتووە. لەم بارەیەوە اعظم بابایی دەڵێ: "لەم ساڵانەی دواییدا بە سوودوەرگرتن لە وشەی (غنا)ی عەرەبی، هەمان زاراوە بەکاردەهێنن".[48] لەلایەکی ترەوە لیریک لە ئەدەبی فارسیدا زۆرتر لە (سبک عراقی)دا لەئاستی زمان و مۆسیقای وشەکاندا برەوی هەبووە[49].

---

*- زۆرکات چیرۆکی سەرنجڕاکێش لە شێوەی سیحرو جادو و پیرۆزی شیعرو شاعیرەکان دەبینرێت، ئەمەش زیاتر بۆ بنەڕەتی ئەفسانە یۆنانیەکان و چیرۆکی ئۆرفیۆس دەگەڕێتەوە، کە ئەم ئامێرەی بە دەستەوەیەو بە شێوەیەك دەیژەنێتو گۆرانی لەگەڵدا دەڵێت، هەمووان سەرمەستی خۆی دەکات. ئۆرفیۆس پاش هاوسەرگیری لەگەڵ ئۆریدیس لە ناکاو مارێك بە ئۆریدیسەوە دەدات و دەمرێت. ئۆرفیۆس بڕیار دەدات بڕوات بۆ دونیای ژێرەوە و ئۆریدیس بهێنێتەوە سەرەوە. کاتێ گەیشتە هادێس لیرەکەی بە دەستەوە گرت و دەستی بە ژەندن کرد، بە شێوەیەك تەنانەت سیحری لەپاسەوانەکانیش کرد. کاتێك گەیشتە لای ئۆریدیس فەرمانڕەوای هادێس بڕیاریدا بە مەرجێک ئۆریدیسی بداتێ، کە لەکاتی بەرزبوونەوەی بۆ سەر زەوی ئاوڕی دواوە نەداتەوە، بەڵام ئۆرفیۆس پێش گەیشتنی بۆ زەوی ئاوڕدەداتەوە[ئەم ئاوڕدانەوەیە چەندین خوێندنەوەی بۆ کراوە: بەختیار عەلی، کتێبێکی هەیە بە ناوی "ئاوڕدانەوەکەی ئۆرفیۆس"] تا دڵنیا بێت، مەعشوقەکەی بەدواوەیەتی. بە ئاوڕدانەوەی، ئۆریدیس دەکەوێتە خوارێ بۆ هەمیشە لە دنیایی مردواندا دەمێنێتەوەو ئۆرفیۆس تەنیا و گۆشەگیر دەکەوێت و سەر دەنێتە بیابان و دەست بەو ئامێرەی(لیر) دەستییەوە هەموو تەمەنی خۆی بە ئاواز خوێندنێکی حەزین بە سەر دەبات. ئەم زانیاریانەم[بەیارمەتی ئاشنایەک] لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە:

-G.Duhamel, Anthologie de la poésie lyrique en France, Flammarion, 1946.p.8

44 - پیتەرهاڵبێرگـو دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی-ل٣٦.

45 - جۆرج دومیل، هەڵبژاردەیەک لە شیعری لیریك لە فرەنسا، دەزگای وەشاندنی فلاماریسۆن،١٩٤٦،ل٨.

46 - نوری محمد اسماعیل، موسیقی و غنا از دیدگاه اسلام، قم، موسسه بوستان کتاب، (1385) ص27-28.

47 - ناصر بهرامی، فارسی عمومی، ادبیات کاربردی و ادبیات محض. نشر بانو-تهران، ویرایش چهارم، ١٣٩٠. ص ١١١. ئەم بۆچوونە لەزۆرێک لەو سەرچاوانەدا هەیە کە تایبەتن بەم بابەتە: بۆ نموونە: انواع ادبی، سیروس شمیسا.

48 - اعظم بابایی، ادبیات غنایی. فرهنگ علوم انسانی اسلامی پژوهە:http://pajoohe.ir/

سەبارەت بە لیریک(غنایی) لە فەرهەنگە فارسییەکاندا بەم جۆرە باسکراوە: لە فەرهەنگی "دهخدا": سروود "مهذب الاسماء" "اسامی فی الاسامی". نەوایەکی خۆشی بەزمە، سروودێکە "منتهی الارب". نەغمەو سروود گوتنە، "غیاث اللغات"، توانا و بێ نیازیی و ئەزموونداربیە"آنندراج". گۆرانی: هەتوان و بێ نیازبوون، گەورەیی و فراوانی لە توانای موزیکو سروود و گۆرانی گوتنە. لە "فەرهەنگی سخن"دا نەوایەکی خۆشی بزوێنەر، لەناویشیدا بە شێوەی "غین" واتە "غنا"یە، چونکە بە شێوەی دەنگ دێتە دەرەوە و گوزارشتی لێ دەکرێت. "غنا" لیریک بە واتای "تغنی" و گۆرانی گوتنە و ئەوەش کاتێک ڕوودەدات، کە میلۆدییەک لەگەڵ هۆنراوە و چەپڵەلێداندا بێت، ئەمەش جۆرێکە لە یاریکردن "اقرب الموارد"[(50)].

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم شیعرە بۆچوونی جیاواز هەن. هەندێک پێیان وایە، جۆری لیریک کۆنترین شێوەی شیعرە، چونکە مرۆڤ سەرەتا هەست و نەستی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەربڕیوە.[(51)] هەندێک بۆچوونیش شیعری حەماسی بۆ قۆناغی ساوایی و لیریک بۆ قۆناغی لاوی دەگێڕنەوە، چونکە لەوکاتەدا تاک "خودی خۆی" دەدۆزێتەوەو گوێی لە دەنگەکانی ناخی خۆی دەبێت.[(52)] یاخود ئەرنست بۆڤە، کە مێژووی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی بەسەر سێ قۆناغی(گەنجی، کامڵی و پیری) دابەشدەکات، پێیوایە هەریەک لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لەو سێ قۆناغەدا جۆرێک لە شیعری گونجاویان وەبەرهێناوە، لیریک پەیوەندیی بە سەردەمی گەنجی و جۆری داستان بە دەورانی کامڵبوون و درامیش بە پیرییەوەیە.[(53)] لەگەڵ ئەم بۆچوونە جیاوازانەشدا، ئێمە پێمانوایە جۆری لیریک بە پێی ئەو ڕەگەزانەی هەیەتی، دەکرێت لە سەرەتاییترین بەرهەمی ئەدەبیدا ببینرێتەوە، چونکە ئەم جۆرەی شیعر باسکردنە لە خودی مرۆڤ خۆیو هەستو سۆزەکانی، کە بنەمای ئەدەبیش بۆ باسکردنە لە هەست و سۆز و ویستی مرۆڤ خۆی.

زۆرکات لە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی شێوازو بابەتەکانی لیریکدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبینەوە، چونکە هەندێک نووسەر لەبری لیریک، گۆرانی یاخود شیعری شەخسی و تاکەکەسی، هەستو سۆزیشی پێدەڵێن. لەبەرئەوە جیاکردنەوەی لیریک لە نالیریک، پەیوەستە بە جیاکردنەوەی ناوەرۆک و شێوازی لیریک؛ واتە شیعرێک دەکرێت بە ناوەرۆک لیریک و بەشێواز جۆری داستانی لیریک بێت.[(54)] بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا شیعری لیریک لای شاعیران و ڕەخنەگرانیش جێگەی بایەخ بووە، بۆ نموونە

[49] ـ ناصر بهرامی، فارسی عمومی، ادبیات کاربردی و ادبیات محض. ص ١١٢.

[50] ـ د. فرشته ناصری، مروری بر تاریخچه ادبیات غنایی در ایران، ص ١١٨.

[51] ـ پیتەرهاڵبێرگ-و دانەرانی تر، تیۆریی ئەدەب و شێوازناسی ل ٣٩.

[52] ـ شفیعی کدکنی، زبان وادبیات عمومی فارسی، نشر چشمه، تهران 1384، ص 66.

[53] ـ پ.ی.د.هیمدادی حوسێن، دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، موکریان-هەولێر،٢٠٠٧، ل.٣٤.

[54] ـ بوکنەر. ب. تراویک، مێژووی ئەدەبی جیهان، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف_بەرگی یەکەم،دەزگای موکریان_هەولێر ٢٠٠٨.-ل ٢٤٢.

ئەدگار ئالان پۆ، کە ناوێکی دیارە لە جیهانی ئەدەبدا، پێیوابوو شیعری لیریکی باشترین جۆری شیعرە، چونکە زۆر بە زەحمەت دەتوانین شێوەو ناوەڕۆک لەیەک جیابکەینەوە.[55] وەک لەم بۆچوونەی پۆوە دەردەکەوێ، ئەوەی لای پۆلێنکاران گرفتە بۆ پۆلێنێکی پاکژی ژانرەکان، سەرکەوتوویی شیعری لیریک لە خۆدەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی مەبەستی ئەم جۆرەی شیعر باشتر ڕوونبکەینەوە، باسی ئاوێزانبوونی لیریک لەگەڵ ژانرەکانی دیکە دەکەین.

## لیریک و ئاوێزانبوونی لەگەڵ ژانرەکانی تری هونەردا:

زۆرجار گفتوگۆو دەمەتەقێ دەربارەی هونەرو ئەدەب دەکرێ، هەندێ لێڵی و ناڕوونیش لە دیاریکردنی ڕووبەرو کێشمانی ئەم دوو زاراوە گرنگەدا بەدیدەکرێ... بەڵام ئەوەی زۆربەی زانایان و پسپۆڕان لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە هونەر جوغزە فراوانەکەیەو ئەدەب بەشێکە لە هونەر. کەواتە هەڵەیە ئەگەر وا تێبگەین، سنوورێکی وردو تەنراو لەنێوان لقەکانی هونەردا هەیە، تەنانەت گەلێک جار بەهۆی تایبەتمەندی و نزیکی لەیەکەوە ئامێتەی یەکتر دەبن، بۆیە ئێمە زۆر بە کورتی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکەمان کە لە چوارچێوەی ژانری لیریکدایە لەگەڵ لقەکانی تری هونەردا دەدوێین:

## لیریک و موسیک(مۆسیقا):

هەمیشە لە باسی لیریکدا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە فۆنتیکی-ئاوازەییەوە قسە لەسەر نزیکی و ئامێتەیی ئەم دوو لقەی هونەر دەکرێ و گەلێک شێوەی لێکچوونیان تێدا بەدیدەکرێ و بوونەتە تایبەتمەندیی هەردوو لقەکە، با ڕای ئەدەبناسی سویدی، لارش ئیلیستروم لە کتێبی (شیکاریی لیریک)دا لەم بارەیەوە بهێنینەوە، کە دەڵێ: "لیریک و موسیک، بەزۆر شێوە لێک دەچن. دەتوانین پێناسەی موسیک بە دەنگی[سازکراو]و ڕێکخراو دابنێین، ئەمە پێناسەیەکی گەلێ جار-نەک هەموو جارێک- بۆ لیریکیش گونجاوە. جیاوازیی گەورەو بنەڕەتی موسیک و لیریک پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە دەنگی موسیک لە ئەڵقەی زۆر بە کێشماندا واتایەکی ڕێکەوتن لەسەرکراوی چەسپاوی هەیەو "زمانی" موسیک لە فەرهەنگدا ڕوونناکرێتەوە، بەڵکو لەئاستێکی بەرزدا بەو هەست و یاساو ڕێسایە دەنەخشێ، کە ڕیتم، میلۆدی، دینامیکییەت و ڕەنگ دەیهێننە ناوەوە. زمانی لیریک لەلایەکی ترەوە، زۆربەی کات لە وشەی زمانی ئاخاوتن پێکدێ و بەهۆی یاساو ڕێسای ڕێزمانی و واتاییەوە ڕابەری دەکرێت".[56] ئەم لێکچوون و جیاوازییانەی لیریک و مۆسیقا هەندێکیان بنەماییین و هەندێکیان لاوەکین. ڕەنگە جیاوازییە بنەماییەکە بە کەرەسەکەیانەوە پەیوەست بێت، بەڵام بەرهەمەکەیان لە زۆر شوێندا نزیکن لە یەکەوەو بەردەوامیش

---

55 ـ جەبار ئەحمەد حسێن. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، دەزگای سەردەم-سلێمانی-٢٠٠٨. ل: ٧٥.

56 - Lars Ellestrom. Lyrikanalys_Enintroduction, Lund(Swedn) 1999,5, 22.

هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەیە. تەنانەت بەشێک لە جۆرەکانی لیریک هێندە ئاوێزانن، کە لە هەردووکیاندا هەن، بۆ نموونە (باڵاد، سۆنێت، ئۆپێرا..). هەروەها بیرمان نەچێت، کە لیریک وەک شیعری گۆرانی ناسراوە.[57]

هەمیشەش کە باسی شیعر دەکرێ، بونیادیش دێتە ناو، چونکە بونیاد ئەو تەشکە بنەڕەتییەیە کە ڕەگەزەکانی هەر بەرهەمێکی هونەری بەشێوەیەکی ئۆرگانی و گونجاو دەگرێتەخۆو، ڕووشاندن و زەدەبوونی هەر ڕەگەزێکی کار لەوانی تر دەکاو دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو ئاوێزانە سرووشتی و پێویستەی هەر بەرهەمێکی هونەری. دەربارەی بونیاد زانای ناوبراوی سویدی دەڵێ: "بونیاد فۆرمێکە کە مرۆڤ وای لێ تێ دەگات وەک پێکهاتەو نموونەیەک. ئەم پێکهاتەیەش زۆر یان کەم ئەو نموونە ڕێکخراوانەش بەهەندێ جۆری دووبارەکردنەوە دەئافرێنرێن.[58] لەو وتانەوە ئەوە تێ دەگەین، کە چوونیەکیی تری لیریک و مۆسیقا دووبارەبوونەوەیە لە ئاوازدا، چونکە ئاواز ئەو نەبزو خورپەیەی نیشانەی ژیان و گیانی هەردوو لقەکەی هونەر: لیریک و مۆسیقایە..هەر هەمان زانا، بەردەوامدەبێ و لەبارەی ئەم دووانەوە دەڵێ: "دووبارەکردنەوەی لیریکی زۆرجار بەهەندێ ڤێرشن دەبێ، بەڵام لە موسیکدا ئەم دووبارەکردنەوەیە فرێزەکانی خۆی دەقاودەق دووبارەدەکاتەوە- ئەگەر موسیکەکە بەچاکی داڕێژرابێ ئەوە بۆ ئێمە عەیبی نییە، بەپێچەوانەوە"[59]. ئەم جیاوازییەی دووبارەکردنەوە لە لیریک و موسیکدا پێمان وایە، لەلایەک بۆ جیاوازیی کەرەسەی لیریک و موسیک و لەلایەکی ترەوە بۆ هەماهەنگی و بە مۆدێلبوونی دووبارەبوونەوەی دەقاودەق لە موسیکدا دەگەڕێتەوە.

هەر لارش ئیلیستروم، لەم ڕووەوە ئاماژەی بە دەوری کاریگەری زانای زمانەوان و ئەدەبناسی ڕووسی یۆری لۆتمان[ئەوەی ئێمە میتۆدەکەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو دەکەین] دەداو دەڵێ: "...ئەدەبناس، یوری لۆتمان، زیاد لە هەموو کەسێکی تر جەختی لەسەر واتای قووڵی دووبارەکردنەوە لە لیریکدا کردووەو [بەچاکی] لە کتێبەکەیدا "شیکاری تێکستی شیعری -١٩٧٢"دا ڕۆشنیکردووەتەوە. لۆتمان نیشانیدا کە چۆن شیعری کێشدار لە هەموو ڕوویەکەوە بە هەناسەی دووبارەکردنەوە دەژی"[60].

## لیریک وەک وێنە:

---

57 - غەمگین فەرەج، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، زنجیرەی کتێبی ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان(٢)چاپی یەکەم-هەولێر ٢٠٠٥، ل ٨١.

58 - لارش ئیلیستروم، ل ٢٦.

59 - سەرچاوەی پێشوو.

60 - سەرچاوەی پێشوو.

بێجگە لە موسیکیش یەکێک لە جۆرەکانی تری هونەر کە پەیوەندییەکی نزیک و توندو تۆڵی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە (وێنە)یە. بەهای وێنە جگەلەوەی زانیاریی هونەری دەگەیەنێت، هاوکات کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی وەرگر و خوێنەریش هەیە. وەک زانای سویدی پیتەرهاڵبێرگ دەڵێ: "هونەرمەند خودی ژیان خۆی بە وێنەو شێوازێکی بەرجەستەکراو دەهێنێتە کایە"[61]. لەبەرئەوە وێنە لەشیعردا بەهایەکی بەرزی ئیستاتیکیو مەعریفیی هەیە، چونکە ژیان لە خۆدەگرێتو نیشانیدەدات. هەروەها زانای ناوداری ڕووس ڤ.گ. بیلینسکی دەڵێ:"هونەرمەند بە وێنە بیردەکاتەوە"[62]. لەبەرئەوە وێنە بنەمای هونەرە، جیهانبینی و بیرکردنەوەی هونەرمەندیش لە وێنەدا بەرجەستە دەبێت. زانای کورد عەلادین سەجادی لە کتێبی (نرخ شناسی)دا جیاوازی شاعیر و وێنەکێش دەکات و پێیوایە، وێنەی شیعریی لە وێنەی وێنەکێش جیاوازە، شاعیر بەهۆی زمانەوە وێنە دەکێشێ، ئەمەش وادەکات شاعیری سەرکەوتوو ئازادییەکی زیاتری لە وێنەکێش هەبێو وێنە لەهەست و سۆز و ئەندێشەی کەسایەتییەکان بکێشێ، کە هەرگیز هونەرمەند دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێ.[63] لێرەدا شاعیرو وێنەکێش جگە لە جیاوازی کەرەسەکەیان، هاوکات لە ئاستی تواناو سنووردارێشیان جیاوازییان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە ئەدەبناسی سویدی، لارش ئیلیسترۆم، بەجۆرێکی تر پەیوەندیی وێنەی هونەری لەنێوان نیگارکێش و شاعیردا ڕووندەکاتەوەو پێیوایە، کە ئەدەب و هونەری وێنە هەمیشە لێک نزیکبوون، بەجیاوازیی لە موسیک ئەم دوو جۆرەی هونەر وزەیەکی بەهێزی گەشەسەندن و گۆڕانی وەهایان هەبووە کە بە شێوەی جیاواز شت لە جیهانی ئێمەدا وێنەبگرن و نیشانبدەن. ئەم زانایە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "...دەکرێ بوترێ، بەجۆرێک کە هەمان نوقتەی دەستپێکیان هەیە. هەردووکیان بە وشەو فۆرم ئاماژەی واقیعێک دەکەن، کە (دەناسرێتەوە) ڤان کوخ تابلۆیەک دەکێشێ و ڕەنگدەکا، کاتێ ئێمە دەیبینین و ورددەبینەوە دەڵێین:"کورسییەک" هەروەها کاتێ ئێمە وشەی "کورسی" لە تێکستێکدا دەبینین، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: "کورسییەک"[64] لەبەرئەوە پەیوەندیی وێنەی شیعری لەگەڵ وێنە لە هونەرەکانی دیکەدا ئاڵۆزەو بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە هەیە، بەڵام ئەوە ڕوونە، کە وێنە بنەمای شیعرو بەتایبەتی شیعری لیریکییە.

## لێکدانەوەی کۆنتێکستی:

ئێمە لە پێکهاتە_بونیادگەلی لایەنی لیریک دواین. لیریک وەک جۆرێکی بنەڕەتیی شێوەی شیعری لە زەمینەو کەش و هەواو دەوروبەرێکەوە هاتووەتەئارا.. ئەم چەمکەش لەزمانە ئەوروپاییەکاندا لە وشەی "Kontext, Context"دا چڕبووەتەوە. هەروەک لارش ئیلیسترۆم دەڵێ: "تایبەتمەندیی تێکست و

61 ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل٢٢

62 ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

63 ـ عەلادین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف_بەغدا، ١٩٦٩، ل٧٦-٧٧.

64 ـ لارش ئیلیسترۆم، ل ٦١.

واتاکەی هەمیشە ڕووی لە"پاشخان"و "دەوروبەر"ە، بەڵام پرسە گرنگە بڕیاردەرەکە ئەوەیە، کە دەبێ کام کۆنتێکستانە[ئەڵبەتە بۆ شیکاری تێکست] بهێنینە پێشەوە"[65]

دواتر هەر لە گەلاڵەکردنی ئەم بۆچوونەیدا بەردەوامدەبێ و لای وایە، ئەگەر زۆر بە سادەیی بڵێین، "کۆنتێکست جۆرێکە لە ناوەرۆک بۆ هەڵبژاردنیش زۆرمان لە بەردەستدایە،..هەر خۆی ئاماژە بە هەندێکی وەک کۆنتێکستی مێژوویی و کۆنتێکستی ئەدەبی، هەندێکیش پێیان وایە کە ژیننامەی نووسەر بەشێکی کۆنتێکستی مێژووییە. هەروەها کۆنتێکستی فەلسەفی، دنیابینی، ئایینی، سیاسی و ..هتد هەن"[66]. بێگومان جگە لەو پێکداچوونەی بەشێک لە کۆنتێکستەکان و زۆریان، بەڵام هەندێک تێکست خۆی کۆنتێکست دیاریی دەکات، کە کامەیان گرنگتر و لەپێشترە.

بێگومان ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی هونەر–ئەدەب و دەوریان هەبووە لە هێنانەکایەیدا. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە وەک چۆن لە سەرەتاو لە بەردەوامیی پرۆسەی داهێنان و ئەزموونی هونەرمەندا دەوری کاریگەریان هەبووە، ئاوهاش بۆ توێژەری بەرهەمی ئەدەبی زانین و ئاگا بوون لەو کۆنتێکستانە بەر دیدەمان ڕۆشندەکەنەوە بۆ تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتنیان.. بە کورتییەکەی لە ڕێگایەکدا کە ئێمە بۆ لێکدانەوەو شیکاریی هونەر بەگشتی و لەم حاڵەتەی ئێمە بەتایبەتی کە چەقی بایەخمان لیریکە، شارەزایی کۆنتێکستی هەر تێکستێک یان بابڵێین بەرهەمێکی ئەدەبی یاریدەرێکی پێویست و بەهاناوە هاتووە، بەڵام هەروەک ئەدەبناسی ناوبراوی سویدی جەختی لێ دەکاتەوە: "ئەدەب هەمیشە بەرجەستەکردنی ئایدیاو بیرە، نەک هەڵگری [کۆلێکی] بە بیر پڕ ئاخنراو"[67] کەواتە دەبێ لە مامەڵەماندا زۆر وردبین و پرسەکان تێکەڵ بە یەک نەکەین و هەریەکەیان بەگوێرەی سەنگ و قورساییان وەربگرین و لەبەرهەمێکی ئاڵۆزو ئەزموونێکی قورسی لەدایکبوونیدا بە وریاییەوە مامەڵە بکەین.

گەلێک جاریش توێژەر هانا بۆ تێکستە پێشینە و هاوچەرخەکان دەباو دەوری کۆنتێکستیان دەداتێ، بەو مانایەی بۆ تێگەیشتن لەو تێکستەی بەردەست هەمیشە پێویستمان بە ڕێنمایکەرێک هەیە، کە (کۆد)ەکانمان بۆ هەڵبێنێ و شیبکاتەوە، ئەمەش میتۆدێکە بە "نێوان تێکستەکان_دەقئاوێزان" بەناوبانگە. بۆچی ئێمە پەنا دەبەینەبەر ئەم جۆرە میتودە؟ دیارە ئەوە ڕوونە، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بێ پێشینە نییەو مێژووی ئەدەبی جیهانی زنجیرەیەکی نەبڕاوەی قۆناغ و قوتابخانەو ڕێبازە ئەدەبییەکانە. شاعیرێکی لیریک پاشخانێکی بۆ خۆی درووستکردووە، چۆن کردوویەتی؟ بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی لیریکی ئەدەبی نەتەوەکەی و هەموو ئەدەبی جیهانیش. کەواتە بۆ ڕۆشنکردنەوەو تێگەیشتن و لێکدانەوەی تێکست پێویستمان بە کۆنتێکست دەبێ.. ل.ئیلستروم زۆر بە سادەیی پێناسەی تێکست

---

65 ـ سەرچاوەی پێشوو. ل ١٠١.

66 ـ لارش ئیلیستروم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

67 ـ سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٢.

دەکات، کە بریتییە لە :"پارچە زمانێکی چنراو[چونکە واتای فەرهەنگی تێکست"چنین"ە] بەڕەگ و ڕیشەیەکی ئازادی زۆر جۆراوجۆرەوە. ئەگەر ئێمە شوێن ئەو هەموو ڕەگە ئازادانە بکەوین. ئەوە دەمانەوێ ئەو نموونە چنینە بچکۆلەیە لە نموونەیەکی گەورەدا جێگابکەینەوە، کە ئەمەشمان کرد ئەوا خەریکی لێکدانەوەی کۆنتێکستین"[68].

لەلایەکی ترەوە نابێ ئەوە لە بەرچاو نەگرین، کە زمانی لیریک وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا_ ئاوێزانی ڕیتم و ئاوازەیەو بەشێوەیەک چڕ دەبێتەوە، کە ڕەنگە مرۆڤ لە واتاکەشی تێنەگا، بەڵام پێی کاریگەر بێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی شیعر زمانی گفتوگۆ و زانیاریبەخشی ئاسایی نییە، بەڵکو پەیامێکی تری پێیە، بەخۆڕایی نییە وتراوە- زمانی لیریک زمانی ڕۆحە-ولێکدانەوەی ئاسان نییە. ئەمە وادەکەوێتەوە ئێمە ڕایەکی دژ بەو سەرەتایانەی پێشوو دامانڕشت دەخەینەڕوو، چونکە ئێمە لە هەوڵی هەڵهێنانی واتایی شیعرییدا بووین و هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو بەدوای بنەوان و پاشخاندا دەگەڕاین، بەڵام ئەم دوانە دژی یەک نین، چونکە شیعری بەرز هەمیشە "تێکستێکی کراوەیە" بەواتایەکی تر هەڵگری واتای جیا جیاو دەشێ لێکدانەوەی جیای بۆ بکرێ، لێرەشدا هەر دیسانەوە پاشخان و چێژی خوێنەر-وەرگر دەوری خۆیان لەو لێکدانەوانەدا هەن. ئەگەر بە زمان و شێوازی سیمیۆلۆژی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بکەین، ئەوا وەک توێژەرانی ئەو بوارە دەڵێن: "ئەوەی تێکستی شاعیرانە لە سەرجەم تێکستەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، وزەو توانای فرە لێکدانەوەیی نیشانەکانییەتی"[69]. یاخود وەک زانای سویدی ئیلستروم دەڵێ: "واتای شیعر هەمیشە فرەواتاییە و ئەمەش کاتێ کە سەیری دەکەین وەک سەرجەمێک(کە لایەنی زمان و موسیک و بونیادی بەرجەستەیی لە خۆدەگرێ) و پەیوەندییان بە کۆنتێکستی جیاجیاوە هەیە"[70].

هەر دەربارەی فرەواتایی زمانی شیعری کە شاعیران ڕوانگەی جۆراوجۆریان بۆی هەبووە، بۆ نموونە شاعیر هەبووە کە چێژێکی ئاست بەرزی کلاسیکییانەی بۆ زمانی شیعریی خۆی پەسەندکردووەو نەیویستووە چوارچێوەی ئەو بنەڕەتە باوە دانپێدانراوە بشکێنێ، بەڵام هەبووە بەپێچەوانەوە ئەو سنوورانەی بەزاندووەو توانیویەتی لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و کولتووریی نەبڕاوەی دەربڕینە شیرینە پڕ جوانی و ژیرییەکانی کە لە ڕەوتی ڕۆژگاردا مرۆڤ ئافراندوویەتی زیندووبکاتەوەو بەگیانێکی تازەو گونجاوی سەردەمەکەیەوە بخاتەوەگەڕ و بیکاتە سەرچاوەیەکی لە بننەهاتووی داهێنانی خۆی. لێرەدا ڕای ئەدەبناسێکی ڕووس ل.گیندینبورگ دەهێنینەوە کە دەڵێ: "لە میتۆدی ساڵەکانی دوایی ئا.س پووشکیندا ئیمکانییەتێکی نەبڕاوە هەبوو: پووشکین دژایەتی نێوان زمانی لیریکی"تایبەت"و زمانی

---

68 سەرچاوەی پێشوو.

69 ـ د.غلامحسین غلامزاده، د.قدرت ألله طاهری، فرزاد کریمی، بررسی عملکرد روایت در آشعار نیما با تکیەبر نشانەشناسی ققنوس، ادبیات پژهشی شماره پازده بهاتر ١٣٩٠ ص ١٠.

70 ـ لارش ئیلستروم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

ئاخاوتنی ڕۆژانەی نەهێشت و وشەی ژیانی ڕۆژانەی کردە هەڵگری هەرە بەهێزی بیری لیریکی: پووشکین ناکۆکیی نێوان کۆنکرێتی، دەربڕینی فراوانی شت و بەدەستهێنانی ئەو شتانەو کردنیان بە سیمبۆلی فەلسەفی و بیری شیعری نەهێڵا"[71].

لەڕاستیدا دەتوانین هەمان ڕامان دەربارەی مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢)و شاعیری توێژینەوەکەمان گۆران هەبێت و لەم ڕووەو گەلێکی تریشەوە هەمان ڕێچکەیان گرتووە، کە لە بەشەکانی دواتردا دەربارەیان دەدوێین.

## چەمکی لیریک:

پێشتر لە بنەوان و واتای فەرهەنگیی وشەی(Lyra)ی یۆنانی کە دواتر بووە بە(لیریک) لە زمانە ئەورووپاییەکاندا دواین. لیریک بە یەکێک لە سێ ژانرە بنەڕەتییەکەی ئەدەب (ئێپیک، دراما، لیریک) چەسپاوەو ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعری هەموو گەلانی جیهاندا بۆ خۆی داگیرکردووە. ڕاستە پێناسەی شیعر بە گشتی و ژانرەکانیشی کارێکی زۆر کوت و مت و تەواو نییە، بەڵام ئەدەبناسانی دنیاش بۆ تێگەیشتن لە ژانرو بابەتەکانی هونەر هەوڵی ئەوەیان داوە لەم ڕووەوە بەرچاوی خوێنەرو وەرگر ڕوونبکەنەوە. هەر بۆ نموونە زانایەکی ئەدەبناسی سویدی کە پێشتر ناومان هێنا دەڵێ: "لیریک چییە؟ ئێمە وا لەم وشەیە دەگەین کە باسی کێش و سەرواو بونیادێکی ڕێکخراوە، هەروەها پێناسەیەکی بەرزیش لە بیرماندا بەشێوەیەکی ساکار جێگای خۆی دەکاتەوە، ئەویش ئاکاری هەستیی شیعرەکەیە"[72]. لەبەرئەوە لیریک لەگەڵ بونیادی ڕێکخراوەیی، هەستێکی بەرزیشی تێدایە، کە دەبێتە هۆی سەرسام کردنی خوێنەرو وەرگر.

هاوکات جۆرج دومیل کە ئەدەبناسێکی فەرەنسییە، پێیوایە: "شیعری لیریکی بریتییە لە ژانرێکی ئەدەبی کە تیایدا شاعیر ئەزموونی تاکەکەسی خۆی دەخاتە ڕوو. شاعیری لیریک لە کاتی شیعردا ناوی خۆی بە کار دێنێ... واتە "من"ی شاعیر بەردەوام ئامادەیی هەیە".[73] لێرەدا تێبینی ئاوێزانبوونی خودی ژیانو ئەزموونی شاعیر دەکەین، کە وەک ئەزموونی شیعریی ئاوێتەبووە. ئەمەش وای کردووە ئەم ژانرە کاریگەریی زیاتری لەسەر هەست و سۆزی وەرگر هەبێ، چونکە جۆرێک لە ڕاستگۆیی و ڕاستەخۆیی تێدایە. لەبەرئەوە ئەدەبناسێکی ئێرانی ڕای وایە، ئەم جۆرەی شیعر بە چاوێکی سۆزدارییەوە لە جیهان دەڕوانێت: لیریک بەو شیعرانە گوتراوە، کە لەنێوان هەرسێ ڕەگەزی (هزر، خەیاڵ، هەست) ڕەگەزی هەست بنەڕەتیترینیانە، شاعیر بەچاوێکی سۆزدارییەوە لە جیهان دەڕوانێت.[74] لەم بۆچوونەدا ئەوە بەدیدەکەین، شیعری لیریک وەک شیعری هەست ئامال(هەستخواز) پێناسەکراوە. بەڵام ئەمە هەموو شیعری لیریک لە خۆناگرێت، چونکە جۆری لیریکی جیاوازمان هەن، کە هەست بنەمای سەرەکیان نییە،

---

71 ـ ئا.د. گریگۆ ریێڤاو ن.ن. ئیڤانۆڤا، زمانی لیریکی سەدەی نۆزدەیەم، ل ٦.

72 ـ لارش ئیلیستروم، ل ٨.

73ـ جۆرج دومیل، گوڵبژێریێ لە شیعری لیریك لە فرەنسا، ل٨.

74 ـ حسن انوشه، دانشنامه ادب فارسی، تهران، انتشارات وزارت ارشاد، جزء 2_ 1380. ص٨٩٣.

بەڵکو هزرو ئەندێشە بنەمایانە. هەرچەند ئەم بۆچوونە بۆ لیریک بەپێی ڕوانگەی زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئەم جۆرەی شیعر درووستە، بەڵام پێمانوایە بۆچوونەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە لیریک بە خودێتی و شێوازو ئەو زمانە ناسک و دڵگیرەی هەیەتی دەناسرێتەوە[75]، کە ئەمەش وای کردووە، لیریک وەک شیعری هەستو سۆزی خودی، نەک شیعری هزرو تێڕامان بناسرێ، بەڵام لە لیریکی هزر و ڕامانیشدا خودێتی هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەگەزی هەست و سۆزو ویژدان لە لیریکدا بنەمایە، چونکە ئەم شیعرە هاوتای گۆرانییە. بۆیە لەبارەی کاریگەریی لیریکەوە، نووسەرێک دەڵێ: "خەڵکینە، لە شاعیری لیریکی نزیک مەبنەوە، چونکە وەک مار نییە بدات بە دڵتانەوەو بڕوات، بەڵکو وەکو هەنگ وایە، کە دای بە دڵتانەوە هەرچی تێدایە دەیمژێت"[76].

هەروەها لە پێناسەی لیریکدا بەردەوام ڕۆڵی ئاوازو ڕیتم لەبەرچاوگیراوە، چونکە ڕیتم و ئاوازە ڕۆڵی پەیوەندیسازی، بە دەروون و زمان حاڵی خودو ویژدانی شاعیرەوە دەگێڕێت.[77] لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی ئاوازو ڕیتم تەنیا پەیوەندیی بەشاعیرەوە نییە، هەروەک چۆن شاعیر تەنیا داهێنەری ڕیتم نییە، بەڵکو مەرجی سەرەکی ڕیتمی لیریک دڵنیایی تەواوە لە هاودڵیی وەرگر، چونکە بوونی گومان و شک لە لایەن وەرگرەوە ئاوازی لیریکیش دەگۆڕێت. میخاییل باختین دەڵێ: "شێوەی شیعر سەبارەت بە پێگەی بیسەر[وەرگر] خاوەن هەستیارییەکی زۆرە. مەرجی سەرەکی لەحنی لیریک، دڵنیایی تەواوە لە هاودڵیی بیسەرانە. هەرکە شک و گومان چووە ناو هەلومەرجی لیریکەوە، شێوازی شیعرەکە لە پڕێکدا دەگۆڕدرێ"[78]. ئەو پێیوایە باشترین دەرکەوتەی ئەم مملانێیەش لە"تەنزی لیریک"دا دەبینرێت. لەبەرئەوە وەرگر ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە هاودڵیی یان گومانکردن دەبینێت، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر گۆڕانی ئاوازی لیریک هەیە.

ژانری لیریک بەپێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی شیعرەوە بابەت و ناوەڕۆک ڕۆڵی زاڵ و ئاشکرای نییە، ئەوەی زیاتر لە لیریکدا ئاشکرایە، دۆخی دەروونی و ڕۆحی شاعیرە بەرانبەر بە دیاردەکان، لێرەوەیە کە نائاگایی ڕۆڵی گرنگی لەم جۆرەی شیعرەدا هەیە.[79] سەبارەت بە خودێتی لیریک ئەوەش دەوترێت، کاتێک بەرهەمی لیریک لە ڕووخساردا بابەتی دەردەکەوێت و جێناوی (من)ی دانەر دیار نییە، بەڵام گۆشەنیگای خودی(سوبجێکت)ی لیریکییە، لەبەرئەوەی نیگارکێشانی جیهانی دەرەوە، بریتییە لە بەهابەخشین بە شتە بێ بەهاکان، چونکە شت و ڕووداوەکان لەخۆیاندا بێ بەهان و خودی دانەری

---

[75] ـ کمال رضایی شعبان، بررسی زمینەهایی غنایی سبک هندی در غزلیات حافظ، دانشکدەی ادبیات علوم انسانی، گروه زبان و ادبیات فارسی، پایان نامە، ص: ٨.

[76] ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر حەسەن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لەشیعری کوردیدا، ل ١١١. دیارە (هەڤاڵ ئەبوبەکر)یش لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەریگرتووە: الکسندر بلوک، دراسات ادبیە و فکریە. ترجمە: یوسف الحلاق، منشورات وزارەو الارشاد القومی_ دمشق١٩٧٧. ص:١٧٩.

[77] ـ پەروین عەبدوڵڵا،-ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا.. ل، ١١٧.

[78] ـ سەودای وتوێژ، پێکەنینو ئازادی. میخایل باختین، و. بەختیار سەجادی، دەزگای موکریان ـ هەولێر، ٢٠٠٨، ل، ١٤٧.

[79] ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شعر فارسی.ص١٦.

لیریکی بەهایان پێ دەدات.[80] جێگای خۆیەتی لەم ڕووەوە، بۆچوونی ئەدەبناسێکی ڕووس گ. ئا گوکوشڤسکی بهێنینەوە، کە دەڵێ: "...هەموو چڕیی دەرەوەی بەرهەمی پووشکین ناتوانێ پرسی یەکێتیی قووڵ و درەوشاوەی[بەرهەمی ئەو] هەڵبوەشێنێتەوە...ئەو یەکێتییە، چڕبوونەوەی کەسایەتی [خودی ساکاری] ئەو نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای یەکێتیی جیهان، مێژووی مرۆڤایەتی و کولتوورەکەی بونیادنراوە"[81] ئەمە دەکرێت وەڵامدەرەوەی هەندێک بۆچوون بێت، کە شیعری لیریک بە ڕووخسارە بابەتییەکەی دیاریدەکەن و جیهانبینی و گۆشەنیگای ناوەکی دەقەکە بەخاک دەسپێرن. لەگەڵ ئەمانەشدا فۆرمی دەربڕینی لیریکی گەلێک جیاوازو فراوانە. ئەندێشەو بیریکی سوبجێکتی لیریکی دەکرێ(لەسەر زاری)کەسی یەکەم، یان بە مۆنۆلۆگ یاخود بەناوی ئەو کەسەوە بێت لە تێکستەکەدایە، کە پێی دەوترێ"لیریکی دەوربین"، هاوکات دەشکرێت لەنێو دیالۆگی پاڵەوانەکاندا بابەتیانە دەرکەوێت، کە ڕووی دەمی لە کەسێکی نادیارە[82].

لەم ڕەوتەدا بۆچوونێک دەربارەی (من) لە لیریکی شاعیری گەورەی ڕووس ئا.س پووشکین دەهێنینەوە کە ئەمەیە: "پرسی(من)ی دانەری پووشکین بە پەیوەندییەوە بە (من)ی پاڵەوانی لیریکییەوە- زۆر بایەخدارە. تایبەتمەندیی ئەم پەیوەندییە یەکێکە لەو ڕواڵەتانەی کە (وێنەی دانەر)ی لەسەر بونیاد دەنرێ. پەیوەندیی ئەمانە دوو لایەنەیە"من"ی دانەر ڕەنگە (من)ی پاڵەوانەی لیریکی بێ لەو حاڵەتەدا، کاتێ شاعیر دەبێتە دەربڕی (خود)، شێوەی ئەم خۆدەربڕینە بە هەڵوێست و پەرچەکرداری شاعیر بەرانبەر واقیعەکەی دەستنیشاندەکرێ"[83] لەبەرئەوە سنووردارکردنی لیریک بە کەسی یەکەم و خودێتییەوە، بچووککردنەوەی شیعری لیریکی لێدەکەوێتەوە. بەڵگەی ئەمەش دەکرێت لەو توێژینەوە جیاوازانەدا ببینینەوە، کە تایبەتکراون بە ڕەگەزە جیاوازەکانی جۆرەکانی شیعر لە شیعری لیریکیدا. بۆ نموونە: "ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکدا"[84]. لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە چڕی لە بارەی ئەو بۆچوونەوە هەڵوەستە بکەین، کە لەبارەی کۆمەڵایەتیبوونەوەی لیریکە و پێچەوانەی زۆرێک لەو ڕوانگانەیە کە لیریک بە تاکەکەسی و خودێتی ناودەبەن.

هاوپەیوەندیی ڕۆمانتیکەکان و شاعیرانی لیریک دۆستانەو هەندێک جاریش پڕ لە ململانێیە، بەو پێیەی هەندێک زانا پێیان وایە ڕۆمانتیکەکان بەو ڕوانگە خودێتییە زاڵەی بۆ شیعر هەیانبوو، شیعریان لە

80 ـ ڤ.م کوژیڤینکۆڤـو پ.ئا.نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی [بەزمانی ڕووسی]، "ئینسکۆلۆپیدیای سۆڤییەت" مۆسکۆ ١٩٨٧ ل ١٨٣. بیلینسکی. ڤ.گ، دابەشکردنی شیعر بۆ جۆرو چەشن..سەرجەم بەرهەمەکان، بەرگی ٥، ١٩٥٤. ل. ٤٦-

81 ـ ئا.د. گریگۆ رییڤاو ن.ن. ئیڤانۆڤا. زمانی لیریکی سەدەی نۆزدەیەم (پووشکین و نیکراسۆڤ)، "وەشانخانەی زانست" مۆسکۆ ١٩٨١، ل٦ (بە زمانی ڕووسی)

82 ـ ڤ.م کوژیڤینکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی..ل ١٨٣

83 ـ ئا.د گریگۆ رێیڤا و ن.ن ئیڤانۆڤا. زمانی لیریکی سەدەی نۆزدەیەم..ل ٦

84 ـ پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما.. ل.١٦٩.

کۆمەڵایەتیبوون ئاودیوکرد، کە ئەمەش بەکارێکی گرنگ دەزانرێ، بەڵام هەندێک زاناش ڕەخنە لەم دیدو ڕوانگەیە دەگرن، لەم بارەیەوە زانای ئێرانی شەفیعی کەدکەنی پێی‌وایە، "بۆچوونی زۆرێک لە شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی وەک "لامارتین" و "موسێ" بۆ شیعری لیریک ئەوەیە، کە شاعیر "**خودی خۆی" دەکاتە بابەت**. لەبەر ئەمە وایان دەزانی کە شیعری لیریک شیعرێکی تایبەت و شەخسییە"[85] بەڵام کەدکەنی ڕەخنە لە ڕۆمانتیکەکان دەگرێت و ئەمە بە سنووردارکردنی لیریک دەزانێت: "شیعری لیریک شیعرێکە کە بە تەواوەتی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ئەم پێناسەیەی ڕۆمانتیکەکان بۆ شیعری لیریک قبوڵ بکەین ئەوا ناچاردەبین بەشێکی زۆریان لە چوارچێوەی لیریک دەربکەین"[86]. بۆیە ئەو زانا ئێرانییە بە جۆرێکی تر پێناسەی لیریک دەکاتەوەو دەڵێ: "بە بۆچوونی ئێمە شیعری لیریک دەبێت بەم شێوەیە پێناسە بکەین: "شیعری لیریک بریتییە لە قسەکردن لە هەستە تایبەتییەکان، بە مەرجێک کە هەر دوو وشەی "هەست" و "تایبەتی" بە مانایەکی بەرفراوانی ئەو چەمکانە لەبەرچاو بگرین. واتە سەرجەم هەستەکان لە نەرمترینەوە بۆ زبرترین هەست لەگەڵ ئەو هەموو واقیعەی کە هەیە. هەستی تایبەتی مەبەست ئەوەیە لە ناخی خودی شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتبێت و شاعیریش ئەندامێکی کۆمەڵە هەر بۆیە ڕۆح و هەستی ئەویش لەگەڵ تەواوی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشە".[87]

لەم پێناسەیەدا نکوڵی لە تاکەکەسی‌بوونی لیریک نەکراوە، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتیش لەبەرچاوگیراوە، بەو پێیەی شاعیر ئەندامێکی کۆمەڵەو ڕووی دەمی تەنیا لە تاکێک نییە. هاوکات لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تیۆریزەکردنی تێگەیشتنی شیعری لیریک لەگەڵ گەشەی ڕۆمانتیکدا سەریهەڵدا گرنگە، چونکە دیتن و ئەزموونی خودی جیهانیی هێنایەکایە، کە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی مۆدێلی کلاسیک نەبوو(واتە داواکاری و ئیجباری نەبوو)، بەڵکو سەرکێشیی شاعیر، کە ناچارنەبوو ملکەچی هیچ یاسایەک بێت. ئەمەش ئیستاتیکای ڕۆمانتیکی باڵاکرد، بەوەی موعاناتی خودی سەروو تاکەکەسەو تەنانەت گەردوون لە مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەک زانایەکی ڕووس دەڵێ: "شاعیر گەردوونێکی بچکۆلەیە"[88]. لێرەوە هەندێک بۆچوون، ڕۆمانتیک وەک وزەبەخش‌و شێوەبەخشین بە لیریک دەبینن، یاخود ڕۆمانتیکەکان گەلێک سوودیان لە شیعری لیریک بۆ دەربڕینی هەستی تایبەتی خۆیان بینیوەو چەندین ڕابەری ڕۆمانتیک بۆ لیریک گەڕاونەتەوە.[89] هاوکات ئەدەبی ڕۆمانتیکی ناکرێت تەنیا لەیەک جۆرو شێوازدا سنووردارکرێت، بەڵکو وەک رضا نجیفی دەڵێ: "چەندین جۆری ڕۆمانتیک تەنانەت بەپێی ناوچەو جوگرافیای جیاواز هەن. هەروەها ڕۆمانتیکی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی لە ڕۆمانتیکی تاکەکەسی

[85] ـ شفیعی کدکنی، ادبیات عمومی فارسی، ص ٦٦.

[86] ـ سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٦.

[87] ـ سەرچاوەی پێشوو، ص 66.

[88] ـ ڤ.م کوژیڤینکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی ل ١٨٥.

[89] ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر، ل ١١٢. ئەم زانیارییە لەچەندین سەرچاوەی دیکەدا دووپاتکراوەتەوە.

جیاوازە، وەک چۆن ڕۆمانتیکی ڕۆژهەڵاتی لە خۆرئاوایی جیاوازە".[90] کەواتە کێشەی نێوان تاکێتیو کۆمەڵایەتیبوونی لیریک، بۆچوونی جیاواز لەبارەیانەوە هەیە.

لە سەرەتادا ئەدۆرنۆ(١٩٠٣_ ١٩٦٩) فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی، باسی شیعری لیریکی وەک شیعرێکی کۆمەڵایەتی دەکات و ڕەخنە ئاراستەی ڕوانگەی زۆرینە دەگرێت، کە لیریک بە دژ کۆمەڵایەتی دەزانن. ئەو بەشێوەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵناسی لە شیعری لیریکی دەڕوانی و بەپێی میتۆدە تایبەتەکەی خۆی، کە بیرۆکەکان لە دژی خۆی بەکاردەهێنێتەوە، پێی وایە: "هەر شیعرێکی لیریک تۆمارکردنێکی ناچاریی پەیوەندییەکی مێژووییە لە نێوان زەین و دونیای دەرەوەی خۆیداو هەروەها تاک و کۆمەڵدا بەهۆی میدیۆم[نێوانگر]ێکی ڕۆحی سوبجێکت و زەینگەرا و هەڵگەڕاوە بەرەو خود. مەرجی سەرکەوتنی شیعری لیریک ئەوەیە کە دەقەکەی زیاتر بە شێوەیەک هەوڵی دابێت پەیوەندیی نێوان من و کۆمەڵ پیشان بدات"[91]. واتە لیریک بەوەی، کە زەینییە لە دنیای دەرەوەو کۆمەڵ دابڕاو نییە، چونکە زەینییەتی تاک لەنێو کۆمەڵدا لە لیریکدا ڕەنگدەداتەوەو هاوکات تاکێتیی شاعیر لەبری دیلبوونی بەرهەمە شیعرییەکەی جیهانیبوونی شیعرەکەی لێدەکەوێتەوە. موراد فەرهاد پور سەبارەت بە دیدی ئەم فەیلەسووفە، پێیوایە: "پێویستە بیرۆکەکان لە دژی خۆیان بەکاربهێنین، بۆ ئەوەی لێیان تێ بگەین؛ واتە زمان دژی زمان، لیریک دژی لیریک. لەبەرئەوە بنەمای بنەڕەتیی شیعری لیریک، واتە تاک خۆی، لە کۆمەڵ وەرگیراوە. کەواتە لەو جێگەدا کە وادیارە ئەدەب دوورترین مەودای لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە، لەڕاستیدا کۆمەڵ بەشێوەی ناوەکی لە ئەدەبدا ئامادەیە".[92]

ئەدۆرنۆ ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت، کە لە دوورەوە سەیری لیریک دەکەن و بیر لەو کاریگەرییە ناکەنەوە، کە لیریک ئاراستەی کۆمەڵ دەکات، لەبەرئەوە ئەو دژی ئەو پێوابوونە دەوەستێت و کار لەسەر دیوە قووڵ و کاریگەرەکەی لیریک دەکات و چاوی لە سەرەتاو ئەنجامی بەرهەمی لیریکە. ئەدۆرنۆ لە بەرهەمێکیدا، کە بە ناوی (یاداشتێک لەسەر ئەدەبیات) دەنووسێ: "ڕاستە لیریک مۆنۆلۆگێکی شاعیرانەیە، هاوکات کاریگەریشی لەسەر کەسانی تر دەبێت؟ ئەگەر شیعری لیریک نەیتوانیبا کاریگەری لەسەر کەسانیتر هەبێ ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی وەکوو ژانرێکی سەربەخۆی هونەری بێتەکایەوە".[93] لەبەرئەوە لیریک بەردەوام رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەی زەینی دەداتە دەرەوە، مەبەست لەمەش دەکرێ ململانێ و هەڵهاتنی تاک لە کۆمەڵەکەی بێ.

---

[90] ـ وتاری دەنگی فارسی دربارەی رمانتیسیسم: https://www.youtube.com/watch?v=Zv1jWk-CGr8

[91]_Theodor Aderno, Notes sur la littérature, Flammarion, paris, 1948, pp. 45-46.

[92] ـ موراد فرهاد پور، جوانیناسی شکست. وەرگێڕانی، مەنسوور تەیفوری، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦، ل ٢٣٤

[93] ـ تیۆدۆر ئادۆرنۆ، یاداشتیك لەسەر ئەدەبیات، ل ٤٦.

لەلایەکی دیکەوە ئەو فەیلەسووفە پرسی بە جیهانیبوونی لیریکی شەخسی دەهێنێتە بەرباس و دەڵێ: "شیعری لیریک کە دەتوانێت بە جیهانی بێت لەبەرئەوەیە حاڵەتێک لە ناخ و زەیندا درووست دەکات کە تێیدا بە جیهانیبوونێکی ساختە دەرناکەوێت. دەقی لیریک بەدیهاتنی بەجیهانیبوونە لە ڕێگای تاکایەتییەکی بێ سنوورەوە."[94] ئەم ڕوانینە گەلێک گرنگە، چونکە باسی شتێکی بەڕواڵەت ناکۆک دەکات، کە بەهۆی تاکێتیی ڕەهای شاعیرەوە بەجیهانیبوونی لیریک دەردەکەوێت. ئەدۆرنۆ لەوێدا ئەم ناکۆکییە چارەسەر دەکات، بەوەی تاکێتیی ڕاستەقینە زامنی شیعری ڕاستەقینەیە، کە بوار بە شیعر دەدات بەجیهانی بێت. هەروەک زانایەکی ڕووس دەڵێ: "ڕەهایی تاک زیاتر لە گەردوونییەت و لەبن نەهاتویدایە"[95].

لەبەرئەوە بۆ ئەوەی شیعرێ جیهانی بێ، پێویستە سەرەتا ئەزموونی ڕاستەقینەی تاکایەتی چەشتبێت. ئەمەش وا لەو فەیلەسووفە دەکات، کە پێی وابێت، ناکرێت ناوەرۆکی واقیعی شیعرێک بە ڕەنگدانەوەی هەست و هەڵچوون و ئەزموونی شاعیرێک سنووردارbکرێت، چونکە مەرجی ئاڵوگۆڕ و بەجیهانیبوونی ئەزموون و هەستەکان ڕێگرن لەم دیدە.[96] ئەم ڕوانگەیە بۆ ئەدەب و بەتایبەت شیعری لیریک لە گرنگیدانی ئەم فەیلەسووفەیە بە رەهەندی بیرکردنەوە لە شیعری لیریکدا بۆیە دەڵێ: "تەنیا کاتێک دەکرێت لە شیعر تێبگەی کە بتوانی دەنگی ئینسان لە گۆشەگیرییەکەیدا ببیستیت".[97] لێرەدا تاک لە کۆمەڵدا وابەستەیە بەجیهانیبوونی شیعرەکەوە، چونکە داهێنانی شیعری کردەیەکی خودییە، کە جیهانی دەبێتەوە. ئەدۆرنۆ زیاتر جەخت لەسەر ڕەگەزی کۆمەڵایەتیی شیعری لیریک دەکات و پێی وایە لەئەمڕۆدا لیریک وەک دژە کۆمەڵو تاکییەتی دەخوێنرێتەوە. دەشپرسێت بۆچی ئەم هەستەمان هەیە؟ وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: "دەمانەوێت شیعری لیریک هەر بەم شێوەیە بێت، چونکە ئەو پاڵنەرە لیریکییەمان بێ خودی بابەتی پاڵنەرەکە دەوێت، پێمان خۆشە ئەو وێنەیەی کە شیعر لە ژیانەوە بۆ دەرەوەی دەردەخات بێبەری بێت لە پراکسیسی(کردەی) دەسەڵات، لە سوودگەرایی و گوشاری غەریزی مانەوە. باشە کەواتە بۆچوونێکی وا بۆ شیعر خۆی لە خۆیدا کۆمەڵایەتی نییە؟ ئەگەر ئەم شتانەم بەم شێوەیە دەوێت، کەواتە لەبەرئەوەیە ناڕازین بەرانبەر بە دۆخی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەیە نامۆبوون و گوشار و زەبروزەنگی کۆمەڵ بە شێوەیەکی تاکەکەسی هەست پێ دەکەین"[98].

لێرەدا ئەوە دەخوێنینەوە، کە ئەم فەیلەسووفە دیوی ئەودیوی دابڕان لە کۆمەڵ لای شاعیرە ڕۆمانتیک و شیعرە لیریکییەکان دەبینێت، کە ئەو کاردانەوەیەی لیریک بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی هەیەتی دواجار لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی مێژوویدا، لیریک دەهێنێتەوە جوغزە کۆمەڵایەتییەکەی، چونکە

[94] ـ تیۆدۆر ئادۆرنۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[95] ـ م.ڤ.کۆژیڤنکۆڤ و پ.ئا: نیکۆڵاییف، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی.ل١٨٥.

[96] ـ تئودور آدورنو، مترجم، کاشیگر، سخنی پیرامون شعر غنایی و اجتماعی، بوطیقای نو، جلد ١ بهار ١٣٧٤، ص٢٤.

[97] ـ تیۆدۆر ئادۆرنۆ، یاداشتیك لە سەر ئەدەبیات، ل ٤٨.

[98] ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

کاردانەوە بەرانبەر بە دابڕان لە سرووشت و وێرانیی سرووشت، لای شاعیرە لیریکییەکان بۆ ئەوەیە سرووشت بە مرۆیی بکەنەوە.

هاوکات موراد فەرهاد پور زیاتر لەبارەی بۆچوونی ئەم فەیلەسووفەوە دەنووسێ و پێیوایە: ئەدۆرنۆ بۆ مۆنادی لایبنتس* دەگەڕێتەوە، کە هەر مۆنادێک سەربەخۆیە لە مۆنادەکانی دیکەو بێ پەیوەندییە بەجیهانی دەرەوە، بەڵام هەر مۆنادێ کۆی بونیادی جیهانی دەرەوە لەنێو خۆیدا بەرهەمدەهێنێتەوە. لێرەوە پەیوەندیی لیریک و جیهانی دەرەوە هاوشێوەیە، کاتێک لیریک وەک سەر بە ناخ و دوور لە کۆمەڵایەتی دادەنێین، بەڵام لیریک کۆی جیهانی دەرەکیو کۆمەڵایەتی لەخۆیدا بەرهەمهێناوەتەوە. لەبەرئەوە بەش، سەرجەم بەرهەمدەهێنێتەوەو نیشانیدەدات.[99]

لەگەڵ ئەم بۆچوون و ڕەخنانەشدا، لەپێناسەو چەمکی لیریکدا سەربەخۆیی تاک وەک بنەمای سەرهەڵدانی لیریک تەماشادەکرێت. یاخود شیعری لیریک هەوڵە بۆ بە کەسیکردنەوەی دنیای دەرەوە، واتە دونیای گشتگیری دەرەوە، دەگۆڕدرێ بە فەزای زەینی ناوەوە.[100] ئەمەش وەک زانای ئەدەبناسی ڕووس د.س. لیخاچۆڤ دەڵێ: "ڕۆمانتیکەکانی وا لێ کرد دان بە پرەنسیپی (من)ی بێکۆتای ناخ بۆ بیری نادوومانیی جیهان-دا بنێن".[101]

لە پێناسەی لیریکدا زۆرکات لەگەڵ دژ و پارادۆکسدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. بەڵام دەکرێت بەشێوەی دیالێکتیک یاخود لە قووڵاییدا ئەو دژانە یەکبگرنەوە. بۆ نموونە ئەوەی لیریک تایبەتی و تاکەکەسییە، بەڵام هاوکات جیهانی و کۆمەڵییشە. یاخود لیریک گۆرانیو بەزم و شادییە، هاوکات تەنیایی و نامورادیشە.

لەبەرئەوە بەپێی کات و بابەتی توێژینەوە، تێڕوانینی توێژەران گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەندێک توێژەر لەلایەنی ناوەرۆکەوە، هەندێکی تر لەڕووی فۆرمەوە لە لیریک دەڕوانن. بۆ نموونە د.مارف خەزنەدار سەبارەت بەم جۆرەی شیعر دەڵێ: "لیریک بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووک دەوترێت. ئەمە تاک(فرد)، چوارین(رباعیە)، دوو بەیت، پارچە(قیتعە)، غەزەل، قەسیدەو گەلێ شتی تریش دەگرێتەوە."[102] هەروەک، د.ئەنوەر قادر لە کتێبی(لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی)دا، پاش جیاکردنەوەی

---

* فەیلەسووفی ئەڵمانی لایبینتس ئەم چەمکەی بەکارهێناوە. کە مەبەست لێی شتێکە[یەکە]و پارچە ناکرێ. موراد فەرهاد پور بۆ شیکردنەوەی بۆچوونی ئەدۆرنۆ لەبارەی مۆنادەوە پێیوایە: (مۆناد بەوەی تاکەو بێ پەیوەندییە بە جیهانی دەرەوەو مۆنادەکانی تر، ئەوا"کۆی بونیادی جیهانی دەرەوە لەنێو خۆیدا بەرهەمدێنێتەوە. کەواتە پەیوەندی مۆنادو جیهان پەیوەندییەکی بەهۆوە نییە، بەڵکو چەشنێک بەندی مەجازی و بەپێی جێگۆڕکێیە" بڕوانە: موراد فەرهاد پور، جوانیناسی شکست. ل٢٣٢_٢٣٣.

99 ـ موراد فرهاد پور-ل: ٢٣١-٢٣٢.

100 ـ محمود عبادیان، انواع ادبی شمەای از سیر گونەهای ادب در تاریخ ادبیات فارسی تهران، سازمان تبلیغات اسلامی. (1379)، ص 29.

101 ـ د.س.لیخاچۆڤ پۆیەتیکی ئەدەبی دێرینی ڕووسی[بەزمانی ڕووسی] مۆسکۆ ١٩٧١، ل. ٥٨.

102 ـ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس_هەولێر-٢٠٠١،ل١٦١.

فەرد[تاک] و دووبەیت و غەزەل و نامەی شیعریی مەولەوی.. ئاوڕ لە ناوەرۆکی لیریکی شاعیریش دەداتەوە. لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "لەشیعری گۆرانیدا مەرجە بنەڕەتی و گرنگەکانی لیریک هەیە. زۆری باسی ئەڤین و دڵداری پاڵەوانێکە، کە یان هەست بە دووری و ئەشکەنجەی بە یارنەگەیشتن دەکات، یان ڕامانە لە سرووشتی شیرین...ڕەگەزو دیمەنەکانی سرووشت، چ وەک کەرەسەو ئامێری هونەری، یان وەک سەرەتا دامەزراندن و ئارایشتی ستروکتوورەی غەزەلەکان هەمیشە هەیە"[103].

لەلایەکی دیکەوە د. موحسین ئەحمەد عومەر، لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبی)دا بەم جۆرە باسی لیریک دەکات: "ناوەرۆکی گشتی ئەم جۆرە شیعرە کە زیاتر بەشیعری غەزەلی دەچێت، بە گشتی دەشێ بەشیعری تایبەت بە جیهانی خۆشەویستی لە قەڵەم بدەین، بەڵام هەندێ جاریش دیاردەی وەک سوارچاکی تێدەکەوێت".[104] نووسەر پێیوایە زۆرکات بابەتی خۆشەویستی لەگەڵ سوارچاکی پەیوەستدەبن و دەقی لیریک سازدەکەن. هەروەها ڕای وایە، گۆرانیی لیریک لەئەدەبی ڕۆژئاوا سەرچاوەکەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، کە شایەرە ژنەکان گۆرانییان بۆ دۆستە نادیارەکانیان دەگوت و نەفرەتیان لە شەو و ڕۆژ دەکرد؛ بە واتا سەرەتا بە گۆرانی ژنان ناسراوبووە. سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی نووسەر پێی وایە: لەسەر ئاستی میللی و لەناو داستان و بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا دەکرێت گۆرانییەکانی عەلی بەردەشانی و عەلی حەریری بە گۆرانیی لیریک دابنرێت، بەڵام باشترین نموونەی لیریک لای نووسەر هۆنراوەی (گوڵی خوێناوی)ی گۆرانە، کە حەسرەتی نەگەیشتن و بەربەستەکانی نێوان دوو عاشق لە فەزاو شوێنێکی سوارچاکیدا دەخاتەڕوو.[105] بەمجۆرە وەک تێبینی دەکەین، د.ئەنوەر قادر توانیویەتی بەشێوەیەکی گشتگیرتر ئاوڕ لە لیریک بداتەوە، لایەنی ناوەرۆکو فۆرمی لیریکی بەپێی چوارچێوەی باسەکەی بە وردی شیکاربکات، چونکە گرێدانی لیریک تەنیا بە دڵداری و تێهەڵکێشی بە سوارچاکی بریتییە لە هەمان ڕوانینی کۆن بۆ لیریک و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی سنووردار بۆ بابەتی لیریک. سەبارەت بە فۆرمی لیریکیش بەپێی شاعیرەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو فۆرمی نوێ هاتووەتە ناوەوە، کە دەکرێت هاوشانو هاوقۆناغی گۆرانی شاعیر ئاماژە بە چەندین شاعیری تر لە کرمانجییەکان بدەین، کە شێوازی شیعری نوێی لیریکیان هەبووە، لەوانە (قەدریجان، کامەران بەدرخان)، کە لە سەرەتای سییەکاندا لە گۆڤاری هاوار شیعرەکانیان بڵاودەکردەوە.

لەدوای ئەمە هەوڵدەدەین دەربارەی هەندێ لایەن و سیمای فیکری و هونەریی تری لیریک و پەیوەندیی بە دیاردەکانی تری ئەدەبەوە بدوێین و تیشکۆی ئەو لایەنانەش بکەین.

---

103 ـ د.ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی(١٨٠٦-١٨٨٢) دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٧. ل٥١-٥٢.

104 ـ د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لەبڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر_سلێمانی٢٠١٢، ل، ٢٣٩.

105 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠-٢٤١

## ئاوێزانی شیعرو پەخشانی لیریکی:

لە ڕابردوودا شیعر کۆمەڵێک سنوور و چوارچێوەو قاڵبو زمانی خۆی هەبوو، کە تاڕادەیەک دیارییکراوبوو. بەڵام نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر چەردەیەک گۆڕانکاری بەسەر شیعرو ڕوانین لێی هاتەکایەوە. ئەو گۆڕانکارییانەش بە مەبەستی ئازادبوونی شاعیر لە سنووروو قاڵب و ستایلە دیارییکراوەکان بووە. لەمیانەی ئەو گۆڕانانەدا ئاوێزانی پەخشان و شیعری لێکەوتەوە وەک ژانرێکی سەربەخۆ ناوی (پەخشانەشیعر)ی لێ نرا. لە (فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی)یدا، نووسراوە "پەخشانە شیعر نووسینێکە لە ڕواڵەتی پەخشاندا، بەڵام هەڵگری توخمە باوەکانی شیعرە، وەک: کێش، هونەرە کەلامییەکان، لەحنی تایبەت، سەروای ناوەکی، هاوئاهەنگی پیتەکان.." [(106)] یاخود خانمە نووسەری فەرەنسی، سوزان بێرنار، دانەری کتێبی (پەخشانەشیعر لە بۆدلێرەوە تا ئەمڕۆ)، پێی وایە: "بۆدلێر لەو بوارەدا پێشەنگە و هەر بۆدلێریش بوو پەخشانەشیعری کرد بە ژانرێکی سەربەخۆ"[(107)]. بێگومان تێپەڕکردنی ئەم سنوورانەو ئاوێتەبوونی شیعرو پەخشان بواری بۆ لەدایکبوونی چەندین جۆر و شێوازی نوێی شیعر هێنایە ئاراوە. سەبارەت بە شیعری لیریکیش وەک بەشێک لە ژانری شیعر، گۆڕانکاریی زۆر بەسەر فۆرم و ستایڵ و ناوەڕۆکیدا هات.

وەک لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی بە زمانی ڕووسییدا هاتووە: "لە سەدەی ١٩-٢٠مدا لیریک (وەک جاران) نەما، کە هاوواتای[لەباتی هەموو] شیعربێ. ئەمەش بەهۆی پرۆسەی زریان ئاسای جیابوونەوە و دیاربوونی پەخشان بوو لەئەدەبی ئەورووپاییدا... بەتایبەتیش لەسەربنەمای سنوور دیاریکردنی پەخشانی بێ ڕووداو و شیعری بێ سووژێتەوە، وای لێ هات کە دەرک بە هەندێ تێکەڵەی وەک شێوەی لیرۆ-ئێپیک و پەخشانی لیریکی بکرێ".[(108)] ئەم گۆڕانانە بوونە هۆی گۆڕانی فۆرم و تێمای لیریک. بەجۆرێک کە "بەگوێرەی تێگەیشتنی هاوچەرخی لیریک(وەک دەربڕینی دنیابینییەکی خودی) لەسەر ڕۆژگارەکانی کۆن، دەکرێ گۆشەنیگای لیریکی لەوێش بەدیبکەین، بیرکردنەوە نەگۆڕابوو، بەڵکو جیهانبینی، ڕوانگەی سیاسی و فۆرمی دیدی هونەریی و چێژی ئیستێتکی.[(109)] لەبەرئەوە جەوهەری بەرهەمی لیریک، کە دنیابینی خودییە، لە فۆرم و شێوازە نوێیەکانیشدا هەیە. وەک لە (فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی)دا هاتووە: "دنیابینیی لیریکی کاتێ پەیدا دەبێ، کە دانەر... هەڵوێستی تاک و کەسی خۆی دەربارەی جیهانی دەوروبەر دەردەبڕێ، لێرەدا گرنگ نییە، کە مرۆڤ ئاگای لە تاکمەندی خۆی بێ".[(110)]

---

106 ـ بەختیار سەجادی، محەممەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ل ١١٣.

107 ـ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. ل ١٠٩.

108 ـ م.ڤ.کۆژیڤنکۆڤ و پ.ئا: نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی، ل ٥٨.

109 ـ سەرچاوەی پێشوو: ل ٥٨.

110 ـ ڤ.م کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا. نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی، ل١٨٦.

ئەم ڕوانینە جیاوازانە بۆ لیریک، بووە هۆی فراوانکردنی سنووری بەرتەسکی لە لیریک ڕوانین و وەک خودێکی نامۆ و دابڕاو نەمێنێ، بەڵکو بچێتە نێو بواری گشتی و دەستکاری توانا و چێژی ئیستاتیکای گشتی بکات؛ کە ئەزموونی سۆزداری لە ڕووبەری هونەرو لە دەوروبەری ژیانی ڕۆژانەشدا چڕبکاتەوە. کاتێک شاعیر ئەو شیعرانەی بۆ دڵدارەکەی دەیاننووسێ فاکتەی ژیننامەی ئەو و هی بەرهەمەکەو تێگەیشتن لە واقیعەکەشن، یاخود لە حاڵەتی تردا واقیع دەبێتە بابەتی بنەڕەتی تێگەیشتنی لیریکی. لەبەرئەوە ناکرێت سنوورێکی ئاسنین بۆ تێگەیشتن لە لیریک دابنرێت، چونکە بەپێی گەشەی لیریک گۆشەنیگای جیاواز گەشەدەکات. جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین دەشێت دەربڕینی لیریکی لە بەرهەمێکدا هەبێ، کە لەڕووی تەقلیدییەوە بە (ئیپیکی یان دراماتیکی) پاکژ دەژمێردرێ[111]. بۆیە ژان پۆل لەم بارەیەوە دەڵێ: "لیریک هەمیشە هەر بەئەندامێک دەمێنێتەوە، کە تەنیا هەربەناوی خۆیەوە نا، بەڵکو بەناوی هەمووەوە قسە دەکا".[112] بۆیە خودێتی وەک بنەمای لیریک، لەهەموو داهێنانە ئەدەبییەکاندا پێویستییەو ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەو خودێتییە وەک ئاماژەی پێ درا، ئەوەیە کە خاوەن جیهانبینی بێت و بە ناوی سەرجەمەوە قسەبکات. هەروەها لە فەرهەنگێکی تری ئەدەبیدا نووسراوە: "لایەنە هەر دیارو ناوێزەکانی پەخشانە شیعر بریتییە لەو سووکی و ڕەوانییەی کە لەگەڵ بزووتنەوە لیریکییەکانی دەروون و ناوەوە دەگونجێ و لەرینەوەو شەپۆلی خەونی تێدا بە ئاسانی بەرجەستە دەکرێ"[113]

لەلایەکی دیکەوە، بزوتنەوەی ڕۆمانتیزم ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە کرانەوەی لیریکدا بینی، ئەم بزووتنەوەیە هەوڵیدا هەندێک لەو سنوورانەی بۆ شیعر دیاریی‌کرابوون بشکێنێ و دیدی بڕیاردان لەسەر شیعربوون بگۆڕێت. چونکە سنووری کێش و سەروای بۆ شیعربوون شکاند.[114] لەلای گەلێک لەشاعیرانی ڕۆمانتیک و لە شیعرەکانی گۆرانیشدا سنووری فۆرم و ناوەرۆک فراوانەو بوار بە توێژەر دەدات، تەنیا لەچوارچێوەی بەرتەسکی خودسەنتەری و قاڵبەندی کۆنی جیاکردنەوەی لیریک نەمێنێتەوە.

## ژانر(جۆر)ەکانی لیریک:

پۆلێنکردنی جۆرەکانی لیریک کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی بەپێی ئەدەبیاتە جیاوازەکانو تەنانەت شاعیرەکانیش جۆرەکان دەگۆڕێن. لەلایەکی ترەوە بنەمای جیاکردنەوەشیان دیاریکراو نییە، هەندێ جۆریان لەسەر بنەمای فۆرمو قاڵبەو هەیشیانە لەڕێگەی ناوەرۆکەوەیە، یاخود هەردوو لایەن بۆ جیاکردنەوەی لەبەرچاو دەگیرێت. خاڵێکی تر پەیوەستە بە گۆڕانی جۆرەکانو تێڕوانین بۆیان بەپێی کات و شوێن، بۆ نموونە هەر جۆرێک بگرین سەرەتای سەرهەڵدانی لەو شوێنە دیاریکراوەدا جیاوازە لەوەی

111 ـ ف.م کۆژیڤنیکۆف، سەرچاوەی پێشوو..ل ١٨٦.

112 ـ ژان ـپۆل، قوتابخانەی پێگەیاندنی ئیستێتیکی[بەزمانی ڕووسی] مۆسکۆ ١٩٨١، ل ٢٧٦.

113 ـ د.موحسین عومەر ئەحمەد، فەرهەنگی ئەدەبی، ل ٧٧

114 ـ سەرچاوەی پێشوو. ل٧٤.

پاشان وەک جۆرێکی جیهانی گەشەی سەندووە، کە بێگومان لەگەڵ گواستنەوەی بۆ زمانو ئەدەبیاتە جیاوازەکان گۆڕان بەسەر ناوەڕۆکو هەندێ جار قاڵبەکەشیدا هاتووە. لێرەدا چەند شێوەو جۆرێکی لیریک دەخەینەڕوو:

١. گۆرانی: یەکێکە لە ژانرە هەرە کۆنەکان، لە فۆلکلۆرەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی نووسراو، لە کۆندا بۆ کارو داب و نەریت بوو، دواتر گۆڕدرا بۆ گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە. ئێستا لە جیهاندا کەسانێک هەن بەتایبەتی تێکستی گۆرانی دەنووسن.[115] ئەم جۆرە زمانێکی ئاسانی هەیە و بابەتەکەشی بە زۆری خۆشەویستی و دڵدارییە.

٢. سروود: شێوازێکی گۆرانییە، بەڵام زیاتر شکۆ و پیرۆزیی تێدایە. لە کۆندا سروودیان بە باڵای خوداکان و پاڵەوانە میللییەکاندا دەگوت، ئێستا زیاتر بابەتی نیشتمانی و پەروەردەییە، بۆ نموونە سروودی مارسیلیزی فەرەنسی و ئینتەرناسیۆنال و لای خۆمان "ئەی ڕەقیب!".[116]

٣. ئۆدە: وشەیەکی یۆنانییە بەو شیعرە وتراوە کە بۆ گۆرانی بشێ، ئەمیش زیاتر ناوەڕۆکێکی ڕەسمی هەبووەو (کۆڕ) گوتوویەتی. دوایی بۆ پیرۆزکردنی سەرکەوتنی جەنگو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەوترا. تایبەتمەندیی لایەنە هونەرییەکانی کلاسیکی بوو، لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا کزبوو. ستایڵی بەرزی ئۆدە لە لیریکی فەلسەفیدا دەژی. لە (فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان)دا سەبارەت بە ئۆدە نووسراوە: "ئەم شیعرە ئاڵۆزترین و بەرزترین جۆری شیعری لیریکییە"[117].

هەروەها ج. ئا. کودۆن، لە (فەرهەنگی چەمک و تیۆرە ئەدەبییەکان)دا دوو جۆر ئۆدە جیادەکاتەوە:

١. ئۆدەی گشتی، کە بۆ بۆنەو ئاهەنگە فەرمییەکانی وەک ڕووداوە نیشتمانییەکان، پرسەو لەدایکبوون دەنووسرێت.

٢. ئۆدەی تایبەتی، کە بۆ بۆنە تایبەتیو کەسییەکانە. ئەم جۆرە بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەو تێڕامانی قووڵی تێدایە[118].

٤. (ئێلێگۆس، ئێلێگیا)- شیعری سکاڵاو لاواندنەوە، کە ناوەڕۆکێکی هەمەچەشن و کێشێکی تایبەتی هەبوو. بابەتەکانی دەکرا جەنگی، سیاسی و دڵداری بن. دواتر هەر تەرخان بوو بۆ شین و لاواندنەوە. لە

---

115 - پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل٦٢.

116 - سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢-٦٣.

117 - Peter Childs and Roger Fowler*, The Routledge Dictionary of Literary Terms*. Third Edition. Routledge, New York: 2006. P.160 .

118– J. A. Cuddon*. A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory*. Fifth Edition. Willey-Blackwell, West Sussex: 2013. PP. 488.

فەرهەنگێکی ئەدەبیدا سەبارەت بەم چەمکەو بابەتەکانی هاتووە: "بابەتەکانی هەمەچەشنن، وەک مردن، شەڕ، خۆشەویستیو چەندین بابەتی تر. هەروەها ئەم شیعرە بۆ سەر کێلی گۆڕو یادکردنەوەش نووسراوە. بەگشتی ئەم شیعرە تۆنێکی ماتو غەمگینی تێدایە. بەڵام دەبێت ئاگاداربین کە لە سەدەی شانزەهەمەوە ئەم وشەیە بۆ مانای شیعری غەمگینو تراژیدی بەکارهێنراوە"[(119)].

٥. نامەی شیعری: نامەی شاعیر بۆ شاعیرانی هاوڕێی یان دۆست و ناسیاوانی.

٦. ئێپیگرام(ژیربێژی): شیعرێکی کورت و پڕ حیکمەت و ژیرییە، کە بەشێوازێکی وردو زیرەکانە دەربارەی کەسێ یان دیاردەیەکی کۆمەڵ بە گیانێکی فەلسەفییەوە دەنووسرا، یان شاعیر ئەگەر هێرشی بکرایەتە سەر بەم جۆرە شیعرە داکۆکی لەخۆی دەکرد.

## ژانری لیرۆ _ ئێپیکی:

وەک لەپێشتردا ئاماژەمان پێدا ژانری لیریک تێهەڵکێش بەژانرەکانی تر دیاردەیەکی باوی ئەدەبی بووە. لێرەدا چەند جۆرێک لەو تێهەڵکێشانەی ژانرەکانی لیریک لەگەڵ ئێپیک دەخەینەڕوو، کە زانای سودیدی هالبێرگ پێیوایە: "لێکدانی بیرکردنەوەی لیریکی و گێڕانەوەی ئێپیکی لە ژانری جیای بەرهەمی ئەدەبیدا بەرچاو دەکەوێ" بۆ نموونە:

١. باڵاد: (چیرۆکە) یان ڕازە شیعر (balada_ ئەو گۆرانیەی سەمای پێوە کراوە) بەرهەمێکی شیعریی بچکۆلەیە کە گێڕانەوەکەی بەشێوەیەکی لیریکییە. بەپێچەوانەوی "fable" کە دەتوانین ڕەوشتی "لیریکی"و "تەوەرەی ئێپیکی" لێک جیا بکەینەوە، لە باڵادا لیریک و ئێپیک بەشێوەیەکی لێک دانەبڕاو تێکەڵی یەک دەبن، بە وتەی بیلینسکی لە (باڵاد)ا: "گرنگ ڕووداوەکە نییە، بەڵکو ئەو هەستەیە کە دەیبزوێنێ، ئەو بیرەیە کە دەیخاتە زەینی خوێنەرەوە"[(120)]. باڵاد لە پێش گۆرانی (کۆرس)دا هەبووە، بەڵام وەک ژانرێکی بە بایەخ گەشەسەندنی باڵاد پابەندی شیعری ڕۆمانتیکییە.

٢. ژانری "fable"یش لەشێوەی لیرۆ_ئێپێکیدایەو بابەتێکی ڕەخنەگرانەو گاڵتەجاڕئامێزە، لەسەر تەوەرەی دوو شتی دژ بەیەک بونیاد دەنرێت و زۆرجاریش لەسەر زمانی باڵندەو گیانلەبەران دەنووسرێتەوە...لەئەدەبی فێرکاریشدا ئەم ژانرە هەیەو پەندو ئامۆژگاری ئەخلاقی تێدایە. سەرەتای ئەم هونەرەش بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. داهێنەری ئەم ژانرە (ئیزۆپ)ی یۆنانییە، کە لەسەدەی شەشەم و

[119]– Ibid, P. 230.

[120] ـ پیتەر هالبێرگ و دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی،ل ٦١.

پێنجەمی (پ.ز)دا ژیاوە، هەروەها شاعیری فەرەنسایی(لافۆنتین١٦٢١-١٦٩٥) بە نووسینی فابێڵ بەناوبانگە[121]. ئەمانە چەند جۆرێکی ژانری لیرۆ _ ئێپیکی باو بوون و لە خواریشەوە هەوڵدەدەین دەربارەی بابەتی لیریکی هەڵوەستە بکەین.

## بابەت(theme)ەو ناوەرۆک و مۆتیڤی شیعری لیریکی:

پۆلێنکردنی بابەت و تێمای شیعری لیریک ئاڵۆزو بەکێشەیە، چونکە ڕوانگەی جیاواز هەن، کە بەپێی قۆناغ، زمان، فۆرم، تەکنیک و جوگرافیا..پۆلێنی تێمای لیریک دەکەن. لەبەرئەوە لێرەدا باسی ئەو بابەتە بنچینەییانە دەکەین، کە لیریک لەخۆی دەگرێت. بەڵام گرنگیشە بپرسین ئایا ئەم باسە زانستییە؟ ئەم پرسیارە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئایا دەکرێت لیریک بە بابەتی دیاریکراوەوە سنووردار بکرێت؟ لەم جیاکردنەوەیەدا گەر توشی شیعرێکی بە فۆرم لیریک و بابەت نالیریک ببین چۆن مامەڵە بکەین؟ ئایا جیاوازی لەنێوان لیریکی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتیدا نییە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جیاوازییەی لەئاستی بابەت و فۆرمدا هەیە بکەین؟ بۆ نموونە وەک توێژەرێکی ئێرانی ڕای وایە: لە توێژینەوە ئەورووپاییەکاندا بنەمای جیاکردنەوەی جۆرەکانی هۆنراوەی لیریک زیاتر فۆرمە.[ئیلێگیا، ئۆدە، سۆنێت، بالاد..] لەکاتێکدا لە ئەدەبی فارسی[ڕۆژهەڵاتی]دا هۆنراوەی لیریک فۆرم و قاڵبێکی تایبەتی نییە.[122] لەلایەکی دیکەوە لە "فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی" دا، کە بەزمانی ڕووسییە، نووسراوە: "پۆلێنکردنی تێمای لیریک تایبەتمەندییەکی مەرجداری هەیە؛ ئەمە دەربڕی جەوهەری ئیستێتیکیی بەرهەمی لیریک نییە، کە هەمیشە پابەندی تێما نییە، لەوانەش کۆنکرێتی یان جیهانییەتی[گلۆباڵی] ئەو کە هەڵگری سەرجەمی جیهانبینی شاعیرە، هەروەها تەنیا لە خزمەتی ئامێری کارکردندایە کە ئاراستەی خاڵی شیکارییە"[123]. ڕەنگدانەوەی جیهانبینی شاعیر لە لیریکدا دەرخەری گۆڕان، جووڵەو فراوانی تێمایە لە لیریکدا. "سەرەڕای ئەمەش پێویستە ئاگاداری ئەوەبین، کە لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا فۆرمی جیاجیای دەربڕینی گۆشەنیگای لیریکی هەبوون. هەموو دەوروبەرێکی کولتووریی مێژوویی مۆدێلاندنی لیریکی تایبەتی خۆی دەخەملێنی...لە دووبارەنەبوونەوەی مێژووییدا لەناوەرۆکو شێوەدا بەهیچ جۆرێک لێک ناچن. لەبەرئەوە بەڕەچاوکردنی هاوبەشی پرینسیپی لیریکی خۆدەربڕ، هەمیشە پێویستە کە جیهانبینی زۆر جیای لیریکی بەهەند وەربگرین"[124].

ئەم ڕوانینە هۆشیارمان دەکاتەوە، کە لە ڕەهەندێکی بەرتەسکەوە سەیری بابەتی لیریک نەکەین و بەڕەهایی تێمای دیاری نەکەین، بەڵکو پێویستە هەمیشە ئامادەیی تێمای نوێ بین. بە بڕوای ئێمە ئەمەش

---

121 ـ پیتەر هاڵبێرگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

122 ـ ابوالقاسم حسینی، بر ساحل سخن، قم، انتشارات دار الشعلین(1378)، ص 294.

123 ـ ف.م کۆژیفیکۆڤ و پ.ئا. نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی ل ١٨٣.

124 ـ سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٣

پەیوەستە بە سرووشتی لیریک خۆیەوە کە خودییەو بەپێی ئەزموون و جیهانبینییە جیاوازەکان تێمای جیاواز پێشکەش دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆخە بۆ تێکەڵیی ژانرەکانیش درووستە، بۆ نموونە زانای سویدی پیتەر هاڵبێرگ دەڵێ: "شیعری لیریکی، هەروەها ئێپیکی و درامیش هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو ڕووت و پوخت نین، بەڵکو هەریەکەیان لەگەڵ دوانەکەی تردا تێکەڵی یەکدەبن"[125]. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کاتێک لە بۆچوونی زانایان و توێژەران سەبارەت بەبابەتی لیریک ورد دەبینەوە، تێبینی دەستنیشانکردنی بابەتەکانی لیریک دەکەین[بەڵام بە بۆچوونی جیاواز]. هەر بۆ نموونە توێژەری ئێرانی د. فریشتە ناسری لەم بارەیەوە دەنووسێ: "هۆنراوەی لیریکی تایبەتە بە هەستەکان و دونیای ڕۆحی ئێمە...چوارچێوەی ئەدەبیاتی لیریک سووتان و دەرخستنی ئازاری دابڕان و شین و واوەیلای هیجران...[یاخود] بابەتگەلێکی وەک عیشق، پیری، نیشتماندۆستی، مرۆڤدۆستی و لەو بابەتانەیە. بابەتی هۆنراوەی لیریک لە ئەدەبیاتی ئەورووپا، عیشق، چارەنووس، سرووشت، مەرگ، خودا، نیشتماندۆستی، باوەڕی ئایینی و هاوشێوەی ئەمانە دەگرێتەوە".[126] لەبەرئەوە لەئەدەبی فارسی و عەرەبیدا ئەم جۆرە هۆنراوەیە پانتاییەکی گەورەتری داگیرکردووەو چەندین بابەتی لەچەشنی: پیاهەڵدان، داشۆرین، عیرفان، شانازی، پرسە، تەنز، سوێندنامە، حبیسە[ئەو شیعرەی لەزینداندا وتراوە، یان دەربارەی زیندانە]، مەی، سکاڵا، وەسفی سرووشت، غەزەل، مەتەڵو..هتد گرتۆتەوە[127].

ئەم فراوانییەی لیریک لە ئەدەبی خۆرهەڵاتیدا، لەلایەکەوە بۆ فرە فۆرمی لیریک دەگەڕێتەوە، یاخود بۆ ئەو شێوە بەکێشمانەی، کە توانیویەتی زۆرترین بوار بۆ شاعیران و دەربڕینی هەستیان لە چوارچێوەی ئەم جۆرەدا بکاتەوە. هەروەها لایەنێکی دیکە بۆ تێهەڵکێشی ژانرەجیاوازەکان، لەشێوەی شانۆی لیریکی، داستانی لیریکی دەگەڕێتەوە. لە هەمووشی گرنگتر پەیوەستە_بە فەرهەنگو کولتوور و مێژووی مرۆڤ، واتە دەکرێت کولتووری هەر نەتەوەیەک ئەدەبیاتی جیاوازی ئەو نەتەوەیە نیشانبدات و پاشان گەشەی هەست و توانای ناسینی مرۆڤەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن.[128] هەر لەم بارەیەوە لە "فەرهەنگی ئینسکلۆپیدییایی ئەدەبی"دا هاتووە: "لەبەرهەمی میللیدا لیریک بەهۆی ئەرکی ژیارییەوە پۆلێندەکرا (گۆرانی شایی، لاواندنەوە،.... گۆرانی سەماکردن، یاریکردنو کۆڕ، زەماوەند و لایلایە...هتد)، یان بە وتنی سەرتاسەری و دووبارەبوونەوە. لە ئەدەبی ئانتیکدا بە تایبەتمەندیی جۆری ئەداکەی بوو(لیریکی کۆڕ، ئۆدە(قەسیدە)، مەدح، شیعری شایی و زەماوەند،...هتد لیریکی تاکەکەس، ئێلیگیا[سکاڵاو لاواندنەوە]، ئێپیگرام [ژیربێژیی]"[129]. لێرەشدا تێبینی تێهەڵکێشی ژانرو بابەتی لیریک دەکەین.

---

[125] ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل ٤٣.

[126] ـ دکتر فرشته ناصری، مروری بر تاریخچه ادبیات غنایی در ایران.. ص ١١٦.

[127] ـ اسماعیل حاکمی، انواع شعر فارسی تحقیق درباره ادبیات غنایی ایران، نشر دانشگاه تهران، چاپ اول،(1386)، ص 22.

[128] ـ عبدالعلی دست غیب، هنرو واقیعیت، مرکز نشر شپهر، تهران، چاپ دوم، ١٣٦٩ص ١١٤.

[129] ـ ڤ.م کۆژیفیکۆڤ و پ.ئا. نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی، ل١٨٤

لیریک بەهۆی فەرهەنگ و ڕۆژگاری جیاوازەوە جۆراوجۆری و ڕەنگینی بەخۆیەوە بینیوە. وەک لەهەمان فەرهەنگدا باسکراوە: "لە ئەدەبی ڕێنسانس و کلاسیزمدا ـ بە بایەخی کۆمەڵایەتی یان ئەو جۆشە گشتییەی لەو ژانرەدا شاعیر پەیڕەوی دەکرد، لە (ئۆدا، ئیلیگیا، ئیدۆل[گۆرانی لادێ، شوانانە] ئیپیگرام و ...هتددا. لە واقیعدا لە ئیستاتیکای ئەورووپادا ژانری لیریکی تا سەدەی نۆزدەیەم (ئۆدەoda)بوو... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەدەبی پێشتر ئاگایان لە فۆرمە جیاوازەکانی تری دەربڕینی خودی لیریک نەبووە.[130] لەبەرئەوە بەپێی کولتوور و ژیانی ئەو نەتەوەیە، ئەدەبی جیاواز هەبووە. بۆ نموونە زانای ئێرانی زرین کوب زیاتر لە دوانزە بابەت و ناوەرۆکی شیعری لیریک جیادەکاتەوە، کە بەشێکیان لەشێوەی سکاڵاو نامەدان: سوێندنامە، دووری نامە، ساقی نامە، شادی نامە..ستایش و هەجوو...هتد.[131] هاوکات ڕەخنەگرێکی تری فارس چەندین ناوەرۆکی جیاواز بۆ شیعری لیریکی دەستنیشان دەکات، وەک شیعری گەشبینی، ڕەشبینی[نیگەرانی]، شیعری گاڵتەو گەپ[کات بەسەربردن]، مەیو ساقیبنامە، شیعری مەزهەبی، ئینسانی و وەسفی[تەبیعەت و مرۆڤ]و عاشقانە...هتد[132].

هەروەها لە ئەدەبی عەرەبیو بەتایبەت لە سەردەمی جاهیلیدا لەگەڵ ئەوەی ژانری شیعری لیریکی برەوی هەبووە، بابەتگەلێکیش لە چوارچێوەی ئەم ژانرەدا هەبوون، کە بریتیبوون لە: "خۆشەویستی، شانازیکردن، بەرگری، پیاهەڵدان، داشۆرین، لاواندنەوە، گلەییکردن، پۆزشهێنانەوە، بە دەستهێنانی سۆزی خەڵک، ڕەوشت، دانایی، پەسنکردن...هتد"[133] بەڵام لە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام ناوەرۆک و بابەتەکانی شیعریش گۆڕانیان بەسەردا هات، کە زیاتر لە چوارچێوەی پابەندبوون بە ئایینی ئیسلامەوە بوو، بۆ نموونە بایەخیان دەدا بە: "بەرگری و جۆش و خرۆش،"حماسە"، واتە بەرگری لە ئیسلام و پێغەمبەر"د.خ"و پەیڕەوی بۆ دینەکەیان، پیاهەڵدان"المدح"، پەسنکردن"الوصف" وەسفی سەحراو هەندێ لە ئاژەڵەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی ڕاویان نەکەن، ئامۆژگاری"الوعظ" فەرمانکردن بە چاکەو دوورکەوتنەوە لە خراپە، شیعری خۆشەویستی "الغزل"، ئەویش دوو جۆری هەبوو "الغزل العذري" خۆشەویستی خوا...هەروەها هەجووی شاعیرە شیعەکانیان دەکرد، بەوەی کە هەندێ کردەوەی ناڕێک و دژ بە ئیسلامیان هەبووە"[134] لەبەرئەوە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا بابەتی شیعری لیریکی گەلێک فراوان بووە.

هەرچی سەبارەت بە ئەدەب و شیعری لیریکی کوردییە، تائیستا توێژینەوەیەکی وا نەکراوە، کە بەشێوەیەکی وردو زانستیانە دەستنیشانی بابەت و فۆرم و جۆرەکانی بکات. بەڵام ئەوە هەیە، کە زۆرینەی ڕەخنەگران و توێژەرانی کورد لەسەر ئەو بۆچوونە هاوڕان، کە ئەدەبی کوردی لەژێر

---

130 ـ سەرچاوەی پێشوو.

131 ـ عبدالحسین زرین کوب، شعر بی دروغ شعر بی‌نقاب، تهران، چاپ هشتم،١٣٧٩، ص١٤٣

132 ـ خسرو فرشیدورد، درباره ادبیاتو نقد ادبی، چاپ، سوم، تهران ١٣٧٨، ص ٦٩_٧١.

133 ـ پەری عومەر عەلی، شیعرە کوردییەکانی بێخود: ژانر، بابەت و شێوازیان_٢٠١٦ زانکۆی سلێمانی.[نامەی ماستەر] ل ٢٩.

134 سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسیدابووە. لەگەڵ ئەوەشدا د.مارف خەزنەدار لەبارەی بابەتی شیعری لیریکی کوردییەوە دەڵێ: "بۆ مەبەستی سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفەو شەراب و مەیخانەو پەندو قسەی نەستەق و دانایی و شتیتر بەکار دەهێنرێ. لەئەدەبی تازەش‌دا هەیە بۆ مەبەستی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی."[135] لەبەرئەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانەی بۆ جۆرەکانی لیریک هەن، لە خوارەوە بەشێوەی گشتی لەبارەی مۆتیڤیشەوە دەدوێین.

## مۆتیڤ:

هەر وشەیەک دەبێتە چەمک ماناو بواری بەکارهێنانەکەی فراوان دەبێت. لەبەرئەوەی وشە مانایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام بوونە چەمک مانای نوێ‌و ئەرکی نوێی بۆ پەیدا دەبێ و واتای فراوان دەبێ. بۆ نموونە "مۆتیڤ" کە بە ئەڵمانی(motive)و بە فەرەنسی (motif)ە، لە وشەی (moveo)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە واتای"دەجووڵێم"ە. بەڵام مۆتیڤ وەک ڕەگەزێکی کاریگەری بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی لەوە کەوتووە، تەنیا واتا هەوەڵینەکەی[دەجووڵێم]ی هەبێ، بەڵکو بەپێی هەر بیرلێکردنەوەو بەکارهێنانێکی نوێی واتاو مەبەستی مۆتیڤ فراوان و دەوڵەمەندتر بووە. ئەم زاراوایە لە بنەواندا لە کولتووری مۆسیقاوە هاتووەو لەسەرەتاشدا وەک زاراوەیەک لە "فەرهەنگی مۆسیقایی" دێ بڕۆساری(١٧٠٣)دا بەکارهاتووە. بەڵام دواتر لەسەر دەستی ی.ڤ. گۆتە لە ئەدەبدا هێناویەتە ناوەوەو لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا وەک زاراوەیەکی ئەدەبی لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا وەک هاوتای ڕەگەزەکانی تێکست_ بابەت و وێنەو سووژێت بەکارهاتووە[136].

سەبارەت بە بواری توێژینەوەی مۆتیڤ لە ئەدەبدا، بۆچوونی جیاواز هەن، کە دەکرێ بە پێی تێکستێکی دیاریکراو یان کۆنتێکستی سەرجەمی بەرهەمی نووسەرێک هەروەها هی ڕێبازو قوتابخانەیەکی ئەدەبی هی قۆناغێک، مۆتیڤ دیاری بکرێت، لەبەرئەوە بواری توێژینەوە لە مۆتیڤ فراوانەو بەپێی مەودای توێژینەوەی توێژەر لەو بابەتە دەستنیشان‌دەکرێت. لەم بارەیەوە سیروس شمسیا لە کتێبی(ڕەخنەی ئەدەبی)دا دەنووسێ: "مۆتیڤ بابەتێکی سەرەکییە کە لە ئەدەبی وڵاتێک یان کەسێک یان لە کۆی

---

135 ـ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم،ل ١٦٢.

136 ـ ڤ.م. کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی، ل ٢٣٠.

بەرهەمێکی تایبەتدا بڵاو دەبێتەوە. مۆتیڤ هەم دەتوانێ لە مانادا خۆی ببینێتەوە و هەمیش لە وشەدا: جاری واش هەیە جوانکارییەکی ئەدەبی دەبێتە مۆتیڤ"[137].

ئەم چەمکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەردەوام لە گەشەو جووڵان و فراوانبووندایە، بۆ نموونە مۆتیڤ وای لێ هات، لە دنیابینی هونەرییەوە، پابەندی ژیانی دانەرو هەروەها لەگەڵ شیکاریی بونیادی تەواوی بەرهەمەکەدا بێت. لەبەرئەوە تێگەیشتنی سەردەمیانەی مۆتیڤ لە بنەوانی ئەم نەریتەوە سەرچاوە دەگرێ. مۆتیڤ لە ڕەگەزی شێوەی هونەری زیاتر ڕاستەوخۆیەو پەیوەندیی دنیای بیرو هەستی دانەرە، بەڵام بە پێچەوانەوە،"سەربەخۆیی"و کۆتایی وێنەیی ئیستێتیکی نییە، تەنیا لە پرۆسەی شیکاریی کۆنکرێتیدا "جمو جوولێ" مۆتیڤ لە دەرکەوتنی چەسپاوی و تاکییەتی و دەگمەنیی تەواوی فیکرییەوە بنەوانی بایەخی هونەری و بەهای وەردەگرێ. ئەمەش وا دەکات تێگەیشتنی سەردەمیانە لە مۆتیڤ دیاریکردنێکی کۆنکرێتی تیۆریی نەبێو بەردەوام زاراوەکە فراوانو ناچەسپاو بێ. هاوکات لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی بە زمانی ڕووسیدا باس لەوە کراوە، کە مۆتیڤ لەگەڵ هەندێک چەمکو زاراوەی دیکەدا تێکەڵ دەبێو نووسراوە: "[مۆتیڤ] لەگەڵ هەندێ پرسی دیاریکراوی بەرهەمی ئەدەبیدا تێکەڵدەبێ، لەبەرئەمە واتای زاراوەیەکی تەواو دیاریکراوی نییە. بێجگە لەمەش دوومانییو بەیەکدا چوونی(مۆتیڤ)و (تێما-بابەت)یش لەناودا هەیە[بەو مانایەی لەبری یەکدی بەکاردێنو تێکەڵدەکرێن]"[138]. هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا، بەردەوام تیشکۆی چەمکی "مۆتیڤ" و وردەکارییەکانی دەبێ و زیاتر ڕوونیدەکاتەوە و ئاماژەی ئەوە دەکات، کە ئەم بەیەکداچوونەی تێماو مۆتیڤ لە خۆوە و بێلۆژیک نییە، لەبەرئەوەی لە زۆر شوێندا توێژینەوە لە مۆتیڤ تێهەڵکێشی توێژینەوە لە تێما دەبێ، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە؛ بەڵام نە مۆتیڤ تێمایە، نە تێماش مۆتیڤە. "مۆتیڤ بەپێچەوانەی تێماوە، بەشێوەیەکی زمانی ڕاستەوخۆو (بابەتانە) دەوری لە پتەوکردنی تێکستی بەرهەمەکەدا هەیە، لە شیعردا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە خزمەتی وشە بەهێزە کلیلییەکاندایە، کە قورسایی واتایی تایبەتییان هەڵگرتووە... لەبەرئەوە توێژینەوە لە مۆتیڤ لە شیعردا کە دەربڕی تایبەتمەندیی هۆشیاریی شاعیرو سیستێمی شیعریی ئەوە، وا دەکا کە بەتایبەتی بە کەڵکو بەرداربێ"[139].

خاڵێکی گرنگتر لە مۆتیڤدا پەیوەستە بە سیمبۆلبوونییەوە، واتە هەندێک مۆتیڤ هەن، کە ئەگەری بە سیمبۆل بوونیان هەیە. ئەم نزیکییەی مۆتیڤ و سیمبۆل وا دەکات توێژینەوە لە مۆتیڤ ئاڵۆزتربێ. وەک لە هەمان سەرچاوەدا ئاماژەی بۆ کراوە: "بایەخی زاراوەکە ئاڵۆزتر دەبێ، کاتێ(مۆتیڤ) ڕەگەزەکانی بە[سیمبۆل]بوون لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، (ڕێگا_لای ن.ڤ.گۆگۆل، باخچە_لای چێخۆف، دەشتو سەحرا_لای م.یو.لێرمەنتۆڤ، زریان_لای ئا.س.پووشکینو سیمبۆلیستەکانی ئەدەبی ڕووسی سییەکانی

137 ـ سیروس شمیسا، نقد ادبی، تهران، فردوس، چاپ دوم، (1380)، ل٣٦٤.

138 ـ ڤ.م. کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

139 سەرچاوەی پێشوو.

سەدەی نۆزدەیەم"[140]. لەبەرئەوە مۆتیڤ لەگەڵ چەندین ڕەگەزی توێژینەوەی ئەدەبیدا پەیوەندیی هەیە، کە بەهۆی کاریگەرییەکەیو جووڵە بەردەوامەکەوەیەتی، هەر لەم بارەیەوە لەو فەرهەنگەدا نووسراوە: "مۆتیڤ لە کاتدا سەفەردەکاو هەموو سەردەم و ڕۆژگارێ بیرۆکەی دەگۆڕێ. گەلێک مۆتیڤی ئەدەبی هەروەک ئەفسانەیی بوونەتە بەشێک لە ئەزموونی ڕۆحی مرۆڤایەتی"[141]. ئەم بۆچوونە بۆ مۆتیڤە ئەدەبییەکان گرنگو درووستە، چونکە یەکێک لەو ڕەهەندە گرنگانەی ئەدەبو شیعری پێ دەناسرێتەوە، ئەو ڕۆحیەتە گەردوونیەیە، کە هەیەتی.

لەلایەکی ترەوە ئەدەبناسێکی ئینگلیز M.H.Abrams باسی مۆتیڤ دەکاتو چەندین نموونەی مۆتیڤی ئەدەبی دەهێنێتەوەو دەڵێ: "مۆتیڤ ڕەگەزێکی دیاری وەک جۆرێک لە ڕووداو، وێنەیەکی هونەری، سەرچاوەو فۆرمولێک(پێناسەیەک) کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئاسایی و دووبارەبووە وەیە، وەک بۆ نموونە: خانمێکی سیحرباز دەبێتە شازادەیەکی جوان، ئەمە مۆتیڤێکی باوی فۆلکلۆرە، یان پیاوێک بە حوکمی چارەنووس لەلایەن خانمێکی جوانەوە فریودەدرێ، ئەمیش هەر بۆ نموونە مۆتیڤێکی فۆلکلۆرییە کە لە بەرهەمێکی(کیتس): "La Belle Dame Sans Merci" دا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم مۆتیڤانە لە شیعری لیریکی و باڵاد"چیرۆکە شیعر"دا باوبوون".[142] مەبەست لە دووبارەیی مۆتیڤ پەیوەستە بە گرنگییەکەی، چونکە ڕەگەزێکی کاریگەرە، کە ئەمەش وا دەکات نووسەران و ئەدیبان بەردەوام پەنای بۆ ببەنو لەشێوازو قاڵبێکی نوێدا سوودی لێ وەربگرنەوەو دایبڕێژنەوە. لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا چەندین توێژینەوەی هەمەلایەنە دەربارەی"مۆتیڤ" لە شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات کراون، کە دەوریان لە ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەدا هەبووەو گەلێک لایەنی هونەری-ئیستێتیکی شیعریان ڕۆشنکردۆتەوەو بەهای بەرزیان نیشانداوە، هەر بۆ نموونە زانای ڕووس ی.ب. ستێبلیڤا لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیدا لەم بارەیەوە چەندین نموونەی مۆتیڤی لە شیعری کلاسیک هێناوەتەوە، لەوانە: مۆتیڤی سکاڵای پاڵەوانی لیریکی بەهۆی لە یار دابڕانییەوە، مۆتڤی وەسفی جوانیی یار، هی خاڵ، کولْم و زوڵف، مۆتیڤی وەسف و نیگارکێشانی ڕووخساری(یاری) نازدار، مۆتیڤی باسی لەخۆبایبوونی یار...هتد[143]. هەروەها لە "فەرهەنگی ئازادی: ئینگلیزی _کوردی"دا مۆتیڤ لە سێ خاڵی نزیک لە یەک کۆدەکاتەوە: "١. بیر /یان/ مەبەستی بەرهەمێکی وێژەیی یا هونەری زوو زوو دووپاتکراوە. ٢. بیری

---

[140] ـ سەرچاوەی پێشوو.

[141] ـ ڤ.م. کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

[142]._M.H.Abrams - A Glossary of literary Terms, "Seven Edition", USA,2006,p 169.

[143] ـ ی.ڤ.ستێبلیڤا، سیمانتیکی بابوور"ناوکا-زانست"، مۆسکۆ، ١٩٨٢، ل ٢٨-٣١.[بەزمانی ڕووسی]. [بابوور-شاعیرێکی کلاسیکی تورک زمانە]

بنچینەیی یان سەرەکی. ٣ـ نەخشەیەکی زۆر دووپاتکراوە"[144]. وەک دەردەکەوێت بیری سەرەکی و دووپاتبوونەوە بنەمای مۆتیڤن.

# بەشی دووەم

# ژانرو بابەت و مۆتیڤی لیریکی گۆران

## ناساندنێکی کورتی دیوانی گۆران[145] و ناونیشانی شیعرەکانی:

وەک دەستپێکی ئەم بەشەی توێژینەوەکە، کە بۆ هەژماری شیعرەکانی گۆرانو شیکاریی هەندێک دەلالەتی ناونیشانی شیعرەکان تەرخانکراوە، هەوڵدەدەین ئەو دابەشکارییەی بۆ دیوانی شاعیر بە ناوی کۆمەڵەکانەوە کراوە بدەینە بەر ڕۆشنایی و هاوکات باسی دەلالەتی ناونیشانی شیعرو کۆمەڵە جیاوازەکانی لەچوارچێوەی باسەکەماندا- بکەین. کۆی دیوانی شاعیر بەسەر سیانزە کۆمەڵەدا

---

144 ـ د.حەمە ڕەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی_کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای (چاپو نەشر احسان)، ٢٠٠٦. ل٦٠٤_٦٠٥.

145 ـ سەرجەم بەرهەمی گۆران،-بەرگی یەکەم(دیوانی گۆران). محەممەدی مەلا کریم، کۆیکردۆتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە. لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد_چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد عێراق_بەغدا ١٩٨٠. لێرە بەدواوە بۆ سوود وەرگرتن لە دیوانی شاعیر تەنیا ئاوا ئاماژەی پێ دەدەین: (دیوانی گۆران.ل). ئەگەر هەرکاتێک سوودمان لە چاپی نوێی دیوانەکەی وەرگرتبێ[کە ئەویشمان لەبەردەستدا بووە]ئەوا ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دەکەین.

دابەشبووە، کە ئێمە تەنیا نۆ کۆمەڵە شیعرمان بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی [زۆرێک] لەوانەی تر ناچنە چوارچێوەی باسەکەی ئێمەوە یاخود وەرگێڕانن. لە خوارەوە دوای ناساندنێکی کورتی ناونیشانو گرنگیی لە شیعرەکاندا، لە کۆمەڵەو ناونیشانی بەشێک لە شیعرەکانی شاعیر ورد دەبینەوە.

**ناونیشان:** ناونیشانی تێکستی ئەدەبی، کۆکردنەوەی کۆی دەقە لە وشەیەک یان چەند وشەیەکدا. لەبەرئەوە ئەدیبو نووسەران ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ دانانی ناونیشان دەگرنەبەر. چونکە ناونیشانی تێکست هەروەک بە مەبەستی جیاواز بەکاردێت، کاریگەریی جیاوازیش لە وەرگرو خوێنەر دەکات. هەندێک نووسەر مەبەستیانە ناونیشانی تێکستەکەیان سەرنجڕاکێشبێ، هەیشیانە دەیەوێ وەک ئاوێنە بێت بۆ ناوەڕۆکی تێکستەکە، یاخود هەندێک نووسەر بیر لەوە دەکەنەوە ناونیشانی تێکستەکەیان لێڵ و ناڕوونو فریودەر بێت. لەبەرئەوە ناونیشان بەهایەکی بەرزی هونەری و مانایی هەیە. وەک لێکۆڵەرێک دەڵێ: "ناونیشان کۆکردنەوەی چەردەیەک مەدلوولە لە چەند دالێکدا.[146] هەندێک بۆچوون(ناونیشان)، وەک تێکستی بچووکو کلیلی چوونە نێو جیهانێکی نوێ دەبینن. لەبەرئەوە ناونیشان ناسنامەو پێناسەی شیعرە[147]. خوێنەر لە ئێستادا زیاتر بەهۆی ناونیشانەوە تێکستەکان دەناسێتەوە، چونکە لە شیعری کلاسیکیدا- وەک دەوترێ- بەهۆی کێشو ڕەدیف..هەندێک هونەریترەوە شیعرەکان دیاریدەکرا، نەک ناونیشانێکی تایبەتیان هەبێت.[148] لەبەرئەوە دانانی ناونیشان بۆ شیعر: دیاردەیەکی نوێو مۆدێرنە[149]. گۆران وەک شاعیرێکی نوێخواز، ناونیشانی نەک بۆ شیعرەکانی، بەڵکو بۆ کۆمەڵەو بەشە جیاوازەکانیشی داناوە. لەبەرئەوە لێرەدا شێوازی لە سەرجەمەوە بۆ بەش دەگرینە بەرو لەبارەی دەلالەتی کۆمەڵەو بەشو دواتریش هەندێک لە ناونیشانی شیعرەکانەوە هەڵوەستە دەکەین.

**کۆمەڵەی یەکەم:** ناوی "بەهەشتو یادگار"ە لە(٣١) شیعر پێکهاتووەو بۆ سێ بەش دابەشبووە: یەکەم (٢٢)شیعرە بە ناوی"بەهەشتی دڵ" کە لە شیعری (هەڵبەستی پەشیمان)ەوە ناونیشانەکە وەرگیراوە:

ئەی ڕووناکی ڕێی باوەڕم!          خوای بەهەشتی دڵی تەڕم!

(دیوانی گۆران، ل ٣٩)

بەشی دووەم، ناوی "یادگاری کۆن"ە دوو بەشە(غەزەلیات)کە (٥)شیعرەو (لاسایی ئەدەبی عوسمانی) (٤) شیعرە. لەکۆی (٢٢)شیعری (بەهەشتی دڵ)دا تەنیا یەک ناونیشان وەکخۆی دووبارەبووەتەوە،

---

[146] ـ د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، ئەکادیمیای کوردی-هەولێر، ٢٠٠٥. ل ٦٧.

[147] ـ مهدی دهرامی، بررسی چگونگی نامگزاری عنوان شعر. در ادبیات سنتیو معاصرو کارکردهای زیباشناختی آن. مجله شعر پژهشی_دانشگاه شیراز، سال هفتم شمارەی سوم، پاییز١٣٩٤ پیاپی ٢٥. ص٢٠.

[148] ـ مهدی دهرامی، سەرچاوەی پێشوو.. ل ١٩.

[149]ـ د.فەرهاد پیربال، عبدولڕحیم ڕەحمی هەکاری، تازەکردنەوەی شیعری کوردیو داهێنانی شانۆنامە لەئەدەبیاتی کوردیدا، وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-٢٠٠٢. ل ٢٦.

ئەویش(خۆزگەم بە پار)ە، بەڵام لە (٩)شیعری دوو بەشەکەی‌تر، کە بەشێوازی کۆن نووسراون(٨)یان وەکخۆی لە شیعرەکەدا بەشێوازی جیاوازی وەک ڕەدیف و پێش‌سەرواو سەربەخۆ دووبارەبووەتەوە. ئەمەش جێگەی سەرنج و وردبوونەوەیە. هەروەها لەو (٢٢)شیعرەدا هەندێک لە ناونیشانەکان بەشێوازی جیاواز یان وشەیەک لە ناونیشانەکە لەنێو شیعرەکاندا هەن، بەڵام هاتنیان وەکخۆی تەنیا لە یەک شیعردایە. ئەمەش دەلالەت لە توانای شاعیر بۆ ناونیشان‌دۆزینەوە، یاخود کۆکردنەوەی بونیادی واتایی شیعر لە وشەیەک دەکات. لێرەدا چەند خاڵێک سەبارەت بە ناونیشانی شیعرەکان دەخەینەڕوو:

١. هەندێک لە ناونیشانەکان سادەن، ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بابەتی شیعرەکە دەکەن: (ئافرەت و جوانی، هەڵبەستی ڕەنجاو، هەڵبەستی پەشیمان..). ئەمانە کەمتر هەڵگری بەهای ئیستاتیکین‌و ڕاستەوخۆ مانا بە دەستەوە دەدەن. لەبەرئەوە ناونیشان‌و بابەتی شیعرەکە یەکسەرو بێ ڕامانی خوێنەر خۆ بەدەستەوە دەدەن و ئەمەش دەبێتە نیشانەی لاوازیی ناونیشانی شیعرەکە.

٢. هەندێکی شێوازی ناڕوون‌و پرسیارئامێزو دەلالییە، خوێنەر دەخاتە دۆخی چاوەڕوانی‌و هەواڵەی نێو تێکستەکەی دەکات. ئەم شێوازە لەڕەخنەی نوێدا بە هەند وەردەگیرێت، چونکە دەق بەسەر ئەگەری جیاوازدا دەکاتەوەو نەریتی هونەریی_ئیستاتیکیی تێدایە: (ڕەوتێکی جوان، گوڵی خوێناوی، لە درزی پەچەوە. شەوێک لە عەبدوڵڵا، جوانی بێ‌ناو، هەرچەن، تاوێ نەگەڕا..).

٣. هەندێک لە ناونیشانەکان ڕۆڵی لێکدانەوەو ڕاڤە[بەشێوازی زمانی شیعری] دەبینن: (گوڵی خوێناوی، نیاز، هەڵبەستی ڕەنجاو، هەڵبەستی پەشیمان، ئاواتی دووری..) تێکستەکە لە وشەیەک یان دوو وشەدا کۆکراوەتەوە.

٤. هەندێک لە ناونیشانەکان زمانی بە وێنە نیشاندەدەن‌و شێوازێکی ئیستاتیکی‌و جووڵاویان هەیە: (ڕەوتێکی جوان، بۆ جوانی سەرەڕێ، لەلادێ، تاوێ نەگەڕا، ئەڕۆی ئۆغر..). ئەم ناونیشانانە وەک وێنەگرتنی ساتێک‌و ئەبەدیکردنی ئەو کات‌و شوێن‌و جووڵەیە دەردەکەون.

٥. ئەم تۆقەیان وەک پێشکەش و ئاراستەکردن وان؛ بەواتا لە دۆخێکی فەرمی نزیکدەبنەوەو ئامرازی(بۆ) لەپێشیانەوە هاتووە. ئەم شێوازە ڕاستەوخۆیە، بەڵام شاعیر لە هەندێک شوێندا بەهۆی لێڵییەوە مەودایەکی هونەریی داوەتێ. بۆ نموونە(بۆ خانمێک، بۆ کچێکی بێگانە، بۆ گەورە کچێک، بۆ جوانی سەرەڕێ) لێرەدا (بۆ) وەک نامەو ئایکۆنێ لەپێش ناوەکەدا هاتووە. بەڵام (بۆ جوانی سەرەڕێ) چونکە لێڵی‌و جووڵەی تێدایە، هەڵگری بەهای هونەری‌و ئیستاتیکییە.

**کۆمەڵەی دووەم:** ناونیشانی "فرمێسک‌و هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت"ەو لەسێ بەش پێکهاتووە:

**أ. بەشی یەکەم:** "شیوەن و فرمێسک" (٥) شیعرە. لەم پێنج شیعرەدا هاودۆخی لەنێوان ناونیشانی تێکست‌و ناونیشانی گشتی‌و ناوەرۆکی تێکستدا هەیە؛ واتە لە هەر سێ لایەنەوە تێکستەکە شیوەن‌و

فرمێسکن. له هەردوو ناونیشانی (هاوڕێم بێکەس، لەسەرەمەرگی هیوادا) شێوازی پەیام و ڕاستەوخۆیی دەبینین، هاوکات ئەم ڕاستەوخۆییە دەلالەتی پرسیارئامێز و چاوەڕوانی تێدایە. بەڵام (لاوانەوەی سەرەڕێ، گوڵی کەمخایەن، شیوەنی گوڵاڵە) نیشانەی فرەواتاو چەند ئەگەری جیاوازیان هەیە، چونکە ناونیشانەکان وێنەی پڕ تایبەتمەندیی ئیستاتیکیو دەلالین. ئاماژە بۆ شتێک جیاواز لە خۆیان دەکەن. ئەمەش لادانو لێڵی درووستکردووە، کە ئاماژە بۆ واتای جیاواز دەکات. ئەم ناونیشانانە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتوون، ڕایەڵی مانایی لەنێوانیاندا کەمە (لاوانەوەی-سەرەڕێ) لە(لاوانەوە)دا پێشبینی(سەرەڕێ) ناکەین، لاواندنەوە پرسیاری (بۆ؟ بۆکێ؟) دێنێتەکایە.

**ب ـ بەشی دووەم:** "هونەرە جوانەکان" (٧) شیعرن و زۆربەیان هونەرە جوانەکانمان بیردەخەنەوە. لەم بەشەدا (٤) ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، کە بەهۆی خستنەتەکیەکەوە شێوازی هونەری تێدایە: (بۆ بلبل، بۆ گەورەیەکی شیعردۆست). دەبینین (بۆ) بەهۆی (بلبل)ەوە شێوازێکی ئیستاتیکی سازکردووە. هەروەها(گەورەیەکی شیعردۆست) پرسیارسازە، خوێنەر دەیەوێت بزانێت ئەم گەورەیە کێیە، شاعیر دەیەوێت چی بەم گەورەیە بڵێت، بۆ بە گەورەو شیعردۆستی دەزانێت، پەیوەندیی گەورە بە شیعردۆستەوە چییە؟ هەروەها (جواب بۆ جەناب) جگەلەوەی مۆسیقای تێدایە، هاوکات ناڕوونو تەمومژاوییە. هەروەها (جیلوەی شانۆ، هەڵبەستی دەروون) هەرچەند وەک لێکدەرەوەی ناوەرۆکی تێکستەکە هاتوون، بەڵام ڕۆڵیان لە فەزاسازیی هونەریو واتایی تێکستەکەدا هەیە.

لەکۆتاییدا گرنگە بیر لە ڕێکخستنی ناونیشانی سەرەکی کۆمەڵە شیعرەکە "فرمێسکوهونەر" بکەینەوە: بەشی یەکەم (فرمێسک)، بەشی دووەم(هونەر)ە، توانای هونەریی شاعیر لە ناونان بەشێوەیەکی ئیستاتیکیو هەماهەنگ دەردەخات، کە وشەکانی لەسەر ئاستی سەرجەمو بەشدا خستوونەتە پاڵ یەک.

**ج ـ بەشی سێیەم:** "دوو هاوینە گەشت" لە (٢) شیعر یان گەشتە شیعر پێکهاتووە. لە هەردووکیاندا ناونیشانی ناوەوەی شیعرەکان جیاوازە، لە (گەشت لە قەرەداغ)دا بە ژمارە دیمەنو ڕووداوەکان جیاکراونەتەوە. لە (گەشت لە هەورامان)دا ناونیشانی جیاوازمان بەپێی شوێنو کەسو ڕووداو هەیە. "دوو هاوینە گەشت" ناونیشانێکی زانیاریی بەخشە سەبارەت بە کاتی گەشت. بەڵام (لە هەورامان- لە قەرەداغ) زانیاری سەبارەت بەشوێنی گەشتەکە دەدات. لەم دوو ناونیشانەدا بەهۆی ئامرازی (لە)و دوو ناو یەکخراون. لێرەدا ئەوەی وردی و توانای شاعیر دەردەخات، بەکارهێنانی ئامرازی (لە) لەبری (بۆ)یە. چونکە بەپێی سیستێمی ڕێزمانیو واتایی، ئەگەر گەشتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک بن ئەوا دەبێت (بۆ) نەک (لە) بەکاربهێنرێت، بەڵام شاعیر (لە)ی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک گەشتی نەکردووە، بەڵکو لەناو (هەورامانو قەرەداغ)دا گەشتی کردووە، کە ئەمەش دەلالەتی مەعریفەو

لێزانی شاعیر نیشاندەدات، چونکە [هەندێک توێژەرو نووسەر بە هەڵە -گەشت بۆ-یان بەکاریانهێناوە][150].

هەروەها یەکێک لە ئاماژەکانی (لە) ئامرازە بۆ شوێنی جێگیر، شاعیر خۆی ناونیشانی(لە بەندینخانە)ی هەیە. لەبەرئەوە (لە) ئاماژەی نیشتەجێبوون دەگەیەنێت؛ لەناو-لەنێو قەرەداغو هەورامان‌دا گەشت دەکات. لەئاستی واتایی (گەشت)و(نیشتەجێبوون)دا پارادۆکس هەیە، هەروەک شتراوس پێیوایە: "لەعەقڵی مرۆڤدا بونیادێک لە وتراوەکان هەیە، کە مۆرکی دوالیزمو دژ بەیەکیان تێدایە"[151]. ئەمەش شێوازێکی وریایانەی شاعیرە، کە وەک ڕێبوارێکی دەربەست نیشتەجێ بووە. هەورامانو قەرەداغ وەک ماڵی خۆی دەبینێت. چونکە لە نیشتەجێبووندا نیگەرانیو دۆستانە تێیدا ژیان هەیە، نەک وەک شوێنێ بەڕێکەوت بۆی بڕۆیتو گرنگ نەبێت[152]. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بەزمانی بونیادگەرەکان بڵێین بەهۆی گەشتو ڕێبوارییەوە دۆخی ئاشنایی سڕاوەتەوە [ئاشنایی سڕینەوە، وەک چەمکێکی گرنگ بۆ شیکاریی تێکستی ئەدەبی بەکارهاتووەو بەمانای نامۆکردن دێ. سەرەتاش لەلایەن ڤیکتۆر شکلۆڤسکی لە کتێبی (هونەر وەک تەکنیک[داهێنان]) بەکارهێنراوە][153] وەک ڕێبوارێک بەردەوام بەشتەکان نامۆیە وەکئەوەی یەکەمجارە دەیبینێت، لەبەرئەوە (گەشت لە) دەلالەتە لە: شاعیرانە نیشتەجێبوون[154]و کرانەوەی بوونی قەرەداغو هەورامانە لە زمانی شیعرییدا.

**کۆمەڵەی سێیەم:** ناوی "سروشت و دەروون"ە، کە هاوشێوەی کۆمەڵەی یەکەم (٣١) شیعرە، بەڵام ئەمیان بەسەر دوو بەشدا دابەشبووە:

أ. **بەشی یەکەم** "سروشتی جوان" (١١) شیعرە و خوێنەر لە ناونیشانەکانەوە هەست بە ڕێکخستنو ڕیتم دەکات: (پایز، هەوری پایز، سەوزەگیای پایز، دیمەنێکی بەهار، شەوێکی بەهار...) شاعیر بەشێوازێکی هونەری، سرووشتی لە وەرزو دیاردە وەرزییەکاندا جێکردووەتەوەو لە سەرجەمەوە بۆ بەشو بەپێچەوانەوەش هونەری نواندووە: (پایز، هەوری پایز، سەوزەگیای پایز. بەهار- دیمەنێکی- بەهاری [پاش باران]). یاخود شاعیر ناونیشانی (تازە؟، بێدارییەک)ی بەکارهێناوە، کە گوزارشت لە لێڵییەکی مانادار دەکاتو خۆیشی نیشانەی پرسی بۆ (تازە)داناوە. هەروەها بێداری‌یەک وەک دیمەنێکی، شەوێکی، گوزارشت لە شتێکی تایبەتی ئاڵۆز دەکەن، کە ئەمەش شێوازێکی هونەرییە لە بەکارهێنانی ناونیشانی شیعریدا.

---

150 ـ د.حەمە نوری کاکی، شێوازی شیعری نوێی کوردی_کرمانجی ناوڕاست١٩٢٠-١٩٧٠، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.

151 ـ جۆن هال، ولیام بویلوور، ولیامز شۆپان، چەند وتارێک دژی بونیادگەری، وەرگێڕان:حسەین لەتیف، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی-سلێمانی،٢٠١٣، ل ١٥

152 ـ د.محەمەد کەمال، هایدیگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای سەردەم-سلێمانی.٢٠٠٧. ل ٧٨.

153 ـ بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی. ل ١١_١٢.

154 ـ بەکر عەلی، دیدی مارتن هایدیگەر_ نامۆبوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر. گۆڤاری ئازادی، ژمارە(٤) ١٩٩٤. ل ١٥٢.

ب - **بەشی دووەم**، ناوی "دەنگی دەروون"ەو (٢٠) شیعر لە خۆدەگرێت. زۆرێک لە ناونیشانی شیعرەکانی ئەم بەشە گوزارشت لە دۆخی دەروونی شاعیر دەکەن: (ئاخ، هەزار ئاخ، ئیلهامی هاوار. بۆ هیوای کورِم، قاله مرد، لە بەندینخانە، ئاوێنەی هەستیم، زەنگی پەستی..). جگە لەوە هەندێکیان زۆرتر هونەرینو (دواسەرنج، زەنگی پەستی، بۆ گوڵی لاولاو، وەڵامی پرس، ئەی نەی..). لەم بەشەدا هەندێک لە ناونیشانەکانیشی ئاسایینو هەست بە هونەرو لێڵییەک ناکەین تێیاندا: (کوردستان، جەژنی نەورۆز، رۆڵەی بێدایک، لە کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە..) دوانی یەکەمیان، نیشتمانین [سروودن]و دوانەکەی تریش تارادەیەک ئاشکراو درێژن، لە کاتێکدا ناونیشان وا باشە کورتو پڕ هونەر بێت. هەندێک لە ناونیشانەکانیش یەک وشەن (یار، گیان)، کە بە کورتی و شێوازێکی هونەری دەربڕی بیری شاعیرن.

**کۆمەڵەی چوارەم**: ناوی "لاوک و پەیام"ەو دوو شیعرە:

١. لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا.

٢. پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجانو قوتابیيان لە بوخارست.

وەک لە ناونیشانی کۆمەڵەو شیعرەکانەوە دەردەکەون، لە هەردوو شیعرەکەوە ناونیشانی کۆمەڵەکە "لاوک و پەیام" وەرگیراوەو لە رێگەی ناوەکانیانەوە گوزارشت لە ناوەرۆکی تێکستەکە دەکەن، کە زیاتر هاوخەمیو پاڵپشتیو پەیامی لە خۆگرتووە.

**کۆمەڵەی پێنجەم**: ناوی "لەکۆرِی خەباتا"ی هەیەو دوو بەشە:

أ. **بەشی یەکەم**، "لەکۆرِی خەباتا"، کە دووبارەکردنەوەی ناوی کۆمەڵەکەیەو (٢١) شیعرە. زۆرینەی ناونیشانەکان باس لە ڕووداوەکان دەکەن. وەک توێژەرێک پێیوایە: هەندێ ناونیشان لەڕێگەیانەوە خوێنەر ئاشنای کاتو شوێنو ڕووداوەکان دەبێت یان گوزارشت لە ئەزموونو شێوەی ژیانی...[155] شاعیر لە کۆرِی خەباتدا دەکەن. بۆ نموونە: (بۆ مایکڵ، شەهید، رێگای لەنین، بەرێگادا بەرەو کۆنفرانس...) دەبینین کەسایەتیو شوێنو ڕووداوەکان بوونەتە ناونیشان، لێرەشەوە رۆڵی شاعیر وەک بەشداربوویەک نەک وەک بینەر دەبینین. لەبەرئەوە لەم ٢١ شیعرەدا زۆرترین ناو و کەمترین ئاوەڵناو بەکارهاتوون.

ب - **بەشی دووەم**، "دڵۆپی مرواری" (٣) شیعرە، کە ئەمانەن: (یادی (بێکەس)، ئاوابوونێک، یادی پیرەمێردی بوێژ) بۆ سێ کەسایەتیو شاعیری کوردنو وەک مروارین بۆ خەبات. خوێنەر هەر لە ناونیشانی بەشەکەوە هەست بە شیعرییەت دەکات، بەڵام جگە لە (ئاوابوونێک) دوانەکەی تر ناونیشانەکانیان ڕاستەوخۆن.

155 - مهدی دهرامی، بررسی چگونگی نامگزاری عنوان شعر، ص٣١.

**کۆمەڵەی شەشەم:** لەژێر ناوی "ئۆپەرێت"دایەو (٢)شیعری لە خۆگرتووە، بە ناوی (ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاک). ئەم دوو ناونیشانە تاڕادەیەک هونەرین، بەهۆی ئەوەی چاوەڕوانییان تێدایە، بەڵام (ئەژدەهاک) وەک سیمبۆلێک لە ناونیشانەکەدا ئەرکێکی هونەری لە ئەستۆ گرتووە.

**کۆمەڵەی حەوتەم:** ناوی"پیەس لە یەک پەردەی کورتا"یەو (٨) شیعرە. هەڵبژاردنی زاراوەی (پیەس) وەک ناونیشان گرنگە و توانای شاعیر لە ناسینی ژانرو جۆری تێکستەکان نیشاندەدات. بەشی زۆری ناونیشانی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە گیانی گاڵتەو تەوسەوە نووسراون، دەربڕی ناوەرۆکی تێکستەکانن؛ یان لە ناوی کەسێتییەکانەوە وەرگیراون. لەبەرئەوە ناونیشانەکان ئەگەر بە پێوەری ئیستاتیکی وشە وەریبگرین، وا دەردەکەون ناهونەرین، بەڵام لێهاتوویی شاعیر لەوەدایە؛ جۆشێکی هونەری بە بەر ئەم وشە ناهونەرییانەدا کردووە: (دوشمنمان مێشوولە، ماستاو، وڵاتی ئاوا، نق و جق..)

**کۆمەڵەی هەشتەم:** بە ناوی "شیعری گەپ"، (٨) شیعرە. ناونیشانی کۆمەڵەو شیعرەکانی دەربڕی هەمان دۆخی لاقرتێ و گاڵتەوگەپن؛ بە واتایەکی تر ڕەخنە لە سیستێمە جیاوازەکانی دەسەڵات دەگرن. هەندێک لەناونیشانەکان ڕاستەوخۆ مانا بە وەرگر دەدەن: (عەروزحاڵ، چەقەڵ، جاسووس..) بەڵام ناونیشانەکانی (ڕازی..ناڕازی، دانە...دانە، دەنگی مردوو..) بەهۆی دووبارەکردنەوەو مەحاڵ[دەنگی مردوو] زیاتر هونەرین. هەروەها ناونیشانی زۆرێک لەم شیعرانە وشەی ئاساییو شاعیر بوێرانە نەک هەر لە ناوەرۆکی تێکستەکانی بەکاریهێناون، بەڵکو کردوونی بە ناونیشان.

**کۆمەڵەی نۆیەم:** ئەمە دوا کۆمەڵەیە، کە توێژینەوەکەی ئێمە لە خۆیگرتووە، ناوی"سروود"ەو (١١) شیعرە. سروود ئاماژەیە بە ژانرێکی لیریکی، بەڵام ناونیشانی شیعرەکانی بە بۆچوونی ئێمە جگە لە(بەری بەیانە) کە هەڵگری بەهای جوانیناسییە، ئەوانی تریش گوزارشت لە شوێن، کات، کەسێتی و ڕووداو.. دەکەن: (کوردستان، دەمی ڕاپەڕین، گۆرانی قوتابییان، جەژنی ئایار...) دەکرێ ئەمانیش مەودای هونەری–ئیستێتیکی بگرنە خۆ. یاخود هەواڵین: (نەورۆز ئەکەم، چواردەی تەمووز..) بەڵام لە گشتییاندا هەست بە جووڵەو خرۆشان دەکەین. ئەوەی ماوەتەوە لەم ناساندنەدا هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە کێشی شیعرەکانی.

## ـ کێشی شیعرەکانی شاعیر:

گۆرانی شاعیر لەسەردەمێکدا ژیاوە، کە نووسینی شیعر بە شێوازی عەرووز باوبووە، هاوکات تروسکاییەک بۆ دەرچوون لەم شێوازەی کلاسیک هەبووە. لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین ئەم شاعیرە ڕۆڵی لە ڕۆشنکردنەوەی شیعرنووسین بە شێوازی نوێ، کە کێشی خۆماڵییە هەبووە. شاعیر بە ئاگاییەوە لە کێشی عەرووز لایداوە، بەڵگەی ئەمەش ئەزموونی شیعری شاعیرە لە نووسینی چەندین شیعر بە هەمان کێش. عەزیز گەردی لەکۆی دیوانی شاعیردا (٤٢)شیعری دیاریکردووە کە بەکێشی عەرووز

نووسراون.[156] بەڵام عەبدوڵڵا خدر لە توێژینەوەیەکیدا تەنیا (٤٠) شیعری عەرووزی گۆرانی دیاریکردووەو ئاماژەی بە هەردوو شیعری(دەمی ڕاپەڕین، یادی لەنین) نەداوە.[157]

سەبارەت بە ئەو نۆ کۆمەڵە شیعرەی ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان دەستنیشانمان کردووە، تەنیا (٣٥) شیعریان بە کێشی عەرووز نووسراون. لەمەشەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر زۆرینەی شیعرەکانی بە کێشی بڕگەیی‌و خۆماڵین، نەک عەرووز. هەروەها شاعیر شێوازی تێهەڵکێش‌و ئاوێزانکردنی هەردوو کێشەکەی لە چەند شیعرێکدا کردووە، کە ئەمەش کارێکی نوێیە لە شیعرنووسینی ئەو ڕۆژگارەدا.

سەرەڕای ئەمەش بەشی زۆری شیعرە عەرووزییەکانی گۆران لە جۆری هەزەجن، کە لەو ٣٥ شیعرەدا ١٦یان لەسەر بەحری هەزەجن. شاعیر خۆشی لە کۆمەڵەی یەکەم (بەهەشت‌و یادگار)ی دیوانەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات، کە "بەشی زۆری [شیعرە] کۆنەکان بە وەزنی عەرووز و کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە یان وەک هی ((سالم)) و ((نالی)) لەسەر پێ‌و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون"(دیوانی گۆران، ل ٣)، لەبەرئەوە شاعیر خۆشی بەئاگاییەوە دەستنیشانی ئەو قۆناغەی کردووە، کە ئەم جۆرە شێوازەی بەکارهێناوە. شاعیر تەنیا لە کۆمەڵەی (بەهەشت‌و یادگار)دا ١٦ شیعری بە عەرووزو لاسایی ئەدەبی عوسمانلی نووسیوە. ئەم شیعرانە زمانێکی تێکەڵ‌و شێوازێکی کۆنیان هەن.

## ـ لیریکی گۆران لەڕووی قەبارە، شێوەو ژانرەوە:

گۆڕانی شیعر کاریگەری لەسەر چێژی ئیستێتیکیی خوێنەر هەیە، گۆران وەک شاعیرێکی نوێخواز لەم لایەنەوە چەندین فۆرم و شێوازی نوێی شیعری داهێناوەو هەوڵیشیداوە تێهەڵکێشی ژانرو فۆرمی جیاوازی بکات. لەم بەشەی توێژینەوەکەدا لەم ڕووەوە لەسەر لیریکی شاعیر هەڵوەستەدەکەین. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە گۆران وەک شاعیرێکی نوێخواز، دیوانە شیعرییەکەی جیاواز لە دیوانە شیعرییەکانی ڕابردوو، جۆرێک جیاکاری و پۆلێنی تازەی هەن، کە ئەمەش بۆ ئەم بەشە کە لە بارەی فۆرمی شیعرەکانەوەیە هەم ئاسانکاری و هەم ئاڵۆزییە. چۆن؟ ئاسانکارییە لەبەرئەوەی بەشێک لە ژانرەکان لە دیوانەکەدا هەن و جیاکراونەتەوە، بۆ نموونە (سروود، ئۆپەرێت، شیعری گەپ..). ئاڵۆزییە، چونکە ئەگەر وەک ڕێژە پۆلێنی فۆرمو ژانرە جیاوازەکان بکەین، ئەوا ناتوانین ڕاستەوخۆ ژمارەی ئەو شیعرانەی لە کۆمەڵە شیعرییەکاندا هەن وەربگرین، بەڵکو ژمارەیان لەوە زیاترە کە لە پێڕستی کۆمەڵەکاندا هەن. بۆ نموونە ژمارەی ئۆپەرێت و سروودەکان زۆرترن لەوەی لە کۆمەڵەکاندا جیاکراونەتەوە. هەروەها بەشێک لە ژانرەکان خۆمان جیامان کردۆتەوەو لە دیوانەکەدا ئەمە نەکراوە، بۆ

[156] ـ عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر-١٩٩٩.

[157] ـ عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ألا یا أیها الساقی و دەبابەتی تر، لەبڵاوکراوەکانی بزافی ڕۆشنبیری نوێخواز_هەولێر،٢٠٠١، ل ١١٥. نووسەر لەم کتێبەدا (٢٠) شیعری گۆرانی بە هەزەج داناوە، لە کاتێکدا عەزیز گەردی تەنیا (١٨)یانی بە هەزەج داناوە. بۆمان دەرکەوت، کە عەبدوڵڵا خدر هەردوو شیعری(ئەی شەوقی گەلاوێژ، تاوێ نەگەڕا)ی بە هەزەج داناوە، لە کاتێکدا عەزیز گەردی بە موزاریع ئاماژەی بۆ کردوون.

نموونه (باڵاد، لیریکی کورت، درێژ..). بۆیە ئێمە سوودمان لەو جیاکردنەوەیەی دیوانەکە وەرگرتووە، بەڵام لە ڕوانگەی تریشەوە ئیزافەکاریمان هەیە.

لە سەرەتاشەوە بە باشی دەزانین پۆلێنی شیعرەکان لەسەر ئاستی قەبارە: کورتیو مام ناوەندی و درێژی بکەین. لە خوارەوە لەسەر ئەم سێ ئاستە شیعرەکانمان پۆلێنکردووە:

**١- لیریکی کورت:** ئەم جۆرەی لیریک زمانێکی چڕ و بیرێکی کۆکراوەی هەیەو لە ڕووبەرێکی سنوورداردا وێنە و زانیاریی هونەری بە خوێنەر دەگەیەنێت. لەشێوازی کلاسیکدا تاڕادەیەک دەستنیشانی ژمارەی بەیتەکان کراوەو سنوورێک بۆ جیاکردنەوەی ژانرە جیاوازەکان دانراوە، بەڵام سەرچاوەیەک نییە دەستنیشانی ژمارەی دێڕەکانی لیریکی کورت بکات. لەبەرئەوەی شیعرە نوێیەکانی شاعیر شێوازێکی نوێیان هەیەو بە کێشی بڕگەیی و سەروای ڕەنگاوڕەنگو بەشێکی زۆریان شێوازی ستانزایان هەیە؛ لەبەرئەوە خۆمان ژمارەی دێڕە شیعرەکانی لیریکی کورتمان بەمجۆرە داناوە. هەر شیعرێک لە ٥ دێڕەوە بۆ ١٢ دێڕ بووبێت، ئەوا بە لیریکی کورتمان هەژمار کردووە. لە کۆی ١٣١ شیعری شاعیر ٥٣ شیعریان سەر بەم جۆرەن. هاوکات لە کۆی ئەو ٥٣ شیعرەش ٢٧یان بە کێشی عەرووزن[هەر لەم بەشەدا لەبارەی شیعرە عەرووزییەکانی شاعیرەوە پۆلێنێکمان کردووە]. لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی شیعرە لیریکییە کورتەکانی شاعیر زۆربەیان قەبارەی غەزەلی کلاسیکییان هەیە.

**٢- لیریکی ناوەند:** دیارییکردنی ئەم چەردە شیعرەش بەپێی سوودوەرگرتن لە ژمارەی دێڕەکانی غەزەل و قەسیدە بووە، بەڵام تەواو کتومت بەو شێوازە وەرمان نەگرتووە، چونکە شیعرەکانی شاعیر شێوازی نوێیان هەیە، ئەوا پێمان باشبوو خۆمان بەمجۆرە دیارییبکەین، کە لە ١٣ دێڕ تاوەکو ٢٠ دێڕ بە لیریکی ناوەند دەستنیشانی بکەین. بەپێی ئەو پۆلێنەش بۆمان دەرکەوتووە، کە ٣٩ شیعری شاعیر لیریکی ناوەندن. لەمانەش تەنیا ٦ شیعریان بە کێشی عەرووزین.

**٣- لیریکی درێژ:** لەم شیعرانەدا بەهۆی فراوانیی کەسایەتی و ڕووداوەکانی کە زۆرنو ماوەیەکی زیاتریان بۆ گفتوگۆو گرژی لەنێو شیعرەکەدا هەن، ئەوا بە لیریکی درێژ داماننناون، چونکە بەشی زۆری ئەم شیعرانەی شاعیر تایبەتن بە ڕووداوەکان و ڕەگەزی چیرۆکیان تێدایە. ئەم جۆرە شێوازێکە لە شیعری درێژ کە سوودمان لە شێوازی قەسیدە لە شیعری کۆن بینیوە، بەڵام بەشێوازی شیعری نوێ ژمارەی دێڕەکانمان جیاکردۆتەوە. ئەو شیعرانەی لێرەدا جیاکراونەتەوە ژمارەی دێڕەکانی لە ٢١ دێڕ بەرەو سەرەوە بە لیریکی درێژ داماننناوەو ژمارەی شیعرەکانیش لە کۆی ١٣١شیعر ٣٩یان لیریکی درێژن. هەروەها لەم بەشەدا هەردوو شیعری (گەشت لە قەرەداغ، لاوکی سوور بۆ کۆرپای ئازا) درێژترین شیعری شاعیرن، کە یەکەمیان ١٧٨ دێڕەو دووەمیان ١٤٤ دێڕە. هاوکات لە کۆی ئەم شیعرانە تەنیا دوانیان بە کێشی عەرووزن؛ ئەوانیش (بۆ هیوای کوڕم، دەروێش عەبدوڵڵا)ن.

## لیریکی گۆران لەڕووی ژانرەوە:

ئێمە پێشتر شیعری گۆرانمان لەڕووی قەبارەوە جیاکردەوە، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ پۆلێنی ئەو ژانرانەی شیعری گۆران بکەین، کە زیاتر لەگەڵ پێناسەو پۆلێنی شیعری ئەورووپاییدا دەگونجێن[دیارە شاعیر تا ئاستێکی باش ئاشنای شیعری ئینگلیزی بووە]، بەگوێرەی تایبەتمەندیی ئەو ژانرانەو هاتنەوەی لەگەڵ شیعرە لیریکییەکانی گۆرانداو ئەوەندەی کەرەسەی بەردەست گونجاوبووبێ، ئەم پۆلێنەمان کردووە، دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین، کە مەرج نییە هەموو ئەو ژانرانەی لە "بەشی یەکەم"ی ئەم توێژینەوەیەدا باسمان نەکردوون، کوتومت لای"گۆران"یش هەبن و ئەمەش شتێکی ئاساییە.

**١. باڵاد:** یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری لیریک کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا سەری هەڵداوە. چەمکی باڵاد لە وشەی لاتینی ballare وەرگیراوە کە بە مانای "سەما" دێت. بۆیە لە سەرەتادا بەو جۆرە لە گۆرانیو شیعری سەما وتراوە باڵاد. دواتر گۆڕاوە بۆ فۆرمێکی تایبەت لە شیعر کە پێکهاتووە لە سێ ستانزای جیا کە یەک پێکهاتەیان هەیە[واتە قافیە]ی هەر بەیتێک یان بەندێک[ستانزایێک] یەکسانە.[158] هەروەها لە کتێبی (تیۆری ئەدەبیو شێوازناسی)دا لەم بارەیەوە نووسراوە: "لە باڵادا لیریکو ئێپیک بەشێوەیەکی لێک دانەبڕاو تێکەڵی یەک دەبن، بە وتەی ڤ.گ. بلینسکی: لەباڵاددا گرنگ ڕووداوەکە نییە، بەڵکو ئەو هەستەیە کە دەیبزوێنێ، ئەو بیرەیە کە دەیخاتە زەینی خوێنەرەوە"[159].

باڵاد بەهۆی ئاوێزانبوونی گێڕانەوەو شیعرییەتەوە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشی هەیە، چونکە خوێنەر جگە لە شیعرییەت چێژ لەو گێڕانەوەیەش دەبینێت، کە لە توێی باڵادەکەدایە. ئۆگەر پیتەر لەبارەی خەسڵەتەکانو زیندووکردنەوەی ئەم جۆرەی شیعرەوە دەڵێ: "[بریتییە]لەو شیعرەی چیرۆکێکی لە پشتەوەیەو کۆمەڵێک خاسییەتی تایبەتی هەیە، کە بریتین لە کێشی تایبەتو زمانی سادەو ڕووداوگەلی خێراو دایەلۆگو گێڕانەوەی کەسی و دووبارەبوونەوەی جۆراوجۆر. لەبەرئەوەی فۆرمی باڵاد لەگەڵ ئەو زمان و بابەتە سادانەی شاعیرە ڕۆمانتیکەکاندا دەگونجا، ولیام وێردث وێرث و سامویێل تایلەر کۆڵدێرج ئەم جۆرە شیعرەیان وەک فۆرمێک، لە کتێبی باڵادی لیریکیدا(Lyrical Ballads) ساڵی ١٧٩٨دا زیندووکردەوە".[160] بۆیە ئەم جۆرە جگەلە مێژووە کۆنەکەی، چەندین قاڵبی جیاوازیشی هەیە. لە سەرەتاشەوە بەو گۆرانییە میللییە ساکارانە دەوترا، کە لەگەڵ سەما میللییەکاندا دەکران.[161] واتە سەرەتا زیاتر لە هونەری موزیک و سەمادا بڵاوبووە، بەڵام -باڵادی جەماوەری- کە قاڵبێکی ئەدەبی شیعریی ئینگلیزیو فەرەنسی سەدەکانی ناوەڕاستە، لەبنەڕەتدا سترانێک بووە بەشێوەی زارەکی دەربڕاوەو چیرۆکێک ئەگێڕێتەوە.[162]

---

158 –Dictionnaire petit larousse, 2010, Édition électronique, p.87.

159 - پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل٦١

160 - Auger, Peter. *The Anthem Dictionary of Literary Terms and Theory*. New York, Anthem Press: 2010. PP. 30.

161 - غەمگین فەرەج، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک،ل ١١٨.

162 - بەختیار سەجادی، محەممەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ل،٥٠، ٥١.

هەروەها لە فەرهەنگێکی چەمکو تیۆرییە ئەدەبییەکاندا، پاش پێناسەکردنی، چەند خاسیەتێکی باڵاد دیارییدەکات، کە بریتین لە: دەستپێکردنی خێراو لەپڕ، زمانێکی سادەو گێڕانەوەی چیرۆک لەڕێگەی دیالۆگو ڕووداوەوە، زیاتر بابەتەکانی تراژیدییە، هەرچەند دەکرێت باڵادی کۆمیدیش هەبێت. دووبارەبوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکی سەرەکیدا، وەسفی کەمی دەوروبەری ڕووداوەکە، هەبوونی ڕەگەزی دراماتیکی بەهێز.(163) لەلایەکی ترەوە گێڕانەوەکەی شێوازی گرژیو خێرایی تێدایە.

لەبەرئەوەی باڵاد لەسەرەتاوە بەشێوەی زارەکی بووە، ئەوا شێوازەکەشی ئاسان بووە، کە هەمووکەس لێی تێگەیشتووەو توانیویەتی بۆ کەسانیتری بگێڕێتەوە. لە کتێبی (مێژووی ئەدەبیاتی جیهان)دا باسی باڵاد دەکاتو دەنووسێ: "باڵاد لە کۆنەوە هەیەو سەرچاوەی بەیتە داستانە قەومییەکانە، یان وەک کۆپلەی پاشماوەی داستانو مەلحمەی دەزانن، کە دەماودەم ماونەتەوەو پاشان کۆکراونەتەوە. زۆرێک لەباڵادانی تەقلیدی شادو ڕۆمانتیکن، سکاڵاو گلەیی، ئازایەتیو دوژمنایەتی... یاخود چیرۆکی ئەڤینداریو ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە. لە باڵادە ناودارەکانیش "چیرۆکی دون و رودریک، ئەشقبازی سەید""(164).

لە شیعرەکانی گۆرانیشدا چەندین شیعرمان بەرچاو دەکەوێ، کە تێهەڵکێشی لیریک و گێڕانەوەی[ئێپیک]ین. جگە لە ئۆپێراو ئۆپەرێتەکان دەتوانین ئاماژە بە (١٧) شیعر بکەین، کە دەشێ بخرێنە ئەم جوغزەوە، ئەوەشی پەیوەندی بە گێڕانەوەوە هەبێت، لەو ژمارەیە گەلێک زیاترە. ئێمە ئەم شیعرانەمان بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردووە:

١ـ حوزنی پەچە، ٢ـ بۆ گەورە کچێک، ٣ـ شەوێک لە عەبدوڵلا، ٤ـ گەشت لە هەورامان، ٥ـ گەشت لە قەرەداغ، ٦ـ بووکێکی ناکام، ٧ـ ڕۆڵەی بێ دایک، ٨ـ ناڵەی بێکار، ٩ـ دوا سەرنج، ١٠ـ بەردەنووسێک، ١١ـ لە بەندیخانە، ١٢ـ وەڵامی پرس، ١٣ـ شەهید، ١٤ـ بۆ مایکڵ، ١٥ـ بەڕێگادا بەرەو کۆنفرانس، ١٦ـ چیرۆکێکی برایەتی، ١٧ـ مۆسکۆی ئایار.

لە شیعرەکانی گۆراندا ڕەگەزی گێڕانەوە گەلێک بەربڵاوە، لە شیعری(بۆ جوانی سەرەڕێ)دا، لە دەستپێکەوە چیرۆکو شیعرییەت تێهەڵکێشن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێک لەو گێڕانەوانە تایبەتن بە تاکەکەس و بۆ شاعیر خۆی دەگەڕێنەوە، واتە کەسێتییە لیریکییەکە خودی شاعیرە، بۆ نموونە:

بۆ یەک شەو لایدایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم،

بەیانی، ڕۆژ هەڵهات، سوار ئەبم جێیدێڵم.. (دیوانی گۆران، ل ٢٦)

---

163 _J. A. Cuddon. *A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory*. P.65.

164 ـ بوکنەر. ب. تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (بەرگی یەکەم) ل، ٢٤٢.

ئەمە شێوازی گێڕانەوەیە، بەڵام بەشێوەی شیعرییەت. یاخود لە شیعری (بەسەرهاتی ئەستێرەیەک)دا لە ناونیشانەکەوە ڕەگەزی گێڕانەوە هەیە، کە باسی ئەستێرەیەک دەکات، کە خەریکە ئاوادەبێت[دەمرێت]و شاعیریش وەک بینەری ئەو ئەستێرەیە خۆی تێهەڵکێشی ئەو دیمەنە دەکات، ئەمە گێڕانەوەیە، بەڵام لێرەدا ئێمە جەختمان لەسەر لایەنە بنچینەییەکانی ڕەگەزی گێڕانەوەیە. لەو ١٧ شیعرەشدا بەشێکی زۆریان چیرۆکی شیعرین‌و ڕووداو و گفتوگۆیان تێدایە. هەروەها بەشێکیان زمانێکی ئاسان‌و شێوازی باڵادی ستانزاییان هەیە. لە گێڕانەوەشدا خوێنەر هەست بەو تێهەڵکێشییەی نێوان شیعرییەت‌و ڕووداوەکان دەکات، لەلایەک ئاوێتەیی بابەتی تراژیدی‌و پەیوەستکردنی هەندێکیان بە پاڵەوانی لیریکییەوە، کە ئەمەش وای کردووە، هەستی خوێنەر ببزوێنێ‌و هاوسۆزی بۆ کەسێتییەکان نیشانبدات. بۆ نموونە لە شیعری (لەبەندیخانە)دا هەست بە تووڕەیی (من)ی خەباتکاری پاڵەوانی لیریکی دەکەین، کە لە هەڵوێستێکی وجوودیانەی مرۆڤدا وەک (تاک) خۆی دەبینێتەوە، تەنیاو بە تۆمەتی خراوە پاڵ(هەموو) جێیانهێشتبێ...تا ئەوەی کە بڵێ:

ئەی تریفەی مانگی سپیی دەرکی دەلاقە،

با پیس نەبێ، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە!  (دیوانی شاعیر، ل٢١٧)

لە ڕاستیدا ئەمە پەڕەی دڵی شاعیری سمیوەو بۆتەی بوونی خستۆتە مۆلەقە، بەڵام بەدەربڕینی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی شاعیر، هەست بە جڵەو لە دەست بەرنەدانی کەسێتی ئەو دەکەین، تەنانەت ئەگەر واش بووبێ و لە ساتێکدا مرۆڤ"تاوانێکی!" وای کردبێ، ئازایەتییە شاعیر بەم ڕاشکاوییە لەم کێشەیە بدوێ، لە خوێندنەوەی وردی ئەم شیعرەوە ئاڵۆزیی ئەو بارودۆخەمان بۆ دەردەکەوێ کە تووشی شاعیر بووە، بەڵام ئازایانە ڕووبەڕووی بۆتەوە، سا ئەگەر"تاوانبار" بووبێ یان نا.! لەبەرئەوە خوێنەر وەک هاوسۆزییەک بۆ بەندییەکان‌و بەتایبەت شاعیر هەست بە مەینەتی‌و ئەو تاوانە دەکات کە دراوەتە پاڵ شاعیر.

هەروەها شاعیر لە بەشی زۆری ئەم شیعرانەدا ڕەخنە لە کولتوورو دەسەڵات‌و کۆمپانیاو..هتد دەگرێ و هاوسۆزی بۆ باری نالەباری خەڵک‌و چینە زوڵملێکراوەکان دەردەبڕێ. بۆ نموونە شیعرەکانی: (ڕۆڵەی بێ‌دایک، ناڵەی بێکار، بەردەنووسێک، بۆ مایکڵ..) شاعیر جگەلەوەی چیرۆکی ئەو کەسەیاتییانە دەخاتەڕوو، هاوکات وەک پەخشان نایانخاتەڕوو، بەڵکو لەنێو گێڕانەوەکاندا شیعرییەت هەیەو شاعیر سۆزی خۆییان تێکەڵدەکات، ئەمەش وای کردووە، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا بێ‌ویستی خۆی پشتگیری ستەملێکراو و دژی ستەمکار بوەستێت، بۆ نموونە لە شیعری (ڕۆڵەی بێ‌دایک)دا هاتووە:

ئا، سەیری دیمەنی وەها کاریگەر    کام ویجدان نادات بەر نووکی نەشتەر؟!(دیوانی گۆران، ل ١٩٨)

لێرەدا ناڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەڵێ، ئەگەر بێت و ئەو دیمەنە کاریگەری لەسەر تۆ نەبێ؛ ئەوا دیارە ویژدانت مردووە. یان لە شیعری (ناڵەی بێکار)دا پاش ڕەخنەگرتن لەچەندین دەسەڵاتی جیاواز و داواکردن لە کۆمەڵ بۆ فرمانێ-کارێ، دەنووسێ:

زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسانێ

بێئیش بێ‌و سکی خۆی هەڵلووشێ بۆ نانێ!... (دیوانی گۆران، ل ٢٠٠)

شاعیر جگە لە پلارگرتن‌و هاندان، کێشەکەی گەورەتر نیشانداوەو مەودایەکی گەردوونی داوەتێ، کە بێگومان ئەمەش بە چنینی نێوان شیعرییەت‌و چیرۆک کراوە. بۆیە لە شیعرەکاندا شێوازی خێراو چڕکردنەوە لە گێڕانەوەکاندا بەکارهاتووە، لە هەندێکیاندا خێرا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو لەهەندێکیشیاندا زیاتر دۆخی دەوروبەرو هەست‌و سۆزی تێدایە. بەشی زۆری ئەم باڵادانە لیریکی درێژن. هەروەها لەڕووی کێشەوە لە کۆی ئەم ١٧ شیعرە ٨ یان مەسنەوین‌و زۆریان سەروای هەمەڕەنگیان هەیە، تەنیا ٣شیعریان بە کێشی عەرووز نووسراون.

٢. **ئۆپێراو ئۆپەرێت**: لێرەدا لەبارەی (ئۆپێراو ئۆپەرێت) کە بۆ سەردەمی شاعیر دوو فۆرمی نوێبوون هەڵوەستە دەکەین. ئەم فۆرمە جیاواز لە باڵاد، کە لەگەڵ ڕەگەزی چیرۆک تێهەڵکێشە، ئەمیان لەگەڵ ڕەگەزی شانۆدایە. تۆدۆرۆف پێی‌وایە، سەرهەڵدانی هەر ژانرێکی تازە پەیوەستە بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵەوە، چونکە ژانری تازەی هەر سەردەمێک سیستێمێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەگەڵ ئایدۆلۆژییەتی باوی ئەو سەردەمەدا یەکدەگرێتەوە.[165]

ئەم دوو فۆرمەی شیعر تێهەڵکێشی چەند رەهەندی هونەری و ئەدەبین، چونکە لەبنەڕەتدا تێهەڵکێشی هونەری نواندنەو پشت بە موسیقاو سەما دەبەستێت؛ واتە دەکرێت بە -شیعری شانۆیی گۆرانیئامێز-ی لەقەڵەم بدەین.[166] هەربۆیە ئەم جۆرە شیعرە تەنیا بۆ خوێندنەوە نییەو بۆ بینین و نواندنیشە. لەلایەکیترەوە شێوازێکی نوێی لیریکیمان پێ دەناسێنێت، کە ئەگەر یەکەمیان شێوازی گۆرانی تاکەکەسی بێت؛ ئەوا دووەمیان گۆرانی بە کۆمەڵە. عەبدوڵڵا رەحمان لە کتێبی (شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا)، کە نامەی دکتۆراکەیەتی لە بارەی ئۆپێراوە دەڵێ: "[ئۆپێرا]بەیەکێک لە هونەرە قورسەکانی شانۆی گۆرانی ئامێز دادەنرێت، چونکە جیا لەدەقی شیعری پێویستی بە توانای بەرز هەیە

---

165 ـ د.فەرهاد پیربال، عبدولڕحیم ڕەحمی هەکاری_تازەکردنەوەی شیعری کوردیو.. ل ١٠٦.

166 ـ عەبدوڵڵا رەحمان عەوڵا، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا-باشووری کوردستان(١٩٢٥-١٩٦١)، ئەکادیمیای کوردی-هەولێر٢٠١١ ل١١٧.

بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقاو سەما"[167] بۆیە هەردوو ڕەگەزی شیعرو مۆسیقا لەم جۆرە تێکستەدا لەململانێو هەماهەنگیدان. لەبنەڕەتیشدا، ئۆپێرا لە لاساییکردنەوەی شانۆی یۆنانییەکان لەلایەن چەند شاعیرو مۆسیقاژەنێک هاتەکایەوە، بۆ خوێندنەوەی شیعر بەیاوەری مۆسیقا.[168] هەروەها غەمگین فەرەج لە کتێبەکەی خۆی لەبارەی بۆتەکانی موزیکەوە، باسی شێوازی ئۆپەرێت دەکاتو پێیوایە: ئۆپەرێت لەڕووی پێکهاتەو ناوەرۆکەوە بریتییە لە نمایشێکی شانۆیی کە لەدارشتنیدا، موزیک و گۆرانی وەک دوو ڕەگەزی بنیادنەر پانتاییەکی فراوان لەبەرهەمەکەدا داگیردەکەن. زیاتر دەقی نووسینی ئۆپەرێت بەشێوەی پەخشان دەنووسرێت، جگە لەهەندێکی دەقەکە شێوەی شیعری دەبێت. ڕەگەزی موزیک بەپێی پێویست سوودی لێ وەردەگیرێت.[169].

لەڕووی ژانرەوە، شانۆی لیریکی "ئۆپێرا" وەک یەکێک لە جۆرەکانی دراما دەزانرێت، کە لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکاندا هەبووەو لەسەردەمی ڕێنسانسیشدا بەهۆی زیندووکردنەوەی ئەو کەلەپوورە لە ئەورووپا و بەتایبەت لە ئیتالیادا سەریهەڵدا[170]. بەڵام ئەدەبناسێکی گەورەی عەرەب، پێیوایە: شانۆ لیریکیو فکاهیەکانی ئەوروپا کەوتنە ژێر کاریگەی بەرهەمگەلێکی ڕۆژهەڵاتی وەک "هەزارویەک شەو"، "چرای جادوویی عەلائەدین" و "شەهرەزاد"وە.[171].

لەم توێژینەوەیەدا ئۆپێراو ئۆپەرێتمان لێک جیانەکردۆتەوە، لەبەرئەوەی بەپێی زۆرێک لە بۆچوونەکان(ئۆپەرێت) شێوازێکی پێشکەوتووی (ئۆپێرا)یەو زۆر لە جۆری (ئۆپێرای کۆمیک)ەوە نزیکە کە بە ئاسانی جیاوازی لەنێواندا ناکرێت. ئەم ئۆپێرایەش لە دەنگی گەلەوە نزیکەو تایبەتە بەکێشەکانی گەل.[172] گۆرانی شاعیر وەک یەکێک لە شاعیرە پێشەنگەکان، چەندین تێکستی لەم جۆرەی هەن، کە زۆرینەیان تایبەتن بە دەنگی گەلو ڕەخنەگرتن لەدەسەڵاتو داگیرکەرو گەندەڵییەکانی کەسەخۆفرۆشەکان. هەروەها ئۆپەرێت وەک شێوازێکی ئاسان و سوککراوەی ئۆپێرایە. بەگشتی لە دیوانی شاعیردا (٩)شیعری شانۆییمان هەن، ئەوانیش: (گوڵی خوێناوی، ئاهەنگێک لەناوڕان، ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاک، ماستاو، جوقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق، شۆڕشگێڕ)

---

[167] ـ عەبدوڵڵا رەحمان عەوڵا، شیعری شانۆیی، ل١١٨.

[168] ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

[169]ـ غەمگین فەرەج، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، ل١٢٥

[170]ـ عەبدوڵڵا رەحمان عەوڵا، شیعری شانۆیی، ل١١٥.

[171] ـ محمد غنیمی هلال، ادبیات تطبیقی، ترجمە، سیدمرتضی ایت الله زادە شیرازی، تهران، چاپ اول(1373)، ص ٢١١.

[172] ـ عەبدوڵڵا رەحمان، شیعری شانۆیی ل ١٤٤_١٤٦ لە زۆر لە بەرهەمدا جیاوازی نێوانیان لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام لەم سەرچاوەیەدا جیاکراونەتەوەو تێکستەکانی گۆرانیش وەک ئۆپەرێت نەک ئۆپێرا دانراون، چونکە گوایە شاعیر ئۆپێرای(ئەنجامی ئەژدەهاک)ی بەتەواونەکراوی بەجێهێشتووە، لەبەرئەوە توێژەر وەک ئوپەرێت دایناوە.ل ٣٩٩-٤٠١. ئێمە نەچووینەتە نێو وردەکارییەکانی ئەم بابەتەوە بەپێویستمان نەزانیوە، دەنا لەو باوەڕداین ئەگەر (ئەنجامی ئەژدەهاک)ناتەواوبێت ئەوا (ئەنجامی یاران) ئۆپێرایەکی تەواوکراوە، تێکستێکی کورتیش نییە. هەروەها شاعیر خۆشی ناوی ئۆپێرای لێ ناوە[بڕوانە دیوانی شاعیر پێشەکی شیعری: ئەنجامی ئەژدەهاک ل ٣٥٢]

بەڵام بەپێی دابەشکردنی کۆمەڵە شیعرییەکانی دیوانی شاعیر (٤) تێکستی‌تر لەبەشی ئۆپەرێتدا هەن: (دوشمنمان مێشووله، شیوەنی دارستان، وڵاتی ئاوا، خۆزگەی هەژار). بەڵام بۆچوونی جیاواز لەبارەیانەوە هەن، عەبدوڵڵا رەحمان پێی‌وایە، کە لەبەرئەوەی ئەمانە دیالۆگیان تێدانییە، دیالۆگیش تەکنیکی بنەڕەتی شانۆیە ئەوا شیعری شانۆیی نین، دەکرێت لەخانەی شانۆگەری تەنزئامێز یان شانۆگەری بۆ خوێندنەوە دابنرێن[173] هەرچەندە لەئاستی تێکستی شانۆی شیعرییدا چ بۆ خوێندنەوەو چ بۆ نمایش (١٣) تێکستمان هەن.

لەبەرئەوە شاعیر ئاگاداری نزیکی فۆرم و ژانرە جیاوازەکان لەیەکتر بووە [گۆران لەنووسینێکیدا شیعرێکی نالی بەشێوازی پەخشان دەنووسێتەوە، هەروەها لە دیوانەکەیدا کۆمەڵەی حەوتەم، بەناوی"پیەس لە یەک پەردەی کورتا"، لەبەرئەوە ئاشنای "پیەس" بووە][174] ئەمەش بواری بۆ رەخساندووە سوود لە تێهەڵکێشی ژانرو فۆرمە جیاوازەکان وەربگرێت. بۆ نموونە دیمەن‌و کۆرس لە خاسیەتە دیارەکانی ئۆپێران، کە شاعیر لە بەشێکیاندا ڕەچاوی کردوون. هەروەها لە هەندێ ئۆپەرێتیدا کەسێتیی بێگانەو کورد پێکەوە هەن، یاخود هێمای بۆ کەسێتییەکان داناوە.

شایەنی باسە لە زۆرینەی ئەم بەرهەمانەدا ڕەگەزی دیالۆگو زمانێکی سادە هەن، هاوکات ئایرۆنییەتیش زۆر بە چڕی تەنانەت لە ناونیشانی تێکستەکانیشدا هەن: (ماستاو، جوقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق..هتد) لەبەرئەوە بەشێکی زۆری ئەم دەقانەی بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتە جیاوازەکان تەرخان‌کردوون. بۆ نموونە دیمەنێک لە ئۆپەرێتی "ماستاو" دەهێنینەوە، کە لەنێوان لە (ئا، ب)دایەو وەک کورتکراوەی ئاغاو کاربەدەستی باڵوێزخانە، بە زمانێکی گاڵتەجاڕی پیلانی میللەتفرۆشی ئاغا بۆ بێگانە دەردەخات، کە ئاغا لێرەدا لەپێناو پارەو دراو، گیرفان پڕی، خۆی‌و نەتەوەکەشی بە بێگانە دەفرۆشێ:

ئـا:

هەلاو.. هەلاو.. ڕووناکی چاو!

لەگەڵ خۆت زۆر بێنە دراو،

بە مانگانە پیاو ڕائەگرم،

ورتەیان کرد سەریان ئەبڕم!

---

173 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧

174 ـ گۆران، نووسین و پەخشان‌و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا کۆی کردووەتەوەو ڕێکیخستووەو پێشەکی بۆ نووسیوە. دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٢. ل ١٥٤.

دوایی: نەیەی، ئەودیو سنوور

لێمان ئەکرێ بە ئاگری سوور!

هەلاو .. هەلاو..

خاوەن دراو! (دیوانی گۆران، ل ٣٦٦)

لەبەرئەوە شاعیر بەشێوەیەکی هونەری توانیویەتی لەم بەرهەمانەدا بەرگی کەسێتی بە بەر شتەکاندا(چەوەندەر، جق،نق..)دا بکات، ئەمەش دەرفەتی بە شاعیرداوە بە ئازادی تانەو ڕەخنە لە دەسەڵاتە جیاوازەکان بگرێت.

**٣ـ سروود:** ئەم جۆرە شێوازێکی بەرزی هەیە، لەگەڵ ئەوەی زمانەکەی ئاسانە، بەڵام قووڵو پڕ مانایە. هەروەها بونیادی مانا و مۆسیقای ئەم جۆرە شیعرە تێهەڵکێشەو سۆزی گشتی دەجوڵێنێت، واتە ماناکەی گشتییەو ئاوازەکەشی بەجۆرێکە، کە[زۆرکات] کۆرس تێیدا بەشدار دەبێت. لەبەرئەوە هەندێ جار سروود وەک هاوواتای گۆرانی دادەنرێت.[175] بەڵام شیعری لیریکی گۆرانی لە سروود جیاوازە، چونکە گۆرانی زۆرکات تاکەکەسییەو سروود گشتییە، لەڕووی بەهاو چێژی ئیستاتیکی و زۆر لایەنی ترەوە گۆرانی لە سروود جیاوازە.

هەروەها سروود جگەلەوەی هاندانی تێدایە، هاوکات هەڵگری پەیامێکی گشتییەو زۆرتر بابەتەکەی نیشتمانپەروەرییە، بۆیە بۆنەو ڕەگەزە نیشتمانییەکان لەم جۆرە شیعرەدا بە فراوانی هەستیان پێ دەکرێت. ئەگەر (من)یش لەم شیعرانەدا هەبێ، ئەوا زیاتر (من)ێکی گشتییە. بۆ نموونە گۆران لە شیعری (نەورۆز ئەکەم)دا، دەڵێ:

بۆ ناتەوێ: گیانی چڵکن!

جەژنی پاکی نەورۆزی من؟.. (دیوانی گۆران، ل ٤٠٧)

لێرەدا ئەمە (من)ی گشتییەو مەبەست هەموو منێکی کوردە. هەروەها بەشێوەیەکی ئیستاتیکی پشت بە وێنەی گشتیو دووبارەکردنەوە دەبەستێت.

ئۆگەر پیتەر لەبارەی سروودەوە دەڵێ: "بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە شوناس و بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵ لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە: سروودی نەتەوایەتی ولفرێد ئۆون بە ناوی(سروود بۆ گەنجە فەوتاوەکان) کە شاعیر لێرەدا بەشێوەی ئایرۆنی وشەی سروودی بەکارهێناوە"[176]. شیعری

175 ـ پیتەر هاڵبێرگ، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی.. ل ٦٤.

176 - Auger, Peter. *The Anthem Dictionary of Literary Terms and Theory*. P.19.

سروود تەنیا لایەنی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو بەهاو بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵە، چونکە شوناسی ئەو نەتەوەیە لەو شیعرەدا دەردەکەوێت، ئەمەش وا دەکات هەڵبژاردنی سروودێک وەک سروودی نیشتمانی، یان بۆنەیەکی نەتەوەیی هەڵگری بڕیاری گشتیو پێوەری جیاواز بێت.

لە شیعرەکانی گۆراندا کۆمەڵەی نۆیەمی دیوانەکەی ناونیشانی (سروود)ی هەیە. ئەم کۆمەڵەیە وەک دیارە بە ڕوونی ئەو ناونیشانەی هەڵگرتووەو ١١ شیعری لە خۆگرتووە. بەڵام جگە لەمانە چەند شیعرێکی دیکەمان هەن، کە دەکرێت بە سروودیان دابنێین. [لەبەرئەوەی لە واقیعدا کراونەتە سروود]. ئێمە لێرەدا (٣)شیعری تر دیاریدەکەین، کە ئەوانیش(کوردستان ل:١٨٩، جەژنی نەورۆز ل: ١٩٣، نەورۆز ل:٣٠٩). واتە بە گشتی (١٤) شیعری سروودمان هەن، کە تەنیا (٢)یان بە کێشی تێکەڵن[عەرووزو بڕگەیین] ئەوانیش(دەمی ڕاپەڕین ل:٤٠٣، یادی لەنین ل:٤١٧)، (١٢) شیعرەکەی تریان بە کێشی بڕگەیینو زۆریان مەسنەوینو شێوازی ستانزایان هەیە.

ئەوەی گرنگە لەبارەی سروودەکانەوە بیڵێین ئەوەیە، کە بەشێک لە سروودەکان بەهۆی ناوەرۆکو تێماوە تەمەن کورتن، چونکە گوزارشت لە ڕووداوێکی مێژوویی دەکەنو ئەو بەها جەوهەرییە گرنگەیان نییە، کە بۆ هەموو سەردەمەکان بگونجێن. بۆ نموونە سروودی(چواردەی تەمووز، ل٤١٤). یاخود سروودی(یادی لەنین). پێمان وایە لەم کۆمەڵەیەدا چەند شیعرێک، کە بە سروود دانراون، ئاسان نییە بە سروودیان بژمێرین! بۆ نموونە شیعری (یادی لەنین) ڕاستەوخۆ بۆ کەسێتییەکەو ئایدۆلۆژیایی شاعیر ڕۆڵی گێڕاوە، بۆیە دانانی لە کۆمەڵەی سروودا پرسیارهەڵگرە:

بەسەرکردەییی بەرزی هاوڕێ لەنین ..

کشا شۆڕشی سووری چین ..

...

بژی یادی پیرۆزو بەرزی لەنین!.

بژی داس و چەککوش!. بژی حیزبی چین!. (دیوانی گۆران، ل٤١٧)

ئەمە جگەلەوەی بۆ کەسێتییەکە، هاوکات زیاتر وەک یادکردنەوەش دەردەکەوێت، هەرچەند شاعیر لە زۆر شوێندا گشتگیری کردووەو بە حیزبی چینەوە پەیوەستی کردووە.

یاخود سروودی(جەژنی ئایار) کە ئەمیش بۆ کرێکارانەو تایبەتە بە چینێکی تایبەت. لەبەرئەوە بەپێی بنەمای سروود هەندێک لەم سروودانە جێگەی پرسیارو هەڵوەستە لەسەر کردنن، چونکە بنەمای شیعرەکان ئایدۆلۆژیایی شاعیر بوونە، نەک بەهای گشتی کۆمەڵ. بەڵام لە سرووده نیشتمانییەکانیدا خوێنەر هەست بەو ڕۆحی نەتەوەییە دەکات، کە شاعیر سرووشتی کوردستانی تێهەڵکێشی بیری

نەتەوەیی و ئاشتی و ئازادی کردووە، بۆ نموونە ئەمە بەشێکە لە سروودی"کوردستان" کە لە ناونیشانەکەیەوە خوێنەر هەست بە بەهای گشتی نەتەوەیی دەکات:

کوردستان.. کوردستان !

نیشتمانی جوان!

هەر بژی بە شادی ..

سەربەستیو ئازادی..

هەر بژی! هەر بژی! هەربژی!

لوتکەی بەرزی گەردنکەشت ..

نزاری سپی، بەرخۆری ڕەشت..

دۆڵی کپ و چەمی خوڕت ..

دارستانی زەبەند و چڕت..

بەهەشتی سەرزەمینن،

هێلانەی خۆشی ژینن، (دیوانی گۆران، ل ٤٠١)

لەم سروودەدا جگە لەو زمانو بونیادە هونەرییەی هەیەتی، بیرێکی بەرزی نیشتمانپەروەری تێدایە، کە سرووشتی کوردستانی بەرجەستەی بە وێنەیەکی نابەرجەستەی وەک بەهەشت داناوە.

٤. **چوارین**: سەبارەت بە چوارین لە شیعرەکانی شاعیردا (١٣)شیعرمان هەن، کە (١١)یان بەکێشی عەرووزن، (٢)یان بە کێشی بڕگەیین، کە ئەوانیش(ناڵەی بێکار، بەستەی نەبەز)ن. هەروەها لە شیعرە چوارینە عەرووزییەکانیدا، تەواو ڕەچاوی شێوازی کۆنی[لە ئاستی قاڵبی سەروادا] نەکردووە، بەڵکو قاڵبی جیاوازی سەروای بەکارهێناوە. سەبارەت بە چوارین د.مارف خەزنەدار بەم جۆرە باسی دەکات: "چووارین بریتی‌یە لە شیعرێک لە دوو دێڕە شیعری عەرووزی پێکهاتووە، واتە چووار نیوە دێڕە شیعر. نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم لەسەر یەک قافیە دەبن، بەڵام نیوە دێڕی سێیەم دەگۆڕێ(اابا)، ئەمە چوارینی بێ گون(گونک)ی پێ‌دەڵێن. خۆ ئەگەر هەر چووار نیوە دێڕەکە لەسەر یەک قافیە بن ئەمەیان چووارینی تەواویان پێ‌دەووترێ"[177]. لەبەرئەوە چەندین چوارینی جیاوازمان هەن، کە بەپێی سەرواکانیان دەگۆڕێن. هەروەها عەزیز گەردی لە بارەی چوارینەوە دەڵێ: "چوارین پارچەیەکی

---

[177] ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم- ل ١٦١.

چوار لەتییە کێش‌و سەروای تایبەتی خۆی هەیە...زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش‌بووە"[178].

لە شیعرەکانی گۆراندا چەندین چوارین هەن، کە دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بدەین: چوارینی تەواو(جوانی لەلادێ، ل ٣٢) سەرواکەی بەم‌جۆرەیە (AAAA). یاخود چوارین لە شێوەی دوو بەیت(AABB) لە شیعری(گوڵی خوێناوی، ل ١٦). هەروەها لە شیعری (کەنیشکە جوانەکە، ل ٧٠) قاڵبی سەرواکەی لەسەر شێوازی (ABBA)ە. هەروەها گۆران چوارینی شەکسپیریشی هەیە کە لەشێوەی(ABAB)دایە، بۆ نموونە لە شیعری (ژن، ل ٧٤) کە لەم شیعرەدا بەشێکی زۆری سیستێمە جیاوازەکانی سەروای چوارینی بەکارهێناوە.

هەروەها چوارینی پیترارکی، عەزیز گەردی لەبارەیەوە دەڵێ: "پترارک لە سۆنێتەکانیدا دوو چوارینەی پێشەوەی بەم قاڵبە داڕشتووە، بۆیە زۆرجار هەر بەناوی ئەوەوە ناودەبرێ... لەم چوارینەیەدا سەروای یەکەم‌و چوارەم یەک بێ‌و سەروای دوو لەتەکەی ناوڕاست(٢،٣) وەک مەسنەوی یەک شت بێ"[179]. ئەم قاڵبە بەم جۆرەیە(ABBA)، کە گۆران لە زۆر شیعریدا بە کاریهێناوە.[180] بۆ نموونە، لە شیعری (گوڵی کەم‌خایەن)دا:

لە بەربەیانی شەباب و جوانی‌یا ئەی گوڵ،

گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار!

لە خەندەتا ئەگەڕا جیلوەیی طولووعی بەهار،

لە نەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش‌و کوڵ! (دیوانی شاعیر- ل ٩٥)

شاعیر بەشێوەی جیاواز چوارینی بەکارهێناوە، ڕەچاوی یەک قاڵب لە سەروای نەکردووە. هاوکات چوارین لەبنەڕەتدا بەشێکە لە ستانزاو، لە خوارەوە لەبارەی ئەم ژانرە لە شیعرەکانی شاعیردا زیاتر هەڵوەستە دەکەین.

---

178 ـ عەزیز گەردی، سەروا، دەزگای ئاراس-هەولێر، ١٩٩٩. چاپی یەکەم، ل ٢٠٤.

179 ـ سەرچاوەی پێشوو: ل ٢١٢.

180 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، مەڵبەندی کوردۆلۆجی_سلێمانی،٢٠٠٩. ل١١١.

* بەگشتی سوودمان لە هەردوو وشەی(ستانزا، کۆپلە) وەرگرتووە، هەرچەندە کۆپلە لە کۆپلێتەوە هاتووەو بە واتای (جووت دێڕ) دێ، بەڵام لای ئێمە لەبری (سترۆف، مقطع) بەکاردەهێنرێ.

**٥ـ کۆپلە[ستانزا]و جۆرەکانی**: شاعیر بۆ نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، سوودی لەچەند تەکنیک و هونەرێکی نوێ بینیوە، یەکێک لەوانە داڕشتنی شیعرە بەشێوەی بەندو پارچەو کۆپلێت، کە بە زمانی ئەورووپی "ستانزا"ی پێ دەوترێت. زۆرێک لە نووسەرانی کورد بە گۆرانی شاعیر خۆشییەوە (پارچە، بەند، کۆپلە..)*ی پێ دەڵێن. گۆران لە وتاری (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا) دەنووسێت: "قاڵبی هەڵبەستی تازە ئەگەر لیریک(غنائی) بێ پارچەیەکی کورت یان درێژ ئەبێ، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەک بەندی دوو دێڕی یان ٣،٤، ٥، ٦...تاد، کە قافیەی ئەم بەندانەش بە مەرجێک لە دوو دێڕ کەمتر نەبێ، بەڵێ بە جۆری جیاواز پێکەوە ئەبەسترێن..."[181]. لەبەرئەوە شیعری نوێ زیاتر بەم فۆرم و قاڵبە داڕێژراوەو شیعرەکانی گۆرانیش زۆرینەیان تازەن بەشێوەیەکی بەربڵاو لەشیعرەکانیدا ئەم فۆرمە هەیە. فەرهاد پیرباڵ لەبارەی بەکارهێنانی ستانزاوە لای گۆران، دەنووسێ: "بەپێی ئەو سیستێمەی هەیەتی-ئازادییەکی زیاترو ئاسۆیەکی فراوانتری بەخشییە هێزی دەربڕینی شاعیر."[182] لێرەدا بەهۆی بڵاوی‌و بەهاو بایەخی ئەم فۆرمەوە پێمان باشە بۆچوونی هەندێک ئەدەبناسی ئەورووپی لەبارەی ستانزاوە بخەینەڕوو:

چریس باڵدیک لە فەرهەنگە ئەدەبییەکەیدا چەمکی ستانزا بەمجۆرە ڕووندەکاتەوە: "بریتییە لە گرووپێک دێڕ کە بەشێک لە شیعرێک پێکدەهێنێت‌و هەمان خاسیەت و بونیادی هەموو بەشەکان یان هەندێک لە بەشەکانی تری شیعرەکە- لەڕووی درێژیی دێڕەکان‌و کێش‌و سەرواوەی- تێدایە...ستانزاکان لەناو شیعری نووسراودا بەهۆی سپەیس[بۆشایی]ەوە لەیەکدی جیادەکرێنەوە"[183]. لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە لەم شێوە داڕشتنەی شیعردا، شیعر بۆ چەند گرووپێک دابەش‌دەبێت‌و هەر گرووپێک لەچەند دێڕێک پێکدێت، دەکرێت ئەم گرووپانە(ستانزانە)ش لەڕووی بونیادو خاسیەتەوە هاوشێوەبن یان هەندێکیان جیاوازبن. هەروەها نووسەر پێیوایە کە تێکەڵییەک لەنێوان چەمکەکانی دێڕەشیعر و کۆپلێت[دوو دێڕ]و سێ دێڕو ستانزادا هەیە. لەم بارەیەوە دەڵێ: "بەشێوەیەکی گشتی دێڕە شیعر(verse) بریتییە لە یەک دێڕ، هەرچەندە هەندێک نووسەر کۆپلێت(couplet) و سێ دێڕە شیعر(tercet)یش وەک جۆرەکانی ستانزا دەبینن. بەڵام بەگشتی ستانزا برتییە لە گرووپێکی چوار دێڕی یان زیاتر کە چوارینە(quatrain) باوترین جۆرییەتی...لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جۆری ستانزا هەن کە تا ئێستا ناویان لێ نەنراوە"[184] وەک لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت، کە جۆرەکانی ستانزا زۆرن و ناکرێت بەشێوەیەکی کۆتاییهاتوو مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، چونکە تا ئێستا چەندین جۆری هەیە، کە ناویان بۆ دانەنراوە. بێگومان لە شیعرەکانی گۆرانیشدا چەندین فۆرمی جیاوازی ستانزامان هەن.

---

181 ـ گۆران، نووسین و پەخشان‌و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا کۆی کردووەتەوە.. ل ٢٨.

182 ـ فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، لە بڵاوکراوەکانی گرووپی هانەی ئیعلامی-٢٠٠٥. ل٨٥.

183_ Chris Baldick. *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms*. Second Edition. Oxford University Press, New York, 2001. PP. 242.

184 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٤٢.

لەلایەکی ترەوە لە "فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی"[بە زمانی ڕووسی]دا ئەوە باسدەکات، کە: "لە ستڕۆف(Strophe)ی یۆنانییەوە هاتووەو واتای وەرچەرخان دەگەیەنێ. بەشێکی شیعرە: ماریفەتێکە دەربارەی پێکهاتەی شیعر. بەشێوەیەکی ئاسایی لە شیعرێکی چەند مەقتەعی(ستڕۆف) پێکدێ، هەندێ نەریت لە کاتی ئەم جۆرە شیعرەدا ڕەچاودەکرێ(قەبارەی، لقەکانی، لایەنی سینتاکسی، کۆتاییەکەی، کێش، بونیادی"[185]. لەبەرئەوە شێوازی ستانزا بونیادو بنەمای هونەری خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو بنەماو بونیادانە تەواو جێگیربن، بەڵکو دەکرێت لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر، یاخود لە هەمان شیعردا لە ستانزایەکەوە بۆ ستانزایەکی تر بونیادی هونەری و قەبارەی بگۆڕێت. ج. ئا. کودۆن لە "فەرهەنگی چەمک و تیۆرە ئەدەبییەکان"ی‌دا دەنووسێ: "جۆرەکانی ستانزا زۆرن و دەکرێت لە یەک دێڕ بەرەو سەرەوە [بەمەرجێک بونیادی ستانزایی لەبەرچاو گیرابێ]تاوەکو دوانزە دێڕ بە جۆری ستانزای ناوببەین، بەڵام چوارینە بەربڵاوترینیانە"[186]. لەم بۆچوونەشەوە دەردەکەوێت ئەم قاڵبە بەهۆی فرە جۆرییەوە دەستنیشانکردنی دێڕەکانی ئەستەمە. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدەدەین خەسڵەتە جیاوازەکانی شیعری ستانزایی لە شیعرەکانی گۆراندا دەستنیشان بکەین.

لەشیعرەکانی گۆراندا ئەم ژانرە بەپێی بونیادی هونەری و ناوەرۆکی تێکستەکان، ستانزاکان دابەش‌دەبن. هاوکات لەنێو ستانزاکاندا سنوورێکی دیاریکراو بۆ دێڕە شیعرەکان نییە، دەکرێت ستانزایەک ٣دێڕ و ستانزایەکی‌تر ١٠ دێڕ بێت. هەروەها ئەم تەکنیکە لەگەڵ چەندین هونەری‌تردایە:

بۆ نموونە هونەری دووبارەکردنەوە، تەکنیکی تۆپۆگرافی[چوارچێوەوقەبارەی] شیعرو خاڵبەندی و چەندین هونەرو ژانری تر، کە شاعیر سوودی لێ وەرگرتوون. بەپێی سەرنجدانمان لەم ژانرە لەشیعری شاعیردا جگەلەوەی وەک هونەرێکی نوێ بەکاریهێناوە، هاوکات بۆ چەند مەبەستی جیاواز سوودی لێ وەرگرتووە، بۆ نموونە وەک گواستنەوە: لەشیعری (ئاواتی دووری)دا، شاعیر لەگەڵ هەر ستانزایەک گواستنەوەو هەنگاو هەڵگرتن لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی‌تر ئەنجام دەدات. (ئەی چاو، ئەی گوێ، ئەی حیسی شاممە، ئەی لامیسە، ئەی خاتیراتی عومری گوزەشتەم). لەم پێنج بونیادەوە پێنج ستانزامان هەن، کە جگە لە جیاوازیی ناوەرۆکیان، هاوکات لە ئاستی بونیادی کێش‌و سەرواشدا هاوبەش و جیاوازن، بۆ نموونە هەر پێنجیان بە (ئەی) دەست‌پێدەکەن، هەموویان یەک کێشی تێکەڵیان هەیە، بەڵام سەروای هەر ستانزایێک جیاوازە لەوەی پاش خۆی، کە لە گشتیاندا مەسنەوین‌و هەر دوو نیوە دێڕێک یەک سەروایان هەن.

هەروەها لەشیعری (بۆ بلبل)دا بەهۆی ستانزاوە باسەکان دابەش‌دەکات و پەیوەندیی باسەکان بەیەکەوە گرێ دەدات. بۆ نموونە ستانزایی یەکەم بۆ سەرسامبوون و باسی بلبل تەرخان‌دەکات، دووەم بە(منیش)

185 ـ ڤ.م. کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی(بە زمانی ڕووسی) ل ٤٢٥.

186- J. A. Cuddon. *A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory*. P. 680.

دەستپێدەکات، واتە هێنانە ناوەوەی پاڵەوانی لیریکی نوێ و باسی نوێ، کە لەمەدا ستانزا دەرفەتی ڕەخساندووە.

یاخود شاعیر سوود لە ستانزا بۆ پشوودان بە خوێنەر وەردەگرێت؛ بەواتایەکی‌تر هەندێک شیعر گەلێک درێژە، شاعیر بەهۆی ئەم هونەرەوە شیعرەکە دابەشدەکات، تاوەکو خوێنەر تەرکیزی نەپچڕێ‌و هەست بە ماندوبوون نەکات. بۆ نموونە شیعری (بەڕێگادا.. بەرەو کۆنفرانس) کە شیعرێکە بەشێوەی ستوونی دێتە خوارەوە، شاعیر پاش چەندین دێڕ کۆتاییەکی کراوە بە ستانزای یەکەم دەهێنێ و دەستدەکات بە ستانزای دووەم:

شۆخی سەرزمانی حەیران،

خانزادی جوان..

بە هەنگاوی گورجو درێژ،

ئەبڕین ڕێگای هەورازو لێژ، (دیوانی گۆران، ل٣١٤)

شاعیر کۆتاییەکی کراوە بۆ پێشبینی‌کردنی دەستپێکردنەوە بە ستانزای یەکەم دەدات، هاوکات بۆ ئەوەی خوێنەر پشوویەک بدا، دیسان دەستپێدەکاتەوە. لەلایەکی‌ترەوە شاعیر بەهۆی ستانزاوە دیمەنی جیاواز نیشاندەدات، بۆ نموونە لەشیعری (شیوەنی گوڵاڵە)دا، پاش باسکردن و تانەگرتن لەو بێدادییەی بۆتە هۆی مردنی کچەکەی، بۆ ستانزای دووەم دەگوازێتەوە:

کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی،           کە باوکت چەن بە ناسۆرە برینی!

(دیوانی گۆران، ل ٩٨)

لێرەدا دیمەن و ناوەرۆکەکە بۆ وتوێژکردن لەگەڵ مردوودا گواستراوەتەوە. نموونەیەکی ڕوونو زەقتر گەشتەکانی شاعیرن، کە شاعیر لەهەر ستانزایەکدا دیمەنێکی جیاواز نیشاندەدات. هەروەها شاعیر بەهۆی ستانزاوە بواری هەڵوێستوەرگرتن و بڕیاردان نیشاندەدات، لە شیعری(سەوزە گیای پایز)دا، لە ستانزای یەکەم باسی پەیوەندیی خۆی بەژیانو سرووشتەوە دەکات، کە چۆن لەڕابردوودا نەیتوانیوە وەک گەنج بژی و هەست بە ژیانو سرووشتو جوانییەکان بکات؛ لە ستانزای دووەمدا بڕیاردەدات بگۆڕێت:

منیش لەمەوپاش وایە بڕیارم           تیژگی خۆر بێ لام ناز خەندەی یارم؛

تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم،   ئیتر واز بێنم لە ئاشنایی خەم!... (دیوانی گۆران، ل ١٦٨)

شاعیر بە یەک جۆر ئەم ژانرەی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەمەچەشن و ڕەنگین، کە دەتوانین بەپێی هەر شیعرێک ئامانجی شاعیر دیاریبکەین، بۆ نموونە لەدابەشکردنی دێڕەکاندا، لە گۆڕانی کێش و

سەرەوای شیعرەکاندا، یاخود خاڵبەندیو وێنەی هونەریدا، کە بەشێوەیەکی داهێنەرانە ڕوانینی خوێنەر دەگۆڕێت، چونکە شاعیر ئەم ستانزایانە بەشێوەیەکی نوێ دابەشدەکات، کە چاوی خوێنەر لەسەر شیعرەکە تەنیا بەیەک شێوە نایەتە خوارەوە، تەنانەت بەشێوەی ئاسۆیی درێژ نابێتەوە، بەڵکو شێوازی ئۆتۆماتی بینینی خوێنەر دەگۆڕێت. بۆ نموونە با سەیری جیاوازیی ئەم دوو تێکستەی شاعیر بکەین:

کڵاولار، گورجی کەو ڕەفتار! نەظەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟

لەتیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟

بەدووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا،

تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟ (دیوانی گۆران، ل٦٣)

یان:

ئەی گەورە کچی(زەووس) !

خوشکە جوانەکەی(ڤینۆس) !

تۆ ئەپەرستم،

بۆیە وا مەستم!

بۆ ئایینم ئەگەڕێ

هەندێ کەس؛

با جاڕ بدرێ:

تۆیت وبەس (دیوانی گۆران،ل٣٠)

لەبەرئەوە ستانزا لەشیعری شاعیردا تەکنیکێکی گرنگ و دەوڵەمەندەو زۆر بەچڕی بەکاریهێناوە. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە شاعیر لەزۆر شیعردا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی هونەری خاڵبەندی و دانانی ئەم نیشانە(***)یەوە ستانزاکانی جیاکردۆتەوە، بەڵام لەهەندێک شیعریدا هیچ ئاماژەیەکی لەم جۆرەی تێدا نییە؛ بەڵکو بەپێی ناوەرۆک و هەندێک بونیادی هونەری وەک دووبارەکردنەوە یاخود هەبوونی بۆشایی جیاکراونەتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین شیعرە ستانزاییەکان بەهۆی ئاماژەی(***)و بۆشاییو چوارین و جۆرە جیاوازەکانەوە لەیەک جیا بکەینەوەو دەستنیشانیان بکەین:

ـ ژمارەی ئەو شیعرە ستانزایانەی بەهۆی ئاماژە(***)ەوە لە یەک جیاکراونەتەوە (٣٥) شیعرن.

ـ ئەو شیعرانەی ستانزایین‌و بەهۆی دابەشکردن‌و دووبارەکردنەوەو بۆشایی و چوارین..چەندین هونەری ترەوە پۆلێنمان کردوون، ژمارەیان (٣٢) شیعرن. لەبەرئەوە لە کۆی ١٣١ شیعر(٦٧)یان ستانزایین. لە خوارەوە هەوڵدەدەین هەندێک تێبینی سەبارەت بەم پۆلێن‌بەندییە بخەینەڕوو:

١ـ لەم پۆلێنبەندییەدا باڵادە شیعرییەکان دانەنراون، کە زۆریان باڵادی ستانزاین. بۆیە ئەگەر ئەوانیشی بخەینەسەر ئەوا ڕێژەکە زیاتر دەبێت.

٢ـ بەپێی ئەو بەدواداچوونەی بۆ فۆرمی ستانزامان کردووە، لە کۆی ئەو ٦٧ شیعرە، تەنیا ١٩ شیعریان بەکێشی عەرووزن و ئەوانی تر بە کێشی بڕگەیین. کەمترینیان [تەنیا ٦ یان]لە بەشی یەکەمدان کە بە(***) ئەستێرە جیاکراونەتەوە. بەشێکی زۆریان[١٣یان] دەکەونە ناو ئەو شیعرانەی شێوازی چوارخشتەکی‌و جۆرە جیاوازەکانیان هەن و فۆرمی باوی ستانزایین. ئەمەش دەرخەری ویستی شاعیرە بۆ نوێکاری لە شیعردا، کە تەنانەت ئەو شیعرانەشی بە کێشی عەرووز و کۆن نووسراون نوێکاری تێدا کردوون.

٣ـ سەبارەت بە چوارین و پێکهاتەکانی تێبینیمان کردووە، کە بەشێکی ئەم شیعرانە لە دێڕەکانیاندا جیاوازن. بۆ نموونە لەتەک چوارینەکاندا هاوکات دوانی‌و سیانی‌و شەشین. لە خوارەوە چەند نموونە لەشێوە جیاوازەکانی دەخەینەڕوو، سەرەتا لە شیعری (مەدەنیەت)دا کە بە چوارین و دوانی بونیاد نراوە:

مەدەنییەت: گوڵی بەهاری حەیات،

مەدەنییەت: هەوای نەشئو نوما،

مەدەنییەت: وەسیلەیی ئیحیا،

بۆ هەموو میللەت و عوموومی وڵات!

مەدەنییەت، ئەلکتریک، قەمەر

ئەی ضیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر!   (دیوانی گۆران، ل ٧١)

یاخود لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا پاش ٥ چوارین، دوو سیانی دێن[کە لەچاپی پێنجەمدا بە شێوەی شەشین هاتووە]:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە

میزاجی کوردەواریم تێکچوە، دەروێش عەبدوڵڵا،

دەخیلت بم دەسا بەو لاوکو ئای ئایو حەیرانە

شەپۆلی ذەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە!

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا

دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە!.. (دیوانی گۆران، ل ١٢٠)

٤ـ لەناو ئەم شیعرانەی کە بە ستانزا پۆلێنمانکردوون، چەندین شێوازی هونەریی تریان تێدایە، کە هەندێکیان شێوازی باونو هەندێکیان نوێن، بۆ نموونە لە چوارینەدا، چەندین جۆری جیاوازمان هەن[کە پێشتر لەبارەیانەوە دواین]. یاخود لە شیعری(چواردەی تەمووز)دا، کە تەرجیع بەندە و لە چوار گرووپو ستانزا پێکهاتووە.

## ـ بابەتەکانی لیریکی شاعیر:

لەم پارەدا دەمانەوێت پۆلێنی ئەو بابەتانە بکەین، کە شاعیر بایەخی پێ داون. پۆلێنکردنی بابەتی شیعری لیریکیش کارێکی ئاسان نییە. لێرەدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ستایگەردا یەکدەگرینەوە کە دەڵێ: "زۆر گرانە لە شیعری لیریکی بدوێیت و هەڵیسەنگێنی و لە جوغزێکی سنووردارا کە لەسەر بنەمای هۆو"پرسی مەنتیقی" بەرزبکرێتەوە، نیشانی بدەیتو بینرخێنی. ڕاستییەکەی زۆر ئاڵۆزە بە بەڵگەو سەلماندن لە بەرهەمی لیریکی بدوێی، چۆن مرۆڤ دەتوانێ زمانی ڕۆح شیبکاتەوە"[187]. بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوام هەوڵ بۆ تێگەیشتن و جیاکردنەوەو پۆلێنکردن دراوە، ئێمەش لێرەدا هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی پۆلێنی بابەتی شیعرەکانی گۆران بکەین. بۆ ئەم کارەش پەنامان بۆ دوو جۆر جیاکردنەوە[گشتیو تایبەتی] بردووە.

لە جیاکردنەوەی گشتیدا، بەشێوەیەکی پوخت و کۆکراوە، ناوەرۆکی گشتی بابەتەکانی لیریکی شاعیرمان دیاریکردووە. لە تایبەتیشدا هەوڵمانداوە وردتر[کەمتر خۆبواردن] ناوەرۆک و تێمای شیعرەکانی شاعیر دەربخەین. بەلام لە هەردووکیاندا ڕەچاوی هەمان ئەو ئایدیایەمان کردووە، کە فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگڵ دەربارەی لیریک دەڵێ: "ئەو (واتە: شاعیری لیریکی) دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێ و بەدوای ڕاچەنین و بەرهەمهێنانی ناوەرۆکدا بگەڕێ، چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشەو دڵو گیانی ببەستێ. لێرەدا مرۆڤ[شاعیر] لەژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە، لەکاتێکدا شاعیری ئێپیک

[187] ـ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانیتر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی ل ٤٤.

خزمەتی ناوەرۆکێک دەکات کە پەیوەندی بەخۆیەوە نییە، بەڵکو بە پاڵەوانەکەیەوەیەتی بە سەرکەوتنیو ئەو کارەساتانەی (لەپاڵەوانەکەی) ڕوودەدەن"[188].

ئەم جیهانبینییە بۆ لیریک گەلێک گرنگ و بنچینەییە، کە شاعیری لیریک ناوەرۆکی بەرهەمەکەی دەکات بە بەشێک لە خۆی، یاخود بەشێکە لە خۆی، لە هەردوو حاڵەتەکەدا بۆخۆی دەگەڕێتەوە، کە پێمان وایە بابەتی شیعری گۆران تەنانەت لەو شیعرانەش کە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە، لە خۆی دابڕاو نین، بەڵکو لە ئاستی هونەرو بابەتیشدا بەشێکن لە بوون و بڕوای خۆی. شاعیر ئاوێتەی پاڵەوان و ڕووداوەکە بووە[واتە کردوویەتی بە هی خۆی_بۆ نموونە چەپبوونی شاعیر بەڵگەیە]. لەبەرئەوە لە خوارەوە پۆلێنی تێمای لیریکی گۆران لەسەر ئەم دوو بنەمایە دەکەین.

**یەکەم/ جیاکردنەوەی گشتی:** شیعرە لیریکییەکانی شاعیر لەسەر سێ ئاستی بابەتی پۆلێندەکەین، کە زۆرکات لەڕووی ناوەرۆک و بابەتەوە لیریک دابەشدەبێت بەسەر:

**١. لیریکی هەست و نەست:** هەست و نەست دوو چەمکی گەلێک فراوانن و دەکرێت زۆرینەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان تێدا کۆببێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک ورد دەبینەوە، دەتوانین جیاوازی لەنێوان ئەو تێکستانەی زیاتر بابەتی بنەڕەتیان هەست و نەستی مرۆییە بکەین. ئەم جۆرەی شیعری لیریک لە ئاستی هزریدا بە شیعری لە دەروونەوە ناودەبرێت، لەبەرئەوەی بابەتە دەروونییەکان بنەماین. هەندێک بۆچوون لیریک بە شیعری دەربڕی خەم و پەژارە دەزانێت، چونکە بایەخ بە دنیای ڕۆحی نەک ماددی دەداتو لە بەرژەوەندی دنیایی دووردەکەوێتەوەو لە دنیایی دەروونی و ڕۆحی خۆی نزیک دەبێتەوە.[189] لەبەرئەوە زۆرێک لە توێژەران شیعری لیریک، لە دوو لایەندا کۆدەکەنەوە:

١. شیعری عاشقانە یان خۆشەویستی. ٢. شیعری هەستو سۆز[190] لە لیریکی خۆشەویستیشدا، ئەدەبناسی ئێرانی سیروس شمیسا سێ جۆر خۆشەویستی جیادەکاتەوە: خۆشەویستی ئاسمانی، زەمینیو سیمبۆلی. بەواتا خۆشەویستییەکی نابەرجەستە، زەمینیش بەرجەستە. سیمبۆلیش دەکرێت هەردووکیان یان چەندین شتی تر بگرێتەوە، کە زیاتر لە ئەدەبی لیریکی نوێدا دەبینرێت.[191] لیریک وەک شیعری عاشقانە، عەشقیش زیاتر لە ڕێگەی هەست و سۆزەوەیە. بۆیە پانتایی شیعری لیریک لەلایەنی هەست و نەستەوە یەکێکە لە پانتاییە فراوانەکان. چونکە عەشق جگە لە شیعر لە ڕۆحی ئەدەبدا

---

188 ـ پیتەر هاڵبێرگ.. سەرچاوەی پێشوو: ل٤٤.

189 ـ احمد ولی زاده، تحلیل و بررسی اشعار غنایی مهدی حمید شیرازی با تکیه بر اشک و معشوق و سال‌های سیاه، [پایان نامه] کارشناسی ارشد در رشته زبان و ادبیات فارسی، ١٣٩٠ ص ٥.

190 ـ د.سید احمد حسینی کازرونی، سخن پیرامون ادبیات تعلیمیو غنایی، ص: ١٥.

191 ـ سیروس شمیسا، نقد ادبی، ص 135.

ڕەنگیداوەتەوە. ئەمەش بووەتە دەروازەی زۆر بابەتی توێژینەوە بۆ لێکۆڵەرانی ئەدەب لە ژانرە جیاوازەکانی وەک دراما و داستان و چیرۆک و ڕۆمان...هتد.

بێهۆ نییە، کە لە ئەدەبی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا لیریکی عاشقانە ڕۆحی لیریکی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە. بەجۆرێک ئەدەبی عیرفانی وەک بەشێکی بنچینەیی لە ئەدەبی لیریک دانراوە. بۆ نموونە بۆچوونێک پێیوایە، یەکێک لەهۆکارەکانی فراوانبوونی لیریک لە ئەدەبی ئینگلیزیی کۆندا، بۆ ستایشی حەزرەتی مریەم دەگەڕێتەوە. چونکە دەرکەوتنی وەک خواوەند و مەعشوقێکی زەمینی بووە، ئەمەش کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەواجی ئەو ناوەرۆکە لیریکییە داناوە.[192] لەبەرئەوەی لیریک وەک هاوڕێی ڕۆح زانراوە، گونجاوترین فۆرم بووە، کە توانای دەربڕینی ناوەوەی ڕۆحی هەبێت.[193] بۆیە دەکرێ (لیریکی دنیاییو لیریکی ئایینی) لێک جیابکەینەوە. مەبەست لەم جیاکارییەش، ئاشکراکردنی جیهانبینی شاعیرانە، کە دەکرێ لیریکی گۆران بە لیریکی دنیایی ئەژمار بکەین، لەبەرئەوەی ڕەگەزی زمانی و تێمای شیعرەکانی زۆرتر دنیایین.

سەبارەت بە بابەتی شیعری لە دیوانی شاعیردا نۆ کۆمەڵەی شیعریمان پۆلێنکردووەو لە کۆی ئەو نۆ کۆمەڵەیەدا (١٣١) شیعری لە خۆگرتووە. (٤٠) شیعریان بابەتی هەست و سۆزە. بەڵام ناکرێت وەک سنوورێکی ئاسنین لە دەقە شیعرییەکان بڕوانین، چونکە دەقی شیعری لە سیستێمی سیمانتیکی جیاواز سازبووە. توێژەر بە نیگەرانییەوە جیایکردوونەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕوانینە جیاوازانەوەیە کە لەم بارەیەوە هەن. هەروەک ئێمە ناچاربووین دوو ئاستی بابەتی لیریکی شاعیر جیابکەینەوە، پرسیاری ئەوەش چ بنەمایەک شیعرێک دەکاتە هزریو چی هەستو سۆز، یان وەسفی؟ پرسیارێکی زانستییە، بەڵام وەڵامدانەوەی ئاسان نییە. بۆیە هەوڵمانداوە چەند پێوەرێک بۆ ئەم جیاکردنەوەیە لەبەرچاوبگرین، ئەویش لایەنی سیمانتیکی و مانایی تێکستەکەیە چ لەئاستی ڕواڵەت و چ لە ئاستی ناوەوەیدا. هاوکات لە ئاستی پۆلێنی ئەم سێ بابەتە بنچینەییەدا تێهەڵکێشی بابەتی لە شیعرەکاندا هەیە، کە لەم (٤٠) شیعرەدا زیاتر لە(١٨) شیعریان تێهەڵکێشن، واتە لەنێوان هەستو سۆز و وەسف، یان لەنێوان سۆزو هزردان.

**٢. لیریکی هزری:** بەرهەمی لیریک بەوە جیادەکرێتەوە، کە بایەخی زۆر بە هەڵبژاردنی وشە دەدات. بەجۆرێک ئەو وشانەی هەڵدەبژێرێ، دەبێت لەئاستی ئاوازەو ڕیتم و کێش و سەرواڕدا ئاوازێکی تایبەت پێکبهێنێت. ئاوازەی لیریک نەک تەنیا لە هەڵبژاردنی وشەدا، بەڵکو سەنگی لە ئاستی سیمانتیکشدا هەیە.[194] ئەم نیگەرانی و دودڵییە بۆ هەڵبژاردنی وشەکان لە لیریکدا وایکردووە، لیریک زیاتر بچێتە نێو

192 ـ سیروس شمیسا، سیر غزل در شعر فارسی، تهران، فروردین، ١٣٦١ص ١٣١.

193 ـ د.کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا،چاپی دووەم، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانع_سلێمانی٢٠٠٥.ل.٨٤.

194 ـ ڤ.م. کۆژیڤنیکۆڤ و پ.ئا. نیکۆلاییڤ، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی، ل١٨٤.

ژیانی مرۆڤ و هزری مرۆڤ داگیربکات. بەجۆرێک زۆر بەرهەمی لیریک دەبنە باوو، بەسەر زاری خەڵکەوە وەک پەند دەوترێنەوە[195].

لێرەدا دەتوانین سوود لەو بۆچوونەی ئەدۆرنۆ وەربگرینەوە، کە پێی وابوو دەنگی شاعیر لە گۆشەگیری و تەنیاییدا [مەودایەکی] گشتی وەردەگرێت. لیریک زیاتر وەک شیعری زەینی و تاکەکەسی دادەنرێت، ئەمەش بواردەکاتەوە بۆ شاعیر زیاتر ڕۆبچێتە نێو دنیای خۆیەوەو بهزرێت و ڕابمێنێ. بەڵام هەر شیعرێکی لیریکی، کە لەنێو هزری تاکی شاعیرەوە دێتە دەرەوە بواری گەردوونییەتی زیاترە، لەو شیعرانەی لەنێو بۆنەو جەنجاڵییەوە لەدایکدەبن. لەبەرئەوەی فراوانیی ناوەرۆکی لیریک، لە دوو لایەنەوە سوودمەندە: لەلایەنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زمانەوە، کە لە لیریکدا زۆر چڕە و پەیوەندیی بە ناوەرۆکی لیریکەوە دەبێت و فراوانی دەکات. هەروەها لایەنی ڕامان و تەنیایی شاعیر، کە بەگوێرەی بۆچوونێک ئەو هونەرو زمانە دەوڵەمەندە بوار بۆ توێژەرو خوێنەر دەڕەخسێنێ، کە ئەو داخراویەی ناوەوە هەڵتەکێنێ.[196] ئەم ڕۆچوونەی شاعیر بەناخی خۆیدا دەرفەتی خۆناسی زیاتر دەکات. خۆناسیش بنەمای لەدایکبوونی جیهانبینی و جیهانناسییە. لەبەرئەوە شیعری لیریک لە ڕامان و هزرین دابڕاو نییە.

شایانی ئاماژە پێ دانە، کە لیریکی گەلانی جیاواز هەڵگری ئاماژەی بەرپرسیارێتییە لە دۆخ و ساتە جیاوازەکاندا. بۆ نموونە بابەتی سۆشیالیستی، پرسە کۆمەڵایەتییەکان جێگای تایبەتیان لە لیریکی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی ڕووسیدا هەبووە. لەبەرئەوە هەستی شاعیر بۆ بەشداریکردنو هاوهەڵوێستی لە هەموو ئەو ڕووداوانەی لە وڵاتدا ڕوودەدەن لەناو جەرگەی لیریکدا دەبینرێت. ئەمەش دابڕاویی تێمای لیریکی هاوچەرخ لە تێمای لیریکی تەقلیدی ناگەیەنێ. بەڵکو بە هەمان شێوەی لیریکی هاوچەرخ لە تێمای لیریکی کلاسیکدا، مرۆڤ و سرووشت و گەڕان بەدوای بیری بوونی ئادەمیزادو مردن و نەمری و چارەنووس چەندین پرسی دیکە هەن.[197] لەبەرئەوە شیعری لیریک تەنیا ئیلهامی لە حەزو ئارەزووی خودەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو بەرهەمی تێڕامان و قووبوونەوەیە لە پرسەکانی وجوددا.[198] شاعیر فەیلەسووف نییە، بەڵام شیعر[لیریک بەتایبەتی] لە ئەندێشەی فەلسەفی دابڕاو نییە و شاعیر بەشێوەو زمانی شیعری بیریکردۆتەوە. لەبەرئەوە فەلسەفەو شیعر تەواو لەیەک دوورنین، وەکچۆن سەرەتای فەلسەفە بە شیعر دەستپێکردووە[پێش ئەفلاتون، سوفستاییەکان، هیراکلیتۆس و پارمیندس.. فەلسەفەکەیان لەڕێگەی شیعرەوە بڵاوکردۆتەوە].

---

195 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

196 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

197 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.

198 پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ل٤٥.

لەبەرئەوە لەئاستی پۆلێنی بابەتی شیعرەکانی شاعیردا تایبەت بە هزرو ڕامان ڕەچاوی ئایدۆلۆژیای شاعیرو ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی شیعریدا کراوە؛ کە دەتوانین زۆرترین بابەتی شیعری شاعیر کە (٧٢) شیعرن لەم پۆلێنەدا دابنێین. هەرچەندە زیاتر لە (٢٠) شیعریان لەنێوان هەر سێ بابەتە بنەڕەتییەکەدا هاوبەشە، چونکە ناکرێت شیعری(بۆ گەورە کچێک) سۆزی تێدا نەبێت، یاخود شیعری (بۆ بلبل) تەنیا هزری نییە، بەڵکو هزریی وەسفییە[کە بێگومان سۆزو هەستیش لە وێنەو وەسفەکانیدا هەن]. لەبەرئەوە لەم پۆلێنەدا، چەند بنەمایەکمان بۆ جیاکردنەوەی شیعری هزری و تێڕامانی شاعیر ڕەچاوکردووە. یەکێک لەبنەماکان پرسینە. پرسین بنەمای هزرینە. شاعیر لە دیوانەکەیدا (٣٢١)جار ئامرازە جیاوازەکانی پرسین بەکاردەهێنێت.[199] خاڵێکیتر بەراوردکردنە، کاتێک شاعیر بەراوردی خۆی و بلبل دەکات، ئەم بەراوردە بنەمایەکی هزری هەیە. لایەنێکی دیکە پەیوەستە بەو شیعرانەی باسی بوون و بوونی مرۆڤ و مردن و نەمری و گیان و دەروون دەکات. لەلایەکی دیکەوە[بە دوودڵیەوە] ئەو شیعرانەی دەچنە چوارچێوەی شیعری سیاسیو خەبات و نیشتمانپەروەرییەوە لێرەدا دانراون. ئەم دوودڵییەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت و پرسیارە، ئایا خەبات و نیشتمانپەروەری و سیاسەت دەبنە کردەی هزری؟ ئایا توانەوە لەنێو ئایدۆلۆژیا و دەسەلاتدا، دەکرێت هزری بێت؟ بەڵام ئەی ئەوە هۆشیاریی نییە، بڕیاری خەباتو دژوەستانەوەی دیکتاتۆری دەدات؟ لەبەرئەوەی لەپۆلێنە تایبەتییەکەماندا لیریکی خەباتکاری و سیاسیمان جیاکردووەتەوە؛ بۆیە ئەم شیعرانە لەم پانتاییەدا دادەنێین.

**٣- لیریکی وەسفی:** ئەگەر تەنیایی بۆ شاعیری لیریک و خۆشەویستی بۆ بابەتی لیریک گرنگ و بنەڕەتی بن، ئەوا لیریکی وەسفیش دەبێتە بنەما بۆیان. چونکە تاکە باوەشی تەنیایی گەڕانەوەیە بۆ سرووشت و تێیدا ئاوێزانبوونە. هەروەها خۆشەویستیش وزەبەخشی جوانبینییە. د.مارف خەزنەدار سەبارەت بە وەسف دەڵێ: "وەسف بۆ مەبەستی وێنەگرتنی دڵبەر لە ڕووی جوانیی ئەندامی لەشیەوە بەکار دەهێنرێ. هەروەها باسکردن و کێشانی دیمەنی سرووشت جێگەیێکی دیاری لە هونەری وەسفدا هەیە."[200] چونکە لیریکی وەسفی، نیگاری جوانیی سرووشت و مرۆڤ دەکێشێت و 'من'ی لیریکی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سرووشت پەیوەندیی هەیە، ئەوا لە دەرخستنی خۆیدا پەیوەندی بەسرووشتەوە دەکا. یاخود بەمانایەکی دیکە سرووشتی دۆڕاندووەو دەیەوێ بە قووڵبوونەوە لە خۆیدا گیان بە بەری سرووشتدا بکات و بیژێنێتەوە.[201]

---

199 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران.. ل٢٥٣.

200 ـ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم،ل١٧٥.

201 ـ مارکس، لۆکاچ، گوڵدمەن، گرامشی، باختین، مارکووزە، ئادۆرنۆ: فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، وەرگێڕ، هادی محەممەدی، چاپخانەی شڤان_سلێمانی ٢٠٠٦، ل٤٣٣.

ناشبێت ئەوە لەبەرچاونەگرین، کە شاعیرانی ڕۆمانتیک و شیعری لیریکی هەوڵیان بۆ ئازادکردنی سرووشت و دەرچوون لە دۆخی نامۆیی بووە، چونکە سرووشت لەسەر دەستی مرۆڤ مافخوراو ئازاردراوە، ئەمەش نامۆیی مرۆڤی لێ کەوتووەتەوە. د.زەکەریا ئیبراهیم دەڵێت: "سرووشت هاوڕێیەکی دووژمنکاری مرۆڤە...مرۆڤ نەدەتوانێت لەتەکیدا بژی و نەدەشتوانێت بێئەو بژی."[202] بزووتنەوەی ڕۆمانتیکیش لەڕێگەی شیعری لیرییکەوە هەوڵی دەرچوون و بەرەنگاربوونەوەی دەدا. لەم جۆرەی شیعردا تێبینی چەندین وێنەی جیاواز لە سرووشت و مرۆڤ دەکەین. هەرچەندە دیاردەکانی سرووشت بەردەوام جێگرو دووبارەن، شەوو ڕۆژ، وەرزەکانی ساڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕیتم و هاوئاهەنگیی هەیە.. [203] هەربۆیەش پەیوەندی و وێنەکێشانی شاعیر بۆیان بەردەوام لە گۆڕاندان، چونکە بەشێکی پەیوەستە بە شێوەی ژیانو کاتی ژیانی شاعیرو کولتوورو شێوەی ڕوانینی شاعیرەوە بۆیان. بۆ نموونە لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بە پەیوەندیی مرۆڤی سەرەتایی بە سرووشت دەکەنو بۆچوونەکە بەمجۆرەیە: کە مرۆڤی سەرەتایی پەیوەندییەکی خۆشەویستانەی بۆ سرووشت نەبووە، چونکە نەهامەتی و مەرگ هۆکاری ترسی ئەو لە سرووشتبوون. [204] بەڵام لە شیعری شاعیرانی ڕۆمانتیکدا سرووشت ڕەگەزێکی بنەڕتییەو وەک شتێکی دەرەکی لە سرووشت ناڕوانرێت، بەڵکو وەک بوونێکی زیندوو_ئۆرگانیک لەگەڵ خۆدی شاعیردا پەیوەست دەبێت.[205] ئەمەش ئاوێزانبوونی هەست و دەروونی مرۆڤ بە سرووشتە، شاعیر لەڕێگەی سرووشتەوە بوونی خۆی دەردەبڕێت. لە بەشێک لە شیعرەکانی گۆراندا، خوێنەر لەیەکەم نیگادا هەست بە سرووشت سەنتەری دەکات، بەڵام کاتێک ورد دەبینەوە بایەخی مرۆڤ زیاتر بەرجەستەیە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

"بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز،          بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز"،

یاخود لە شیعری (ڕەوتێکی جوان)دا، شاعیر زۆر بەقووڵی بەنێو وەسفی سرووشتدا ڕۆچووە، بەڵام لە کۆتاییدا: "پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا، جوانێ لە بەژنێکی بەرزا" هاتووە؛ واتە سەرجەم جوانبینییەکانی سرووشت لە جوانی پێی نازدا کۆبوونەتەوە.

شیعرەکانی شاعیر لەم پۆلێنەدا (١٩)شیعری لەخۆگرتووە، کە (١١)یان لەنێوان وەسف و هزر و سۆزدا هاوبەشن. بەڵام کاتێک شاعیر وەسفی "مۆسکۆی جوان" دەکات، ڕاستە شیعرەکە وەسفییە، بەڵام

---

202 ـ د.زەکەریا ئیبراهیم، کێشە فەلسەفییەکان، کێشەی بوونی مرۆڤ،وەرگێرانی، محەممەد مستەفا قەرەداغی، خانەی وەرگێران_ سێلمانی، ٢٠١٣ل ٢١٥.

203 ـ د.فرهاد رجبی، رویکردهای انسانی به(شهر) در شعر معاصر عربی و فارسی.مجله ادب پژهشی، دوره ٥، شماره ١٥، ١٣٩٠.ص ٦١.

204 ـ زهرا پارساپور، بررسی ارتباط انسان با طبیعت در شعر، مجله ادب فارسی، دانشگاه تهران. دوره ٢شماره ١ بهار-تابستان،١٣٩١. شماره پیاپی ٩. ص ٧٨.

205 ـ قدسیه رضوانیان، فاطمه هدایت‌نژاد، بررسی تطبیقی مولفهای رمانتیک در شعر سهراب سپهری و ولیام بلیک، نشریه ادبیات تطبیقی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال ٧شماره ١٣،پایزو زمستان ١٣٩٤، ص ١٠٥.

ئاگاداربوون لە ئایدۆلۆژیای شاعیر بواری خوێندنەوەی جیاوازمان سەبارەت بە وەسفی مۆسکۆ دەداتێ. دیارە لە زۆرینەی توێژینەوەکاندا شاعیر وەک شاعیری وەسفی جوانی سرووشت ناسراوە. بەڵام ئەمە نابێت چاومان بەرانبەر بە جیهانبینی شاعیر و شیعرەکانی دیکەی دابخات.

**دووەم/ جیاکردنەوەی تایبەتی:** لەم پۆلێنەدا بەشێوەیەکی وردتر پۆلێنی بابەتی لیریکای شاعیر دەکەین و بە ژمارە بابەتەکان دەخەینەڕوو. هەروەها جۆرێک کۆکراوەیی بابەتیمان ڕەچاوکردووە، کە بە پێویستمان نەزانیوە بابەتە جیاوازەکان زۆر وردبکەینەوە. بۆ نموونە شاعیر شیعری بۆ بابەتەکانی شارستانیەت(مەدەنیەت)، خەباتی نێونەتەوەیی(لاوکی سوور بۆ کۆریایی ئازا)، بەشداری ئافرەت لە خەبات، کێشەی ئیداریو گەندەڵی و دزی چەندین بابەتی تر نووسیوە، لەبەرئەوە بابەتە جیاوازەکانمان تا ئاستی بابەتی کۆکردووەتەوە. لەخوارەوە پۆلێنی بابەتە جیاوازەکان بۆ کۆی نۆ کۆمەڵە شیعرەکە دەخەینەڕوو: [کۆمەڵەی یەکەم –بەهەشت و یادگار- دەستپێدەکات تاوەکو کۆمەڵەی نۆیەم- سرووود- کۆتایی دێت]. کۆی ئەم نۆ کۆمەڵەیە لە (١٣١) شیعر پێکهاتووە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێنمان کردووە:

١. دڵداری ٣٤ شیعر

٢. سرووشت ١٤ شیعر

٣. خەباتی سیاسی ٣٠ شیعر

٤. ئاشتی و ئازادی ٩ شیعر

٥. بۆنەو بەسەرهات ١٣ شیعر

٦. ڕەخنە لە کولتوورو جیاوازی چینایەتی ٦ شیعر

٧. لاواندنەوە ١٦ شیعر

٨. هەمەڕەنگ ٩ شیعر

لەم پۆلێنەدا کۆمەڵێک گرفت ڕووبەڕوومان بووەتەوە، چونکە بابەتە جیاوازەکان تەواو سەربەخۆنین و پێکەوە پەیوەندییان هەیە. هەروەها بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی سرووشت و دڵدارین، دەکرێت لەژێر ناوی جوانی سرووشت و ئافرەت، یاخود جوانی بەگشتیدا جێیان بکەینەوە. چونکە پێمان وایە شاعیر لەسەر چەند ئاستی جیاواز شیعری بۆ (جوانی) هەیە. ١. جوانی سرووشت. ٢. جوانی مرۆڤ[بەتایبەت ئافرەت] ٣. جوانی بەگشتی. لەبەرئەوە لای شاعیر جوانی کەسو شتێکی تایبەت نەبووە؛ بەردەوام لە هەرشوێنێک بووبێت بەدوای جوانیدا وێڵبووە. بۆ نموونە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە) یەکێکە لەو شیعرانەی شاعیر ڕاستەوخۆ باسی گەڕۆکی خۆی بە دوای جوانیدا دەکات. یاخود شاعیر لە تێهەڵکێشی

سرووشت و مرۆڤ جۆرێک لە بیری فەلسەفی دەردەبڕێت. بۆ نموونە لە شیعری(ئافرەتو جوانی)دا دەڵێ: "بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز" ئەمە بیرێکی فەلسەفییەو شاعیر بەشێوەیەکی هونەریی تێهەڵکێشی بابەتی جوانی ئافرەت و سرووشتی کردووە. هەروەک لە شیعری(بۆ بلبل)دا بابەتە فەلسەفییەکان ئامێتەی هونەری بلبل کراون. یاخود شیعری(دوا سەرنج) لەگەڵ ئەوەی جوانی ئافرەت و سرووشتی تێهەڵکێش کردووە، هاوکات ئەزموونی واقیعی ژیانی شاعیر کە زنجیری لەدەستدایەو زیندانییە، واتە دەوروبەر و شوێنەکە بوونەتە ناونیشان و بابەتی سەرەکی، لە کاتێکدا شیعرەکە دەکرا سیاسی و ڕەخنەی دەسەڵات بووایە، بەڵام لای گۆران ئەم دیاردە هونەرییە هەیە، کە دەوروبەرەکە شیعری بکات و بەخۆیەوە گرێی بدات و وای لێ بکات هەڵگری زانیاری هونەری بێت.

هەر سەبارەت بە چنینی بابەتە جیاوازەکان بەیەکەوە سەرنج لە شیعری (گوڵی خوێناوی) بدەین، کە دڵداریو جیاوازیی چینایەتییە، هاوکات لە ڕاڤەکردنیشدا ئایدۆلۆژیای شاعیری تێدا دەبینین؛ خوێناوی بوونی گوڵو ڕەنگەکان وەک سیمبۆلی خەبات و (باخچەی پاشا)ش شیعرەکە دەخەنە جوغزی سیاسی و چینایەتییەوە. وەک چۆن لە شیعری (بووکێکی ناکام)دا، بابەتی دڵداری و چینایەتی و خەبات دژی زۆرداری و ڕەخنەگرتن لە کولتووری کوردەواری هاوئاهەنگ دەکات. یان شیعرێ کە دڵدارییە، بەڵام ڕەخنەگرتنیشە لە کولتوور و دیاردە جیاوازەکانی کوردەواریی؛ بۆ نموونە(حوزنی پەچە). لەلایەکی دیکەوە شیعری دیکەمان هەیە، کە سەر بە بابەتی لاواندنەوەیە، بەڵام سیاسیشە، واتە لاواندنەوەی کەسی سیاسییە؛ بۆ نموونە (لاوانەوەی سەرەڕێ). ئەمانەو چەندین پرسی تر کە توێژەر لە جیاکردنەوەی بابەت و مۆتیڤەکاندا تووشی هاتوون. بەجۆرێک هەریەکەیان کێشەی خۆی هەبووە. لەخوارەوە هەوڵدەدەین سەبارەت بە بابەتەکان وردەکاریی زیاتر بخەینەڕوو:

١- **دڵداری**: خۆشەویستی و دڵداری ناوەرۆکی بنەڕەتیی شیعری لیریکین. شیعرەکانی گۆران بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەم بابەتەدا دەوڵەمەندن. بەڵام دڵداری لای گۆران جیاوازە لە شێوازی شیعری کلاسیکی، دەتوانین بڵێین جوانی ئافرەت بەشێکی زۆرتری لە دڵداری داگیرکردووە، واتە لەڕێگەی جوانیی ئافرەتەوە دڵداری هەیە، نەک لەڕێگەی دڵدارییەوە جوانی. لەبەرئەوە یەک سیما و شێوازی دڵداری نییە، بەڵکو شێوازی جۆراوجۆری جوانی هەن؛ چونکە شاعیر بەشێوەیەکی گەڕۆک و ڕێبوار نیگاری ڕووخسارە جیاوازەکانی جوانی و دڵداری دەکێشێت، نەک وەک عاشقێکی پابەند و بەوەفا، بەڵکو وەفای بۆ جوانی هەبووە[لێرەدا هیچ پۆلێنێکمان بۆ جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا دانەناوە، بەڵام پارێکی سەربەخۆمان لەبارەی مۆتیڤی "شیعر"ەوە، کە بەشێکی بنەڕەتی "جوانی"یە؛ تەرخانکردووە.] لەبەرئەوە لە شیعری شاعیردا ئازاری دووری و دابڕان و نەگەیشتن بە یار کەمترە، بەڵکو ئازارو ویستی جوانتر بینین هەیە. بۆ نموونە لەشیعری (بۆ جوانی سەرەڕێ) دەڵێ:

تۆیش لەگەڵ هەر جوانێک ئەبینم تا ئەمرم،     ئەبیتە مرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم!...

(دیوانی گۆران، ل٢٧)

یاخود له شیعری (بۆ کچێکی بێگانه)دا شاعیر ئاماژه بۆ گەڕۆکی و پابەندنەبوونی خۆی بۆ یەک جوان دەکات و دەڵێ:

له هەچ باخێک گوڵێکی سوورم دیبێ،          بۆی چووم هەزار دڕک له پێم چەقیبێ!(...)

هەر سەرگەردان، هەر ئاوارە، هەر برسی..    (بۆچی؟)باشه، پێت بڵێم با، ئەپرسی:

چونکه کاتێ دێنێتەدی خۆزگەی دڵ،          جوانیی گیانیش هاوکاری بێ، جوانی گڵ؛

(دیوانی گۆران، ل٤٨)

لەبەرئەوە ڕوانینی شاعیر بۆ دڵداری عیرفانی نییەو بەڵکو یار بەرجەستەیەو کیژی شارو لادێ و بێگانەش سەرنجیان ڕاکێشاوە[بەڵام زیاتر کیژی لادێ]. لەبەشێکی زۆری وەسفی جوانیی ئافرەتدا، وەسفی ئیرۆتیکی هەیە. لەبەرئەوە ئەگەر سەرنج له دووبارەبوونەوەی هەندێک وشه له دیوانی شاعیر بدەین، باشتر ئەم بۆچوونانەمان بەڵگەدار دەبێت. وشەی (جوان٢٠٠)جار، یاخود وشەی(زوهره ١٠)و (پەری ٢٩)جار. (مەمک١٠)، (سنگ١٧)،(کوڵم ١٦)، وشەی(دڵ١١٠)و (چاو ١٥٩)جار دووبارەبوونەتەوە.(206) لەبەرئەوە دیدی شاعیر بۆ ئافرەت عیرفانی و ئایینی نییە، بەڵکو واقیعییە، دەکرێت لەسەر ڕێو بەڕێکەوت له جادەدا یان له دێ و شاره جیاوازەکاندا جوانیی ئافرەت ببینین، نەک دوور و ڕەمزی و مێتافیزیکی. ئەم ژمارانەی پێشتر گوزارشت له چڕیی ئەم بابەته لەشیعری شاعیردا دەکەن، که بەشێکی بنەڕەتیی بیریان داگیرکردووە. هەر سەبارەت به ڕەگەزی ئیرۆتیکی دەبێت ئەوەش زیاد بکەین، که زۆرجار شاعیر سوودی لەم ڕەگەزه بینیوە، بەڵام سەرکەتوویی شاعیر لەوێدا دەردەکەوێت، که ئەو ڕەگەزانەی بەشێوەیەکی وا هونەری بەکارهێناوە، که خوێنەر هەست به چێژپەرستیو هەستبزوێنی نەکات، بەڵکو زیاتر چێژی هونەری تێدا دەبزوێنێت. له چەند شیعریشدا ڕاستگۆیانه ئەم بابەتەی خستووەتەڕوو، بۆ نموونه له (بۆ گەورەکچێک)دا دەنووسێ:

بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی عیشوە سەراپا،

ئەوسا نیيه تا ناخی نیگای دیده بەری بێ،...    (دیوانی شاعیر، ل٤١)

لێرەشدا به پێویستی دەزانین ناوی هەندێک لەو شیعرانەی شاعیر، که ڕەگەزی ئیرۆتیکی تێدا بەکارهاتوون بخەینەڕوو: (ئافرەت و جوانی-ئاواتی دووری-خۆزگەم بەپار-له درزی پەچەوە-بۆ خانمێک-هەڵبەستی پەشیمان-بۆ کچێکی بێگانه-شەوێک له عەبدوڵڵا-هەرچەن-جیلوەی شانۆ...هتد).

206 - پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران. ل٢٥٢.

خاڵێکیتر لەم شیعرانەدا، کە جێگەی ئاماژە پێدانە پەیوەستە بە فۆرمی شیعرەکانەوە، لە کۆی ئەم (٣٤)شیعرە (١٨)ەیان بە کێشی عەروزن، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بەراورد بە کۆی گشتی عەرووز لەو نۆ کۆمەڵە شیعرەدا. هاوکات دەشتوانین ئەو لێکدانەوەیەی بۆ بکەین، کە شاعیر بە فۆرمی کۆن ڕوانینێکی نوێی بۆ دڵداری و ئافرەت هێناوەتە ئاراوە. لێرە بەدواوە بۆ هەر بابەتە ناونیشانی شیعرەکانو ژمارەی لاپەڕەکانی لە دیوانی شاعیردا دەخەینەڕوو:

(ئافرەت و جوانی ل:٩-١٠. ڕەوتێکی جوان ل: ١١-١٢. ئاواتی دووری ل: ١٣-١٥. گوڵی خوێناوی ل: ١٦-١٨. حوزنی پەچە ل: ١٩-٢٠. خۆزگەم بەپار ل: ٢١-٢٣. سکاڵا ل:٢٤-٢٥. بۆ جوانی سەرەڕێ ل: ٢٦-٢٧. بەستەی دڵدار ل: ٢٨-٣١. جوانی لەلادێ ل: ٣٢-٣٣. لە درزی پەچەوە ل: ٣٤-٣٥. بۆ خانمێک ل: ٣٦. هەڵبەستی ڕەنجاو ل:٣٧-٣٨. هەڵبەستی پەشیمان٣٩-٤٠. بۆ گەورە کچێک ل:٤١. نیاز ٤٢-٤٤. جوانی بێناو ل:٤٥-٤٦. بۆ کچێکی بێگانە٤٧-٤٩. ئاهەنگێک لەناو ڕان ل:٥٠-٥٢. لەلادێ ل: ٦٠. ئەڕۆی ئۆغر ل:٦٣. هەرچەن ل: ٦٤. ئەی شەوقی گەلاوێژ ل: ٦٥-٦٦. تاوێ نەگەڕا ل: ٦٧. لە بەختی تار ل:٦٨-٦٩. کەنیشکە جوانەکە ل: ٧٠. سێبەری هیوا ل: ٧٣. ژن ل: ٧٤. ئەی نەی ل: ٢٢٤. ئەی گەلاوێژ ل: ١٧٣. جیلوەی شانۆ ل: ١١٠-١١٣. یار ل: ٢٠٤-٢٠٥. دوا سەرنج ل: ٢٠٦-٢٠٨. ئاوێنەی هەستیم ل: ٢٢٥).

**٢- سرووشت:** سرووشت بۆ شاعیران تەنیا شوێنێک نەبووە بۆ ئارامی دەروونی، بەڵکو کەرەسەیەکی بنەڕەتی دەربڕینی شیعریش بووە. لەبەرئەوە سرووشت لانەی ئارامی و ڕامان و سەرسامی شاعیران بووە. چونکە لەڕاستیدا سرووشت خۆی هونەرێکی گەورەیە، لەبەرئەوە ئەرستۆ هونەری بەلاساییکردنەوەی سرووشت زانیوە.[207] لای گۆران سرووشت پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، ئەو ڕێژەیەی خستوومانەتەڕوو بەراورد بە واقیعی سرووشت لە ئاستی هونەریدا کەمە. چونکە لە زۆرینەی شیعرەکاندا سرووشت و ڕەگەزەکانی هەن، بەڵام وەک بابەتی بنەڕەتی ئەو ڕێژەیە درووستە و دەشکرێت لە ئاستی گشتیدا ڕێژەیەکی زیاتری بدەینێ. چونکە سرووشت بەردەوام لە شیعرە دڵداری، سیاسی و نیشتمانپەروەریو بۆنەو لاواندنەوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. کاتێک بەرەو کۆنفرانس دەڕوات، یاخود کاتێ باسی نەورۆز دەکات، یان کە باسی یار دەکات، بۆ ئەوەی جوانیی یار نیشانبدات پەنا بۆ سرووشت دەبات. هاوکات شاعیر لە شیعری(کوردستان)دا جیاوازی سرووشتی دەستکرد و خواکرد دەکات، سرووشتی کوردستان بە سرووشتێکی تەبیعی و خواکرد و نەمر دادەنێت. هەروەها لە شیعری (بۆ بلبل)دا شاعیر جیاوازیی هونەری سرووشتی و هونەری مرۆیی دەکات. هەروەها لە چەندین شیعریدا لەڕێگەی سرووشتەوە پەیامی ئاشتی و سیاسی دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە شیعری (تیرو کەوان)دا، دەڵێ:

---

[207] - ئەرستۆ، شیعر(پۆیەتیکا)، پێشەکی، وەرگێرانی: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-سلێمانی٢٠٠٩. ل٥.

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر،

کۆتری سپیی تیا خول ئەدا

بە بێ خەتەر،

مژدەی گوڵ بە بلبل ئەدا. (دیوانی گۆران، ل ٣٢٧)

لەلایەکی دیکەوە شاعیر دژایەتیی داگیرکارەکانی کردووە کە بەناوی زانست و دەسەڵات و خزمەتەوە سرووشت وێران دەکەن، بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی(شیوەنی دارستان)دا شیوەن بۆ سرووشت و دارستان دەکات، کە بەناوی زانستەوە دارستان دەسوتێنن و دارەکان دەکەن بە خەڵووز. یاخود لە شیعری(بت، بتەوان)دا دەڵێ:"کۆشک درووستکەو باغ بنێژە" ئەمەش نیشانەی دڵسۆزی و چاوتیژی شاعیر نیشاندەدات، کە ناکرێت کۆشک بۆ وێرانکردنی سرووشت بێت[دیارە لە ئیستادا کوردستان ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە بووەتەوە]. بۆیە ناکرێت ئەو ڕێژەیە هەڵەتێگەیشتن لە کەم بایەخی سرووشت بۆ شاعیر دروست بکات. سرووشت بۆ شاعیر هاوخەمی و بیرخەرەوەیە، بۆ نموونە لە شیعری(پایز)دا یەکێتیی پایزو شاعیر دەبینین، یاخود لەشیعری (سەوزە گیای پایز)دا، کە پێشکەشی مەولەوی کردووە، لەڕێگەی پایزەوە مەولەوی دەبینین. یان شاعیر ئەستێرە[بەتایبەت ئەستێرەی گەلاوێژ] وەک بیرخەرەوەی یارو بیر و ڕوانینی خۆی بۆ ژیان و مردن بەکاردێنێت و وەک فریادرەسێک، کە ئەمەش لەوەیە بۆ کولتووری عەرەب بگەڕێتەوە، کە لەدایکبوونی ئەستێرەو مرۆڤ بەیەکەوە پەیوەست دەکەن.[208] بەگشتی شاعیر ڕەگەزەکانی سرووشتی بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێناوە، بۆ نموونە: (ئاسمان ٤٩)جارو (شاخ٢٣)، (شەو٨٧)، (ڕۆژ١٢٦)، (مانگ٢١)، (ئەستێرە٣٨)، (بەهار٥٨)، (زستان ٩)،(هاوین ٧)و (پایز٢٥)جار دووبارەبوونەتەوە.[209] بێگومان ئەم ڕێژە زۆرە بەڵگەی بایەخدانی شاعیرە بە سرووشت.

سەبارەت بە کێشی شیعرەکان، (٤)شیعریان بەکێشی عەرووزین و ئەوانیتر هەموویان خۆماڵین. ئەمەش ئەو شیعرانەن، کە لەم لایەنەوە دیاریمان کردوون: (پایز ل: ١٦٣-١٦٤. هەوری پایز ل: ١٦٥-١٦٦. سەوزەگیای پایز ل: ١٦٧-١٦٨. دیمەنێکی بەهار ل: ١٦٩-١٧٠. شەوێکی بەهار ل: ١٧١-١٧٢. بەسەرهاتی ئەستێرەیەک ل: ١٧٤-١٧٥. دارچوالەی پشکووتوو ل:١٧٦-١٧٧. بەهاری پاش باران ل: ١٧٨-١٧٩. تازە ل: ١٨٠. بێدارییەک ل:١٨١-١٨٢. کوردستان ل: ١٨٩-١٩٢. بۆ گوڵی لاولاو ل: ٢٢٣. مۆسکۆی جوان ل: ٣٠٣-٣٠٥. کوردستان ل: ٤٠١).

[208] ـ دكتر احمد پاكتچی، رويكرد فرهنگی مطالعه به معنا:

http://www.ihcs.ac.ir/Pages/Features/MovieDetail.aspx?id=7670

[209] ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران. ل، ٢٥٢.

**٣. خەباتی سیاسی:** لیریکای شاعیر تەنیا تایبەت بە شیعری دڵداری و ستایشی سرووشت و یارەوە نەبووە، بەڵکو هەڵگری ئەرکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتیش بووە. لەبەرئەوە گۆران تەنیا جوانیی لە ئافرەت و سرووشتدا نەبینیوە، بەڵکو جوانیشی لە خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیشدا بینیوە. یاخود وەک ئەمیری حەسەنپوور پێیوایە، گۆرانی شاعیرو شۆڕشگێڕو ئازادیخواز بەو بڕاو دیدە کۆمۆنیستییەی هەیبووە، هەوڵیداوە خەباتی سیاسی و جوانیناسی تێهەڵکێش بکات، چەند (دڵی بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە)، هێندەش بۆ کچی جوتیارێ، کە بە دەستی زۆردار هەست و ژینی داگیردەکرێت. لەبەرئەوە گۆرانی شاعیر جوانی لە سیاسەتیشدا بینیوەو جیاواز لە شاعیرانی کورد، کە قوربانی بە یەکێکیان دەدات، گۆران قوربانی بە هیچیان نەداوە[210]. ئەم ڕوانگەیە بۆ شیعرەکانی گۆران، بوارێکی کراوە بە خوێندنەوەی شیعرەکان دەدات، هاوکات لە فراوانکردنی ڕوانینمان بۆ شیعرەکانی شاعیر بەرپرسیارمان دەکات.

گۆران لە هەندێک لە شیعرەکانیدا تێهەڵکێشی لیریکی سرووشت و ئافرەت و خەباتی سیاسیی کردووە. لەڕێگەی ئایدۆلۆژیا و بیری سیاسییەوە خەباتی بۆ کوردستانێکی بەهەشتی کردووە و دژی زۆرداران وەستاوەتەوە کە دەستکاری سرووشتی کوردستان دەکەن و وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی کورد و عێراقیدا ناکەن. هاوکات وەک هاوسۆز و هاوخەبات، شیعری بۆ نەتەوەکانی دیکە نووسیوە، بۆ نموونە شیعر بۆ (کۆریای باکوور). خاڵێکی گرنگیتر پەیوەستە بە ئەزموونی شاعیر خۆیەوە، کە شاعیر بەشێکی ژیانی لە زیندانەکاندا بەسەربردووە، واتە لیریکی خەباتی سیاسیی شاعیر پراکتیکی و ئەزموونییە. گۆران بەشێوەیەکی سەرکەوتوو توانیویەتی شێوازێکی هونەری لەم جۆرە شیعرانەدا بنەخشێنێ؛ کە شیعرە سیاسییەکانیشی هەڵگری لایەنی هونەری بەرزبن. لەبەرئەوە لەم نێوەندەدا شاعیر چەندین وشەی گرنگی بۆ گوزارشت کردن لە دۆخە جیاوازەکان داهێناوە. شاعیر بەئاگاییەوە ڕەخنە لەو هێزە جیاوازە یەکگرتووانە دەگرێت، کە خەڵک دەچەوسێننەوە. چەندیش ڕەخنە لە دەسەڵاتی بێگانەی زلهێز دەگرێت، هێندەش تانە لە کوردی خۆفرۆشو مەلاو ئاغاکان دەدات؛ ئەوەندەی ڕەخنە لە کۆمپانیاکان دەگرێت، هێندەش لە زانست و ئایین. لەبەرانبەریشدا بەردەوام ستایشی لاوانی ئاشتیخواز دەکات. بۆ نموونە لە شیعری (بۆ لاوان)دا دەڵێ:

ئەی لاوان،

کچان، کوڕانی ڕووی ئەرز!

با گۆرانیتان ئاسمان

---

[210] ـ ئەمیر حەسەنپور، نامەیەک بۆ فەرهاد شاکەلی، گۆڤاری مامۆستای کورد[دەنگی بەشی کوردی، خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵم] ژمارە(٤ـ٥) ١٩٨٧. ل ٤٢، ٤٣.

کەڕ کات بە شەپۆلی بەرز!

بە سەد زمانی جیا جیا،

وەکو هەور بگرمێنن

یەکیەتیی لاوانی دنیا

بە هەموو کەس بنوێنن!

با ئەوانەی لە شەڕا،

تا خەڵک بمرێ، گۆشت ئەگرن،

بزانن،

چەک هەڵناگرێ لە برا

هیچ لاوێ!

هیچ لاوێ شەڕی ناوێ!... (دیوانی گۆران، ل ٣٣٠_٣٣١)

خاڵێکی‌تر کە جێگەی تێبینییە پەیوەستە بە کێشی ئەم شیعرانەوە. شاعیر پێی‌وایە کێشی بڕگەیی کێشێکی نەتەوەیی و خۆماڵییە.[211] لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی شاعیردا، وەک تەواوکەری ئەرکی نیشتمانپەروەری ئەم کێشەی بەکارهێناوە. چونکە لەکۆی ئەم(٣٠) شیعرە تەنیا (١)شیعری بەکێشی عەرووز نووسیوە، کە ئەویش سرووودی (دەمی راپەڕین)ە. لێرەوە دەکرێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی د.حەمە نووری کاکی کۆکبین، کە پێی وایە: گۆران وەک سەردەستەی شیعری نوێ، لەپاڵ گۆڕانی شێوازی شیعریدا ئەرکی شیعریشی گۆڕیوە[212].

ئەمانەش ئەو شیعرانەن تایبەتن بە خەباتی سیاسیو نەتەوەیی: (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا ل:٢٣٦-٢٥٠. پەیامی کورد-بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابیان لە بوخارست ل: ٢٥٣-٢٦٢. زیندانی ئەژدەهاک-بۆ بتەکانی فاشیزم ل:٢٦٨-٢٦٩. بەستەی نەبەز ل:٢٧٠-٢٧١. لە بنی بیرا ل:٢٧٢-٢٧٤. بانگێک بۆ پۆل رۆپسن ل:٢٧٨-٢٧٩. شۆڕشگێڕ ل:٢٩٣-٢٩٥. تاسەی دیدار-بەزمان دایکی کوردستانەوە بۆ برا فەیلییەکان ل:٢٩٦-٢٩٨. بۆ سەربازی جومهووریمان ل:٢٩٩-٣٠٢. ڕێگای لەنین ل:٣٠٦-٣٠٨. چیرۆکێکی

---

211 ـ گۆران، نووسین و پەخشانو وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا کۆی کردووەتەوە..ل ٤٦.

212 ـ د.حەمە نوری کاکی، گۆران و ئەرکی شیعر. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(٤٥) ئابی ٢٠١٤ بەشی(B).ل ١٠٥

برایەتی ل:٣٢٠-٣٢٣. ئەنجامی ئەژدەهاک ل:٣٥٢-٣٥٩. دوشمنمان مێشوولە ل:٣٦٣. شیوەنی دارستان ل:٣٦٤. ماستاو ل:٣٦٥-٣٦٧. وڵاتی ئاوا ل:٣٦٨. جۆقی یۆنسکۆ ل:٣٦٩-٣٧٢. موحاکەمەی مام چەوەندەر ل:٣٧٣-٣٧٤. نق و جق ل: ٣٧٥-٣٧٧. عەرزوحاڵ ل:٣٨١-٣٨٣. دەنگی مردوو ل:٣٨٤-٣٨٧. جاسووس ل:٣٨٨-٣٨٩. چەقەڵ ل:٣٩٠-٣٩١. ماکارتی ل:٣٩٤. ڕازی..ناڕازی ل:٣٩٥-٣٩٦. دانە دانە ل:٣٩٧-٣٩٨. بەری بەیانە ل:٤٠٢. دەمی ڕاپەڕینە ل:٤٠٣-٤٠٤. ئەی لاوی کورد ل:٤٠٩-٤١٠. چواردەی تەمووز ل:٤١٤).

**٤. ئاشتی و ئازادی:** شیعر تەنیا بۆ چێژو خۆشی نییە، بەڵکو ئەرکی گەیاندنی زانیاریی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵیشی لەسەرە.[213] ئەمە بۆ کۆمەڵ و سەردەمی شاعیر زۆر درووستە، چونکە شیعرو ئەدەب بەرهەمی لەپێشینەبوون. شیعر بۆ ئاشتی و ئازادی جگەلەوەی ئەرکێکی سیاسی و ئینسانییە هاوکات پێداویستی شیعریشە، چونکە ئازادی بنەڕەتی داهێنانە. شاعیر بەو پێیەی لە شاردا ژیاوەو هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی شۆڕشگێڕانەبووە، چاوێکی تیژی بۆ بینینی نادادپەروەرییەکان هەبووە. ئەمەش وای کردووە بەردەوام داوای ئاشتیو ئازادی بکات، سەربەستی بە قیبلەی خۆی بزانێت[وەک لە شیعری"ئاخ هەزار ئاخ-ل١٨٥_١٨٦"دا هاتووە]. شاعیر لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر شارستانیەت و پێشەکەوتن دەکاتەوە، بەڵام بە هۆشیارییەوە ڕەخنە لەو شارستانیەتە دەگرێت کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤ. لەم شیعرانەدا شاعیر بەشێوەیەکی گشتی داوای ئاشتی و ئازادی بۆ گشت مرۆڤایەتی دەکات، لە منالّی نێو بێشکەوە بۆ قوتابیان و چەوساوەکان. هاوکات دژی زانست، دەسەڵاتە کەسی و زلهێزە توندەڕەوەکان دەوەستێتەوە کە بەرهەمهێنەرو بەکارهێنەری چەکن بۆ توندوتیژی دژی مرۆڤ. شاعیر لە چەندین شیعریدا جەخت لەسەر پەیوەندیی ئابووری و دەسەڵات دەکات، کە بێگانەکان بەئابووری وڵاتەکەی خۆمان دەمانچەوسێننەوە. هەربۆیە بەردەوام جەخت لەسەر خەباتی مەدەنییانە دژی داگیرکاری و چەوساندنەوە دەکاتەوە، کە شیعریش یەکێکە لەو کەرەسە مەدەنییانەی شاعیر بەکاریهێناوە.

گۆران لەم مەیدانەدا چەندین جار کۆتر وەک ڕەمزی ئاشتی بەکاردەهێنێت، ستایشی ڕۆڵی لاوان بۆ بەستنی گۆنگرەی ئاشتی و فرێدانی چەک دەکات. هەروەک پێداگری لەسەر پێکەوەیی کورد و عەرەب دەکات. بەگشتی شاعیر ئاشتی وەک پەرچووی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن دەبینێت، واتە گەر سەربەستی هەبێت، مرۆڤ دەتوانێت موعجیزەی بەختیاری ژیان بەدەستبهێنێت. بۆ نموونە لەشیعری(پەیامی کورد)دا دەڵێ:

تەنانەت لە بێشکەی ساوامان، گریان ون ئەکا، موعجیزەی بەختیار ژیان!

(دیوانی گۆران، ل ٢٦٢)

---

213 - هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەدەب و ژیانی مەدەنیەت، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(٤٠) ئایاری ٢٠١٣بەشی(B)، ل ١٤٣.

ئەم شیعرانەی شاعیر وەک هاوسێیی شیعرە سیاسییەکانی شێوازێکی هونەری بەرزیان هەیەو زمانەکەیان زۆرتر کوردیی پەتییەو کێشەکانیشی جگە لە(ئاخ هەزار ئاخ، مەدەنیەت) کە عەرووزییە، هەموویان خۆماڵین. ئەمانەش ناونیشانی ئەو شیعرانەن: (ئاخ هەزار ئاخ ل: ١٨٥-١٨٦. مەدەنییەت ل: ٧١-٧٢. بت_بتەوان ل: ٢٨٢-٢٩٢. بێشکەی مناڵ ل: ٣٢٦. تیروکەوان ل: ٣٢٧-٣٢٩. بۆ لاوان ل: ٣٣٠-٣٣٤. گۆرانیی قوتابییان ل: ٤١١-٤١٢. جەژنە پیرۆزەی ئاشتیخوازان ل: ٤١٣. مارشی ئاشتیخواز ل:٤١٥-٤١٦).

**٥- بۆنەو بەسەرهات:** ئەم جۆرەی شیعر لە کۆنەوە هەبووە. هاوکات بۆنەو موناسەبەتاکان کەش و هەوای جیاوازیان هەیە و گوزارشت لە ئەزموونی جیاواز دەکەن.[214] زۆرتریش دەربڕ و گێڕانەوەی ئەزموونی تایبەتی و گشتین. هاوکات بەشێکی زۆری بۆنەو بەسەرهاتە شیعرییەکانی گۆران نیشانەی دڵخۆشین و کەمتر بۆنەی ناخۆش لەخۆدەگرن. شاعیر بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژیایەی بەرگری لێ کردووە، بەردەوام ئومێدێک لە شیعرەکانیدا دەبینرێت. هەروەها لە هەندێک لەم شیعرانەیدا بیرەوەری یاخود یادکردنەوەی ڕووداوێکی مێژوویییە. هەروەک هەندێکیشیان تیشکدانەوەی ئەزموونی شاعیرن لە دەرەوەی نیشتمان. خاڵێکیتر هاوبەشیی ئەم جۆرە شیعرانەیە لەگەڵ جۆری لاواندنەوەدا، وەک چۆن بەشێکی زۆری ئەم شیعرانەش لەگەڵ شیعرە سیاسییەکانی شاعیردا لێک نزیکن، ئەمەش بۆ ژیانی شاعیر کە بەشێکی لەزیندانەکاندا بەسەر بردووە، هەروەها بۆ بایەخدانی شاعیر بە بۆنە نەتەوەییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (نەورۆز)دا هاتووە:

ئەی هاوچین و هاو نەتەوەی کاوەی مەرد!

تۆیش بە بازووی خەباتی سەختی وەک بەرد،

شەڕفرۆش و ، ئیمپریالیستو، ناپاک،

وا داپڵۆسە کە یەکسان بن لەگەڵ خاک.. (دیوانی گۆران، ل ٣١٠)

ئەم شیعرانە تەنیا دوانیان بە کێشی عەرووزین؛ ئەوانیش(شەهید، یادی لەنین). تەواوی شیعرەکانیتر بە کێشی برگەیین. ئەمەش ناونیشانی شیعرەکانن: (شەوێک لە عەبدوڵلا ل: ٥٣-٥٦. لە بەندیخانە ل: ٢١٣-٢٢٠. جەژنی نەورۆز ل: ١٩٣-١٩٥. وەڵامی پرس ل: ٢٢١-٢٢٢. شەهید-بەیادی شەشی ئەیلول، شەڕی بەردەرکی سەراوە ل: ٢٦٥-٢٦٧. لە زیندانا چواردەی تەمووز ل: ٢٨٠-٢٨١. نەورۆز ل: ٣٠٩-٣١٠. بەڕێگادا بەرەو کۆنفرانس ل: ٣١١-٣١٦. نەورۆزی ٦١ ل: ٣١٧-٣١٩. مۆسکۆی ئایار((بیرەوەری

214 ـ پەری عومەر علی، شیعرە کوردییەکانی بێخود:ژانر، بابەت و شێوازیان[نامەی ماستەر] ل،٥٥.

ڕاوەستانێک لە خۆپیشاندانی جەژنی یەکی ئایاردا لەمەیدانی سوور_مۆسکۆ، ساڵی ١٩٦٢)) ل: ٣٢٤-٣٢٥. نەورۆز ئەکەم ل: ٤٠٥-٤٠٨. یادی لەنین ل: ٤١٧. جەژنی ئایار ل: ٤١٨).

**٦- ڕەخنە لە کولتوور و جیاوازیی چینایەتی:** شاعیر لەو ڕێژەیەی شیعری بۆ ڕەخنەگرتن لە چەوساندنەوەی چینی باڵادەست بۆ چینی ژێر دەست هەیە. زیاتر شیعر و چیرۆکە شیعری بۆ ڕەخنەگرتن لە کولتووری بەدی کوردەواری هەن، وەک ژن بەژن و ڕێزنەگرتن لە ڕەگەزی مێ و بەزۆر بەشوودان. لەم شیعرانەدا هەندێ جار بەشێوەی تەنز ڕەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرێت، هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ، یاخود وەک وەسفی شوێن[ئەمە زۆر جوان و نایابە] کاتێک باسی کۆشکی ئاغاو دەسەڵاتداران دەکات؛ لە (گەشت لە هەورامان)دا دەڵێ: "لەدێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت: ماڵی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت". هەروەها لە شیعری (خۆزگەی هەژار)دا شاعیر بەشێوەیەکی هونەری بەرز ڕەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرێت، کە لەبری چارەسەری مرۆڤە هەژارە نەخۆشەکان، چارەسەری ئاژەڵی دەسەڵاتداران دەکرێت. لە شیعری (ناڵەی بێکار)دا جگەلەوەی زۆرزانیی ئاغا بەرانبەر نۆکەرو ڕەنجبەر دەردەخات [ئەم شیعرە دەکرێت تێزی فەلسەفی هیگڵ بۆ پەیوەندیی ئاغاو نۆکەر، هەروەها بە تیۆریی فۆکۆ لە پەیوەندیی دەسەڵات و زانین بیخوێنینەوە] کە چۆن بە ناوی کوڕی خۆیەوە فریویداوەو دەیچەوسێنێتەوە. هاوکات شیعرەکە دەرخەری جیاوازیی ژیان و خۆشگوزەرانی ئاغاو دەسەڵاتداران و مەینەتی و بێکاریی هەژارانە.

لەلایەکی ترەوە لەشیعری (بەردەنووسێک)دا شاعیر جگەلەوەی ڕەخنە لە جیاوازیی دەسەڵاتداران، هاوکات ڕەخنە لە کولتووری دڵڕەقی کوردەواری لە بەیەکچاو سەیرنەکردنی کچ و کوڕ دەگرێت؛ هەروەک لە زاری کچەوە دەڵێ:

منی(کچ) مامزی بەندیخانەی ژین:

سزای تاوانم،

بەدەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین!... (دیوانی گۆران، ٢١٠)

لەڕاستیدا ئەم شیعرە کورتەی شاعیر یەکێکە لە شیعرە دەگمەنەکانی، چونکە لەو ڕووبەرە سنووردارەدا توانیویەتی سۆزو هەڵچوونی باوک و دایک و نەریتی ڕزیوی کومەڵ کە پێکداهەڵدەپژێن و هاندەری ئەم کارەساتە دڵتەزێنەبوون و دیاردەیەکی باوی دوێنێی کوردەواری و تەنانەت ئەمڕۆشن، لەو شیعرە کورتەدا دەرببڕێ، وەک سامان جەلال عەزیز، دەڵێ: "گۆران لەو ڕووبەرە سنووردارەدا چ لەڕووی سازدانی کەش و هەواو تراجیدیاکەوە بە زمانی گێڕانەوەو دیالۆگ هەروەها بە وێنەی شیعریی جوان، توانیویەتی تەختەچنێکی درامی بچکۆلە بۆ ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە سازبکات... شا پاڵەوانی تراجیدیا- کچێکی دڵخوازە کە فریودەخوا، کابرا لەبەرئەوەی کوڕەو کوڕی دەستداریشە، لە کۆمەڵێکی باوکسالاریدا وەک بەرزەکی بابان بۆی دەردەچێ و بەهیچ سزایەک ناگات...جوانی و تراجیدی تێکەڵدەبن...گۆران بە

خامەی درامانووسێک ئەم شیعرە لیریکییەی نەخشاندووە، هەنگاو بە هەنگاو بەشێوەیەکی زۆر چڕو بڕووسکەیی بەهۆی پەنابردنە بەر جوانی زمانەوە، توانیویەتی تا دوا دێڕی شیعرەکە پەرە بەڕووداوەکان بدا..."[215].

شاعیر لە ئۆپەرێتی(ئەنجامی یاران)دا کە شیعرێکی چەند بابەتییە، بەشێوەیەکی زۆر ورد ڕەخنە لە کولتووری بەد دەگرێت و ئەوە نیشادەدات کە کچان و کوڕان ناتوانن سەربەست و خاوەن بڕیاری خۆیان بن، لەبەرئەوە خاڵی وەرچەرخانی تێکستەکە ئەوەیە؛ کە یەکێتیی نێوان کچان و کوڕان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەمە نیشاندەدات. هەر بۆیە لە کۆرسی کوڕانو پاشان هەردوو کۆرسەکەدا، دەڵێ:

...نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات

یاری لە کیس چوو! ...

بێن کچان، بێن کوڕان، پەیمان ببەستین:

بۆ هێزی زۆرداری مل کەچ نەوەستین؛

شەهیدانی عەشق

بکەین بە سەرمەشق   (دیوانی گۆران، ٣٥١)

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، سەرجەمی ئەم شەش شیعرە بە کێشی خۆماڵین: (بووکێکی ناکام ل: ٥٧-٥٩. ناڵەی بێکار ل:١٩٩-٢٠٠. بەردەنووسێک_لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێک هەڵکەنراوە_ ل: ٢٠٩-٢١١. ئەنجامی یاران ل: ٣٤٧-٣٥١. خۆزگەی هەژار ل: ٣٧٨. سەگوەڕ_بۆ ئەوانەی خۆشیان ئەزانن کە لە ناحەق ئەگەڤن- ل:٣٩٢-٣٩٣).

**٧. لاواندنەوە:** شین و لاواندنەوە لە ئەدەبی هەموو میللەتێکدا هەیە، شاعیریش بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم جۆرە شیعرەی هەیە. بەم شینناماتە بەشداری و هاوخەمی دەردەبڕێ بۆ کەسانێک کە نەماون. زۆرکات ئەو کەسانە لە شاعیرەوە نزیکن. هەندێ جاریش کەسانی هاوخەباتن یان لاواندنەوەی کەسانی بێتاوانە، کە شاعیر وەک مرۆڤدۆستێک هەستی پێ کردووە. لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبیەکانیدا، سیماداد بەم جۆرە پێناسەی لاواندنەوە دەکات: "بەو شیعرە دەڵێن کە لەکاتی ماتەم و کۆچ و پرسەی خزمان و یاران لە هاوخەمی نیشاندان بۆ مەرگی شاهان و گەورە پیاوان و سەرانی گەل و پێشەوایانی ئایینی دەوترێ، کە هەموو خەسڵەت و ئاکارە باشەکانی کۆچکردوو باسدەکرێن و داوای سەبووری و ئارامی بۆ کەس و

[215] ـ سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری(هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا[نامەی دکتۆرا]ی زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی-٢٠١٤، ل١٩٦.

کار و نزیکانی مردووەکە دەخوازرێت".[216] بەشێکی زۆری لاواندنەوەکانی شاعیر تایبەتە بە کچ و کوڕ، هاوڕێی شاعیر و هونەرمەندەکان و هاوخەبات و نیشتمانپەروەران. شاعیر هیچ لاواندنەوەیەکی بۆ دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی نەنووسیوە، بەڵکو خەڵکی هەژارو چەوساوە بوونەتە هەوێنی ئەم بابەتەی بەواتایەکی‌تر جیاواز لەشیعری کلاسیک شیعرەکانی ستایشی نین.[217]

بەشێکی کۆمەڵەی دووەمی شیعرەکانی گۆران بەناوی(شیوەن و فرمێسک)ەوەیە، ئەمەش دەرخەری بەهای ئەم جۆرە شیعرەیە لای شاعیر. لەهەندێکیاندا تووڕەیە و هەست بە نادادپەروەری دەکات. بۆ نموونە لەشیعری(شیوەنی گوڵاڵە)دا کە لاواندنەوەیەکە بۆ کچەکەی:

ئەجەل داد! ئاسمان داد، عەرشی خوا داد!     حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد!

(دیوانی گۆران، ل٩٧)

بەشێکی زۆری ئەم شیعرانەی شاعیر تەنیا لەپێناو لاواندنەوەدا نین، بەڵکو لەڕێگەی لاواندنەوەوە پەیام و مەبەستی‌تری، وەک پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەیە. ئەمانە (٦) شیعریان بە کێشی عەرووزو (١٠)یان بە کێشی خۆماڵی نووسراون: (هاوڕێم بێکەس ل:٨٣-٩٠. لاوانەوەی سەرەڕێ ل: ٩١-٩٢. لەسەرە مەرگی هیوادا ل: ٩٣-٩٤. گوڵی کەمخایەن ل: ٩٥-٩٦. شیوەنی گوڵاڵە ل: ٩٧-٩٩. دەروێش عەبدوڵلا_بۆفریشتەی مۆسیقا- ل: ١١٩-١٢٠. بۆ سالم ل: ١١٧-١١٨. ئیلهامی ((هاوار))(بۆ مەفکوورەی بەدرخانییەکان)) ل: ١٨٧-١٨٨. ڕۆڵەی بێ‌دایک ل: ١٩٨. بۆ هیوای کوڕم ل: ٢٠١-٢٠٣. قاله مرد ل: ٢١٢-٢١٣. لە کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە ل: ٢٣٠. بۆ مایکڵ ل: ٢٧٥-٢٧٧. ئاوابوونێک-بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە ل: ٣٣٧-٣٣٨. یادی بێکەس ل: ٣٣٩-٣٤١. یادی پیرەمێردی بوێژ ل: ٣٤٢-٣٤٣).

**٨ـ هەمەڕەنگ:** هەرچەند ئەم ناونیشانە زاراوەو چەمکێکی ئەدەبیی کۆنکرێت نییەو خودی وشەکەش دەربڕی ناوەرۆک و واتاکەیەتی، کە کۆکردنەوەی هەندێ بابەتی لێک جیاوازە، بەڵام ئێمە لێرەدا دوو مەبەستمان هەیە:

١ـ دیاریکردنی وردی بابەتەکە ئاسان نییە.

٢ـ بۆ ئەوەی بەشێوەیەک بابەتەکان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەشدا بۆیان، کە زیاتر بە لای تایبەتمەندیی تێمادا ناشکێتەوە، بەڵام هەر مشت و ماڵ بکرێن و لە خانەیەکدا کۆیان بکەینەوە. بۆ نموونە، هەردوو شیعری (هەڵبەستی دەروون-زەنگی پەستی) دوو شیعرە لیریکی تایبەتن و گوزارشت

[216] ـ سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی-واژەنامەء مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی-اروپایی(تطبیقی و توضیحی)،انتشارات مروارید، تهران-چاپ هشتم، ص ٤٣٤.

[217] ـ سدیق بۆرەکەیی(سەفی‌زادە) مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٨ ل٥٣.

له بابەتی شەخسی و دەروونی شاعیر دەکەن، کە بە پرۆسەی داهێنانی شیعرەوە پەیوەستن. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد شیعرەکانی ئەم بەشە هەڵگری بابەت و مەبەستی جیاوازن، بۆ نموونە لە شیعری (بۆ گەورەیەکی شیعردۆست)دا، شاعیر وەک نامەی شیعری چەندین بابەتی جیاواز باسدەکات. هەروەها گەشتەکان بابەتی هەمە جۆر لە خۆدەگرن و ناکرێت تەنیا لە بابەتێکدا کۆبکرێنەوە. یاخود شیعری (گیان) بابەتێکی فەلسەفی-مێتافیزیکییە. شیعری(بۆ بلبل) لەگەڵ ئەوەی ستایش و وەسفییە، بەڵام فەلسەفیو هزریشە. بۆیە جیاکردنەوەی ئەم نۆ شیعرە و دانانیان لە بابەتێکی دیارییکراودا کارێکی زانستی نییەو بە باشمان زانی وەک سرووشتی شیعرەکان خۆیان بە هەمەڕەنگ دابنێین.

هەروەها لە کۆی ئەم نۆ شیعرە تەنیا دووانیان(جواب بۆ جەناب، زەنگی پەستی) بەکێشی عەرووزن و حەوت شیعرەکەیتر بەکێشی خۆماڵی نووسراون: (بۆ گەورەیەکی شیعردۆست ل: ١١٤-١١٦. هەڵبەستی دەروون ل: ١٢١. جواب بۆ جەناب ل: ١٢٢-١٢٣. گەشت لەهەورامان ل: ١٢٧-١٣٤. گەشت لە قەرەداغ ل: ١٣٥-١٥٥. دیاری خوای شەڕ ل: ١٩٦-١٩٧. زەنگی پەستی ل: ٢٢٦-٢٢٧. بۆ بلبل ل: ١٠٣-١٠٩. گیان ل: ٢٢٨-٢٢٩).

## ـ مۆتیڤ لە شیعری گۆراندا:

لە بەشی یەکەمدا بە کورتی لەبارەی چۆنیەتیو چییەتی مۆتیڤەوە دواین؛ لێرەشدا دەمانەوێت هەڵوەستەیەک سەبارەت بە مۆتیڤ لە شیعرەکانی شاعیردا بکەین. بوون بە مۆتیڤ یان مۆتیڤ هەڵبژاردن، بریتییە لە دووبارەیی بە کاریگەرییەوە، دەکرێ بە دیاردەبوونیش دایبنێین. بۆ نموونە چیرۆکێک، ڕەگەزێ، وشەیەک هێندە دووبارە دەبێتەوە، کە وەک دیاردەیەک دەردەکەوێتو سەرنجی توێژەر ڕادەکێشێت و ناچاری ڕامان و لێ وردبوونەوەی دەکات، چونکە دیارە ئەو ڕەگەزو چیرۆکانە کاریگەرییان لەسەر شاعیر هەبووە. بۆ نموونە گۆران لە شیعرەکانیدا، بایەخی بە چیرۆکی مناڵێکی بێدایکو باوک[هەتیو]کەوتووی بێناز، یا دایکێکی تاقانە لە دەستداوی بەکارهێناوە. ئەمە چ لە ناونیشانی شیعریدا بۆ نموونە:(ڕۆڵەی بێدایک_ ل١٩٨. بێشکەی مناڵ_ ل٣٢٦) یان لە شیعری: (دیاریی خوای شەڕ، شەهید، زیندانی ئەژدەهاک، بۆ مایکڵ..) ڕەنگیداوەتەوە. لە شیعری "بۆ مایکڵ"دا دەنووسێ:

گرانە، ئەزانم، بێدایکو باوکمان

بۆ کۆرپەی وەک ئێوەی ئێسکسووکو جوان،

بەڵام گەر ئەثیلو جۆلیۆسی زانا

نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا،

ژمارەی هەتیوی ئینسانی هەژار

دوو نابێ.. ئەگاتە صەد هەزار هەزار ! (دیوانی گۆران، ل ٢٧٦_٢٧٧).

لێرەدا تێبینی ئەو هەست و سۆزە بە کوڵە دەکەین، کە شاعیر وەک هاوسۆزی بۆ مەرگی دایک و باوکی مایکڵ و هاوکات بۆ مایکڵی هەتیوکەوتوو دەریدەبڕێ. لەگەڵ ئەمەشدا ترسی شاعیر لەوێدا گەورەتر دەردەکەوێ، کە لەبری یەک مایکڵ هەزاران مایکڵ هەتیو بکەون. هەروەها لە شیعری (دیاریی خوای شەڕ)دا دەنووسێ:

دیاریی خوای شەڕ ڕەنجەو ئازار،

مەرگی لەشکر، وێرانی شار؛

بۆ دایک: تاقانە کوشتن،

بۆ کۆرپەی ناز: هەتیو خستن! (دیوانی گۆران، ل١٩٦)

لەبەرئەوە ئەگەر لە شیعرەکانی شاعیر وردببینەوە، دەتوانین چەندین مۆتیڤ دیاریی بکەین، بەڵام لەم دەرفەتە کورتەدا بە پێویستمان زانی سەرنج لە دوو مۆتیڤ بدەین و باری سەرنجی خۆمان لەبارەیانەوە بخەینەڕوو، کە ئەوانیش مۆتیڤی: (دەریا_شیعر)ە. دیارە ئەم دوو ڕەگەزە، وەک دوو مۆتیڤی کاریگەر لەگەڵ چەندین ڕەگەزی تردا سەنگی ئەم چەمکە لە شیعری گۆراندا دەردەخەن.

**١. مۆتیڤی دەریا**: دەریا وەک مۆتیڤێک لە شیعری گۆراندا دەوڵەمەندە، ڕەنگە ئەمەش بۆ سرووشتی دەریا بگەڕێتەوە، کە وەک وێنەیەک فراوان و بێسنوورە، هاوکات وەک پانۆرامایەکیش مەوداو لادیمەنی زۆری تێدایە، کە ڕەنگینی و دەگمەنییەک بە شیعر دەدا. واتە وێنەیەکی وەستاو نییەو ئەگەری جووڵەو نواندنی هەیە. دەریاو ڕەگەزەکانی لای گۆرانی شاعیر بە چەندین جۆرو شێوازی جیاواز ڕەنگیانداوەتەوە. هاوکات دەریا تەنیا لە چوارچێوەی مۆتیڤدا نەماوەتەوە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ سیمبۆل، چونکە لە هەندێک شوێندا دەریا وەک دەروون یاخود ئاسمان هاتووە، ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێت، کە دەروونیش وەک دەریا گوزارشت لە فراوانیو ناجێگیریو قووڵی دەکەن، هەروەها ئاسمانیش وەک دەریا بێ سنوورو بێ بنەو پانتاییەکی فراوانی هەیە. لەبەرئەوە لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە چڕی لەبارەی "دەریا"وە بدوێین.

بەپێی دیوان ماڵێکی شیعرەکانی، مۆتیڤی دەریا یان بەحر [لە هەندێک شیعردا شاعیر سوودی لە وشە عەرەبییەکە وەرگرتووە] تەنیا لە پێنج کۆمەڵەی یەکەمی دیوانەکەیدا زیاتر لە ٣٠ جار بە شێوازو گوزارشت و وێنەی جیاواز دووبارەبووەتەوە. لێرەشدا هەندێک لە وێنە جیاوازەکانی ئەم مۆتیڤە دەخەینەڕوو:

١. خنكاوی بەحری دووری... (ئاواتی دووری، ل ١٤)

٢. دەریایەک تاسە... (خۆزگەم بە پار، ل ٢١)

٣. دەریای عیشوە،...(لە درزی پەچەوە، ل ٣٥)

٤. هەموو نوقمی دەریای تەمی ڕەش و تاریک بوون،... (نیاز، ل ٤٢)

٥. دەریای بێسنوور... (جوانی بێناو، ل ٤٦)

٦. بە دوو چاوی وەک دەریای شین،...(شەوێک لە ((عەبدوڵڵا))، ل ٥٦)

٧. یا کام دەریا زۆر قووڵە_ بنی بخەمە جووڵە! (بۆ بلبل، ل ١٠٧)

لێرەدا بۆ ئەوەی لیستەکە بەشێوەی ستوونی درێژ نەکەینەوە، هەندێک لەو گوزارشتانەی تر، بەم جۆرە دەخەینەڕوو: (بەحری بێ بن، ناخی دەریای دەروون، دەریای ئێش، مانای مەنگی دەریایی، دەریای سەوزایی، لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت،، بەحری هەوەس، ئەڵێی بەحرێکی قووڵو مەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی، دەریای شین، بەحری تەم، دەریای تاریکو ڕەش، بەحر پڕکەی لەتف...،دەریا بە دەریا، دەریای خوێن، دەریای مێشک، دەریای مەیدان، بن دەریا...هتد)

لێرەدا چەند سەرنجێک دەربارەی مۆتیڤی "دەریا" بەتایبەت و پەیوەست بە "ئاسمان" دەخەینەڕوو، چونکە دوو مۆتیڤی بەرچاو و کاریگەری شیعری شاعیرن:

١. مۆتیڤی "دەریا" و "ئاسمان" بە پێکهاتە جیاوازەکانەوە چون یەکیی ئیستێتیکی و هاوخەسڵەتیان لای شاعیر هەیە، چونکە زیاتر لە ١٥ شیعریدا لەگەڵ مۆتیڤی دەریادا وێنەی ئاسمان هاتووە. ئاسمان و دەریا چەند هاوخەسڵەتێکیان هەن، کە وای کردووە شاعیر پێکەوە سوودیان لێ وەربگرێت، ئەویش فراوانی و بێسنووری، هەروەها بێ بنی و لە زۆر باریشدا جێگەی سڵکردنەوەو نەناسینن. لەلایەکی دیکەوە دوو وێنەی بەرجەستەی ئیستێتیکی گرنگن، کە گوزارشت لە سەرو خوار دەکەن و ناگیرێن، هەتا چاو بڕبکات درێژ دەبنەوە.

٢. وەک وترا هەندێکیان، گوزارشت لە فراوانی و بێسنووریو دەوڵەمەندی دەکەن. ئەمەش وای کردووە شاعیر بۆ مەبەستی جیاواز سوودیان لێوەربگرێت، بۆ نموونە: (دەریای دووری، دەریایەک تاسە، بەحر پڕ کەی لە تف...) لەبەرئەوە شاعیر لە بەشێکی ئەو وێنانەدا سوودی لە خەسڵەتی ڕاستەوخۆی دەریا بینیوە، بەڵام وەک وێنەیەکی مەجازی بەکاریهێناوە؛ لە وێنە شیعرییەکاندا هەمان خەسڵەتی دەریا دراوەتە پاڵ شتەگەلی بەرجەستەو نابەرجەستە. دووریو تاسە.. ئەو وێنانەن، کە بەهۆی دەریاوە ژان و ئازاری شاعیریان بەشێوەیەکی بەر فراوانو قووڵ نیشانداوە.

٣ـ خاڵێکی گرنگتر پەیوەند بەم مۆتیڤەوە، پەیوەستە بە جیهانبینی شاعیر بۆ دەریاو ئەو خەسڵەتە بەرجەستەو مەجازییانەی هەیەتی. ئەوەی جێگای سەرنجە لای ئێمەو هەڵقووڵاوی وردبوونەوەیە لە شیعرەکانی، گوتارو جیهانبینی گۆرانە کە زیاتر چێژی لەو شتانەدا بینیوە، کە ڕوونن و تێگەیشتنیان ئاسانە. بەڵام ئەم مۆتیڤە بەهۆی تایبەتمەندیی لێڵی و ناڕوونی و مەنگییەوە، وای‌کردووە شاعیر لایەنی نەرێنی دەریا ببینێ، پێی وابێ تێگەیشتن لە دەریا گرانە، چونکە قووڵو بێ بنو مەنگ و پڕ جووڵەو مەترسیدارە. لەبەرانبەریدا شاعیر کانی دەهێنێ، کە لەلایەک سرووشتێکی کوردستانی هەیە، هاوکات ڕوون و ئاشنایەو دەتوانین تێی بگەین. هەروەها هەر لەم لایەنەوە دەتوانین سوود لەوەش وەربگرین، کە شاعیر لە چەند شوێندا ئەم مۆتیڤە وەک دەروون دەبینێو دەروونیش لای ئەو وەک دەریایە، ناتوانین بەتەواوی بەسەریدا زاڵبین و تێی بگەین.

٤ـ هەروەها، دەریا و دەروون ئەو دوانەیەن جێگەی سەرنجی شاعیرن، چونکە وەک یەک فراوانو ناڕوونن، هاوکات دیوی بەرجەستەو نابەرجەستەشیان هەیە. بۆیە لە چەند شیعردا تێبینی ویستی شاعیر بۆ سنوورشکێنیو کردەی مەحاڵ دەبینین، کە شاعیر دەریای بە وێنەی شیعری وەرگرتووە، تا بتوانێ ئەو دیوە نەگیراو و لێڵەی دەریا[دەروون] ڕووناک بکاتەوە، بۆ ئەوەی دیاربێو لێی‌تێبگات. بۆ نموونە لە شیعرەکانی: (بۆ بلبل[پێشتر بە نموونە هێناومانەتەوە]، هەڵبەستی دەروون، بۆ گەورەیەکی شیعردۆست...)هەن. لە شیعری(بۆ گەورەیەکی شیعردۆست)دا دەنووسێ:

شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،

ڕوون‌بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ،... (دیوانی گۆران، ل ١١٤)

٥ـ لەڕووی وێنەی هونەرییەوە دەریا بە چەندین شێوازی جیاواز دەربڕدراوە. لەلایەک وەک خۆی، کە گوزارشتە لە شوێنێکی واقیعی. هەروەها وەک چواندن، کە ئەویش دوو لایەنییە: بۆ بەرجەستە[چاو، ئاسمان، خوێن، مەیدان...] بۆ نابەرجەستە[ئێش، تاسە، عیشوە، دەروون، دووری..] بەڵام وێنە نابەرجەستەکانی زیاترن و ئەمەش لەگەڵ خاڵی سێیەممان دێتەوە، کە ناتوانین بەسەر دەریادا زاڵبین، بەڵکو ئەو هەمیشە گەورەتر لە توانای ئێمەو شاعیریش هەوڵدەدات لەگەڵ مەحاڵ بجەنگێت. هەروەها شاعیر سوودی لە وێنەی جووڵاوی ئەم مۆتیڤە بینیوە، واتە لە چەند شیعرێکدا نوقوم‌بوونو شەپۆلو لافاوی دەریای وەک دیمەنی جیاواز نیشانداوە، کە شێوازی بەردەوامیو تایبەتمەندیی گێڕانەوەیان هەیە، بۆ نموونە لە شیعری (مۆسکۆی ئایار)دا، ئەم مۆتیڤە ڕۆڵی پێکهاتەیی لە ئاستی ئیستێتیکی و ناوەڕۆکی شیعرەکەی لە خۆگرتووە.

٦ـ مۆتیڤی دەریا لە بەشی زۆری ئەو شیعرانەی، ناوەڕۆکەکەیان زیاتر خەباتگێڕیو نیشتمانپەروەرییە، تێهەڵکێشی ئەو ئەرکە کراون، بۆ نموونە لە شیعری (بەڕێگادا..بەرەو کۆنفرانس). هاوکات دەریا تەنیا لایەنی تاریکو نەرێنی نییە، بەڵکو ئەگەری ئەوەی هەیە، گەوهەرو دڕو مرواری تێدا بێت. یاخود بەهۆی

ئەو هیواو ئومێدانەوە کە شاعیر لەم شیعرانەیدا نەخشی دەکات، ئەگەری بەسەردا زاڵبوونی دەریا دەبینین. یاخود لە هەندێکیدا دەریا وەک شوێنی واقیعی وێنا کراوە، کە تەی دەکرێت، بۆ نموونە لە شیعری (ڕێگای لەنین)دا دەنووسێ:

چیاو چیا، دەشتاو دەشت، دەریاو دەریا

پێوانەم کرد بەرەو باکووری ڕووی دنیا  (دیوانی شاعیر، ل٣٠٦)

لە شیعری(شەهید)یشدا شاعیر وێنەی شیعری "دەریای خوێن"ی بەکارهێناوە، کە گوزارشتە لە بەخشینی دەریایەک خوێنی شەهید بۆ نیشتمان.

دەبێ لەبارەی ئەم مۆتیڤەوە ئەوەش بڵێین، کە لە چەند شیعری شاعیردا وێنەو جووڵەی ڕەگەزەکانی دەریا بەکارهاتووە، بەڵام وەک ناو نەهاتووە، دەنا ناڕاستەوخۆ هەست بە ئامادەیی دەریا دەکەین، ئەمەش نیشانەی کاریگەریی ئەم مۆتیڤەیە لە شیعری شاعیردا، لێرەدا تەنیا نموونەیەک لەشیعری (بت_بتەوان)دا دەخەینەڕوو:

لافاوی ڕق نەختە نەختە،

گوڕ ئەخاتە هێزی زاتم

جۆشئەدا گەرمیی خەباتم!

لێکدانەوەی دوورو درێژ،

وەک کەشتی ئەمخاتە ناو گێژ

تاوێک ئەڵێم:

من چیم ؟ من کێم ؟ ... (دیوانی گۆران، ل ٢٨٨)

**٢. مۆتیڤی شیعر:** هونەر و شیعر بە تایبەتی لای شاعیر بەهایەکی بەرزیان هەیە، لەبەرئەوە بەپێویستمان زانی وەک مۆتیڤێکی کاریگەر لە جیهانبینی شاعیردا ئاوڕی لێ بدەینەوە. شیعرو هاوتا یان هاوواتاکانی[دیارە تەواو هاوواتا نین، بەڵام لە کۆنتێکستی شیعریدا وەک هاوتاو هاوواتا هەن] پانتاییەکی فراوانیان لە دیوانی شاعیردا داگیر کردووە، ئەم پانتاییەش تەنیا لە ئاستی زۆر دووبارەبوونەوەیدا نییە، بەڵکو لە ئاستی هزرو جیهانبینی شاعیریشدایە. مۆتیڤی"شیعر"زیاتر لە ٦٠ جار دووبارەبووەتەوە، هەروەها هاوتاکانی وەک (هەڵبەست، بەستە، خوێندن، ئاهەنگ، گۆرانی..) چەندین جار لەبری مۆتیڤی شیعر بەکارهاتوون، کە دیارترینیشیان دەتوانین لە (بلبل)دا ببینین. هاوکات ٦ جار وەک ناونیشانی

شیعری، لەکوێ ئەو نۆ کۆمەڵەیەدا هاتوون، جگەلەوەی چەندین شیعری بۆ شاعیران نووسیوە، واتە پەیوەندیی شیعرو شاعیرانیشی لەگەڵدایە. لێرەدا چەند سەرنجێک لەبارەی ئەم مۆتیڤەوە دەخەینەڕوو:

١. شاعیر لە چەندین شیعریدا باس لەوە دەکات، کە ئەو لە پێناو شیعردا هەیە، یاخود بۆ شیعرو ئەدەب زاوە[شیعری-دوا سەرنج_بە نموونە]. ئەم هەست و بیرکردنەوەیەش وای کردووە شیعر بنەمای ژیان و بوونی شاعیر بێت، بە واتایەکی تر ئەگەر شیعر نەبێ ئەوا ئەم بمرێ باشترە. بۆ نموونە لە شیعری (هەڵبەستی پەشیمان)دا دەنووسێ:

کە ڕووی لێ نیشت گەردی شیعرم، هەی جوانەمەرگ خۆم! هەی بمرم!..

(دیوانی شاعیر، ل ٣٩)

٢. شیعر لای شاعیر پێگەیەکی بەرزو پیرۆزی هەیە، لەبەرئەوەی توانای نەمرکردنو مانەوەی شتەکانی هەیە. شاعیر پێیوایە خۆی و کەسو شتەکانیش دەمرن، بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەوانە نەمرین، ئەوە شیعرە. بۆ نموونە لە شیعری(بۆ جوانی سەرەڕێ)دا دەنووسێ:

چونکی ئاخ! ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێنن،

بەڵام تۆ، خۆت و (دێ)ت لای من هەر ئەمێنن؛

تۆیش لەگەڵ هەر جوانێک ئەبینم تا ئەمرم،

ئەبیتە مرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم !...(دیوانی شاعیر، ل٢٧)

٣. شاعیر عاشقی هەموو شتێکی جوانە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵەی پێشوو، ئەم عاشقبوونە بە جوانی بۆ شیعر بنەمایەو زۆر خەمی بەردەوامی شیعری هەیە، تەنانەت دەتوانین بڵێین شاعیر لەبەر شیعر عاشقی شتە جوانەکانە، نایەوێت شیعر بوەستێت، چونکە هەموو شتە جوانەکانی تر لە شیعردا کۆدەبنەوەو ئەو توانای نەمرکردنی شتە جوانەکانی تری هەیە. بۆ نموونە لە شیعری(نیاز)دا تکا لە یار دەکات مەلی شیعری لە خوێندن بپارێزێت، ئەمەش دەرخەری هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە، کە عەشق بنەمای شیعرە، بەڵام ئەوە دەردەکەوێ کە خەمی بەردەوامی عەشق و بەردەوامی شیعر لە ململانێدان:

ئەمجا ئەی یار، ئەی خوا_ژنی عەشقم، ئەی ڤینۆس،

ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج، توالێت ئابنووس،

هیچ نەبێ بۆ*.. بۆ خاطری جاهی ئەپۆلۆ،

مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ! (دیوانی گۆران، ل٤٤)

[* لە چاپی پێنجەمی دیوانەکەدا لە نیوە دێڕی سێیەمدا لەبری "هیچ نەبێ بۆ"، کراوە بە" هیچ نەبێ تۆ"- کە پێمان وایە دەکرێ"تۆ" درووست بێت، چونکە ڕووی دەمی لە تۆیە].

٤- شیعر جیاواز لە شتە جوانەکانی تر کۆکەرەوەی هەردوو لایەنی جوانی مادی و مەعنەوییە. ئەو ململانێیەی لە خاڵی پێشوودا باسمان کرد بەهۆی ئەم خەسڵەتەی شیعرەوە، ئەم مۆتیڤە بەهێز دەکات. شاعیر لە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)دا باسی ئەزموونی خۆی دەکات، کە چۆن عاشقی هەموو شتێکی جوانە، بەڵام هەرکات گەیشتووە پێی، تێگەیشتووە کەمی و نوقسانییەک لەو شتە یان کەسە جوانەدا هەیە، لە کۆتایی شیعرەکەدا کە ئەو کچە بێگانەیەی هەرگیز بیرناچێتەوە، ئەمەش پرسیاری "بۆچی"؟ دێنێتە کایە، چونکە لەسەرەتاوە باسی کەموکوڕیی هەموو ئەو جوانانە دەکات، بینیونی، بەڵام ئەم کچەی بۆیە بیرناچێتەوە، چونکە دیوانێکی شیعری پێ داوە، ئەو دیوانەش جوانییەکی نەمری نیشانداوە. لەبەرئەوەی شیعر بەپێچەوانەی جوانییەکانی ترەوە کۆکەرەوەی هەردوو لایەنەکەیەو ئەمەش وای کردووە شاعیر پابەند و بە وەفاوە عاشقی شیعر بێ، بەڵام پابەندی هیچ ژنێک یان یارێک نەبووە:

لەبەرئەوە ئەی قژ زەردی بێگانە،

جیلوەی جوانیت لەبیرم چێ ئاسانە،

بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،

ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم!

گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم،

لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم: (...) (دیوانی گۆران، ل ٤٩)

٥- شاعیر چەند مەرجێک بۆ بەردەوامی ئەم مۆتیڤە دادەنێت، کە پێیوایە بەبێ ئەمانە شیعر ناتوانێت بژی. (عەشق، کە ئیلهامی شیعرە_ژنیش سەرچاوەی شیعر-شیعری "ژن"بە نموونە). (سەربەستی، کە توانای زاڵبوون بەسەر شیعردا دەڕەخسێنێ). (خەمخۆریو خۆ تەرخانکردن بۆ شیعر، چونکە شیعریش بەشێکە لە خەبات). بۆ نموونە لە شیعری(بۆ گەورەیەکی شیعردۆست)دا دەنووسێ:

بەسەر شیعرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ

بەرەڵڵا بێ، بە عارەقی عەشق مەست بێ، (دیوانی گۆران، ل١١٦)

یاخود لە شیعری"جواب بۆ جەناب"دا شاعیر شیعر وەک پیشەیەکی تایبەتی دەبینێ، کە نیگەرانیەتی و دەنووسێ:

لاکین ئاخۆ چ شاعیرێکیتر، شیعرە پیشەی: بە دائیمی، سەرومڕ؟

باوکتە، تۆیی، منم، ئەمە یا ئەو هەوڵی نانە بەڕۆژو، شیعرە بە شەو (دیوانی گۆران، ل١٢٢).

٦ـ شیعرەکانی شاعیر، ئەگەر بەسەر دوو لایەنی جوانی سرووشت و دڵداری، جوانی خەباتدا دابەش بکەین، دەکرێ ئەم مۆتیڤە لە هەردووکیاندا بە بنەماو ئامرازی بەهێز دابنێین، چونکە شیعر هەموو جوانییەکانی سرووشت و دڵداری لە خۆیدا کۆدەکاتەوەو نەمریان دەکات، لە خەباتیشدا شیعر لەنان گرنگترە، دەنگێکە بەڕووی ستەمکارانداو ئاوازی ئازادی دەچڕێ، بۆیە شیعر پیرۆزە و نابێ بفرۆشرێت. بۆ نموونە لە شیعری(هاوڕێم بێکەس)دا دەنووسێ:

کێ وا: لە ژێر زنجیرا        ئازادیی هات بە بیرا؟

بە شیعری جوان نەڕانی:   بە یادی کوردستانی!...

وەک هەندێ شاعیریتر   _تاڕادەیەک گورچکبڕ_

تەماع هەڵێنەفریوان        شیعر بفرۆشێ بۆ نان؛...(دیوانی گۆران، ل٨٥_٨٦)

٧ـ بەهۆی کاریگەری ئەم مۆتیڤە لە شیعرەکانی شاعیردا، گۆران لە شیعری(یادی پیرەمێردی بویژ)دا جیاوازی لەنێوان شیعری نەمر و شیعری کەمتەمەندا دەکات و پێیوایە هەندێک شیعر ڕاستە جوانەو بۆنی مەستت دەکات، بەڵام زوو دەمرێ، هەندێک شیعریش هەیە نەمرەو لە هەموو زەمەنو دۆخەکاندا کاری خۆی دەکات. ئەوەی گرنگە ئەمەشی بە شێوازی وێنەی شیعریو پانۆرامەیەکی شیعری نیشانداوە، کە زۆر بە وردی جیای کردوونەتەوە:

باغچەی هەڵبەست،

هەزارو یەک جۆر گوڵ ئەگرێ،

تیایا هەیە زوو ڕەس، بۆن مەست،

بەڵام، ئاخ، زوو هەڵئەوەرێ...(دیوانی گۆران، ل ٣٤٢_٣٤٣)

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی، کە دیاریکردنی مۆتیڤ، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاشنابوون بە جیهانبینی شیعری شاعیرو نزیکبوونەوە لە دنیای هونەری شیعرەکانی ئەودا دەبینێت.

## بەشی سێیەم

## لیریکی گۆران لە ڕوانگەی چەمکی شیکاریی بونیادگەریی (لۆتمان)ەوە

زانای زمانەوان و ئەدەبناسی ڕووس، یوری لۆتمان (1922_ ١٩٩٣)، پرۆفیسۆری زانکۆی"تارتۆ–ئیستلاند"، ناوێکی درەوشاوەی زانستی زمانەوانی و تیۆریستێکی ئەدەبناسیی بەنامێیە لە جیهاندا،

سەرەڕای بەرهەمە بەنرخەکانی دەربارەی کولتوور و فیکر و زمانەوانی، دوو کتێبی زۆر بایەخداری لە بارەی ئەدەبناسییەوە هەن: "بونیادی تێکستی هونەری – 1970" و "شیکاریی تێکستی شیعری: بونیادی شیعر – 1972"[218]، کە بەسەرچاوە هەوەڵین و سەرەکییەکانی دنیای ئەدەبناسیی جیهانی لەقەڵەم دەدرێن، بەتایبەتی ئەمەی دووەمیان کە چڕکردنەوە و پاڵفتەی تیۆری و میتۆدی شیکاریی شیعرییەتی کە بە کردنەوەی ئاسۆیەکی ڕۆشنی نەک هەر بەردەم توێژەران، بەڵکو مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ دەژمێردرێ و وەرگێڕدراوەتە سەر گەلێک لە زمانانی زیندوو، لە دوو بەش پێکدێ: بەشی تیۆری و هی پراکتیکی کە بۆ تەتبیقکردنی، نموونەی لە شیعری شاعیرە ناودارەکانی ڕۆژگاری جیاوازی ئەدەبی ڕووسی وەرگرتووە.[219]

هونەر لای لۆتمان مانایەکی فراوانی هەیە، پێی وایە کە: "مۆدێلە هونەرییەکان کەمتر وابەستەی کاتن، ئەوەی وادەکا هونەر بژی ئەوەیە کە مانای (لە خودی خۆیدا نییە)، بەڵکو لەو پەیوەندییەیدایە بەدەوروبەرەوە، بەو مەعریفەیەوە کە بەرهەمی هونەری دەربارەی واقیع دەیگەیەنێت، بۆ تێکستەکە خۆی نییە، بەڵکو بۆ پەیوەندیی کارە هونەرییەکەیە بە واقیعەوە. ڕۆمانێک، شیعرێک ئەوەندەمان فاکتە دەربارەی ئەو کاتەی تێیدا هاتووەتەکایە، یان دانەرەکەی ناداتێ، ئەوەندەی دید و گۆشەنیگایەکمان دەداتێ کە سەیری واقیعی پێ بکەین"[220]

لۆتمان لێرەدا دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەگەر هونەر ئاوێنەی ڕۆژگاری خۆی بێ، بۆچی ئێمە چێژ لە بەرهەمە هونەرییە دێرینە نەمرەکان وەردەگرین، کە ئەمەش بەرپەرچێکە بۆ ڕیالیزمێکی وشک و برینگ، هەروەک ئەدەبناسی سویدی، لارش کلێبیرگ، لە پێشەکیی وەرگێڕانی "شیکاریی تێکستی شیعری"ی لۆتماندا نووسیویەتی: "لۆتمان لە (1960)ەکانی سۆڤییەتدا کەوتبووە نێوان بەرداشی فۆرمالیستە ئۆرتۆدۆکسەکان و مارکسیستە تەقلیدییەکانەوە، نەشیدەویست ڕوانگەی خۆی لە شوێنێکی نێوان ئەو دوو ئۆردووگایەدا قەتیسبکا، بەڵکو خەریکی ئەوەبوو دوورتر و قووڵتر پەرە بە داهێنانە تیۆرییەکانی خۆی بدا و زۆر بۆچوون و چەمکی ڕاستەکردەوە: ئەوزاری دەربڕین چی دەردەبڕێ؟ هونەری وێنەی واقیع کێش، چۆن دەبێ؟ لۆتمان هەوڵیدەدا وەڵامێکی هاوبەشی ئەو دوو پرسیارە بداتەوە"[221].

---

[218] - Ю . М . Лотман , Анализ Поэтического Текста _ структура стиха , “ Просвешение” , Л., 1972.

یو . م . لۆتمان، شیکاریی تێکستی شیعری: بونیادی شیعر، "پرۆسفیشێنی- ڕۆشنگەری"، لینینگراد، 1972. (دواتر هەر ئاماژە بەمە دەدرێ).

[219] - Jurij Lotman. Den poetiska texten . Introduktion av Lars Kleberg , Stockholm , 1972, s. 9_10.

[220] - هەمان سەرچاوە، ل ١٣_١٤.

[221] - Jurij Lotman, Den poetiska texten , s. 12..

هەروەها هەمان زانا بەردەوامدەبێ و دەڵێ: "هونەر لە واقیع دەدوێ، مەعریفەمان دەداتێ، لەم پرسەدا{لۆتمان} پێی لەسەر بۆچوونی هیگڵی و مارکسیستیی خۆی دادەگرت و ڕووبەڕووی فۆرمالیستەکان دەبوویەوە، لەهەمان کاتیشدا لە ڕوانگەی ئیستێتیکیی خۆیەوە – وێنەکێشانی سادەلەوحانەی واقیعی ڕەتدەکردەوە- دەیوت: ئەگەر وابێ، دەبێ ڕیالیزمی فۆتۆگرافی باشترین ڕیالیزم بێ".[222] لەبەرئەوە میتۆدی ئەم زانایە، کە تێهەڵکێشی چەندین میتۆدی گرنگە بۆ کاری هونەری، حسابی بۆ هەموو لایەنێکی تێکستی هونەری کردووە.

هەر دەربارەی هەمان کتێبی لۆتمان لە پێشەکیی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیدا د.بارتون جۆنسن دەڵێ: "کاری هەرەدیاری پرۆفیسۆر لۆتمان – شیکاریی تێکستی شیعری: بونیادی شیعرە، بەشێکی، بەلای کەمەوە، هەوڵدانێکی بەرفراوانە بۆ ڕانانی پەیوەندیی نێوان تیۆرییەکەی و ڕەخنەی شیکاریی زمانی شیعریی هەنووکەیی. بەشی یەکەمی کتێبەکەی بریتییە لە پوختەی بنەمای پێکهاتەی تیۆرییەکەی، چەمکەکانی شیکاریی ئەو، ئاستی شیکارییەکانی ڕەگەزە کاریگەرییەکانی ئەم بەرهەمەی هی کتێبی یەکەمیەتی [مەبەست لە : بونیادی تێکستی هونەرییە] کە کەرەسەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە.

نیوەی دووەمی کتێبی شیکارییەکەی خستنەگەڕ و تەتبیقکردنی تیۆریی بونیادگەریی لۆتمانە، کە ڕەخنە و شیکاریی ورد و فراوانی بەرهەمی دەیان شاعیری ڕووسە، لە (باتوشکۆڤ)ەوە تا (زابۆلۆتسکی). هەر شیکارییەکی تیشکۆی چەمکی ڕێکخستنی بونیاد یان ئاستێکییەتی. سەرجەم مامەڵەی شەخسی بەمەبەستی ڕانان و نیشاندانی ئاسپێکتی جیای میتۆدۆلۆگیی شیکاریی بونیادگەرییە. ئەم ڕێبازە بۆ خوێنەر پردی نێوان بەرزترین ئاستی ئەبستراکتی تیۆریی چەمکەکان و ڕەخنەی پراکتیکییە"[223].

ئەم زانایە ئەوەی خستۆتەڕوو، کە لۆتمان پەرەی بە دیدی شیکاریی خۆی داوە و بەشێوەیەکی تر چڕوپوختی کردۆتەوە، هەر بەمەشەوە نەوەستاوەو نموونەی شیعری ڕووسیی بۆ سەلماندنی چەمک و بیرۆکەکانی هێناوەتەوە، هەرچەندە لارش کلێبیرگ لای وایە، ڕەنگە ئەو ئەنجامانەی لەو شیکارییەیدا دەربارەی شیعری ڕووسی ئەو پێی گەیشتوون، بۆ کەسێکی ناڕووس گرنگنەبێ، بەڵام جەوهەری کارەکەی ئەم لەوەدایە تیۆرییەکەی لە شیعردا بۆ شیکاریی زمانانی تر بەکاربهێنرێ.[224]

هەر لە پێشەکیی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا هاتووە، کە: "تیۆرییە ئەدەبییەکەی پرۆفیسۆر لۆتمان دوو جۆر چەمکی بنەڕەتیی لێک نزیکی هەن– مەبەست لە سیمیۆتیک (زانستی نیشانە)و بونیادگەرییە. سیمیۆتیک بەوە دەناسرێ، کە زانستی نیشانە و سیستێمێکە لە تایبەتمەندیی نیشانە و بنەڕەت و لێکدان

---

222 - Ibid.

223 -Yury Lotman. Analysis of the Poetic Text( Analizpoeticheskogotexta . Edited & Translated by D. Barton Johnson 1976, USA, p. X.

224 - Yurij Lotman , Den poetiska texten , s. 9_10.

و پێکهاتنیان دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە: وشە و لێکدانی وشەی زمانی ئاسایی و زمانی هونەری، میتافۆری زمانی شیعری، سیمبۆلی کیمیایی و ماتماتیکی. هەروەها مامەڵەی سیستێمی نیشانە دەکا وەکو لۆجیکی زانستیو میکانیکی، زمانی قوتابخانەی شیعریی جیاجیا، کۆد و سیستێمی پەیوەندیی گیانداران...هتد"[225].

لۆتمان پێشتر لە کتێبی "بونیادی تێکستی هونەری"دا دەربارەی زمانی شیعری دواوە و دەڵێ: "زمانی شیعری بونیادێکی تێکچرژاوی هەیە کە لەچاو زمانی ئاساییدا زۆر ئاڵۆزە. ئەگەر قەبارەی ئەو زانیارییانەی لە شیعرییەتدا (شیعربێ یان پەخشان لەم حاڵەتەدا گرنگ نییە) و لە زمانی ئاساییدا (وای دانێین، بەراوردی دوو تێکستی هەمان زمان بکەین، کە بەهەمان وشە و پێکهاتەی سینتاکسی بونیادنراون، یەکێکیان بە بەشێک لە بەرهەمی هونەری دەژمێردرێ و ئەوی تریان، نەء)، چونکە لەمەی دواییاندا زمانی هونەری نییە و بێ پێچ و پەنا، مردووە. کارەکە بەجۆرێکی ترە: ئاڵۆزبوونی ئەو بونیادە هونەرییەی کە لە کەرەسەی زمان پێکدێ، قەبارەیەکی زانیاریی وەها دەدات، کە بە هیچ شێوەیەک بەهۆی ئەوزاری زمانی ئاساییەوە نارەخسێ و فەراهەم نابێ"[226].

لۆتمان هەر لەوێ بەردەوامدەبێ و دەڵێ: "کاتێ نووسەر ژانرێکی دیاریکراو، شێواز یان رێبازێکی هونەری هەڵدەبژێرێ، ئەوە دەیەوێ بەو هۆیەوە لەگەڵ خوێنەر بدوێ. ئەم زمانە دەچێتە پێکهاتەی هەرەمیی ئاڵۆزی زمانە هونەرییەکانی ئەو قۆناغە، ئەو کولتوورە، ئەو گەلە یان مرۆڤایەتییەوە (لە کۆتاییدا پێداویستیی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەم پرسە بەم جۆرە دێتەکایە)"[227]

لۆتمان بەئاشکرا شوێنپێی رۆمان یاکۆبسۆن و دیدی ئەم هەڵدەگرێ، هەر ل. کلێبێرگ ئاماژەی بەمەداوە و باسی کاریگەریی بەرهەمەکەی رۆمان یاکۆبسۆن "پۆیەتیک و لینگویستیک" لەسەر لۆتمان دەکا، بەڵام هەر خۆشی روونیکردۆتەوە کە ئەم شیکاریی زمانەوانی ناکات {لەبەرهەمە ئەدەبناسییەکانیدا} بەڵکو بۆ توێژینەوەی ئەدەبناسی سوودی لێ وەردەگرێ[228].

شایانی باسە، هەر لەسەرەتاشەوە و بەپێچەوانەی یاکوبسۆنەوە کە باوەڕی بە "ئۆتۆنۆمییەتی رەهای تێکست" هەبوو، لۆتمان هەمیشە دەرگای لەسەر کۆدەکانی تر بۆ لێکدانەوە و شیکاریی تێکست دانەدەخست و هەرچەندە تێکستی لە چەقی تیۆرییەکەیدا دادەنا، بەڵام بایەخی بەو دەورە کولتوورییەش دەدا کە تێکستەکەی تێدا هاتۆتەکایە. دواتر دوابونیادگەرەکان گەڕانەوە سەر بۆچوونەکانی ئەم و

---

[225]- Yury Lotman , Analysis of the Poetic Text, p. xi.

[226] - Ю . М. Лотман. СтруктураХудожестевного Техста ,” Искусства” , М., 1970 , с. 7.

یو. م . لۆتمان. بونیادی تێکستی هونەری، "یسکووستڤا – هونەر"، مۆسکۆ، 1970 ، ل 7. ( لەمەودوا ئاماژەی ئەمە دەکرێ).

[227] ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[228] - Yurij Lotman. Den poetiska texten , s. 11..

پەیڕەویانکرد. هەر بۆیە لۆتمان بە بایەخەوە لە گرنگی مانای دەروانی و پێی وابوو، هیچ شتێک لە تێکسدا بێ مانا نییە و دەبێت توێژەر وریایانە ماناکان بدۆزێتەوە.

لۆتمان ئاماژە بە دیدی زانای فەرەنسایی ئەنترۆپۆلۆگیا، لیڤی شتراوس، کە تیۆریستێکی بونیادگەری دیارە دەربارەی بونیاد دەدا، کە دەڵێ: "بونیاد تەبیعەتی سیستێمی هەیە. پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی بەشێوەیەکە، کە گۆڕینی هەر یەکێکیان گۆڕانی ئەوانی دیشی بەدوادا دێ"[229].

لۆتمان زیاتر ئەم بیرۆکەیەی ل. شتراوس ڕووندەکاتەوە و گەشەی پێ دەدا و دەڵێ: "بنەڕەتی شیکاریی بونیاد لەوەدایە کە سەیری بەرهەمی ئەدەبی وەک هەمەیەکی ئۆرگانی بکەی، لەم شیکارییەدا تێکست وەک چەردەیەکی میکانیکیی ئەو ڕەگەزانە سەیرناکرێت، کە بەرهەمەکەیان لێ دادەڕێژرێ، ئەو ڕەگەزانەش (لەخۆیاندا) تەبیعەتی ڕەهای خۆیان لە دەستدەدەن: هەریەک لەوانە تەنیا لە پەیوەندییاندا لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر و سەرجەمی بونیادی تێکستەکەدا دێنەکایە"[230].

ئێمەش کە توێژینەکەوەمان بە میتۆدی لۆتمان ئەنجامدەدەین و لە وانەی "پرۆژەی ماستەرنامە"شدا خوێندوومانە، (9) کۆنسێپتی زۆر گرنگی کتێبی (شیکاریی تێکستی شیعریی – بونیادی شیعر)ەکەیمان هەڵبژاردووە، کە بەگرنگ و گونجاومان زانیون و لەبەر ڕۆشناییاندا هەوڵدەدەین شیعرە لیریکییەکانی گۆران شیبکەینەوە، کە ئەمانەن:

1-زمان وەک کەرەسەی ئەدەب. 2-سرووشتی شیعر. 3-دووبارەکردنەوەی هونەری. 4-ئاستی لێکسیکیی شیعر. 5-چەمکی پارالێلیزم. 6- دێڕ(بەیت)ی شیعر وەک یەکێتییەک. 7-"وشەی نامۆ" لە تێکستی شیعریدا. 8-تێکست وەک سەرجەم (کوللێک): پێکهاتەی شیعر. 9-تێکست و سیستێم.

## یەکەم/ زمان وەک کەرەسەی ئەدەب

ئەو ناونیشانەی سەرەوە یەکێکە لەو چەمکانەی کە تیۆرییەکەی(یوری لۆتمان) پێکدێنن، زانای ناوبراو دەڵێ: "زمان کەرەسەی ئەدەبە. هەر لەخودی ئەم پێناسەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە زمان لە پەیوەندیدا بە ئەدەبەوە وەک کەرەسەیەکی سەرەتایی وایە، وەک ڕەنگ لە نیگارکێشان، بەرد لە پەیکەرتاشیو دەنگ لە مۆسیقادا".[231] لۆتمان دواتر گەشە بەم بیرۆکەیەی دەداو جیاوازییەک لەنێوان زمانو کەرەسەکانیتری

---

229 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری: بونیادی شیعر، ل ١٢_١٣.

230 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

231 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٨.

هونەردا وەک ڕەنگو بەردو دەنگ...هتد دەبینیو دەڵێ: "ئەم کەرەسانە بونیادی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوە لەسرووشتەوەیەو نەهێنراوەتە پرۆسەی کۆمەڵایەتی(ئایدۆلۆجی)یەوە...زمان لەم گۆشەنیگایەوە کەرەسەیەکی تایبەتییەو چالاکییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی پێوە دیارە، هەرپێش ئەوەش بکەوێتە دەستی هونەرمەندەوە."[232] لەم خاڵەوە، لۆتمان لەلایەک جیاوازی ئەدەب لەگەڵ هونەرەکانی تر دەکات، هاوکات گرنگیی زمان بۆ ئەدەب دەردەخات، کە چۆن زمان بەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەوە بەشداری لە ئافراندنی بەرهەمی تاکەکەسی دەکات. لەبەرئەوە پەیوەندیی زمانو ئەدەب تێکچڕژاوو ئاڵۆزە. هەندێک ڕەخنەگر شیعر وەک زمان دەناسنو[233] ناسنامەی شیعر لە زماندا دەبینن. یاخود یاکۆبسن، ئەدەبی وەک هێرشێکی ڕێکخراوەیی بۆ سەر زمان دەزانی[234].

بەڵام لەکۆتاییدا شیعر چ وەک زمان، چ وەک هێرش بۆ سەر زمان، دەرخەری گرنگیی زمانە لە ئەدەبیاتو شیعردا، کە دیسانەوە وەک لۆتمان دەڵێ: "[زمان]ئەو کەرەسەیەیە کە ئەدەب بەکاریدێنێ بۆ ئەو واقیعەی کە هەیە".[235] لۆتمان لەسەر ئەم بنەمایە چەند سیستێمێکی نیشانەیی جیادەکاتەوەو زمانی شیعر بە سیستێمی نیشانەی مۆدێلی پلە دوو دادەنێت. ئەو پێیوایە ئەم سیستێمە ئاڵۆزەو دەڵێ: "پەیوەندیی نێوان زمانی سرووشتیو شیعر ئەو هاوپەیوەندییە تێکچڕژاوەی نێوانی زمانی یەکەمو دووەم لە چوارچێوەی سەرجەمی پێکهاتەیەکی هەمەلایەنەی کولتووریێکی دیاریکراودا، دیاریدەکات".[236] لەبەرئەوە پەیوەندیی زمانی سرووشتی بە زمانی شیعرەوە، وەک تێکئاڵانی دووانەی دژن، چونکە شیعر داهێنانی تاکەکەسیو لادەرەو زمانیش پابەندو گشتییە.

هاوکات لۆتمان، شیعر وەک دیاردەیەکی جیهانی دەبینێت، ئەمە بە تواناو موعجیزەیەکی گەورە دادەنێت، کە شیعر زمانی نەتەوەیی بە جیهانی دەکات[237] هەروەک بابەک ئەحمەدی ئاماژەی بۆ دەکا: پەیوەندیی نیشانەیی لە زماندا بنەمایە، چونکە لە پەیوەندیدا وشەکان جیاوازییان دەردەکەوێو ماناو بەها پەیدا دەکەن[238]. دەمانەوێت لەبارەی زمانو پەیوەندیی نیشانەیی لەنێو چەند شیعرێکدا هەڵوەستە بکەین. ئەم پەیوەندییەش گەلێک ئاڵۆزو پێکداچووە، ئەمەش بۆ سرووشتی شیعرو هی زمان دەگەڕێتەوە. وەک

---

232 - سەرچاوەی پێشوو.

233- بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو راڤەی دەق. کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی، مسعود بابایی.چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما- هەولێر ٢٠٠٤.ل ٦٣

234 - امیر عباس عزیزیفر، مهدی نیکمنش، نگاهی بەمهمترین گونەهای هنجارگریزی زبانی در شعر نیما، فصلنامە علمی-پژهشی زبان، دانشگاه زهرا، سال ششم، شمارە ١٠ بهار١٣٩٣.ص١٢٦.

235 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٢١.

236 - سەرچاوەی پێشوو.

237 - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١_٢٢.

238 - بابک احمدی، از نشانەهای تصویری تا متن(بەسوی نشانەشناسی ارتباط دیداری).نشر مرکز:تهران. چاپ دهم-١٣٨٩. ص ٣٣.

پێشتر ئاماژەمان بە بۆچوونی لۆتمان‌دا: زمان لەم گۆشەنیگایەوە کەرەسەیەکی تایبەتییەو هەرپێش ئەوەی بکەوێتە دەستی هونەرمەندەوە چالاکییەکی بەرچاوی کۆمەلایەتی هەیە. ئەم ڕوانینە، کە (شکلۆفسکی)ش ئاماژەی بۆ دەکات، زۆر بنەڕەتییە.[239] لەم بۆچوونەوە ئەوە دەخوێنینەوە، کە کاری شاعیر ئاسان‌نییە، چونکە دەبێت کاری هەلوەشاندنەوەو بونیادنانەوە بکات. ناکرێت زمان بەو بەها جێگرە کۆمەلایەتییەی هەیەتی بەکاربهێنرێ، یاکۆبسن دەلێ: "زمان تاکە شتە، ناتوانرێ دابین‌بکرێت چونکە کاتێ لەدایک ئەبێ، خاوەنداری گشتی پێوەیەو تایبەت نییە، ئەگەر تایبەت بوایە توانای گەیاندنی نەدەبوو"[240] لێرەدا باشتر لەو پارادۆکسە بنەڕەتییە تێدەگەین، کە زمان کۆمەلایەتییەو گەر کۆمەلایەتیش نەبێت بۆ پەیوەندی ناشێت. شاعیر زمانی ئاسایی یان وەک ماکارۆڤسکی بە(زمانی ستاندارد)ی[241] ناو دەبا، دەخاتە نێو پەیوەندی دەلالیی نوێ‌و تاکەکەسی دەکاتەوە. بۆ خستنەکاری ئەم چەمکەی یوری لۆتمان‌و پراکتیزەکردنی هەولدەدەین لە شیعری شاعیری توێژینەوەکەمان- گۆران، نموونە بهێنینەوە:

شیعری "ئاواتی دووری" لە (٥) کۆپلەی(٤) دێڕی پێکهاتووە، کە تێهەلکێشی کێشی خۆمالێو عەرووزە (موزاریع) عەرووزەکەش لە سیستێمی کێشی بڕگەو دەنگی کوردییەوە نزیکە[242] دێڕی دووەم‌و سێیەم لەسەر کێشی بڕگەیی‌و دێڕی یەکەم‌و چوارەمیش بە کێشی عەرووزە. ئەم شێوازی تێکەلکردنە پێش گۆران بەکار نەهاتووە. جگە لە تێکەلی عەرووزو بڕگەیی، سوودی لە چوار جۆر کەرتی جیاوازی(١٤-٨-٥-٦)بینیوە[243]. هەموو ئەمانەش لە شیعردا جۆرێکن لە سنوور و ویستی دەرچوون لە سنوور، کە دیدێکی لۆتمانمان بیردەخاتەوە، کە پێی‌وایە: سەرەڕای سنووردارێی زمان، شیعر گەلێ سنووردارێ دیکەی هەن، کە نەک نرخی زانیاریی هونەری کەم‌ناکەنەوە، بەلکو زیادی دەکەن[244]. سیستێمی کێش‌و سەرواو ڕێکخستنی تایبەتی تێکستەکە، سنووری شیعرەکە دیاریدەکەن. لەم شیعرەدا شێوازی پەیوەندیی جیاواز لە کۆپلەکاندا نیشاندراوە. هەر کۆپلەیەکی تێکستەکە تایبەتە بەئەزموون‌و گفتوگۆی هەستێک لە هەستەکان‌و وێنەکێشانی، بەلام لەشێوەی یادەوەری‌و ئەزموونی واقیعیدان. لەبەرئەوە شیعرەکە هەستێکی نۆستالژییە بۆ ئەو شتەی لەدەستدراوە. نۆستالژیش هەمیشە ئاوڕدانەوەیە لەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕابردوویدا هەیبوون و لە دەستی داون، یان کە دوور دەکەوێتەوە لە زێدی، جۆرە پیرۆزییەکی بۆ زێدو هەموو شتەکانی، تەنانەت بێ ئەرزش‌و نرخەکانی لا پەیدا دەبێ و ئەمەش هەوێنی شیعری

239 - بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو راڤەی دەق-کتێبی یەکەم: ل ٦٤.

240 - د.عبدالقادر حمەامین محمد، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا. مەلبەندی کوردۆلۆجی_سلێمانی-٢٠٠٨، ل ١٧

241 - جان ماکارۆڤسکی، زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی، کتێبی ئەلقەی زمانەوانی پراگ_مۆسکۆ١٩٧٢.

242 - پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل ٦٢.

243 - فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی.. ل١٠١

244 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٣٥.

ڕاستەقینەیە. شاعیر بەهۆی یادەوەرییەوە داوای ئامادەیی واقیعی لە چاوو گوێو لووتدەکات. لە خوارەوە لە هەریەک لە کۆپلەکان ورد دەبینەوە:

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت،

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت؟

کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟

کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟

کوانێ زوڵفی ڕەش؟

کوڵمی ئاڵو گەش؟

کوا هەیکەلی جەمال؟

کوا حوسنی بێ میثال؟ (دیوانی گۆران، ل ١٣)

لێرەدا ئەگەر لە یەکبەیەکی وشەکان وردبینەوەو نەتوانین بچینە نێو پەیوەندیی نوێی وشەکان لەگەڵ یەکتر زانیاریی وردمان دەستناکەوێت: (چاو، باز، قەفەس، هەڵوەرین، پەڕ، نیگا، باڵ...) هەریەکەیان ماناو دەلالەتی خۆیان هەیەو سەر بە بونیادی جیاوازیی سیمانتیکین. بەڵام دەلالەتی ئەم وشانە لە شیعرەکەدا جیاوازن. شاعیر بانگی چاو وەک بوونەوەرێکی ئاگادار دەکات[ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی هەیە]. هاوکات چاوی بە باز چوواندووە. باز جێگەی چاوی گرتوتەوەو شاعیر لەگەڵ لەوچودا (باز) بەردەوام دەبێتو لە نیوە دێڕی دووەمدا لە باڵە تیژەکانی[نیگا] دەپرسێت؛ بەڵام مەبەستی نیگای چاوە. لێرەدا پەیوەندیی دەلالی نوێ لەنێوان (چاو-باز)دا سازکراوە. هەڵوەرینی پەڕ نیشانەی نەخۆشیو پیربوونو لاوازییە بۆ باز. بەڵام شاعیر مەبەستی بزێوی[چاوی عاشق]و مەستیی[چاوی مەعشوقە]. فرێزی (باڵە تیژەکان) پەیوەندی دەلالیی بە چاوەوە هەیە، بەڵام لە واقیعدا پەیوەندیی بە بازەوەیە. لەبەرئەوە چاوی نێو شیعرەکە ئەو چاوە نییە، کە لە فەرهەنگی زماندا وەک ئەندامێکی هەستکردن بۆ بینینە. چاو لێرەدا دیلەو شاعیر پرسیاری ئەو چاوە ئازادە دەکات، کە هەبووە. دەزانین باز لەوەیە لە قەفەسدا بێ[ئەم ئەگەرە بۆ باز گونجاوە]. بەڵام چاو قەفەسی نییە. لەبەرئەوە وێنەسازیی نێوان (چاو-باز) نوێیەو جیاوازە لە (چاو-باز)ی زمانی زانیاری بەخشی ئاسایی، تەنانەت بەشێوەیەک لە نەریتی ئیستاتیکی شیعری کلاسیک-تەقلیدیش جیاوازە. لەبەرئەوە ئاوێزانبوونی زمانی ڕۆژانە بە نێو زمانی دەلالیدا بووەتە هۆی سازبوونی دەلالەتی نوێ.

هەر بۆیە دوو سیستێمی نیشانەی جیاوازمان هەیە: (بازو قەفەس، پەڕ، هەڵوەرین، باڵ) ئەمانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نیشانەیی لە زمانەکەماندا سازکراونو ئاماژە بۆ دنیای باڵندەی نێو قەفەس دەکەن.

سیستێمێکی دیکەش: (چاو، نیگا، حوسن، دلبەر...)ە. وەک لۆتمان دەڵێ: "نیشانە لە زماندا کۆبونەوەی میکانیکیی (شتە) نەگونجاو و لێکجیاکانی ناوەوەی دیاردەیەک نییە، بەپێچەوانەوە سیستێمێک بونیاد دەنێت. زمان خۆی سیستێمێکە، کە تەبیعەتی ئەنجامی ڕێساو یاسایەکی دیاریکراوە کە پێناسەی ڕەگەزەکانی پەیوەندییەکانی ناوەوە دەکات"[245]. ئەم دوو سیستێمە جیاوازە بەهۆی نیشانەی نزیکو هاوبەشیانەوە یەکخراون. لەڕێگەی (نیگا)وە (دلبەر)مان هەیە، هەروەک بەهۆی هونەری ڕەوانبێژیی لێکچوونەوە پێشتر (چاو-باز) و (باڵیتیژ-برژانگ)، بە کردنەوەی چاو=نیگا، برژانگ= باڵیتیژ دەکرێتەوەو نیگای دلبەر دەکات. لێرەشدا باشتر لە(هەڵوەرینی پەڕ) تێدەگەین.

هەروەها دەتوانین بەمجۆرەش ئەم کۆپلەیە بخوێنینەوە: لە چاوی دیل دەپرسێت، کوا ئەو باڵە تیژانەی... کە وەک کلیلی قەفەسن. پەیوەندییەکە لەنێوان دوو چاودا سازکراوە، چاوی عاشق[چاو لەڕێیە] بۆ چاوی مەعشوق[کە نائامادەیە]. شاعیر لەسەرەتاوە وێنەی جوانیی بەرجەستەو ماتریال[برۆ-زولف..] نیشاندەداتو پاشان بۆ وێنەی جوانی ئایدیالیی[حوسنی بێ میسال]دەڕوات[246] کە خۆشەویستیش لە هاوبەشی هەردوو وێنەکەدا دەردەکەوێت. بەڵام جوانییە مادییەکە زیاتر بەرجەستەترە. ئەمەش گوزارشت لە جیهانبینی شاعیر بۆ جوانی ئافرەت دەکات. لەم کۆپلەیەدا سوود لە خستنەپاڵی ناو و ئاوەڵناو بینراوە. ناوەکان بۆ تۆ و ئەو (دڵبەرت، کولمی، زولفی، برۆی). هەروەها سوودی لە ئامرازی(و،ی) پێکەوەبەستن بینیوە. زۆرینەی ڕستەکانیش پرسیارین. گۆران لە کۆپلەی دووەمدا دەڵێ:

ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم!

دەنگێ لە یاری دوورەوە، چی بکەم لە زیلو بەم؟ (دیوانی گۆران، ل ١٣)

لە کۆپلەی یەکەم پەیوەندیمان بە بینینەوە هەبوو، لێرەدا لەگەڵ دەنگ: (گوێ-دەنگێ-زیلوبەم). بۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆپلەی پێشوو ناتوانین لەم کۆپلەیە تێبگەین[ئەمە بۆ کۆپلەکانی دیکەش درووستە]. شاعیر بەشێوەیەکی ورد پەیوەندیو گرێچنی نێوان پاژەکانی شیعرەکەی سازکردووە. وەک بەدیهێنانی چەمکی هاوئاهەنگیو گونجان کە بە ئینگلیزی(Cohesion)و (Coherence)، بەعەرەبیش(تناسق، انسجام)ی پێ دەوترێو یەکێکە لە ڕێسا بنەڕەتییەکانی بونیادی هونەری بەگشتیو شیعر بەتایبەتی.

(ئەی گوێ). شاعیر زەلیلی چاوەو پەنا بۆ گوێ دەبات: (پەنابردن) بۆ گوێ بەهۆی ئەو بونیادە شیعرییەوە دێتەوە، بەڵام لە زمانی ئاساییدا ئەمە نەشیاوە. لێرەدا نیشانە نوێیەکانی شیعرەکە پەیوەندییان سازکردووە، کە لە هەر کۆپلەیەکدا شاعیر پەنا بۆ یەکێک لە ئۆرگانەکانی هەست دەبات،

245 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٩.

246 - پ.د.زاهیرلەتیفکەریم، پ.د.نیان نەوشیروان فوئاد مەستی: ئۆنتۆلۆژیا لەشیعری گۆراندا:

http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=3392&type=farhang

دەنگێکی تایبەتو پڕ لە یادگاری هەیە، کە پەیوەندیی ئەو دەنگەی لەگەڵ (زیلوبەم) سازکردووە، وەک چواندنی دەنگەکە بەوان، بەڵام توانای جێگرەوەی دەنگی یاریان نییە. شاعیر چەقی بیرکردنەوەی خۆی لە بونیادی (یار)و بەژنو ئەندامی ئەودا کۆکردووەتەوە. لەڕاستیدا پلە یەکیی یار لە شیعری گۆراندا و ڕەگەزەکانی تری سرووشت لە خزمەتی یاردا، خەسڵەتێکی دیاری دیدی جوانیناسی ئەم شاعیرەیەو نموونەی لەمجۆرەی کەمنین[لەبەشی دووەمدا لەم بارەیەوە نموونەمان خستووەتەڕوو] لێرەدا "زیلوبەم" کە دوو ئامێری مۆسیقان، بە بێدەنگی ئازیز چییان لێبکات:

بابێ، خەندەی پڕ ئاهەنگ بێ!

نەغمەی نازی شوخ و شەنگ بێ!

زڕەی بازن بێ!

بەرەو لای من بێ!

هاڕەی هەیاسەکەی،

ورشەی کراسەکەی!... (دیوانی گۆران، ل ١٣_١٤)

دەنگەکان بەشێکن لە یادەوەریو لە واقیعدا نەماون، شاعیر دەیەوێ لە دنیای شیعریدا قەرەبوویان بکاتەوە، ئەمەش بیرخەرەوەی ئەو چەمکەیە، کە لۆتمان دەربارەی دەڵێ: "نیشانە هەمیشە قەرەبووکەرەوەی شتێکیترە، هەمیشە جێگرەوەی شتێکیترە. لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشدا نیشانە هەمیشە جێگرەوەی ئەو بەهایانەیە کە ڕایاندەنێو دەریاندەخات. پەیوەندیی نێوان جێگرەوەو ئەو شتەی جێگەی دەگرێتەوە، لەنێوان شێوەو ناوەڕۆکدا نیشانەی سیمانتیکی (دەلالی) دەیکات. ئەو ڕاستیەی کە سیمانتیک هەمیشە جۆرێکە لە پەیوەندی مانای ئەوەیە کە ناوەڕۆکو دەربڕین(تەبعیر) یەکشتنین"[247]. (واقیع) رابووردووەو شاعیر دەیەوێ یادەوەری جێگرەوەی بێت. هەروەها هەموو ڕەگەزە ڕیالییەکانی پێکهاتەی شیعرەکە لە واقیعێکی هونەرییدا بەرجەستەکراون. شاعیر بەهۆی فرێزی چنراوی شیعرییەوە سەرنجی لە شتە وردەکان داوە: (زەڕی بازن-ورشەی کراس). یاخود (نەغمەی ناز) کە سازکراوی دەروونی شاعیرەو ناز خەسڵەتی ئاوازو دەنگی نییە. بۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمانی شیعریو نیشانە زمانییەکان بۆ سازدانی کەشوهەوای ئاوازەیی بەشێک لە هۆنراوەکە کە تایبەتە بە (بینین)، ناتوانرێ لەزمانی ئاساییدا بدۆزرێتەوە.

شاعیر لە هێنانەکایەی زمانێکی شیعرییدا سەرکەوتوو بووە، لە ئاستی پارادیگمدا بۆ هەر ٥ کۆپلەکە ٥ ناو بە(ئەی-وەک بانگکردن) بەکاردەهێنێو لە هەریەکێکیاندا بە نۆبە هەڵبژاردنێکی نوێدەکات (زەلیلی چاو-پەنابردن-مەئیوس-بەخت-دەخیل). بۆیە خوێنەر بە یارمەتیی زمانی گشتی دەتوانێت لە سیستێمی زمانی دووەم(کە زمانی دەقەکەیە) تێبگات. لۆتمان لەبارەی ئەم زمانەوە دەڵێ: "واتای زمانی نەتەوەیی

[247] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٩.

بۆ پێکهاتنی سیستێمی مۆدێلی پلە دوو ڕاستیەکی بەردەوامو حاشاهەڵنەگرە. بەتایبەتیو هەمیشە ئەوە لە شیعردا و لەگەڵ ئەوەشدا پرسی پەیدابوونی شیعر لەسەر بنەمای ترادسیۆنی زمانی نەتەوەیی پێکهاتەیەکی پڕ دژایەتییە"[248] واتە بەیارمەتیی زمانی یەکەم، کۆدی دەقەکە دەکرێتەوە، هەرچەند لە زۆر ئاستدا زمانی یەکەم لەنێو دەقەکەدا دەتوێتەوەو تێکدەشکێنرێت.

لەم دەقەدا زمانێکی دەلالیی جیاواز لە زمانی ڕۆژانە هەیە، چاو-گوێ- نەغمەی ناز-ورشەی کراس...لەنێو سیستێمێکی نیشانەی جیاواز لە زمانی سرووشتیدان. لۆتمان لەبارەی هەردوو چەمکی ئایکۆنو کۆنڤێشناڵە دەڵێ: "[ئەگەر] لەیەکچوون لەنێوان ناوەرۆکو شێوەی دەربڕینەکەدا هەبوو-بۆ نموونە لەنێوان شوێنێک لەواقیع و نەخشەدا، لەنێوان ڕوخسارو پۆرترێتەکەدا، لەنێوان مرۆڤ و وێنەکەیدا- ئەوکاتە نیشانەکە بە جامی (وێنەی)یی یان ئایکۆنی ناودەبرێ... چەمکی (لێکچوون) لەنێوان نیشانەو شت(بابەت)و واتاکەیدا کۆنڤێشناڵە"[249]. بەم پێیە: (زڕەی بازن، ورشەی کراس) تێهەڵکێشی نیشانەی ئایکۆنیو کۆنڤێشناڵە. بەڵام (خەندەی پڕ ئاهەنگ، نەغمەی ناز) سازکراوی شیعریین. لە کۆپلەی سێیەمدا شاعیر دەڵێ:

ئەی حیسسی شاممە! لە چاوو لەگوێچکە مەئیووسم،

بۆنێ لەیارەوە دێنێ خیتامی ئەفسوسم؛

بابێ: بۆنی هەناسەی بێ،

پڕ بەسینەم وەک تاسەی بێ!

بابێ بۆی مەمەی،

لە درزی سوخمەی:

بۆنی وەنەوشە، گوڵ

مێخەک، عەتر ، سمڵ... (دیوانی گۆران، ل ١٤)

لێرەدا بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە پەیوەندیی سازکراوە. خستنە تەکیەکی وشەکانو ئەرکیان بەپێی واقیعی شیعرەکە ڕێکخراون، نەک بەپێی یاسای زمانی ئاسایی. بە واتایەکی تر ئاستی سینتاگمی گۆڕدراوە بە هی پارادیگمی_ئەمەش هێنانەکایەی کرۆکی زمانی شیعرییە. ڕستەکان چڕ و برووسکە ئاسان. (بۆنی عەتر، وەنەوشە، مێخەکو سمڵ) دەروونین نەک واقیعی، لە درزی سوخمەوە بۆنی وەنەوشەو گوڵ نایەت. لەبەرئەوە زنجیرەی ڕێکخستنی زمان لە ئاستی ستوونیو ئاسۆییدا بەشێوازی شیعری هەڵبژێراوە. لەئاستی ئاسۆییدا: (بابێ، بۆنی هەناسەی بێ-بێ) زیادەیە. [با: بۆنی هەناسەی بێ]

248 - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

249 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

دووبارەکردنەوەی(بێ) لەئاستی ئاوازەو دۆخی دەروونی شیعرەکەوە پێویستییە. دەنا هەردوو نیوە دێڕەکە یەک ڕستەن، بەمجۆرە: (با بۆنی هەناسەی وەک تاسەی سینەم پڕبکا..) لێرەدا وا دەردەکەوێ دوو (بێ) زیادەن، بەڵام بێ واتاو زیادە نین، بەڵکو پێویستی دەلالیو ئاوازەی شیعرین. چونکە لەئاستی ستوونیدا (با بێ،)ی یەکەم، زنجیرەیەک دێڕی بەخۆیەوە گرێداوەو لەبری ئەوانیتریش هاتووە. هەروەک لە دێڕەکانیتردا ناڵێ (با زرەی بازن بێ–با نەغمەی نازی بێ..) لەبەرئەوە (با بێ،)ی یەکەم بۆ سەرجەم دێڕەکانیتریشە. لێرەدا باشتر لەو چەمکەی لۆتمان تێدەگەین، کە دەڵێ: "واتای زمانی نەتەوەیی بۆ پێکهاتنی سیستێمی مۆدێلی پلەدوو ڕاستییەکی بەردەوام و حاشا هەڵنەگرە"[250]. شاعیر بەهۆی ئەو پەیوەندیو نامۆکردنەی بەسەر زمانی نەتەوەییدا هێناوە، زمانی شیعریی سازکردووە. بۆ نموونە: (خیتامی ئەفسوفسم بۆنێ لە یارەوە دێنێ) هاتنی ناو بە دوای یەکدا بێ کردارو بەرکار بەشێکە لە لادانی سینتاکسی، ئەمەش بە زمانی سۆسێرو فۆرمالیستەکان، زمانی تاکەکەسیو پارۆڵە(la parole)و لادانە لەلانگ(la Langue). [شاعیر] لەنێو ئاخاوتنەوە وەک سیستێمی گشتیی زمان، هەوڵی بونیادنانی سیستێمی شەخسیو تاکەکەسی داوە[251]. تەنانەت شاعیر لەهەڵبژاردنی کۆپلەیی شیعریدا ڕەچاوی لایەنی ستوونی وەک هاوتایی لایەنی هەستی کردووە: (چاو–گوێ، لووت، جەستە–یادەوەری) لە بەرجەستەوە بۆ نابەرجەستە. هاوکات پەنا بۆ سیاقی دەق براوە: (مێخەک–سمڵ..) کە ڕێک لەگەڵ چەمکی لۆتمان و پەیوەندیی کولتوورییەوە دێتەوە، واتایان لە دەوروبەرێکی کولتووریدایەو پەیوەستن بە بۆنی ژنێکی لادێنشین، کە جۆری نیشانەی جیاوازنو بە(ڕێککەوتنی نیشانەیی) ناودەبرێن[252].

ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو: دەنگو، ڕەنگو، بۆ،

وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!

کوا تەماسی لەشی نەرمی؟

کوا لەذەتی کۆشی گەرمی!

کوا مەمکی پڕ چنگ؟

لیمۆی باخی سنگ؟

کوا ماچی لێوی ئاڵ

---

[250] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٢١.

[251] ـ حسین اقا حسینی، زینب زراع، تحلیل زیباشناختی ساختار زبان شعر احمد عزیزی بر اساس(کشف‌های مکاشفه)،مجله پژهش‌های زبان‌شناسی، سال سوم، شماره دوم، پاییز و زمستان ١٣٩٠. ص ١٢.

[252] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٢٠.

جورعەی ئەبەد_ خەیاڵ؟... (دیوانی گۆران، ل ١٤)

شاعیر وشەکانی بەشێوەیەکی هونەری هەڵبژاردووە: (وەک شێت-عەقڵی خام- بەخت) لە پەیوەندیدانو دەچنەوە ناو پەیوەندی لەگەڵ کۆپلەکانیتر(ئەگەرچی نەبوو دەنگو ڕەنگو بۆ) دەلالەتو جێگرەوەن بۆ یەکتر[شاعیر لەگەڵ بەرکارەکان مامەڵەی کردووە]. یاخود(لەشی نەرمی/کۆشی گەرمی). (مەمکی/لیمۆی-پرچنگ). (باخ/سنگ). سەرجەمی شیعرەکە بونیادێکی گشتیی هەیە، کە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەنێو ئەویشدا وردە بونیادیتر هەن. لەم کۆپلەیەدا ئێمە (دەستلێدان-لەمس)مان هەیە، لە کۆتاییشدا وەک ڕێکخستنەوەی بەسەرجەم شیعرەکەوە (ئەبەد-خەیاڵ) هاتووە. هاوکات(لەزەت) دەلالەتی لایەنی ئیرۆتیکی مەعنەوییە، نەک (بارت) وتەنی تەنیا "خۆشی جەستەیی"[253] لەکاتێکدا خۆشی تەنیا لایەنی جەستەییە، بەڵام هاتنی(ئەبەد-خەیاڵ) بە ئایدیاڵیکردنی (لەزەت)ە.

شاعیر لە هەرسێ ئاستی(فۆنۆلۆگی-مۆرفۆلۆگی-سینتاکسی)دا ڕێکخستنی شیعری ئەنجامداوە، بەڵام هەموویان بۆ گەیشتن بە ئامانجە گرنگەکەن، کە ئاستی سیمانتیکی پوختەی مەبەستە هونەرییەکەیە. بۆنموونە لە ئاستی دەنگو ئاوازەدا: (دەنگوڕەنگ)و (خامە، خۆم، خستە، بەختی)، (عەقڵی، بەختی، تەماسی، لەشی، نەرمی، لەزەتی، مەمکی، لیمۆی..). (کوا) لە ئاستی وشەو سینتاگمایە، زۆرینەی ناونو بۆ تۆ، ئەو [کە یەکن] دەگەڕێنەوە. یاخود لە ئاستی فرێزو ڕستەدا پەیوەندییەکە دەرخراوە: (تەماسی ***لەشی نەرمی***-لەزەتی ***کۆشی گەرمی***)، بەڵام بە هاتنی(کوا)و دۆخی ناوەکی شیعرەکە [لەزەتو تەماس] ناتوانین (کوا)یەکیان لاببەین، لەکاتێکدا (لەشو کۆش) بۆ یەک دەگەڕێنەوە [گشتوبەش]ن. وەکچۆن لە (مەمک-لیمۆ) یەک (کوا) هاتووە. چونکە لە دەقەکەشدا بۆ(کوا)ی دووەم نیشانەی پرس دانەنراوە. ئەم لادانانە پێویستی هونەرین، بۆ ئەوەی زمانی شیعر بونیادی خۆی بدۆزێتەوە.

لەم شیعرەدا گۆران بە توانای نیگارکێشێکەوە توانیویەتی تەشکێک هەڵچنیو تیشکۆی سەرجەم بەشەکانی بکاو، بەشێوەیەکی وردیش پلە بە پلە بونیادی شیعرەکەی داڕشتووە، هەروەک چۆن ئۆرگانەکانی هەستی تێکەڵی یەک نەکردووە، کە دەبووە (تەڤ لە هەڤ-تێکەڵبوونێکی بێسەروبەر)و تەلاری هۆنراوەکەی پڕلارو خواری دەکردو، ڕایەڵی نێوان خۆیو خوێنەر(گوێگر)تێکدەداو نامە-مەبەستەکەی سەرکەوتوانە نەدەگەیشتە خوێنەر. دەبێ ئەوەش لەیادنەکەین لێرەدا قسە لە هەست دەکرێو لەڕاستیدا ئەمەی گۆران لەشیعرێکی ئاوا خۆرسکو بونیاد تۆکمەدا کردوویەتی، ئەدەبناسەکان بەشێوەیەکی تیۆریو وەک ڕەگەزێکی بایەخداری"ئیستاتیکای شیعر" کردوویانە. ئەمەش هێنانەدی چەمکێکیتری لۆتمانە، کە دەڵێ: "زمان بونیادێکی (هیرارکی)هەرەمییە. لەڕەگەزی ئاست جیا پێکدێ:

[253] ـ گراهام آلن، رولان بارت، ترجمەی پیام یزدانجو، نشر مرکز-تهران. ص ١١٣.

فۆنۆلۆگی-مۆرفۆلۆگی-لێکسیکۆلۆگی-ئاستی سینتاگمیو ڕستەیی..."[254] وەک پێشتر بە نموونەوە نیشانماندا. لە دوا کۆپلەدا شاعیر دەڵێ:

ئەی خاطیراتی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم!
خنکاوی بەحری دووری، نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم؛
جیلوەت لە چاوم ون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ!
چەشنی ئاوێنە،
دائیم بنوێنە:
عەشقی قەدیمی یار،
تا وەختی ئیحتیضار!... (دیوانی گۆران، ل ١٤_١٥)

لێرەدا پەیوەندی (رابردوو-یادەوەری) وەک ڕزگاربوونو مانەوە لەدۆخی نەماندا (سەرەمەرگ/ئیحتیزار) نیشاندراوە. لەم کۆپلەیەدا چەندین لێکچوونو نزیکی هەیە. (عومری گوزەشتە-بەحری دووری-خاطیرات- ئاوێنە-بنوێنە). دەکرێ (بەحری دووری) وەک خۆی ببینین، کە دەریا وەک دووری لە یارەوە درێژبووەتەوە، یان لە بەحری دووریدا خنکاوە، ئەمەش لەلایەکەوە پارادۆکسەو لە خوێندنەوەیەکیتردا لۆژیکییە. بەمجۆرە: خنکان لەنێو بەحری دووریو خنکان(تینوێتی) بۆ دووری یار[بابێ-کوانێ]. دەشکرێ بەحر وەک یادەوەری ببینین، کە نەگەیشتن بەبوونی واقیعی یار، یار دەبێتەوە بە بەشێک لە یادەوەری-بەحرو شاعیریش لەنێو بەحردا دەژیو دەخنکێت[شاعیر خنکان نەک (نوقم)ی بەکارهێناوە، کە جیاوازە لەگەڵ دیدی عیرفانی]، یادەوەریش وەک بەحر فراوانە، لە هەرشوێنێک بێت، هەر لەنێو یادەوەری/بەحری یاردا دەخنکێت. مەبەستی شاعیر لە (خنکان)ئاستی ڕووکەشی وشەکە نییە، چونکە (بەحر) قووڵیو فراوانیو جۆرێک لەسنوورە، کە لە (ئەبەدییەت)و جەوهەری بوونی مرۆڤی نزیککردووەتەوە، لێرەدا شاعیر گەیشتووەتە ئەو ئاستە سیمانتیکییەی ویستویەتی. وەک لۆتمان لە باسی ئەم سیستێمەی زماندا دەڵێ: "سیستێمی دانانی مۆدێلی پلە دوو، سیستێمی سیمیۆتیکییە کە بە پرەنسیپی زمانی سرووشتی، بەڵام بە بونیادێکی ئاڵۆزەوە-بونیادنراوە"[255] ئەم خوێندنەوە جیاوازانە بۆ زمانی شیعریی تێکستەکە نیشانەی ئاڵۆزیی بونیادی سازدراوە، کە سەرجەمی بە جیاوازییەوە لە پەیوەندیدایە، چونکە (خنکاوی بەحری دووری) بەیەکەوە بەستنەوەو بیرهێنانەوەی سەرجەم کۆپلەکانیترە [وەک شکستی هەموو هەستەکان] ئەوان نەیانتوانی دووری یار نزیک [واقیعی] بکەنەوە.

---

254 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٩.

255 - یو.م. لۆتمان..سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

شیعرەکە هەڵگری چەندین دیاردەی جوانیناسیو مانابیە. خوێنەر وا لیدەکات بەردەوام شیاوی هەڵگۆزتنی واتای نویو خوێندنەوەی جیاوازبێت. چونکە سەبارەت بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئینسانییە(عەشق)، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین پرسی تری وەک: بوونو نەبوون. ئامادەو نائامادە، یاخود ئامادەیی یادەوەرییانە و ئامادەیی مادییانە. بێئومێدیو ئومێد، شێتیو عاقڵی، فیکرو هونەرمان دەکاتەوە، کە لەسەر بنەمای چەمکێکی گرنگو جەوهەری (binary opposition-جووتەی دژ) داڕێژراون، کە سەنتەری کۆکردنەوەی هاوتاو ناهاوتاو دژ و هاوسێیەتییەو کلیلی کۆدە گرنگەکانی نەریتی ئیستێتیکیی زمانی شیعرییشە. وەک گاستۆن باشلار دەڵێ: "کاتێک شتە دژ بە یەکەکان کۆدەبنەوە، هەموو شتێک چالاکدەبێت"[256].

لەلایەکی دیکەوە، فۆرمو ناوەرۆکی دەقەکە گونجاون و هاوکێشن، جگە لە وردەکارییەکان لەسەرجەمیدا هەست بە نامۆییو نائاساییەتی شیعری دەکەین، تێهەڵکێشی کێشی جیاواز [کە ڕیزبوونی یەکسەرەو یەک ڕیتم نییە. دێڕێ درێژەو کورتو پاشان کورتتر] لێرەدا ئەمە بە چەمکێکی تری گرنگی لۆتمان کە خۆگرتنەوە لە زیادەڕۆییە ڕووندەبێتەوە؛ شاعیر پەنای بۆ بونیادی (کێشی برگەی)یش بردووە. هەروەها دووبارەیی (کوانێ-بابێ-دەنگێ-بۆنێ-بابێ) کە ٢ برگەیەو کورتە. بۆ نموونە کۆپلەی یەک (٨ جار کوا-کوانێ دووبارەیەو لە ٨ نیوە دێڕ پێکهاتووە.) بابێ(٥ جار)و (٥) وێنەشی تیایە: (خەندەی پڕ ئاهەنگ-نەغمەی نازی-زەڕەی بازن-هاڕەی هەیاسەکەی-ورشەی کراسەکەی). لە کۆپلەی چوارەمدا [ئەی لامیسە] (٤ جار کوا هاتووەو کەمیکردووە، وەک بێئومێدی لە پرسینو نزیکبوونەوە لە نائومێدی). هاوکات شاعیر تەنیا لە کۆپلەی یەکەمدا(٩) نیشانەی پرسیاری بەکارهێناوە، بەڵام لەتەواوی کۆپلەکانیتردا تەنیا (٥) نیشانەی پرسیاری بەکارهێناوە. ئەمەش دەلالەتە لەوەی بەرەو ڕەشبینیو نەدۆزینەوە دەچێت، یاخود لەبەرانبەردا نیشانەی سەرسوڕمان (١٣ جار) زیاد دەبێت، لە پرسەوە بۆ سەرسوڕمانو لە هەستەکانەوە بۆ یادەوەرییو لە وێنەی بەرجەستەوە بۆ لایەنی مەعنەوی ئایدیالی[خنکاوی بەحری دووری] دەچێت. یان لە (دەنگو بۆن)دا شاعیر(بابێ-بێ)ی بەکارهێناوەو بەڵام بۆ (چاو-لەمس) (کوانێ-کوا)ی بەکارهێناوە. ئەمەش ئەگەر لە پەیوەندییە جیاوازەکانی زمانی تێکستەکە ورد نەبینەوە، نادۆزرێنەوە. وەک لۆتمان دەڵێ: "زمان وەک سیستێمێک لە پەیوەندیی نزیکیدا بە دەوروبەرەوە وای کردووە کە مرۆڤ وازی لەوە هێناوە جیاوازیی نێوان شت و ناوەکەی لەنێوان واقیع و تیشکدانەوەی لە زماندا بکات"[257].

## دووەم/ سرووشتی شیعر

سرووشتی شیعر باسێکی ئاڵۆزو هەڵگری هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کە پێکیدێنن و لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی ئەزموونی مرۆڤ_شاعیردا پاڵفتە دەبێو دەئافرێنرێ. بەراوردکردنی شیعر بە پەخشان،

[256] ـ گاستۆن باشلار، شیعرییەتی فەزا، وەرگێڕانی د. ئەحمەدی مەلا، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٢، سلێمانی ٢٠١٦، ل٢٥٥

[257] ـ یو.م لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٢٢.

یان جیاوازیی زمانو زمانی شیعر ڕێگەیەکە بۆ نزیکبوونەوە لە سرووشتی شیعر. وەک لۆتمان دەڵێ: "ئەگەر مرۆڤ سەیری تەبیعەتی شیعر بکات لەڕوانگەی جیاوازەوەو تەنیا باسی گواستنەوەی زانیاری بکات، ئەوکاتە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئاخاوتنی هونەری هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە لەئاخاوتنی ئاسایی جیای دەکاتەوە".[258] جیاوازییەکیتریش زانیاری هونەرییە لە شیعردا لەگەڵ زانیاری ناهونەری لە زمانی گشتیدا. وەک د.محەمەدی مەحوی پێیوایە، لە هەموو زمانێکدا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا هەیە، کە قسەپێکەرانی هەر زمانێ بۆ پەیوەندیو گواستنەوەی زانیاری سەربەستنین لە ڕەچاونەکردنی. زمان سیستێمی هەیە، کەواتە خاوەن بونیادە، بونیادی ڕێزمانیو واتاییمان هەیە.[259] یاسایەکی بنەڕەتیی ڕێزمانی زمانی کوردی، ڕێکخستنی ڕستەیە بەمجۆرە (بکەر، بەرکار، کردار). زۆرکات بە لادان لەم یاسایە لە زمانی ئاخاوتن و ئاساییدا بە هەڵە دێتە پێش چاو. بۆ نموونە:

١. چووم بۆ من بازاڕ.

٢. من بۆ بازاڕ چووم.

٣. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

٤. گۆشتەکە پشیلەکەی خوارد.[260]

ڕستەی یەکەمو چوارەم هەموو وەرگرو بەکارهێنەرێکی ئەم زمانە دەزانێت هەڵەن. لەبەرئەوە بەکارهێنەر یان شارەزای یاسای ڕستەسازیی زمانی کوردی نییە، یاخود بە مەبەست یاساکەی تێکداوە. چونکە کرداری(چوون)ی لە سەرەتاو (من)ی بکەری لە شوێنی بەرکار کە (بازاڕ)ە خستۆتە کۆتایی. یاخود لە ڕستەی(٣-٤)دا (پشیلە) وەک بکەر و لە ڕستەی (٣)یەمدا بە دروستی هاتووە، بەڵام لەڕستەی (٤)ەمدا بەشێوەی بەرکار هاتووەو ماناکەی تێکداوە. لەبەرئەوە گۆڕانی شوێنی وشەکان، گۆڕانی ئەرکی وشەکانەو لادانە لەیاسای ڕێزمانی. ئەو زمانناسە لەبارەی سیستێمی زمانەکانەوە دەڵێ: "لەئاخاوتنی قسەکەرانی کۆمەڵگایەکی زمانییدا کەرەسەی سەرەتایی چەسپاوو یەکجۆری تەواو هەن، کە ئەو هەلومەرجە بۆ زمانەوان دەڕخسێنن، ڕژێمێکی زمانی بنەڕەتییو قووڵی هاوبەش بخەنەپاڵ زمانەکەو بۆ زمانەکەی دابنێن"[261] لەو نموونەیەدا ئەو سیستێمە هاوبەشە تێکدراوە. یاخود ئەگەر ڕستەکە بەمجۆرە دابنێین: (پشیلەکە بۆ بازاڕ چوو.) تێبینیی دەکەین لە ئاستی سیستێمی ڕێزمانیدا درووستە، بەڵام لە ئاستی واتایی، کە گۆڕانکاری لە بونیادی (ستوونی)دا کراوەو لەبری (من)، (پشیلە) هاتووە، واتاکەی

---

258 ــ یو.م لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٣

259 ـ د.محەمەدی مەحوی، زمانو زانستی زمان، سەرەتایەک بۆ زانستی زمان. بەرگی یەکەم،دەزگای سەردەم_سلێمانی، ٢٠٠١. ل ٨١.

260 ـ پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، واتاو وەرگێڕان لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە. دەزگای موکریان_هەولێر-٢٠٠٩، ل٥٣.

261 ـ د.محەمەدی مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

ناتەواوە. لەبەرئەوە هەردوو بونیادی (هەڵبژاردنو لێکدان[خستنەپاڵ]) ڕۆڵی گرنگ لە شێوەی درووستی دەربڕاوەکانمانو دەرخستنی سیستێمی زمان لەسەر ئاستی واتاو سینتاکس دەگێڕن. هاوکات جیاوازی فۆنۆلۆژیش جیاوازیی زمانەکان نیشاندەدات؛ چونکە بەهۆی فۆنیمەوە جیاوازی واتایی دروووستدەبێت[262]. بۆ نموونە: (خاڵ)-(ماڵ) بەهۆی گۆڕانی فۆنیمی/خ/ بۆ /م/ دوو واتایی جیاواز درووستبووە. لەبەرئەوە بۆ توێژینەوە لە سرووشتی شیعر، زمان بنەڕەتی شیعرە؛ چونکە چالاکیی شیعر لەنێو زماندا دەردەکەوێت. ئەمەش وای کردووە هاوکاریو هەرەوەزی لەنێوان زماناسو ڕەخنەگرە ئەدەبییەکاندا[بەتایبەت بونیادگەرەکان] هەبێ.[263]

لۆتمان پرسێکی گرنگی لەم جۆرە دەوروژێنێ: لە زماندا هەبوونی یاساو ڕێسا کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی زانیاری هەیە، بەڵام ئایا بۆ شیعر ئەمە وایە؟ لۆتمان پێیوایە: شیعر سنوورەکانی زمان دەبەزێنێتو سنووری نوێ سازدەکات. یاساو ڕێساکانی زمان دەخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوەو بەپێی پێویستی هونەری مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، واتە شاعیران سیستێمی خۆ-بونیاد دادەڕێژن[خۆیان بونیاد دادەڕێژن] خۆیان بڕیار لەسەر پابەندبوونو لادان دەدەن. کاتێک شاعیر سیستێمی کێشی بڕگەیی بەکاردێنێت، ئەمە پابەندبوونە، بەڵام لەنێو ئەمەشدا هەڵبژاردنی بڕگە جیاوازەکان هەیە، لەنێو دیاریکردنی کێشی بڕگەییدا دەستەپێو جۆری وشەکان هەڵدەبژێرێت. سەرواش سیستێمو سنوورە. بەڵام لە کوێ ئەو سنوورانەدا شاعیر خۆی بڕیار دەدات. لێرەدا ئەم خۆ-بڕیاردانە بوار بە شاعیردەدا لەنێو ئەو کۆت و بەندانەدا ئازادانە هەڵبژێرێت. هەروەها زانیارییەکانی شیعر هونەرینو خەسڵەتی جیاوازو نامۆیان هەیە. شکلۆفسکی پێیوابوو، مەبەستی هونەر ئەوەیە هەست بەو شتە بکەین کە دەیبینین نەک ئەوەی دەیزانین[264] زانینی شتەکان دەمانخاتە ناو زمانی گواستنەوەو شێوەی ئۆتۆماتی هەیە، بەڵام هەستکردن بە بینین نامۆیی دەخاتە نێو زمانەوە.

سنوور لە شیعردا بە پێچەوانەی زمانی گشتیی زانیاری کەمناکاتەوە، بەڵکو زیادی دەکات. لەبەرئەوەی شیعر تاکەکەسیو خودییە. گۆرانی شاعیری ئێمە دەڵێ: "هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە چوارچێوەی هەڵبەستم، لێکدانەوەی دەروون قسەم زمان بۆچی وەها لەیەک دوورن نازانم"، لێرەدا سنوورو کەمتوانایی زمانی نیشانداوەو لێیشیلاداوە، چونکە بەهۆی دەرخستنی درزو کەلێنی زمانەوە توانیویەتی زانیاری هونەریی لەو سنووردارکردنە بگەیەنێت. ئەمەش هەمانشتە کە لۆتمان دەڵێ: "تێکستی شیعری پەیڕەوی هەموو یاساو ڕێساکانی زمانی سرووشتی دەکات، سەرەڕای ئەمەش (کۆتو پەیوەندی) سنووردارکردنی تازەی شیعر دێتە پێشەوە"[265]. ئەمەش بووەتە هۆکاری

[262] - پەروین عوسمان مستەفا عەللاف. ل ٣٤.

[263] - د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لەشیعری، ل ٣٦.

[264] - راجر فالر، یاکوبسن.. دیگران،زبانشناسی و نقد ادبی. ترجمه، مریم خوزاد، حسین پاینده، تهران نشر-نی١٣٦٩. ص٦٤.

[265] - یو.م لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٣٥.

خۆچڕکردنەوەی شیعریو لادان لە بەربڵاویی زمان، واتە پەرشو بڵاوی زمان لە شیعردا ڕێکخراوە. بۆیە شیعر هەڵڕشتنی زمان نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی زمانییە. هەروەها لۆتمان ڕەخنە لە چەمکی شیعری ئازاد دەگرێتو پێیوایە، لە شیعردا ئازادی کەمترە تا زمانی ئاسایی.[266] لەبەرئەوە زمانی شیعر چڕو کۆکراوەیەو لە زیادە بژاردەیە، ئەمەش توانای ئەم زمانەیە لە دەرخستنی هونەرەکانو پێدانی زانیاری هونەری کە لە توانای زمانی پەخشاندا نییە. لەم دێڕە شیعرەی(ئەی نەی)دا باشتر توانای زمانی شیعر دەردەکەوێت:

هەر ثانیەیەک لە زیندەگانیم

عەصرێکی هەموو خەمی جیهانە! (دیوانی گۆران، ل ٢٢٤)

چڕیو قووڵی مانا لێرەدا دەرکەوتووە، شاعیر سەرجەم جیهانی لەخۆیدا تواندووەتەوە؛ سەردەمێک لە خەمی جیهانی لە چرکەیەکی خۆیدا کۆکردووەتەوە. یاخود کاتێ شاعیر لە چەند وشەدا ناتەواویی سرووشت بەرانبەر بە جوانی مرۆڤ نیشاندەدات، ئەمە دەسەڵاتی زمانی شیعرە. لە کاتێکدا چەند بەرگی فەلسەفی لەبارەی ناتەوای سرووشت بەرانبەر بە مرۆڤ نووسراوە:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز بێ ڕووناکی‌یە بێ بزەی ئازیز؛

(دیوانی گۆران، ل١٠)

سرووشتی زمانی شیعر وەک زمانی ئاسایی دیاریکراو نییە. بەڵکو لەسەر ئاستی دەنگو وشە، واتاو ڕێکخستنو ڕێزمان جیاوازە. ڕێزمانی شیعر شێوەی بەردبوونی نییە، بەپێی سنوورو چوارچێوەی هەر شیعرێ دەگۆڕێت. بەڵام ڕێزمانی هەموو زمانێ یەکە، لە کاتێکدا دەتوانین ڕێزمانی هەر شیعرێک جیا بکەینەوە. ناکۆکییەکە لێرەدایە کە زمانی شیعر بەشێکە لە زمان بەگشتی، بەڵام ئەم بەشە لە نێو خۆیدا گشتی دەبێتەوە. لەنێو ئەم گشتێتیەدا چەند جیهانی زمانی جیاواز هەن، کە بەپێی هەر شیعرێ جیهانی زمانی جیاواز هەیە. وەک لۆتمان پێیوایە: شاعیر بەهۆی شیعرەوە وێنەی نوێی جیهانی واقیع دەکێشێت، یاخود جیهانبینی‌مان بۆ سەیرکردنی واقیع دەداتێ.[267] ئەم ئەرکەی شیعر، زمانی شیعریی گەلێک دەوڵەمەند کردووە. بۆ نموونە گۆران لە شیعری (بۆ گوڵی لاولاو)دا چەند دیاردەیی لادانو چڕی واتایی لەبونیادێکی تایبەتدا ئەنجامداوە:

بۆ گوڵی لاو لاو

١ـ بەکوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاو ڕەنگ!

---

[266] ـ سەرچاوەی پێشوو.

[267] ـ یوری لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، وەرگێڕانی بۆ زمانی سویدی، پێشەکی، لارس کلێبیرگ_ستوکهۆڵم.. ل١٤.

٢. لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو؟ چیە ئەسبابی ژاکانت؟

٣. هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ

٤. ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ، صەبر.. دەستم بە دامانت!

٥. صەبر تۆ بی خوا ! تاوێکی‌تر ڕاوەستە، تا عومرم

٦. وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ؛

٧. منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم!

٨. منیش خیلقەت، وەکوو تۆ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ!

٩. منیش، وەک تۆ، بەقام کورتەو بەهارم تیژو کەم فرصەت،

١٠. گەشەم مەیلەو زەواله چەشنی تۆ، چەشنی هەموو دنیا،

١١. وەکو بارانی هاوین زوو_ فەنایە عومری بێ‌مروەت؛

١٢. تەبەخخور مایەیە، هەیهات، بەچەشنی شەونمی سەر گیا!... (دیوانی گۆران، ل ٢٢٣)

ئەم شیعرەی شاعیر دەگمەنە بەتایبەتی لە ڕووی سەرواوە کە (abab)یەو لە جۆرێک شیعریی سۆناتای_ ئینگلیزی نزیکی دەکاتەوە. د.عەزیز گەردی ئاماژەی بەمە داوەو دەڵێ: "وادەبێ لەم چوارینەیەدا، هەر چوار لەت بە نۆرە سەروایان بچێتەوە سەریەک، واتە لەتی یەکەمو سێیەم لەلایەکو لەتی دووەمو چوارەم لەلایەکی ترەوە هاوسەروابن. بەمەوە چوارینەکە دەکەوێتە سەر دوو سەروای جیاواز"[268] سەبارەت بە ناوی سەرواکە، هەر بەناوی شەکسپیرەوە هاتووەو(چوارینی شەکسپیری) یان بە عەرەبی (متناوب)یشی پێ‌دەوترێت. خەسڵەتێکی ئەم سەروایە ئەوەیە، کە لە هەر کۆپلە [ستانزا]یەکدا بە سەروای نوێ دەستپێدەکات، بەڵام بەهەمان سیستێمی چوارینی شەکسپیری یان دەوری. هەر ئەو ئەدەبناسە لەو بارەیەوە دەڵێ: "بۆیە وای پێدەگوترێ، چونکە شەکسپیر بە زۆری بەکاریدەهێنا بەتایبەتی لە سۆنێتەکانی. پێشی دەگوترێ چوارینەی پاڵەوانێتی یان چوارینەی شینو چەمەر...لەم چوارینەیەدا دوو سەروا بە نۆرە دووبارە دەبنەوە بۆیە(سەروای دەوری)شی پێ دەگوترێ"[269]. سەبارەت بە سیستێمی

---

[268] ـ عەزیز گەردی، سەروا، ل٢١٢.

[269] ـ عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم٢٠١٤، ل. ٢٩١.

کێشی شیعرەکەش بەکێشی هەزەج نووسراوە. هاوکات ئاوازی تێکستەکە سوودی لە چەند هونەریتری، وەک ڕەدیف و دووبارەبوونەوەو پەیوەندی دژو لێکچوون بینیوە. ئەمانە ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردەخاتەوە کە دەڵێ: "شیعرێکی فۆرمات بچووک دەتوانێ زانیاریی زیاتر لەخۆبگرێ لەچەند بەرگی قەبەی تێکستی ناهونەری".[270] لەم شیعرە سێ ستانزایەدا چەند بابەتو زانیاریو ڕاستیی هونەری گرنگمان سەبارەت بەجیهانی شتەکانو سرووشتی مرۆڤو پەیوەندیی سرووشتو مرۆڤ دەداتێ. لەم شێوازی زانیارییەدا هاوحاڵەتیو هاودۆخی هەن، شاعیر زانیاری بۆ بڕوا پێکردنو سەلماندن نادات.

لەبەرئەوە وەک نیشانمان‌دا گەلێک سنووردارییی لە دەقەکەدا هەن، کە نەک زانیاریی کەمی نەکردووە، بەڵکو گەلێک زانیاری هونەری بە خوێنەر دەدات، ئەمەش وەک لۆتمان دەڵێ: "ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی تیۆری زانیارییدا".[271] ناکۆکییەکە لەوێدایە کە سنوور بۆ گەیاندنی زانیاری بەربەستە. بەڵام لەشیعردا ناچارین سنوورداریش وەک شیعر ببینین. چونکە ئەم سنوورانە بۆ بونیادنانی چەندین سیستێم ڕێگەخۆشکەرە، کە خزمەتی گەشەی زانیاریی تێکست دەکەن. لەبەرئەوە، شیعر وەک سیستێمی جیاواز بەهۆی کۆمەڵە یەکەیەکی چالاکەوە بونیاد دەنرێت.[272] لە تێکستەکەدا چەند بابەتی جیاواز بەیەکەوە کۆبوونەتەوەو خزمەتی ئەو بونیادە واتاییە چڕە دەکەن. ئەگەر ئەم تێکستە شیعر نەبوایە ئەوا ئەو ڕەگەزە جیاوازانە نەیان‌دەتوانی پێکەوەبێنو مانا ببەخشن. بۆیە چاوەڕوانیمان لە زمان جیاوازە لە شیعر، وەک یاکۆبسن دەڵێ: لە شیعردا چاوەڕوانییەکانمان تێکدەشکێن، یاخود(چاوەڕوانی بێ‌هیوا)ییە، لەبەرئەوە شیعر دژی پێشبینکردنە.[273] هەمان ڕەگەزی زمانی، لەنێو شیعردا دۆخی جیاواز وەردەگرێ.

شیعرەکە لە سێ ستانزا[سێ چوارین] پێکهاتووە: یەکەم هاوخەمی بۆ (گوڵی لاولاو) نیشاندراوە. دووەمو سێیەم، تایبەتە بە (من) کە هاوڕێی گوڵی لاولاوە. بابەتی تێکستەکە نەزمێکی واتایی هەیە، لەهاوخەمی من بۆ گوڵی لاولاو، پاشان منو گشت دنیا لەگەڵ گوڵی لاولاودا یەکدەگرن. شاعیر بۆ گوڵی لاولاو نیگەرانە، لەمەدا ویستی یەکێتی سەرهەڵدەدات، کە منو هەموو دنیا وەک ئەو تەمەن کورتین. ئیتر شیعرەکە لەوە دەکەوێت تەنیا بۆ گوڵی لاولاو بێت، بەڵکو بابەتێکی گەردوونییە، کە مانەوەی شیعرەکەی بۆ سەردەمە جیاوازەکان ڕەخساندووە:

گەشەم مەیلەو زەواڵە چەشنی تۆ، چەشنی هەموو دنیا،

لێرەدا بەهۆی لێکچوونەوە چەند ڕەگەزی ماناداری کۆکردووتەوە. بەشداریکردنی (هەموو دنیا) جگە لە هاوخەمی بۆ من، تێکستەکەی لە تاک دەنگیو چوارچێوەیەکی تەسکی (منو تۆ) ئاودیوکردووە. شاعیر

270 ـ یو.م لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٣٥.

271 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

272 ـ د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بوونیاتی زمان لەشیعری. ل٤٠.

273 ـ رابرت اسکولز، ساختگرایی در ادبیات، ترجمەی فرزانە طاهری، چاپ اول، تهران: نشر آگە.(1379) ص. ٣٦.

نەزمی بابەتیو هونەری پێکەوە هەماهەنگکردووە: لە کۆتایی کۆپلەی یەکەم(سەبر، دەستم بە دامانت)و سەرەتای کۆپلەی دووەم (سەبر تۆ بیخوا) هاتووە، ئەمەش جگەلە پاراڵێلێکی دووبارەیی، لادانی واتاییشە. یان کۆتایی کۆپلەی دووەم(منیش خیلقەت وەکو تۆ...)و سەرەتای کۆپلەی سێیەم(منیش، وەک تۆ...)هاتووە، کە شێوازێکی هونەری گرنگەو (سەروای ئەلقەبەندی) پێدەگوترێت.[274] کە هەماهەنگی واتاییو ئاوازەیی هەیە.

خاڵێکیتری گەردوونیەتیی شیعرەکە پەیوەستە بە ڕاکێشانی ڕەگەزە جیاوازەکان بۆ نێو تێماو ئاوازی شیعرەکە. شاعیر سەرجەم وەرزە جیاوازەکانی یەکخستووە: (پایز/ لەبەرچی سیس ئەبی وازوو؟)و (وەکوو ڕۆژی چلەی زستان) و (بەهارم تیژو کەم فرسەت)و (وەکوو بارانی هاوین زوو فەنایە). ئەوەی ناشیعرییە بە شیعر کراوە: (گریان، خیلقەت، سەبر، بەقا، زەوال، کەم فرسەت.) یاخود چەندین وێنەی شیعری لە ڕەگەزی جیاواز سازکردووە: (سیسبوون، ژاکان، هەوری مەینەت، عومری بیمروەت، شەونمی سەرگیا..) ئەمەش ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردێنێتەوە کە دەڵێ: "ئەم پرەنسیپە لەشیعردا تایبەتمەندییەکی زیاتر گەردوونی وەردەگرێ: ڕەگەزێک کە لە تێکستێکی بەزمانی ئاسایی نووسراودا، لەگەڵ ڕەگەزەکانیتردا هیچ پەیوەندییەکیان نییە، چونکە سەر بە بونیادی جیاوازن، یان سەر بەئاستی جیای بونیادین، بەڵام لەکۆنتێکستێکی شیعریدا لە پەیوەندییەکی لێکچوونو جیاوازیدا لەگەڵ یەک دەردەکەون"[275] لێرەدا ڕەگەزە جیاوازەکان بەشێوازێکی هونەری یەکخراونو ئاوازێکی واتایی قووڵ دەچڕن. ئەم یەکێتییەی نێوان فۆرمو ناوەرۆکی تێکستەکە لەئەنجامی چەندین کردەی هونەرییو ڕێکخستنی تایبەتییەوە سازدراوە.

ئەگەر شاعیر ڕەچاوی شێوازی ڕێکخستنی ڕێزمانی بکردایە، دەبوو کۆپلەی یەکەم بەم جۆرە بێت: (ئەی گوڵ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، لەبەرچی وازوو سیس ئەبی؟ ئەسبابی ژاکانت چییە؟ بۆچی وەها بێدەنگ ئەژاکێی؟ توخوا بەکوڵ گریان لەچاوم دێ دەستم بەدامانت سەبرت هەبێ.) دەکرێ بەم جۆرە بەچەند شێوازیتریش ڕێکبخرێ. هەروەها جگە لە لادانی ڕێزمانی، لادانی واتاییش هەیە. یەکێکیتر لەلادانە دیارەکان تەواونەکردنی دێڕو پەڕینەوەی وشەیە بۆ لەتە دێڕی پاش خۆی، بۆ نموونە سەرنج لە (ئەژاکێی.. تاعومرم) بدەین وەک پەڕینەوەو بەجێمانو پێشخستن هاتووە. هەروەها لەئاستی دەنگیشدا لادانمان هەیە: (دێ= دێت، بێ=بێت، چا=چاک، تا= تاوەکو...)

لەئاستی مۆرفۆسینتاکسو کورتکردنەوەدا: ئەی گوڵ، **سەبر**، دەستم بەدامانت: ڕاستەکەی (ئەی گوڵ، دەستم بەدامانت سەبرت هەبێت)، سەبر توبی خوا: ڕاستەکەی (لەبەرخوا سەبرت هەبێت) لێرەدا تێبینی ئەو دیاردە بنەڕەتییە دەکەین، کە لۆتمان ناوی دەنێ زیادبوونی زانیاری، چونکە شاعیر تەنانەت

274 ـ عەزیز گەردی، سەروا، ل ٣١٨

275 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٣٦.

وشەیەکیش وەک ئەوەی زانراوەو هەیە بەکارناهێنێت، بەڵکو بەشێوەی هەڵبژاردنو بونیادی تایبەتی تێکستەکە بەکاریدەهێنێت.[276] بۆیە ئەوەی دەقەکەی کردووە بە شیعر یەک کردەو دیاردە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک نەریتی ئیستاتیکیو هونەرییە. نازانین شاعیر شین بۆ خۆی یان بۆ گوڵی لاولاو دەکات[بەیەکەوە تێهەڵکێشکراوە]، بەڵام بۆ هەردووکیانە. چونکە خاڵی هاوبەشی نێوانیان مردنو کەم تەمەنییە. شاعیر هەموو ژیانی بەهۆی لێکچوونو خستنە تەکیەکەوە لە ڕۆژی چلەی زستانو بەهار و بارانی هاویندا کورتکردووەتەوە. چونکە مەینەتی درێژەو خۆشبەختی وەک بەهار کەم فرسەتە. لەبەرئەوە ڕەگەزو بونیادی شیعر لە ڕەگەزو بونیادی زمانی ئاسایی جیاوازە. ئەم جیاوازیو لێکچوونو دژایەتیانەی شیعر سەر بە بونیادی جیاوازی شیعرینو تۆلستۆی وتەنی (بەیەکەوە هۆنینەوە)ی جیاوازییەکانن،[277] کە جیهانبینی شاعیرە بۆ ژیانو مردنو بوونی مرۆڤ.

لەبەرئەوە فۆرمو ناوەرۆکی دەقەکە تێهەڵکێشی ئەو بونیادە شیعرییە بوون، نەک جیابن. گەر فۆرمەکە بە شێوەی پەخشان بگۆڕین بیرو هونەری دەقەکە دەکوژین. شاعیر لەو فۆرمە بەناوڕۆکەدا ئەو وێنەیەی واقیعی کێشاوە، کە مۆری شاعیری پێوەیە. بۆیە لۆتمان پێیوایە، شاعیری لێهاتوو کۆتو بەندەکانیش دەخاتە خزمەتی شیعرییەتو زانیاری هونەرییەوە.[278]. ئەمانەش دەبنە هۆی سازدانی تۆکمەو نەخشانی دەق، چونکە ناتوانین نیوە دێڕێک یان وشەیەک[بۆ نموونە –تاعومرم] لابەینو بیگۆڕین:

سەبر تۆبی خوا! تاوێکی تر ڕاوەستە........... <u>تا عومرم</u>

وەکو ڕۆژی چلەی زستان لە........ مەینەت ئاوابێ، <u>هەوری</u>

دەقەکە بەجۆرێک بونیادنراوە، کە لێکجیایی بیرو فۆرم مردنی دەقەکەی لێدەکەوێتەوە. لۆتمان دەڵێت: "لەدەری ئەو بونیادەوە بیری هونەری لەئەنجامدا نامووەکینە".[279] ئاوازی تێکستەکە تەنیا تورەییو بێزاری نیشاننادات، بەڵکو بە هاوسۆزی بۆ گوڵی لاولاو خاوبوونەوەو خێرایی هەیە: (تاوەکو) بە جیاو لە دوو نیوە دێڕی جیاوازدا (تا) پاشان(وەکوو) کە لەنێوانیاندا وشەیتر هەیە، بێ ئەوەی زانیاری دەقەکەی کەمکردبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم لادانە بووەتە هۆی فراوانیو جوانیی دەقەکە؛ وای کردووە دوو ئەرکی جیاواز بەجێ بگەیەنێ: (تا/ وەک مەرج)، (وەکوو/ ئامرازی لێکچواندن). یان دەبینین ڕستەکان درێژدەکرێنەوەو دەپچڕێن، وەک هەنسکی گریان. یاخود کاتێک هاوڕێی سەفەر دەدۆزێتەوە ڕستەکە خێرادەبێت: [منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو، منیش ئەمرم]. لەبەرئەوە شێوەو ناوەرۆک بە جیا بۆ کردنەوەی کۆدی تێکست یارمەتیمان نادات، بەڵکو یەکخستنیان بنەمای کردنەوەی کۆدی تێکستە.

---

[276] - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

[277] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

[278]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

[279] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی کە یوری لۆتمان لەم پارەی کتێبەکەی (شیکاری تێکستی شیعری: بونیادی شیعر)دا بایەخێکی بەرچاوی پێداوە، (لادان)ە، با هەر پەنا بۆ بۆچوونەکانی خۆی بەرین، کە دەڵێ: "...دەبێ ئەوە نیشانبدەین کە دوو جۆر لادان لە پرینسیپی دووبارەکردنەوە هەن. ئەم هەلومەرجە_ وەک دەبینین واتایەکی گەورەی ئەو پرسەیە کە ئێمە لێرەدا خەریکین.

یەکەم: ئێمە یاساو ڕێسایەک لە ئاستێکی بونیادی(یان هەندێ ئاستی بونیادی)دا دەبینین لەگەڵ نەبوونی یاساوڕێسا لەوەی تریاندا.

دووەم: لەچوارچێوەی ئاستێکی تەنیای لاپەڕخستنێکی دەستکردا بەیاساو ڕێسایەکی پیادەکراوی پاژ(جزء)ی بگەین. ڕەگەزەکان دەکرێ لە ئاستێکدا ڕێکبخرێن کە خوێنەر هەستێکی وای لە تێکستەکەوە لا پەیدا دەبێ،...کە بە جۆرێک بێت ناتەواویی ئەم نارێکییە خامۆش ناکات"[280]. لێرەدا لۆتمان دەیەوێ ئەوە ڕوونبکاتەوە کە چۆن زمانی هونەری لە ناهونەری، یان زمانی شیعری لەئاسایی جیابکاتەوە. ئەڵبەتە، یەکێک لەو شێوازانەی شاعیر پەنای بۆ دەبات، لادانە لە زمانە ئاساییەکە، یان بەواتایەکی تر بەپێزکردن و دەوڵەمەندکردنی بە نەریتە هونەری_ئیستاتیکییەکان..

لۆتمان هەر لە هەمان بەشدا ڕوونتر ئەم دیدەی چڕ دەکاتەوەو دەڵێ: "کاری هونەری لە هەموو ئاستێکی بونیادیدا دەکرێ بە دووجۆر وەسفکرێ_وەک سیستێمێکی بەدیهێنەری هەندێ یاساوڕێسا وەک سیستێمێکیش کە لێیان لابدا"[281] ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆشەنیگا ئیستێتیکییەکانی لۆتماندا‌و لە کۆتایی ئەم باسەدا چەند جۆری دیاردەی لادان لە دیوانی شاعیردا دەخەینەڕوو:

**١- لادانی دەنگی:** پێوەری لادان لە تێکستی شیعریدا ئاڵۆزە، چونکە ئەوەی لادانە لە گۆڕانی بەردەوامدایە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە ڕەخنەگران بە بنەمای شیعرییەتی دەزانن.[282] لەئاستی دەنگدا، شاعیر چەندین شێوازی کورتکردنەوەو قرتاندنی دەنگی بە مەبەستی جیاواز بەکارهێناوە. ئەم دیاردەیە، گۆڕانێکە بەسەر وشەو مۆرفیمەکاندا دێت یان دەکرێت، کە لە هەندێ دۆخدا شێوەو قاڵبی جیاواز وەردەگرن. ئەم حاڵەتە لە زمانی ئاساییدا بەهەمان ئەرکی واتاییەوە دەبێت، بەڵام لەشیعردا بۆمەبەستی جیاواز دادەهێنرێت. (توانەوەی دەنگی یان گونجان) لەزمانی ئاساییدا ڕوودەدات، کە دەنگێک بەکاریگەری دەنگەکانی دراوسێی بۆ دەنگێکیتر دەگۆڕێت.[283] بۆ نموونە دەنگی/د-ت/ (بۆت دێنم). (بۆد دێنم). یان لە توانەوە [تواندنەوە]و دەنگۆڕکێدا:

280 - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

281 - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

282 - ناز ئەحمەد سەعید، لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت، چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی٢٠١٣..ل ١٧.

283 - د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی-ئەکادیمیای کوردی_هەولێر ٢٠١١. ل١١٥.

گوڵدانەکەی شکاند. > گوڵڵانەکەی شکان.     یان     سەد > سەت[284]

لە شیعرەکانی گۆراندا ئەم دیاردانە بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە:

لە ژێر زەردەی خۆرەتاوا،     بەناو چیمەنی گوێ ئاوا،

چەن بەئاهەنگ، چەن سیحراوی؟     ئەگەڕێ قاز، یان مراوی؛

(دیوانی گۆران، ل١١)

لێرەدا دەنگی/هـ/ و /د-ت/قرتێنراون. ڕاستیەکەیان (خۆرهەتاودا، ئاودا، چەند، ئەگەڕێت)ە. نەهاتنی (ت) دەکرێت وەک لادانی ڕێزمانی ببینین، کە بۆ کەسی دووەمی تاک دەگەڕێتەوە.

ڕێی کانی_ قوبان !_ مونتەظیری جیلوەیی نازە؛...

سووتاوی جوانیتن هەموو کێیی کوڕی کێ!

(دیوانی گۆران، ل٣٢)

لێرەدا (ڕێگەی)کراوە بە (ڕێی) هەروەک دەنگی(ر) قرتێنراوەو ڕاستیەکەی (قوربان)ە. ئەمە خۆی بە پلەی یەکەم (قوبان) لەڕووی کێشەوە سووکترە تا قوربان، چونکە ئەو (ڕ)ە ئاوازەکە دەکوژێ، بەڵام زیاتر بۆ ناسکییە. هاوکات لابردنی دەنگی/ر/ دەلالەتی واتایی خۆی هەیە. لە زمانی کوردیدا(قوربان) بۆ پیاو بەکاردێت، بەڵام لێرەدا بۆ کچو ڕەگەزی مێ بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی وەک سوککراوە(ر) لابراوە، کە دەکرێت بەرانبەر وشەی ڕەگەزی(نێر-کوڕ) کرابێ، /ر/ دەنگێکی قورسەو ناسککرابێتەوە.

(لادانی دەنگی) لە دیوانی شاعیردا زۆرە. لەم خشتەیەدا هەندێکیان، کە لە هەردوو گەشتی [هەورامان و قەرەداغ]ەوە وەرگیراون دەخەینەڕوو:

| وشەی دەنگ قرتاو | وشە بنچینەییەکە | وشەی دەنگ قرتاو | وشە بنچینەییەکە |
|---|---|---|---|
| پەن | پەند، پەنگ | مانوو | ماندوو |
| زەماوەن | زەماوەند | تون | توند |

[284] ـ پەروین عوسمان مستەفا عەلاف، واتاو وەرگێران، ل ٣٧.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەچ | هەرچ | نەختێ | نەختێک |
| چاخانە | چایخانە | ئەدا | ئەدات |
| بۆ | بۆن | بەیاخ | بەیداخ |
| دێ | لادێ | پێشان | پیشاندان |
| گوهەر | گەوهەر | تیا | تێدا |
| زامار | زامدار | تیا | تیایدا، تێیدا |
| یا | یان | دوێ | دوێنێ |

**٢- لادانی واتایی:** ئەم جۆرەی لادانیش یەکێکە لەلایەنە هونەرییەکانی شیعر. چونکە لادانی شیعریی هەوڵە بۆ تێکشکاندنی نۆرمی زمانی ئاسایی‌و بونیادنانی زمانی شیعریی.[285] بەڵام لادانی واتایی، کە تایبەتمەندیی زمانی شیعرە، دەستکاریی پەیوەندیی ناو و ناولێنراو دەکات.[286] ئەمە خاڵێکی گرنگە لە لادانی واتاییدا. چەند جۆری جیاوازی لادانی واتایی هەن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێکییان دەکەین. بۆ نموونە: پارادۆکس یەکێکە لەشێوازەکان.[287]

شاعیر لە شیعری (جیلوەی شانۆ)دا چەند شێوازی لادانی واتایی ئەنجامداوە:

نەوایی مۆسیقی،

کە مەخرەجی سیحری

تەلێکە پێئەکەنێ، یا کونێکە حوزن ئەگری،

بە سۆزی تەشویقی، (دیوانی گۆران، ل ١٠٦).

لێرەدا چەند لادانی واتایی هەیە. (پێئەکەنێ، ئەگری) بریتییە لە دەربڕینێکی پارادۆکس‌و دژ. لادانێکی‌تر پەیوەندی واتایی (تەل‌و پێکەنین) و (کون‌و گریان)ە کە جۆرێک لادان‌و نامۆییە، شاعیر لەڕێگەی تەل‌و کونەوە بیرمان بۆ لای ئامێری (کەمان)و (شمشاڵ) دەبات. هاوکات جگە لە ڕەمز پەیوەندیی بەش‌و

285 ـ عەبدولخالق یەعقووبی، دەنگی بلووڕینی دەق-رەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی راز_سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٣٤.

286 ـ عەبدولواحد مشیر دزەیی، واتاسازی-چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، دەزگای موکریان_-هەولێر-٢٠٠٩، ل١٣٥.

287 ـ عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەکادیمیای کوردی_هەولێر ٢٠٠٨. ل ٦٤.

گشتیش ئەنجامدراوە. وەک دەبینین پەیوەندیی (ناو و ناولێنراو) لە دوو ئاستدا گۆڕاوە، لەئاستی (تەل بۆ پێکەنین، تەل بۆ کەمان) هەروەها(گریان بۆ کون، کون بۆ شمشاڵ). ئەمەش دەلالەتگەلی فراوان دەگەیەنێت؛ کە پەیوەستە بە ڕۆحییەتی فەرهەنگی ئەم دوو ئامێرەوە لە دوو جیهانی جیاوازدا. ئەم دووانە نوێنەرایەتی دوو کولتوورو زمانو فەرهەنگو بیرکردنەوەی جیاواز دەکەن. (کەمان) سەر بەجیهانی (ڕۆژئاوا)یەو لەبەرانبەردا (شمشاڵ) هی (ڕۆژهەلات)ە. بۆیە کۆپلەکە جیهانبینییەکی فراوانی نیشانداین.

یاخود لەشیعری(بۆ گەورەیەکی شیعردۆست)دا چەند لادانێکی واتایی گرنگ دەئافرێنێ:

باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن، زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن!

بلبلیش بم مادام قەفەسم تەنگە، زمانم لاڵ، نەغمەی شیعرم بێدەنگە! (دیوانی گۆران، ل ١١٥)

لێرەدا پەیوەندیی (باڵو دەنووک)و (فڕینو هاوارکردن) پەیوەندییەکی ڕەمزییەو دوو جیهانی مرۆڤو باڵندەی لێکنزیک کردووەتەوە. پەیوەستی دەکات بە(بلبل)و مەبەستیشی سەربەستیی مرۆڤ_شاعیرە. پاشان (باڵی فڕینو بلبل) بە (قەفەسم تەنگ)ە دەبەستێتەوە. هەروەک (هاوارکردن) بیرخەرەوەی (نزیکخستنەوەی چەقۆ لەگەردن)ە، ئەمەش وەک وێنەیەکی شیعری تەواوکاری بە(زمانی لاڵو نەغمەی شیعری)ەوە پەیوەستە؛ (چەقۆش) سەربەستی کوژە. دەبینین تەواوی هەردوو دێڕەکە چەند لادانی لە زمانی ئاسایی تێدایەو وێنەیەکی شیعری، کە هەڵگری واتایەکی هونەرییە ئافراندووە؛ بەوەی باسکردنی هەر ڕەگەزێک، ڕەگەزێکیترمان بیردەخاتەوە. لەبەرئەوە شیعر دوو لایەنییە، واتاکان دەنوێنێتو واتای نوێش بەرهەم دێنێت.[288]. لەشیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا شاعیر چەند شێوازی لادانی واتایی لە نۆرمی زمانی ئاسایی دەکاتە بنەمای شیعرییەتی تێکستەکەی:

بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار

وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا،

بەڵام تەختی ڕوفاهـ و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار

بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا...

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی (دیوانی گۆران، ل ١١٩_١٢٠)

شاعیرێ باسی هونەرمەندێ دەکات؛ ئەمەش پارالێلی [هونەرمەندو شاعیر]ە. گەر سەرنج لەو وێنەسازییە بدەین، تێبینی ئەو لادانە دەکەین، کە شاعیر لەنێوان (قەومی بەسیتا) لەگەڵ(حەوزی لیخن)و..

[288] ـ جەبار ئەحمەد حوسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، ل٩٣.

کردوویەتی. وێنەی (عەکسی قەمەر لەناو حەوزی لیخندا) پەیوەندیی واتایی تەواوکاری لەگەڵ (تەختو تاج)و (میللەتی هوشیار)و (شمشماڵی کونکون)هەیە. (شمشاڵی کونکون) جۆرێک لەنزمییە لەنێو بەرزیدا(تەختی روفاه، تاجی حورمەت. ئوستاد)؛ واتە بەرزی لەشتێکی کونکونو(نزم)ەوە بەدەستهاتووە، کە لەگەڵ (قەومی بەسیتا) پاراڵێلە. (قەومی بەسیت)یش ناتوانێت لەبەرزی تێبگات، کە لەگەڵ (میللەتی هوشیار)دا دژە.

لەخوارەوە هەڵبژاردەی چەند دێڕە شیعرێ وەک نموونەی زیاتری لادانی واتاییدەخەینەڕوو:

لەژێر میزەرا مەلای نووشتاوە،          ڕیشی بۆ سەر سنگ پرش و بڵاوە،

قیافەت پەڕپووت وەک کتێبی کۆن      زمانی شیرین، سیمای نەختێک مۆن،

(دیوانی گۆران، ل١٣٠)

لەبەر کەپرێکا ڕۆشناییی ئاگر،      دای بە تاریکیی شەوی ناودێ درِ

(دیوانی گۆران، ل١٤٨)

سەردەمێک بوو بێ نەغمە بوو باغچەی ژیانم،   بێ ورتە بوو ناوهێلانەی بولبولەکانم

(دیوانی گۆران، ل٤٢)

ئەو وێنە شیعرییانە، دەگمەن و ناوازەن و گۆران شتە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە وتەی (شکلۆڤسکی) نامۆکردووەو تەنانەت لە نموونەی یەکەمدا بە پەڕەمووچێکی سوریالیانە، وێنەکانی کێشاوە کە بەڵگەی درەوشانەوەو تەڕوتازەیین:(مەلا لەژێر مێزەردا نووشتاوەتەوە، قیافەت وەک کتێبی کۆن پەڕپووتەو...هتد).. یان لە نموونەی دووەمدا لەسەر بنەمای (دوانەی دژ) دوو ڕەنگی گەردوونی وەک"ڕۆشنی و تاریکی"ی کردووە بە بنەمای وێنە شیعرییەکەیی و ...هتد.

**٣. لادانی ڕێزمانی:** زۆرکات لادان لە زمانی ئاساییدا هەڵە بەرهەمدێنێت، بەڵام لە شیعردا هونەرو ناسکبێژی، لۆتمان دەڵێ: "زانست لەوێوە دەستپێدەکات کاتێ لەو شتە ئاساییو بەرچاوو مەفهوومانەدا لەپڕ شتێکی نامۆی نامەفهووم دێتە پێشەوە"[289]. ئەمجۆرە، لادانە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ڕستە.[290] بۆ سازکردنی پەیوەندیی نوێ، کە وەک تەواوکاری جۆرەکانیتر هەوڵە بۆ جیاکردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی، چونکە لادان لە شیعردا مەبەستدارە. لەم بارەیەوە ئەدەبناسی ئێرانی، کورش صفوی پێیوایە، شاعیر کاتێک جێگۆڕکێ بە کەرەسەکان دەکات، مەبەستی جیاوازی لە ئاوازی

[289] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٣٤.

[290] - سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی-واژەنامەء..ص ٥٦٤.

شیعرو ماناسازی نوێو کورتکردنەوەو خۆچڕکردنەوەو.. هەیە.[291] لەبەرئەوە لادان لەئاستی ڕێزمانیدا خوێنەر هاندەدات سوود لەو دەوروبەرە وەربگرێت کە ئەو ڕستە ناڕێزمانییەی هێناوەتە ئاراوە. هەروەک ئەدەبناسێک ئاماژەی پێداوە، کە لادان لەئاستی جێنشینیو هاونشینیدا بەرجەستە دەبێ، لە هاونشینیدا کەرەسەکان پاشو پێش دەخرێنو لادانی ڕێزمانی دەهێننە ئاراوە، بەڵام جێنشینی بواری دەرکەوتنی هاوتاکانو لادانی واتایی لەو لادانە ڕێزمانییەدا بەرجەستە دەکەن.[292] لە شیعری (لە درزی پەچەوە) تێبینی پێشخستنو دواخستن(inversion)و نەهاتنی کردار دەکەین:

جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی، ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی:

بۆ سەوزاییی دەوروپشتم، بۆ ئاسمان، بۆ شاخی بەرز، خانوی تازە، دنیای جوان...

ئەڕۆیشتم: بەئەسپایی، کشو مات، لاشە سست و، دڵ کەیلی تاسەو ئاوات!

(دیوانی گۆران، ل ٣٤)

سەرەتا(کات) بەتەنیا هاتووەو پێویستی بە ئامرازی (ی)ە. پاش (بەیانی)پێویست بە هاتنی(بوو) دەکات، کە پێشخراوەو شاعیر بۆ کورتبڕی نەیویستووە بە زمانی ئاسایی دووجار (بوو) بەکاربهێنێ. لەدێڕی دووەمدا بۆ دووبارەنەکردنەوەی کردارو ئاوازی شیعرەکە چەند کردار لابراوە(خراوە)؛ هەموویان بۆ (ئەمڕوانی) نیوە دێڕی یەکەم دەگەڕێنەوە:

کاتی بەیانی[بوو] جادە چۆڵ و سێبەر بوو خەیاڵاوی ئەڕۆیشتم [ئەمڕوانی]

بۆ سەوزاییی دەوروپشتم [ئەمڕوانی] بۆ ئاسمان [ئەمڕوانی]

بۆ شاخی بەرز، خانوی تازە، دنیای جوان ئەمڕوانی.

دەشکرێت کرداری(ئەمڕوانی) بۆ سێ فرێزی (شاخی بەرز، خانوی تازە، دنیای جوان)دابنرێت.

یان لەشیعری: بۆ سالم

بەیادی تۆ ئەگرێ دەستی عاجزم خامە

کرداری(ئەگرێ) پێشخراوەو هاتووەتە شوێنی بەرکارو (خامە) چووەتە شوێنی کردارەکە. شێوازی دروستی ڕێزمانییەکەی بەم جۆرەیە(دەستی عاجزم بەیادی تۆ خامە ئەگرێ).

---

291 ـ کورش صفوی، از زبانشناسی به ادبیات(جلد اول:نضم)، انتشارات سوره مهر، چاپ دوم، ١٣٩٠ص: ٤٨

292 ـ محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە-ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نموونە، دەزگای موکریان_هەولێر،٢٠١٢. ل ١٢١_١٢٣.

له شیعری(بۆ هیوای کوڕم)دا دەڵێ:

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!

(دیوانی گۆران، ل ٢٠١)

لێرەدا (هیوا) یەکجار هاتووەو دەکرێ (٢)جاریتر بێت.[هیوا مەگری- هیوا هەنسکی نیوە شەو بەس هەڵدە-هیوا بەس بگری.] یان لە کۆتاییدا (کوڕم/هیوا) وەک بکەر پێشخراوەو لە ڕستەکانی کۆتاییدا نەهاتووە:

بەخۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لەئیستاوە!

(دیوانی گۆران، ل٢٠٣)

لێرەدا بکەر لادراوە، هەروەک کرداری(مەگری پێش ئیستا) دواخراوە.

لە شیعری(ڕۆڵەی بێدایک)یشدا هاتووە:

نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر،      نە قەڵەم وەک لاشەی مردووی ساردوسڕ..

(دیوانی گۆران، ل١٩٨)

کرداری(ئەوەستێ) جگەلەوەی پێشخراوە، هاوکات لە لەتی دووەمدا کرداری تێدا نییە. ئەم جۆرە دەستکاریکردنە سینتاکسییانە ئامێری ئافراندنی زمانی شیعرین و لەلایەکیشەوە پەیوەندییان بە کێش و ئاوازەوە هەیە، کە بەشێکی گرنگی پێکهاتەو بونیادی شیعرییە.

سرووشتی شیعر لەتەواوی شیعردا دەردەکەوێو تەنیا بەلادانو هونەرو تەکنیکە جیاوازەکان پەیوەستنییە، بەڵکو هەموو بەشەکانی شیعر لە هاوپەیوەندییدان بۆ دەرخستنی ئەو سرووشتەش، وەک لۆتمان دەڵێ: "ئایدیا هەروا لەچەند سیاقێکدا جێگای نابێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر باش هەڵبژێرابێ، بەڵکو لەهەموو بونیادە هونەرییەکەدا دێتە دەربڕین"[293].

## سێیەم/ دووبارەکردنەوەی هونەری

[293] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٣٧.

دووبارەکردنەوە یەکێکە لەو چەمکانەی بنەمای جیاکردنەوەی زمانی ئەدەبیو زمانی ئاساییەو لە زۆر توێژینەوەدا باسکراوە. لۆتمان لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەر تێکستێکی هونەری بگرین لەسەر دوو بنەما (پارادیگم)و (سینتاگم) ڕێکخراوە. پارادیگم وەک بنەڕەتی شیعر چاوی لێدەکرێتو بەشێکی زۆری نەریتە ئیستاتیکییەکانی شیعر لەم ئاستەدا بەدیدێن. بەڵام سینتاگم قورسایی بەلای ژانری گێڕانەوەدایە. تێکست لەهەندێک ڕەگەز پێکدەهێنرێ، کە لێکدەدرێنو بونیادێکی گونجاوو هاوئاهەنگیان لێدادەڕێژرێ، پارادیگم ئەرکی هەماهەنگیی ڕەگەزەکان لەئەستۆ دەگرێت، بەپێچەوانەوە سینتاگم لە ڕەگەزی جیاواز پێکدێت. لەبەرئەوە دووبارەکردنەوە بەدیهێنانی نەخشەی پارادیگمایە." [294]. دووبارەبوونەوە، خەسڵەتێکی زمانییەو یەکێکە لە شێوازە بنەڕەتییەکانی شیعر، کە شاعیران بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریدێنن.[295] ئەم شێوازە هێندە بایەخدارە دەکرێ بە ڕۆحی شیعری دابنێین. هەروەک د. اسحاق رحمانی ئاماژە بە گرنگیو بەهای ئیستاتیکی دووبارەبوونەوە دەداتو پێیوایە، ئەمە تەنیا لە دووبارەبوونەوەی وشەو ڕستەو دێڕەکاندا نییە، بەڵکو لەو کاریگەرییەدایە بەسەر هەستوسۆزو ئەندێشەی خوێنەردا دەیهێنێت. لەبەرئەوە یەکێکە لە کەرەسە جوانەکانی فۆرمو مانا[296].

شاعیری لێهاتوو لە خۆوە وشە ڕیزناکات، بەڵکو وشە هەڵدەبژێرێت. بۆیە دووبارەکردنەوە سیستێمو بونیادێکی تایبەت بەدیدێنێ. لۆتمان دەڵێ: "لە شیعردا [هاو]پەیوەندی شتێکیترە، ئەو بونیادە شیعرییەی دووەم کە بەسەر زمانەوەیە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزو پێکداچووی زیاتر دەئافرێنێ. وەک ڕاستییەکی زمانی شیعریش وەک هەموو تێکستێکیتر لە زمانی ئاخاوتنەوە وەرگیراوە. ئەمە سیستێم نییە، بەڵکو بەشێکی سیستێمەکەیە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەک وێنەیەکی جیهان-سیستێمێکی تەواو سەربەخۆیە، کە زمانێک دێنێتەکایە[مەبەست زمانی شیعرییە] لە تێکستەکەدا پارادیگمی ناوەوەی دووەم بەتەواوی دێتەئارا. ئەم میکانیزمە بنەڕەتییە لەو بونیادەدا [پاراڵێلزم]تەریبییەتە" [297]. بۆیە ئێمە ئەم چەمکەی لۆتمان لە شیعرەکانی گۆراندا دەخەینەگەڕ، چونکە لە شیعرەکانیدا گەلێک لەم جۆرە بونیادەیان تێدایە. هەروەها وەک یاکۆبسن ئاماژە بۆ ئەم چەمکە[دووبارەبوونەوە] لەشیعردا دەکات، کە پێی وایە، بە چەمکی نامۆکردنو لادانەوە پەیوەند دەبێتەوەو زمانێکی ئەدەبی بەدیدێت، کە جیاوازە لە زمانی ستاندارد، بەڵکو زمانێکی ئاماژەییەو نامۆیە بەو زمانەی هەیە.[298] ئەمە وادەکات داڕشتنو هەڵبژاردنی وشەکان بە

---

[294] ـ یو.م. لۆتمان. سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

[295] ـ رحمه مهدی علی الریمی، بناء القصیده الوجدانیه، عند شعراء المدینه المنوره المعاصرین. جامعه ام القری، کلیه الغه العربیه، قسم الدراسات العلیا،٢٠٠٥. ص ١٢٥.

[296] ـ د.اسحاق رحمانی، زیبایی‌شناسی تکرار در شعر توفیق زیاد شاعر مقاومت(پژوهشی در سبک‌شناسی آوایی)، نشریه ادبیات پایداری، سال ششم،شماره یازدهم، پایزوزمستان ١٣٩٣، ص ٨١.

[297] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٤٠.

[298] ـ د.محمد رضا عمران‌پور، کارکرد هنری قید و گروهای قیدی در اشعار شاملو، فصلنامەی پژهشای ادبی، سال٥، شماره١٨ زمستان١٣٨٦. ص٨٧.

شێوازێکی تایبەتبن‌و ئاوازیان هەبێت. بۆیە زمانی ئاسایی توانای سازکردنی ئەو سیستێمە مۆسیقاییەی نییە، کە لەشیعردا هەیە.[299] هەر لەم بارەیەوە عەزیز گەردی دەڵێت: "دوو شیعری هەمان کێش مۆسیقای جیاوازییان هەیە، چونکە جۆری دەنگەکانیان جیاوازە"[300]. کەواتە تەنیا لێکچوون ئاواز درووستناکات، بەڵکو جیاوازیش یەکێکە لە بنەماکانی ئاواز.

شیعری (خۆزگەم بە پار)ی گۆران هەڵدەبژێرین، کە بە کێشی برگەیی (ڕەنگاوڕەنگ) نووسراوە، سێ کێشی (١٢-٤-٨) تێهەڵکێش کردووەو دەستەپێی جیاوازی بەکارهێناوە. دێڕی یەکەمی سەرەتای هەر کۆپلەیەک دوانزە بڕگەییە؛ واتە سێ پێی چوار بڕگەییە [٤+٤+٤=١٢]. شاعیر سوودی لە چەند ئاوازی جیاواز بینیوە، کە دەکرێت لە چوار بڕگەیی دەستەپێ جیاوازدا؛ ڕەنگاڕەنگی ئاوازیی شیعرەکە دیارییکەین. ئەمەش دیاردەیەکی شێوازی تایبەتیی شاعیرە، چونکە لەنێو کێشی برگەییدا چەند کێشی جیاوازو لەهەر کۆپلەیەکیشدا چەند کێشی جیاوازی یەکخستووە[301]. هەروەک کاکەی فەلاح پێیوایە، ئاوێتەبوونی ئاوازە درێژو کورتەکانی لێ‌دەکەوێتەوەو شاعیر بەپێی هەستو ویستو مەبەستی جیاوازی شیعرەکە دۆخی ئاوازەی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە[302]. ناونیشانی شیعرەکە لەناو شیعرەکەوە هاتووە، هەروەها سەنتەری دەق‌و کۆپلەی یەکەم تا کۆتایی دووبارەدەبنەوە: ئەمەش دووبارەبوونەوەی کۆپلەیە (بڵێن بە یار، بڵێن بە یار، یاری نازدار) لە کۆی دەقەکە(١١) جار دووبارە بۆتەوە: یاخود (خۆزگەم بەپار)کە لە ستانزای یەکەمدا دوو جار هەیە، [ڕێکخستنی شوێنی هاتنی بەشێوەی ستوونی هاوتەریبن]. ئەمانە وەک لۆتمان پێی‌وایە، بەڕێکەوت نین، بەڵکو سیستێمی ڕێکخستن‌و هەڵبژاردنە، کە وای‌کردووە پێشبینیکردن لە دەقەکەدا شیاوبێت، بەڵام پێشبینییەکی ئۆتۆماتی نییەو پڕ لە بزاوت‌و گۆڕانە[303] بۆیە جیاوازیی لێکچوونەکان کارایە. ئەمەش لە کۆپلەی کۆتاییدا دەرخراوە، واتە دووبارەکردنەوەی کۆپلەی یەکەم لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕیتم‌و هەڵبژاردنی یەکە سیمانتیکیەکاندا ئەویش گۆڕاوە.

لەبەرئەوە دووبارەکردنەوە تەنیا پەیوەستنییە بە مۆسیقا، بەڵکو لەگەڵ بیرۆکەدا پێکەوە مۆسیقای تێکست دابیندەکەن. وەک لۆتمان دەڵێ: "ڕێکخستنی فۆنۆلۆگی تێکستەکە بەو شێوەیە ناوەڕۆکی سیمانتیکی ڕاستەوخۆی هەیە" [304]. شاعیر تێکستەکەی پڕکردووە لە جووڵەو بزاوتن، تەنیا لەچوارچێوەی(خۆزگەم بە پار)دا نامێنێتەوەو دەشمێنێتەوە، دەمێنێتەوە وەک سەنتەری دەق، لێی

---

299 ـ آزیتا طالقانی، برجستەسازی در زبان‌و نقش آن در شعر معاصر فارسی سال ٣٠، شماره ٤، زمستان ١٣٩٤، ص ٣٧.

300ـ عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی،ل١١.

301 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل، ٨٧.

302 ـ حەمەحەمە ئەمین قادر(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد_بەغدا ١٩٧٨، ل ٦٦_٦٧.

303 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٦٤.

304 ـ یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

لادەداتو دەگەڕێتەوە بۆی بە ئومێدی دەرچوون لێی؛ واتە (خۆزگەم بە پار) بووەتە ناونیشانی کەسی بۆ پاڵەوانە لیریکیەکە:

ئەیوت: ناونیشانی ناوێ،

ئەزانێ یار خۆی، کام هەژار، ڕۆژی سەد جار،

ئەکا هاوار: خۆزگەم بە پار، خۆزگەم بە پار!    (دیوانی گۆران، ل ٢٣)

ئەمە کۆتایی تێکستەکەیە کە لایەنی ئۆتۆماتی دووبارەیی تێکشکێنراوە، لەبەرئەوە چ لە گۆڕانی فۆرمو دووبارەکردنەوەو چ لە مانادا هەوڵی بازدان بەسەر ئۆتۆمات بووندا دراوە. ئەمەش وەک ناردنی پەیام بۆ یارو ناونیشان‌دان هاتووە. هاوکات بۆ ئەوەی گواستنەوەی زانیاری لە دەقەکەدا ڕەچاوبکرێت، دوو میکانیزمی دووبارەکردنەوە بەکارهاتوون: یەکێکیان ئۆتۆماتو ئەویتر نائۆتۆمات. لە کۆتاییدا (سەد هەزار) بووە بە (سەد جار) ئەمەش بە هاتنی (ڕۆژی) گۆڕاوە. (سەدهەزار جار) لادانی واتاییو فۆرمە. لەم دووبارەبوونەوەیەدا ناونیشانی کەسی بە (هەژار-بووە بە هاوارکردنی خۆزگەم بەپار). دووبارەکردنەوەی ئەم کۆپلەیە دەلالەتی خۆی هەیە: (هەژار)وەک سیاقێکی کولتووری هاتووە، کە چەردەیەک مانای بونیادیی هەیە. هەروەک (خۆزگەم بەپار) بیرخەرەوەی پێچەوانەی ڕەوتی مێژووە، لەبری گەشەو پێشکەوتن، ویستی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو دەبینین. هەر بۆیە تێکستەکە وەک مۆدێلێکی تراژیدی(هەژار-خۆزگەم بەپار) دەردەکەوێت. بەڵام بونیادی تراژیدیی شیعرەکە لە ئاستی ئاوازەدا گرژی سازکردووەو لە بەشێکی شیعرەکەدا ئاوازەکەی[بەتایبەت کۆپلەی ٦-٧) خێرا دەبێتەوە، ڕێژەی بزوێنی کورت زیاد دەکات.[305] ئەم گرژییەش بواری نامۆییو فرە سیستێمیو فرەمانایی تێکستەکە زیاتر دەکات. چونکە وەک لۆتمان دەڵێ: "ئاوازەداریی تێکستەکە هەرگیز، تایبەتمەندی ڕەهای فیزیکی تێکست نییە"[306]. بۆ نموونە سەرنج لەم بەشەی شیعرەکە دەدەین:

هەر ڕۆژە عیشوەیەک، نازێ،

هەر خەڵوەتە چەشنە ڕازێ،

لەو توانج، لە من نیازێ!

بۆ ماچێ، نوقورچێ، گازێ،

هەر بەزمە دەنگێ، ئاوازێ،

---

[305] ـ عەزیز گەردی، لە کتێبی کێشناسی کوردیدا. پێی وایە خێراییو خاوی[ڕیتم] پەیوەندی بە ڕێژەی بزوێنەکورت و درێژەکانەوەیە. ل١١.

[306] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٦٦.

بەچاو بینینی دڵخوازێ... (دیوانی گۆران، ل ٢٢)

لە خوێندنەوەی ئەم بەشەی شیعرەکەدا خوێنەر بەئاسانی هەست بە خێرایی تێکستەکە دەکات.

لە خوارەوە شێوازەکانی‌تری دووبارەکردنەوەو لادان دەخەینەڕوو.

شاعیر لە کۆپلەی دووەمدا لادانی لە سیستێمی ژماردنو واتادا کردووە، بۆ نموونە:

...یەک: پڕ بەدنیا ئارەزوو،

دەریایەک تاسە..ئەمە دوو، (دیوانی گۆران، ل ٢١)

لێرەدا لادانی ڕێزمانیو سیستێمی ژماردنیش دەبینین. هەروەها ئەو دووبارەکردنەوەیەش لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەدا دێتەوە و پاش سەروای هەموو کۆپلەکەش(وو)ە، کە لەگەڵ (خۆزگەم بەساڵی رابردوو) لە ئاستی ئاوازو واتادا گونجاوەو درێژکراوەتەوە وەک بۆ رابردوو گەڕانەوە. لۆتمان ئاماژە بەم جۆرەی دووبارەیی دەکاتو پێی‌وایە، تەنیا دووبارەیی فۆنێمەکان نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی حاڵەتو دۆخەکانیشە[307]. شاعیر چەند دەستەواژەیەک بەکاردێنێت، کە نیشانەی هاوحاڵەتین: (عومری کورت–لەپڕ هات، لەناکاو چوو). هاوحاڵەتیی لەوێدایە [سەد هەزار جار] هاتووە. چونکە لەپڕ و لەناکاو بەرانبەر(پڕ بەدنیا- دەریایەک) کورت‌دەهێنن. ئەم دووبارە گۆڕاوانە بوونەتە گرووپو ئەرکی دەلالی نوێیان پێ‌سپێردراوە. (دەریا و دنیا، تاسەو ئارەزوو)، گوزارشت لەو پانتاییە فراوانەی سۆزی پاڵەوانی لیریکی دەکەن، کە سەد هەزار جار تەواوکەرییەتی. بەڵام (لەپڕ هاتو لەناکاو چوو..) گوزارشتن لەو دۆخە زوو تێپەڕەی، کە پار تێیدا ژیاوە. ئەم دوو ئاستە دەلالییە لە ڕووکەشدا دژن؛ ناکرێت بەو خێراییە ئەو فراوانییە لەناو بچێت. لۆتمان لەم بارەیەوە دەڵێ: "لە هەموو حاڵەتێکدا دووبارەکردنەوە دەبێتە پرۆسەی هاوتایی، دەبێتە رەگەزێک لەگەڵ لێکچوو، یان دژەکانیدا لە ئاستی ئەو بونیادە دیاریکراوەدا"[308] لەبەرئەوە لەئاستی فۆنێمیو دەلالیدا بەو جیاوازییەوە یەکخراون.

شاعیر لەکۆپلەی چواردا لادانو کورتکردنەوەی لە سینتاکسو ڕێکخستنی دەنگی ئەنجامداوە:

ڕۆژنەبوو چاوم بە دیدار

شادنەبێ، نەسرەوێ ئازار، (دیوانی گۆران، ل ٢١)

ئەم ڕێکخستنە سینتاکسیو مۆرفۆلۆگییە، کاریگەری لەسەر ئاوازی شیعرەکە هەیە. ئەمەش لادانە لەو هاوپەیوەندییە ئۆتۆماتیکییەی نێوان فۆنێمو مۆرفێم لەزمانی ئاساییدا. شاعیر بۆ درێژکردنەوەی هاوحاڵەتیو هاوڕیتمی جارێکی‌تر سوود لە (ڕۆژنەبوو) دەبینێو بەهەڵبژاردنی چەند وشەی تایبەت ڕیتمی سیمانتیکی بە شەش نیوە دێڕ درێژدەکاتەوە:

307 - یو.م. لۆتمان. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

308 - سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

ڕۆژنەبوو چاوم بە دیدار

شادنەبێ، نەسرەوێ ئازار،

ڕۆژنەبوو یار بە لەنجەولار،

چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار،

بە بەردەمما نەکا گوزار،

نەمپێکێ نیونیگای خومار! (دیوانی گۆران، ل ٢١_٢٢)

لە کاتێکدا (ڕۆژنەبوو)ی یەکەم، تەنیا یەک دێڕی پێکهێنابوو. هاوکات بۆ هاودەنگیو هاوئاوازی، لادان لە (گوزەر)* بە (گوزار) کراوە، بۆئەوەی لەگەڵ(خومار و بەهار، ئازار..) بگونجێت.

شاعیر لە هەڵبژاردنی وشەکاندا ڕەچاوی ئاوازو کێشی شیعرەکەی کردووە. هەندێک فۆنێم زۆر دووبارە دەبنەوە، کە بە ئاشکرا دیارە هەڵبژاردنێکی خوازراوە، چونکە لە ئاستی دەنگدا هەست بەو هێنانەوەیە دەکەین: دەنگی /ێ/ (بێ ناوچاوێ، تاوێ، لافاوێ، لاولاوێ، نیازێ، گازێ، داماوێ، گریاوێ، تیاماوێ، ناوێ..) لە زمانی ئاساییدا ئەم دووبارەبوونەوانە (تیاماوێ، گریاوێ، بڕاوێ...) ناباوە. بەڵام هاتنی بەو جۆرە نائاساییەی ئاساییکردووەتەوە، چونکە کەشێکی ئاوازەیی سازداوە، کە نەهاتنی دەبێت بە نائاسایی. ئەم شێوە زیادکراوە دەنگییە لادانە لە سیستێمی مۆرفیمی، بەڵام بۆ ڕێکخستنی سەرەوای دەق کراوەو زیانی بە لایەنی سیمانتیکی نەگەیاندووە، بەڵکو هاوتای ڕێکخستنی دەنگی سازدانی ئاستی سیمانتیکییە. لۆتمان دەڵێ: "دژایەتیی نێوان مۆسیقییەتی (شیعری)و ناوەڕۆک جێی باوەڕ نییە. مۆسیقییەتی شیعر لەو گرژیو ئاڵۆزییەوە دروستدەبێ کاتێ هەمان ئەو فۆنێمانە قورساییو بارگرانیی بونیادییان دەبێ"[309]، ئەو ئارامییە سیمانتیکیە لەگەڵ ئەو فۆنێمە خێرایانە[لەهەندێکیدا] گرژییەکی هونەریی ماناداره. لەخوارەوە بەشێوەی ڕیزبەندی هەندێ جۆری دووبارەبوونەوە لە تێکستەکەدا دیاریدەکەین:

**١ـ دووبارەکردنەوەی کۆپلە[ستانزا]:** لێرەدا ستانزایەک وەک نیشانەی دیاری شیعریو ڕێکخستنی ئاواز و واتا دووبارەبووەتەوە. لەمجۆرەدا تەواوی جۆرەکانی دووبارەبوونەوە هەن. لەم شیعرەدا (٥) جار ئەم ستانزایە وەک خۆی دووبارەبووەتەوە. ئەمەش لادانە لە زمانی ئاساییو بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئاوازەوە سەرنجی خوێنەرو گوێگر ڕادەکێشێ:

* ـ گوزار، دەکرێت وەک (گەشت و گوزار)یش بیخوێنینەوە، چونکە شاعیر لە شیعری (ئەڕۆی ئۆغر)دا دەڵێت: تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر..هەرچەند لێرەدا ڕاگوزەر، وشەیەکی لێکدراوە لە (ڕ-ڕێگا)و (گوزەر)پێکهاتووە، جیاوازە لە (گوزار). بەڵام دەکرێ کۆنتێکستی دێڕو کۆپلەکە مانای گوزەر بدات، تاوەکو مانای گەشتو سەفەر. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە شاعیر ئاگای لە هەردوو وشەکە نەبووبێت.

309 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٦٦.

بڵێن بەیار، بڵێن بەیار، یاری نازدار،

سەد هەزار جار خۆزگەم بەپار، منی هەژار!

خۆزگەم بەپار!    (دیوانی گۆران، ل ٢١)

**٢ـ دووبارەکردنەوەی دەستەواژە:** دووبارەکردنەوەی فرێزە جیاوازەکانە لە دوو ئاستدا:

**أ. ئاستی ستوونی:**

ڕۆژنەبوو چاوم بە دیدار ...

ڕۆژنەبوو یار بە لەنجەولار   (دیوانی گۆران، ل ٢١)

یان

دوانزە مانگ لەیار بڕاوێ،

دوانزە مانگ! بۆ یار گریاوێ،   (دیوانی گۆران، ل ٢٣)

**ب. ئاستی ئاسۆیی:**

بڵێن بەیار، بڵێن بەیار، یاری نازدار،   (دیوانی گۆران، ل ٢٤)

**٣ـ دووبارەکردنەوەی وشە:** وشەی (یار) (٢٠) جارو (پار) (١٣) جار لە ئاستی ئاسۆیی‌و ستوونیدا دووبارەبوونەتەوە.

**٤ـ دووبارەکردنەوەی دەنگ:** لەم جۆرەدا ڕێژەیەکی زۆری دووبارەبوونەوە هەیە، هۆکاری ئەمەش جگە لەو هەڵبژاردن‌و یەکخستنەی شاعیر ئەنجامی‌داوە، بۆ سنووردارییی دەنگەکان لەنێو هەر زمانێکدا دەگەڕێتەوە:

أـ **هاونەبزوێن**: بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چەند نەبزوێنێک لە دێڕێ، ستانزایەک، یان سەرجەمی شیعرەکەدا، کە بەشداری لە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەکە دەکەن:

هەر ڕۆژە عیشوەیەک، نازێ،

هەر خەڵوەتە چەشنە رازێ، (دیوانی گۆران، ل ٢٢)

دەنگی نەبزوێنی(ز) (٣٧)جار دووبارەبووەتەوە، لە هەندێکیدا وەک ئەو دوو نیوە دێڕەی سەرەوە بۆتە سەروای شیعرەکە.

بە ئاستەمِ نووزە تیا مِاوێ،

ئەیوت: نِاونِیشانی نِاوێ،    (دیوانی گۆران، ل ٢٣)

دەنگی (ن) (٥٩)و دەنگی (م) (٣٩) جار دووبارەبوونەتەوە، کە خەسڵەتی دوو دەنگی نەبزوێنی گڕن[310]و بەشداری توند و ڕەقی ئاوازی شیعرەکەیان کردووە کە هاودۆخە لەگەڵ بونیادی واتایی شیعرەکە. ئەم ڕێکخستنو ئاهەنگەش بۆ سازکردنی گرووپێکی واتایی مۆسیقاییە.[311]

ب- **هاوبزوێن**: هیچ بڕگەیەک بەبێ بزوێن نابێت. ئەمەش نیشانەی ڕێژەی زۆری بزوێن لە تێکستدا دەردەخات. دوو جۆر بزوێن هەیە: [بزوێنی درێژ] ماوەی زەمەنی دێڕو رستەو شیعرەکە زیاد دەکات، [بزوێنی کورت] ماوە کەمی بۆ دەربڕین دەوێتو خێرایی تێکست نیشاندەدات.

چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار،

بە بەردەمما نەکا گوزار،    (دیوانی گۆران، ل ٢١_٢٢)

ڕێژەیەکی زۆری بزوێن(ە) دووبارەبووەتەوە. تەنیا لە پێنج کۆپلەی سەرەتایی[بڵێن بەیار...]دا (٤٥)جار دووبارەبووەتەوە، کە ئەمەش ئاوازی خێرایی لە کۆپلەکاندا درووستکردووە.

دیاردەی دووبارەبوونەوە لە شیعردا گەلێک پڕواتایە، وەک نووسەرێک دەڵێ: بەپێچەوانەی ڕواڵەتی خۆی، شیعر لە زێدەگۆییو ناپوختی دووردەخاتەوە[312]. لەسەرەوە هەندێک دیاردەی دووبارەبوونەوەمان باسکرد، لەخوارەوەش چەند شێوازو جۆریتر باسدەکەینو کاریگەرییان لەسەر بونیادی واتایی نیشاندەدەین، چونکە دووبارەبووەنەوەی وشەیەک لە ڕستەیەکو دووبارەبوونەوەی دەنگێک لە وشەیەکدا جگە لەیەکێتی ئاوازەیی، گوزارشتی واتایی هەیە.[313] لۆتمان جیاواز لە فۆرمالیستەکان تەنیا بایەخ بە دووبارەبوونەوە لە پێناو دووبارەبوونەوەو ئاوازی شیعردا نادات، بەڵکو پێیوایە، لە دووبارەبوونەوەدا ئەگەری پێکهێنانی گرووپی دەلالی هەیە. بۆ نموونە لە شیعری (لەلادێ)دا دەنگی نەبزوێنی(ک) لەچەند وشەیەکدا دووبارە دەبێتەوە، کە گرووپێکی دەلالی بونیادناوەو گرووپەکەش

310 ـ عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، ل ١٠-١١.

311 ـ محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، انتشارات، خاوران، ١٣٦٨ ص ١٥.

312 ـ د.اسحاق رحمانی، زیبایی‌شناسی تکرار.. ص ٨١.

313 ـ د.لیلا هاشمیان، فردین شریف نیا، بررسی توازن آوایی در اشعار منوجهر آتشی. نشریه ادبیات پایداری، دانشکده ادبیات علوم انسانی، شماره ٣٦، پاییزو زمستان ٩٣. ص ٣٦٠.

گوزارشت لە ناونیشانی تێکستەکە (لەلادێ)و (کچی لادێ) دەکات: [کراس، کەتان، کەوا، کەڵەگەت، کەمەر، هەتاکو، کانی، بەرکانی، کۆمەڵی، سڵێک، ئەکەی، وەکو، ئاسک، ئەشکەوت...]. شاعیر بە هەڵبژاردنی پارادیگمی ئەو وشانەی کە لە دەوروبەری لادێ و بەتایبەتیش ژنی لادێن، توانیویەتی هارمۆنیاو گونجانی ڕەنگ و دەنگ درووستبکات، بە زاراوەی ئەدەبناسی ئەم دووبارەبوونەوەی دەنگی کۆنسوونانتی(ک)یە [ئەوانەی سەرەتای دێڕەکان-بەتایبەت] پێی دەوترێت: (alliteration) کە بە عەرەبی دەبێ بە (الجناس الأستهلالی).

کراس کەتانی، کەوا سەوزی، بەژن و باڵا بەرز،

بەشان و گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەریی سەر ئەرز!

لە دوورەوە چ نمایانە پێچ و سەرپۆشت،

چزوو ئەگاتە دەماخم شەپۆلی بۆی خۆشت!

شەماڵی ڕێگەیی کانی ئەخاتە باڵاکەت،

لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەبیی کەڵەگەت! (دیوانی گۆران، ل٦٠)

تەنیا هاوشێوەیی دەنگەکان لەم دووبارەبوونەوانەدا نین، پەیوەندیی واتاییش لەنێوانیاندایە: جلوبەرگو هەڵسوکەتو شوێنی کەسو چواردەورەکەی نیشاندەدات. [ئاسک، ئەشکەوت] بەڕواڵەت لە دەرەوەی بابەتەکەن، بەڵام بەشێوازی ئاوازەو واتاو وێنەی شیعری هێنراوەتە ناو شیعرەکە. [ئەشکەوتو مزگەوت] تەنیا هاوسەروا نین، بەڵکو پەیوەندی واتاییشیان هەیە. یاخود لە شیعری (ئەی شەوقی گەلاوێژ) کە شێوازی غەزەلی هەیە، تێبینی چەند دەنگێکی دووبارەبووەوە دەکەین، کە وەک دەلالەت بۆ شێوازی شیعری کلاسیکو زمانی ئەو شیعرانەمان بیردەخەنەوە. بۆ نموونە: (٩) جار /ع/و (٩) جار /ح/ و (٨)جار دەنگی /ف/ هاتووە. هەروەها دەقەکە کە (٩) دێڕە، نزیکەی (٥٩) وشەی بێگانەی تێدا بەکارهاتووە:

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت!<br>
ئەی عەطری صەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت!<br>
ئەی حوسنی طولووع وێنەیەکی فەیضی حوضوورت،<br>
ئەی حوزنی غورووب ڕۆژی ڕەشی دووریی تەباهت!<br>
ئەی کۆشک و سەرای باغی بەهەشت مەیلی ثەوابت!<br>
ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت!<br>
ئەی عیففەتەکەت داغی حەسەد بۆ دڵی جیبریل،(...) (دیوانی گۆران، ل ٦٥)

تێبینی ئەو هەموو وشە بێگانانە دەکەین، کە بەشێوازێکی هونەرمەندانە وشە جیاوازەکانی لەیەک کۆکردووەتەوە: [شەوق، سیاه] یاخود [حوسنو طولووع] لەگەڵ دژەکانیدا[حوزن، غورووب]، کە

جۆرێکن لە "جوتەی دژ"و سەرەڕای وێنەو واتا ئاوازەیەکی گونجاویان بە فەزای شیعرەکە داوە. لەبری خاوبوونەوەی ڕیتمەکە لە هەندێکیدا خێرایی هەیە. (ئەی) وەک پێش سەروا(١٠) جار دووبارەبووەتەوە. هەروەها سوودی لە پاش سەروا: نیگاهت، سیاهت، حوضوورت، تەباهت، ثەوابت،.. وەرگرتووە، کە سەر بە کێڵگەی واتایی جیاوازن‌و بەشێوەیەکی ئاوازەیی ستوونی هەماهەنگیان لەنێواندا سازکراوە.

**٥. دووبارەکردنەوەی دەنگ‌و مانا:** دووبارەبوونەوە تایبەتمەندییەکی پێکهاتەو بونیادی شیعرەو هەمیشە دەوری لە سازدانی کەش و هەوای ئاوازەیی و تێهەڵکێشکردنی ڕەگەزەکانی تێکستی شیعری و بەدیهێنانی واتادا هەیە، لە پێناسەیەکی دووبارەکردنەوەدا نووسراوە: "دووبارەکردنەوە ڕەگەزێکی جەوهەریی ڕێکخەری ڕەگەزە، نزیکەی لە هەموو شیعرێکدا هەیە: ئەمە دەنگ، سیلابی تایبەت، وشە، فرێز، ستانزا، نموونەی کێش، بیر، ئاماژەو شێوە دەگرێتەوە. هەروەها (assonance_سجع_هاوکێش)و سەروای ناوەوە (alliteration_سجع استهلالی)و ئۆنۆماتۆپیا... جۆری باوی دووبارەبوونەوەن"[314] لەبەرئەوە دووبارەبوونەوە شێوازو جۆری جیاوازی هەیە. لە هەندێ شوێندا شاعیر بە ناچاری چەند دەستەواژە تەنیا لەپێناو هاودەنگی‌و لێکچوونی دەنگەکانا هەڵدەبژێرێت، هەندێ‌جاریش بۆ پەیوەندیی واتایی‌و ئاوازەییە. شاعیر لە زۆر شوێندا سوودی لەو وشانەی بە سرووشتی خۆیان دووبارەن وەرگرتووە، کە ئەمەش شێوازێکی تایبەت‌و نایابی دووبارەبوونەوەیە، لەبەرئەوەی گەلێک هەماهەنگە لەگەڵ ناوەرۆکی تێکستەکەدا سازدێتەوە. بۆ نموونە لە(گەشت لە قەرەداغ، ل ١٣٥_١٥٥)دا:

گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان؛ زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان...

کۆڵانەو کۆڵان بڕۆ بەرەو خوار بگەرە شوێنی کۆمەڵی ڕێبوار!...

سەرو تورەکە بەرەو زەوی شۆڕ، بە کرمە کرمی ئالیک گەرمە کوڕ...

پۆل پۆل ژن و پیاو لەدووی کەرو بار، سڵاوێک ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار!

ڕەنگ ڕەنگ پەپوولە ئەفڕی زەلاوزەل گا کناچەی پۆڕ، گا جریوەی مەل...

بەڵام سەرەوژوور ڕۆیشتین کەم کەم، بای فێنک کەوتە شنەی دەماودەم ...

وەرگەڕاینەوە بۆ دۆڵی ئەودیو، شاخ بوو لەسەر شاخ، شیو بوو لەسەر شیو...

لە ڕێگوزەری بووکا بەرانبەر دوو ڕیز: دوو– دوو سوار لێی ئەهاتە دەر!

ڕەش‌سواری ئەبرد شێ‌سوار بە گاڵە گا بە نەرمە غار، گا بە چوار ناڵە

لێرەدا پەیوەندیی (کزکز، پۆل‌پۆل، فڕان‌فڕانی، کرمەکرمی..) ناچاری نییە، بەڵکو بە شێوازی مۆسیقایی دۆخی شوێن، کەس، کات‌و شتەکانیان ڕوونکردووەتەوە. ئەم دووبارەبوونەوانە جگە لە ئاوازێکی

---

314 - A.Cuddon, Dietionary of literary terms & Literary Theory"penguin book" p 742

سازگار، هاوکات گەلێک وێنەی هونەرییان تێدایە: (شاخ بوو لەسەر شاخ، شیو بوو لەسەر شیو). لەبەرئەوە ئەمانە سرووشتییەتی دووبارەبوونەوەی[بێ‌زۆر لەخۆکردن]یان تێدایە.

هەروەها لە شیعری(ژن)دا (١١) جار وشەی(ژن-ژنە، ژنیشە-ژنێکی) دووبارەبووەتەوە، کە خوێنەر هاوتای مۆسیقای شیعرەکە هەست بە پێویستی ئەم دووبارەییە دەکات:

<u>ژنە</u> مووەللیدی <u>عیشق</u> و <u>ژنیشە</u> <u>عیشق</u>نەواز،

<u>ژنە</u> کە تاری روبابی حەیات ئەکا تەهزیز!    (دیوانی گۆران،ل ٧٤)

یاخود لە شیعری (بەستەی دڵدار ل، ٢٨_٣١)دا (١٧) جار ئاماژەی (نە) دووبارەبووەتەوە، کە لە هەندێکیاندا سەربەخۆو بۆ جیاکردنەوەیەو هەندێکی سرووشتییە. لە هەمان شیعردا (تۆیتو بەس) (٦)جار و (نەمدی کەس) (٣) جار دووبارەبووەتەوە، کە دەکاتە (٩)جار. کاتێک ئەم دوو ڕێژەیە[١٧-٩] لەپاڵ یەکدا دادەنێین، دەبنە گرووپێکی واتایی چڕ بۆ ڕەتکردنەوەی [نییە جگە لە تۆ]و ڕازیبوون بە [تۆیتو بەس]، واتە ڕەتکردنەوە بۆ ڕازیبوون بە (تۆ)، ئەمەش یەکخستنی پارادۆکسی ڕەتکردنەوەی ڕازیبوونە. شاعیر لەنێو [نە] هەڵبژاردنی [تۆ] دەکات. بۆیە ئاوێزانبوونی بونیادی ماناو ئاوازی شیعرەکەی سازکردووە، کە وەک هاوکێشی هەمان کۆپلەو هاوبەشی پێش سەروا دەبینرێن:

<u>نە</u> باریکی، <u>نە</u> گۆشتن،

<u>نە</u> کچۆڵەی، <u>نە</u> شاژن،

<u>نە</u> زۆر چاوڕەشی

<u>نە</u> ئێجگار گەشی

بەڵام بە نیگای شیرین:

<u>نەمدی کەس</u>

وەک تۆ بە تین..

<u>تۆیت و بەس</u>!   (دیوانی گۆران، ل ٢٨_ ٢٩)

ڕیزکردنی ئەو هەموو[نە]یانە هەم تیشکۆکردنە بۆ وەڵامێکی (ئەرێنی)ی دەری ئەوان و هەم دوا هەڵبژاردن و سەرئەنجامی ئەڤینی دڵدارەو بەڵگەی خۆشەویستییەکی بێسنوورو دوابژاردەیەتی، کە بە گونجانی هەردوو ئاست: ئاوازەیی و واتایی شیعرەکەی دەگمەن و ناوازە کردووە. هەروەها پەیوەندیی نزیکی نێوان [گۆشتن، شاژن، ڕەشی، گەشی، شیرین] ئاوازێکی خۆشی بەشیعرەکە بەخشیوە. بۆیە

دەگوترێ: "شیعر بریتییە لەمۆسیقای وشەو دەنگەکان".[315] لە کۆتاییدا هەموو ئەم شێوازانەی دووبارەکردنەوە، ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردەخاتەوە: "لەشیعردا هەموو ئاستەکانی زمان هەڵگری مانان‌و ململانێی ئۆتۆماتی‌و نائۆتۆماتی لەنێوان هەموو ڕەگەزی بونیادەکەدا هەیە. ڕیالییەتی تێکستی هونەری هەمیشە (بەلای کەمەوە)دوو مەودای هەیە، کاری هونەری لەهەموو ئاستێکی بونیادیدا دەکرێ وەسفبکرێ: وەک سیستێمێکی بەدیهێنەری هەندێ یاساو ڕێساو وەک سیستێمێکیش کە لێیان لابدا".[316]

## چوارەم/ ئاستی لێکسیکیی شیعر

وشە بەردی بناغەی تەلارسازیی شیعری و یەکەم ناوکی درووستبوونی زمانی ئاساییە بەگشتی و دواتریش لە شیعردا مەودایەکی تر پەیدا دەکا، هەمیشە لە چەقی بایەخی ئاخێوەران و شاعیران و دواتریش توێژەراندابووە.. تەنانەت دەربڕینی ئاینیی وەها هەیە، کە دەڵێ: "لە سەرەتادا وشە هەبوو"، دیارە ئەمە ڕوانینێکی قووڵە لە وشە، کە نابێ بە ساکاری وەریبگرین و بیرۆکەی ئەم چەمکە نەخوێنینەوە، چونکە هەروەک "وشە" لەو سیاقەدا ئاماژە بووە بۆ "کتێبی ئاینی"، ئاوەهاش لای ئێمەو لەم حاڵەتەدا سەرجەم شیعر دەگرێتەوە. لەبەرئەمە یەکەم ڕستەی ئەم پارەی کتێبەکەی لۆتمان بەم جۆرەیە: "شیعر لە وشە پێکدێ"[317] هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "ڕەنگە هیچ ڕاستییەک لەمە ڕوون و ئاشکراتر نەبێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هەروەک خۆی وەریبگرین، ڕەنگە حاڵێنەبوونێکی دیار بهێنێتەئارا. وشە لە شیعردا_ وشەی زمانی ئاسایی، یەکەیەکی لێکسیکییە، کە دەکرێ لە فەرهەنگدا بیدۆزیتەوە، دیسانەوە ئەوەش هەر باتەقای خۆی ناکات، بە تایبەتیش لێکچوون، وێکهاتنەوەی لەگەڵ وشەی ناو "فەرهەنگ"ی ئەو زمانەدا هەستی جیاوازیی نێوانیانت[لاپەیدا دەکا] ئەم لێک جیابوونەوەو هەندێ جاریش لێک نزیکبوونەوەن، بەڵام دوو یەکەی سەربەخۆو بەرانبەر یەکترن: وشەی ئاسایی زمانەکەو ئەو وشەیەی کە لە تێکستدا دەبێ".[318]

ئەم بۆچوونەی لۆتمان، نەک هەر دەوری "وشە" لە هەردوو مەوداکەیدا ڕووندەکاتەوە، بەڵکو ڕواڵەتی بیری بەدیهێنانی زمانی شیعرییەو ئەو جیاوازییەیەتی کە لەگەڵ زمانی ئاساییدا هەیەتی، هەرچەندە ئەمەی دواییان هەوەڵ بنەوانی ئەوەی دووەمیانە، بەڵام لە پرۆسەی ئەزموونی شاعیرو لە وەرشەی

---

315 ـ د.محمدرضا شفیعی کدکنی موسیقی شعر...ص ٣٤

316 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٢٠.

317 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

318 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

وەستاکاریی هونەری وشەدا، شاعیر زمانێکی خەملاو و جیاواز دێنێتەئارا، کە وەک لۆتمان دەڵێ: "ئەگەر ئێمە سەیری ئەو تێکستە شیعرییە بکەین وەک نموونەیەکی تایبەتی زمانێکی ڕێکخراو و سازکراو، ئەوا ئەوکاتە[زمانە سازکراوەکە] بەتەواوی بەدیهاتووە. ئەو شتەی بەشێک بێ لە سیستێمێک وەک هەموو سیستێمەکە دەردەکەوێ. ئەم حاڵەتەی دوایی زۆر جەوهەرییە هەموو "زمانێکی کولتوور" وەک زمانی بە مۆدێلکراوی هەندێ سیستێمە کە ئیدیعای گەردوونیەت[سەرجەمی] دەکا، لە هەوڵی ئەوەدایە بەرگی هەموو جیهان بپۆشێ و خۆی بکاتە دوومانی جیهان"[319].

لەڕاستیشدا ئەم پرینسیپانەی لۆتمان باسیاندەکا، ڕەنگە بۆ بەرهەمی هەموو شاعیرێک دەست نەدەن، چونکە ئەمە باس لە هێنانەکایەی زمانێکی شیعریی دانسقەو دەگمەنی وا دەکا، کە جێ پەنجەو کاریگەریی بە مێژووی ئەدەبی قۆناغێکی ئەو زمانەوە کە پێی نووسراوەو ئەگەر پەلیش بهاوێ زیاتر، ئەوا ئەدەبی جیهانییەوە دیاریبکات...ڕاستە ئەم هەنگاوەی دواییان زیاتر بەهۆی بەها ئیستاتیکییە مرۆڤانەکەی ئاودیوی زمانیش دەبێ، وەک زمان خۆی کاریگەری دەبێ، ئەمەش بەڵگە نەویستە. ڕەنگە بۆ ئەم شاعیرەی ئێمە، تائیستاش لەبەر گەلێ هۆ، لە دەری زمانەکەی خۆیدا نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە، هەرچەندە هەندێ سنووریشی بڕیوە، بەڵام زمانە شیعرییەکەی لەڕاستیدا، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم چەمکانەی لۆتماندا دێتەوەو شایەنی توێژینەوەو تاوتوێی وردو قووڵن.. ئێمە لەڕوانگەی ئەم چەمکەوە شیکاریی شیعری گۆران، وەک بەشێک لە بەکارهێنانی میتۆدی لۆتمان، دەکەین، سەرەتاش "هەڵبەستی دەروون" بە نموونە هەڵدەبژێرین:

هەڵبەستی دەروون

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!

لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم: بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار،

دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین.. پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین! (...)

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

با لە وشەکانەوە دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی بزانین لێکسیکە جیاوازەکانی چیمان پێ دەڵێن: لێکسیکەکان سەر بە دنیایی شیعرین، یاخود سەر بە فەرهەنگی زمانی ڕۆژانەن؟ لۆتمان دەڵێ: "شیعر وەک سەرجەمی زمانێک لە هەموو زمانە سرووشتییەکە دەچێ، نەک بەشێکبێ"[320] لەبەرئەوە فەرهەنگی

---

[319] ـ یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

[320] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٨٦.

شیعری دابڕاو نییە. ئەمە مانای ئەوە نییە شیعر هیچی لەباردا نییەو تەنیا پشت بە زمانی گشتیی دەبەستێت. شیعرو ئەدەب ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندو فراوانکردنی فەرهەنگی گشتییدا هەیەو ئەگەرو واتای نوێ بە وشەکان دەبەخشنو ڕۆڵیان لە مانەوەو زیندووکردنەوەی وشە پەراوێزییەکاندا هەیە. یەکێک لەخەسڵەتە شێوازییەکانی شیعرەکانی شاعیر، گرێدانی پەیوەندیی زمانی ئاساییو شیعرە، وشەکانی خستووەتە نێو پەیوەندییەکی نوێی شیعرییەوە. ڕەخنەگرێک دەڵێ: گۆران شەیدای زمانی سادە بووەو ویستویەتی ئەو بەربەستەی نێوان شیعر بۆ چینێک، بە شیعر بۆ گشت بگۆڕێت.[321] بۆیە ئەدەبناسێکی ئێرانی پێیوایە، هەر ئەمەش وای کردووە کە "شیعرەکانی لە خەڵکەوە نزیکبن"[322].

"هەڵبەستی دەروون" لە دوو وشەی ناوی[فرێزی ناوی] پێکهاتووە [هەڵبەست] بەرجەستەیەو [دەروون] نا بەرجەستە. بەڵام تەواو نابەرجەستە نییە، وەک لە پێکهاتەی وشەکەوە دەردەکەوێت(دەر+وون) تێهەڵکێشی دیارو نادیارە [دەرکەوتنی ونە]. شاعیر ویستی دەرخستنی ئەم ونەی هەیە. لەمەشدا بە زمانو زمانی شیعریی ئەو هاوپەیوەندییە دەبینین، کە دەکرێ ئەوەی سەر بە زمانە ئەگەری سەر بە شیعری هەبێو ئەوەی شیعریشە سەر بە زمانە. پەیوەندیی ئەم دوو زمانە دەستەوامییە. بەڵام شاعیر کەرەسەکانی زمان لەشێوە گشتییەکە دەردەهێنێو دەیانخاتە چوارچێوەیەکی تاکەکەسییەوە. لەبەرئەوە زمان لەو بێ لایەنیو گشتییەوە دەبێ بە تاکەکەسی و شاعیر هەستو سۆزی خۆی تێکەڵی وشەکان دەکات.[323]

وشەکانی ئەم شیعرەی گۆران ئەمانەن: ((خەیاڵ، مەست، هەڵبەست، لێکدانەوە، دەروون، قسەی زمان، دوور، نازانم، ئەمویست، بکرایەوە، تۆمار، دنیا، جوان، بەهار، ئاوات، هیوا، خەوبینین، پرشنگدار، ئەستێرەی قوبەی شین، مانا، مەنگ، دەریا، نەرمەبا، ئەسپایی، شیعر، فرمێسک، گریان، زەردەخەنە، ئاوێنە، دەموچاو، تیژگ، ڕووناک، هەتاو، ئەفسوس، باڵدار، جێناهێڵن، هێلانە، لەناوەوە، ئەجریوێنن، ئەخوێنن، هەرگیز، قەڵەم، کاغەز، ناهێنن)). وشەکانی شیعرەکە سەر بە فەرهەنگی زمانی ئاساییین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تێکستەکە لە فەرهەنگی وشەو دەستەواژە ئەدەبییەکان خاڵی بن. چونکە هەندێکیان سەر بەهەردوو فەرهەنگەکەن: (خەیاڵ، جوان، ئاوات، هیوا، خەوبینین، ئەستێرەی قوبەی شین، مانای مەنگی دەریایی، ئەسپایی..) لێرەدا زیاتر وشەی نا بەرجەستە هەن، بەڵام تێکستەکە بە دنیایەکی جیاواز

---

321 ـ فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی.. ل ٤٤.

322 ـ مهناز شریعتی، بررسی تطبیقی شعر نو کردی و فارسی(با توجه به اشعاری نیما یوشیج و عبداللّه گوران)پایاننامه کارشناسی ارشد رشتەی ادبیات محض. دانشگاه کردستان، دانشکده ادبیات، گروهی زبان و ادبیات فارسی. ١٣٨٨. ص ٨. جێگەی ئاماژەپێدانە، کە جگە لەم نامەیە دوو نامەی تری نزیک و هاوشێوە[لەناونیشاندا] لەبارەی بەراوردی (گۆران و نیما)ەوە نووسراون، کە ئەمانەن: ئامر طاهر، نیما یوشیج و عەبدوڵا گۆران، نوێکردنەوەو دابڕان، دەزگەهێ سپیرێزیا چاپ و وەشاندنێ دهۆک٢٠٠٦.

ئەبوبکر خۆشناو، لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیما یوشیج، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی٢٠٠٨.

323 ـ همزە حسین حمە، لادانی واتایی لەزمانی شیعر، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، گۆڤارێکی ئەکادیمییە، زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات، چاپخانەی حاجی هاشم_هەولێر،٢٠٠٤، ژمارە (١)،ل ٢٥٥.

ئاشنامان دەکات، کە بە وشەی زمانی ئاسایی بونیادنراوە. وشەکان هێنراونەتە نێو سیستێمێکی نوێوە، وەک لۆتمان ئاماژەی پێ داوە، ئەمەش خاڵی بنەڕەتیی سازکردنی شیعرییەتە، کە هەمان کەرەسە ئەرکی جیاوازی پێدەدرێ. هەستی نزیکیو دوورکەوتنەوەمان بۆ پەیدا دەبێ. چونکە وشە ئاشناکان نائاشناو ئاشنا دەردەکەون؛ ئاشنان، چونکە ڕۆژانە بەکاریاندێنین، نائاشنان لەبەرئەوەی بەشدارن لە جیهانێکی نوێدا. هەر لۆتمان ڕایوایە، کاتێ وشەکان شیعری دەبن توانای نوێیان لێ دیار دەکەوێت.[324] لەم دەقەدا وشەکان هێنراونەتە نێو سیستێمێکی تایبەتییەوە. ئەمەش بەهاوکاریی ئەو هێزە شیعرییەی، کە شاعیر بۆ بە دەنگهێنانی دنیای دەروونی پەنای بۆ شیعر بردووە؛ واتە بەهۆی شیعرەوە زمانی بۆ ئاستی بەرجەستەکردنی فەزای دەروونی بەرز کردووەتەوە.

وشە پەرتەوازەکان لێرە بوونەتە زمانێکی ڕێکخراوو، ئەمەش هەروەک لۆتمان دەڵێ و پێشتریش ئاماژەمان پێدا: "ئەو شتەی بەشێکبێ لە سیستێمێک وەک هەموو سیستێمەکە دەردەکەوێ"[325] شاعیر لە دێڕی یەکەمدا، وشەی (خەیاڵ-مەست)ی بەیەکەوە بەکارهێناوە، خەیاڵ مەستی دەهێنێت، خەڵکی بەشەراب مەست دەبن. بەڵام شاعیر بە خەیاڵێک مەستە. خەیاڵ لەنێوان دیارو نادیاردایە. لێرەدا خەیاڵو مەستی سەر بە کێڵگەی جیاوازن. هاوکات دەکرێت لە دوورمەودادا نزیکیان بخەینەوە، چونکە (ئەو خەیاڵەی) وەک شتێکی ناسراو دەرکەوتووە، قسە لەسەر توانای بەرجەستەکردنییەتی. هەروەها شاعیر سوودی لە(چوارچێوەی هەڵبەست) وەرگرتووە، لێرەدا بیرمان بۆ قەبارەی خەیاڵ دەچێ؛ بەڵام مەبەستی شاعیر چوارچێوەی زمانە. بۆیە خەیاڵو هەڵبەست دووانەی نزیکو دوورن. شاعیر دەیەوێ خەیاڵ بگرێ، کە (-گرتنە)، بەڵام شاعیر (+توانای گرتنە) هەوڵی گرتنی شتێک دەدات، کە ناگیرێ؛ ئەمەش دەرخەری هەوڵی شاعیرە بە دوای مەحاڵدا. هەروەک هەوڵی لێکدانی سنووردارو بێسنوورییە. لە دێڕی دواتردا ئەمە ڕوونتر دەردەکەوێت:

(لێکدانەوەی دەروون-قسەیزمان-دوورن-نازانم-بۆچی) لێرەدا (خەیاڵ-لێکدانەوەی دەروون) یەکدەگرنو جیاوازییەکەیان دەسڕنەوە. چوارچێوەی هەڵبەستو قسەی زمانیش یەکدەگرن. لە ئاستی کرداریشدا: (هەرچەن ئەکەم، بۆم ناخرێت، دوورن، نازانم) لە پەیوەندیدان. لەم خستنەتەکیەکەدا ئاڵۆزییەکان کەمێ دەڕەوێنەوە. شاعیر لە دێڕی یەکەمدا سوود لە نیشانەی (!) دەبینیو دواتر پرسیار دەکاتو لە بێوەڵامیدا دیسانەوە سوود لە (!)وەردەگرێتەوە. ئەم نیشانانە لە پێکهاتنی جیهانە شیعرییەکەدا بەشدارن. بۆیە وشەکانی ئەم دوو دێڕە بەپێی ئەو سیستێمە بەمۆدێلکراوەی شیعرەکە بۆ دووانەی (ناوەوە)و(دەرەوە) دابەشدەبن:

ناوەوە: خەیاڵ+ لێکدانەوەی دەروون.      دەرەوە: چوارچێوەی هەڵبەست+قسەی زمان

---

[324] ـ ضیا موحد، سیلویا پلات، ارغنون، شماره ١٤، زمستان ١٣٧٧، ص ١١٠_١١١.

[325] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٨٦.

لەنێو ئەم دووانەشدا(مەست) دەکەوێتە هەردوو دنیاکەوەو ڕۆڵی نێوەندگیری هەیە. هاوکات (ئەکەم، بۆم ناخرێ/بۆم ناکرێ، نازانم) بەرانبەر ئاوەڵناوی(دووری) دەرخراوە. لێرەدا شاعیر گومانو دوودڵی بەرانبەر بە زمانو دنیای دەرەوە نیشاندەدا، بەڵام دڵنیایی لەدنیایی ناوەوە هەیە. (بۆچی) پرسینە لە ناتوانایی خۆیو وزەی کەم بڕشتی کەرەسەکانی، واتە شاعیر پرسو گومانی لە زمانو شیعر هەیە، چونکە کەرەسەی تێگەیشتنو بەرجەستەکردنی دنیای ناوەوەن:

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار        دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار،

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

شاعیر لەپرسینی (بۆچی وەها دوورن..)و نەتوانینەوە، هەوڵدەدات پرس بۆ (ویست) بگۆڕێت، کە دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ لە بەرجەستەبوونو بەریاڵکردنی دەرووندا بگێڕێت. لەم دێڕەدا جووتەی دژی (داخراو-کرانەوە)مان هەیە. شاعیر ویستی کرانەوەی دنیای ناوەوە-داخراوی هەیە، کە ویستە بۆ بەرزکردنەوەی زمان لە ئاستی بەرجەستەوە بۆ نابەرجەستە. لەبەرئەوە سوودوەرگرتنی شاعیر لە زمانی ڕۆژانە بەهۆی بە مۆدێلکردنیەوە ڕێگر نەبووە لە دەرخستنی شاراوەکان. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لۆتمان لەبارەیەوە دەڵێ: "وشە لەشیعردا دەوڵەمەندترە لە هەمان وشە لە تێکستی زمانی گشتیدا"[326]. شاعیر لێرەدا توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرینتر ماناو ئەرکی وشەکان دەربخاتو بەهۆی سیاقی دەقەوە مانای نوێیان بداتێ. ویستی شاعیر بۆ دەرکەوتنی نادیار، تاکەکەسییە. بۆنموونە (ئەگەر بەهار جوانترینی وەرزەکان بێت) ئەوا شاعیر ویستی دەرخستنی جوانتری لەم جوانترینە هەیە؛ لەخۆوە نییە شاعیر وشەی(دنیای) بەکارهێناوە. ئەمە نەخشەی ئەو جیهانەیە شاعیر ویستی بونیادنانی هەیە. (دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار) ویستی شاعیر لەم نیوە دێڕە[دێڕەکانیتردا] بەقەولی لۆتمان، ویستی بەمۆدێلکردنی جیهانە[327]. شاعیر لەڕێگەی نەتوانینەوە کردەی توانینی ئەنجامداوە، بەڵام لەشێوەی ویستی دەرکەوتندا. لەشیعرەکەدا کرانەوەی دەروونو دەرکەوتایە هاوتان، بەرهەمی دەرکەوتنەکەش بریتییە لە "دنیایی جوانتر لە بەهار". پێمان وایە گۆران لە دەرخستنی دنیای دەروونی خۆیدا، هەوڵێکی زۆریداوە، ئەوەش کە ئەم دنیایە نادیارە، هەر نیگەرانی ئەم نادیارییە بووە، بەڵام لەبنەڕەتەوە بە وێنەکردنی ئەو دنیایە دەرخەری دەرکەوتنی دنیایی دەروونە.

شاعیر بۆ تێپەڕکردن و زاڵبوون بەسەر (نەتوانین)دا، سوودی لەهەمان تەکنیکی دەروون خۆی بینیوە: ئەو خەیاڵەی پێی مەستە، بەخشکەیی هەوڵی خستنە نێو چوارچێوەی هەڵبەستی پێ داوە. واتە ئەوەی ناوەکییە دەرەکی کراوە؛ ئەوەی خەیاڵە کراوەتە واقیع. وەک نووسەرێک دەڵێ: بێدەنگی شاعیر لە پاش هەڵکۆڵینی توانا تەعبیریەکانی زمانەوە تا سنووری گەیشتن بەو شوێنەی کە چیدی قسەکردن لەو ئاستە

---

326 - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

327 - سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

تایبەتەی زماندا مومکین نییە.[328] لەبەرئەوە (دەرکەوتایە) دەچێتە نێو هەمان سیستێمی ناکۆکییەوە؛ ناکۆک بەخۆی (دەرکەوتووەو دەریش نەکەوتووە). بۆیە شاعیر سوود لە هەمان ئەو وشانە دەبینێ، کە لە نێوان (دیارو نادیار)دان:

دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین.. پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

(ئاوات-هیوا-خەوبینین) سەر بە جیهانی ناوەوەن، بەڵام شاعیر لەتەک جیهانی دەرەوەدا ڕیزیکردوونو ویستی زیاتر لە دەرکەوتنیانی نیشانداوە(پرشنگدارتر). گۆران سوودی لە سێ وشەی نزیک لەیەک(وەک هاوواتا)بینیوە، بەرانبەر بە ئەستێرەی قوبەی شین، کە ڕۆشنایی ئەم دەرخەری ئەوانە. دەشتوانین بەسوودوەرگرتن لەواتای کولتووریی ئەستێرە واتایەکیتری بۆ ببینینەوە: لە کولتووری عەرەبیدا دەرکەوتنی ئەستێرە یەکسانە بە دەرکەوتنی کەسێکی نوێ، یاخود مردنی ئەستێرە وەک مردنی مرۆڤەکانە، واتا ئەستێرەو مرۆڤ ڕۆڵی هاوتایی دەبینن[329]، لێرەشدا (ئەستێرەی قوبەی شین) وەک تەواوکەرو هیوای دەرکەوتنی ئەو مرۆڤە نوێیە؛ کە شیعرەکە ویستی دەرکەوتنی مرۆڤێکی نوێو(جیهانوشیعرێکی نوێ)ی هەیە. بەمە شاعیر چاوێکیترمان دەداتێ تا جیهانی پێببینین.[330] لە خوارەوە باشتر ئەو دنیا نوێیە نیشاندراوە:

دەرکەوتایە: مانای مەنگی دەریایی، کە نەرمە با لە ڕووی ئەدا ئەسپایی (دیوانی گۆران، ل ١٢١)

لێرەدا (مانا)وەک نابەرجەستەی شتێکی بەرجەستە(دەریا) هاتووە. دەریا، هەمان وشە نییە لە فەرهەنگی زماندا هەیە. بەڵکو مانای مەنگی دەریایی هەمان گوزارشتە بۆ دەروون. وەک لۆتمان دەڵێ: "لەنێو خۆیاندا لەپەیوەندییەکی-نیرۆمیۆفیزم-[هاوشێوەو گونجان] پێکدێنن"[331]. (نەرمە با)ش وەک هێزی دیارخەرو جووڵەی مانا هاتووە. سوود لە(روو لێدان-ئەسپایی) بینراوە، کە پرۆسەکە دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە، پێویستی بە لەسەرخۆیی وەک نەرمە با هەیە. وەکچۆن (لەڕووی ئەدا) دەرخەری ڕاستی دەرکەوتایە (بە دەرکەوتوو)ە، چونکە لە ڕووی کاتەوە: (دەرکەوتایە) ویستە بۆ دەرکەوتنو تێنەپەڕە، (لەڕووی ئەدا) لە ویست دەرچووەو کردەکە ئەنجامدراوەو تێپەڕکراوە.

دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری بێ فرمێسکەو، زۆرتر لە فرمێسک ئەگری

---

[328] ـ مەریوان وریا قانع، بەختەوەری و بێدەنگی، دەزگای سەردەم_سلێمانی ٢٠٠٤ ل٢١٩.

[329] ـ د. احمد پاکتچی، رویکرد فرهنگی مطالعه به معنا:

http://www.ihcs.ac.ir/Pages/Features/MovieDetail.aspx?id=7670

[330] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٨٧.

[331] ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

شاعیر وەسفی شیعری ئەو دنیایە دەکات، کە جیاوازە لە دنیای دەرەوە، شیعری ئەو دنیایەشی لاپەسەندە. (بێ فرمێسکەو زۆرتر..) نیشانەی ئەو دنیا ناوەکییە دەروونیەیە، کە حەقیقەتی تێدایەو بە ڕواڵەت ناگری، بەڵکو حەقیقەتی گریان دەردەخات. گریانی ناوەوە دیارنییە، جەختی شیعرەکەش لەو دنیایەیەو ئەو شیعرانەش دەتوانن حەقیقەتی شتەکان دەرببڕن. لەم دێڕانە چۆنێتی دنیا نوێیەکەو جیاوازی لەگەڵ دنیای دەرەوە نیشاندراوە. لۆتمان دەڵێ: "جیهانی شیعر بەمشێوەیە، نەک هەر لیستی وشەی خۆی بەڵکو سیستێمی سینۆنیمو ئانتۆنیم(هاوواتاو و دژواتا)ی خۆشی هەن."[332] گەلێ لە وێنەکانی ئەم شیعرە لەسەر بنەمای دژایەتی یان هاوسێیاتی و چوونیەکی داڕێژراون، کە نیشانەی ئاستی داهێنەرانەی شاعیرن. دواتر دەڵێ:

زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەمو چاو تیژگێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو!..

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

زەردەخەنە بێدەموچاو دەتوانێ، ڕووناکتر لەهەتاو دەرکەوێت. (پرشنگدارتر-ڕووناکتر لەهەتاو) لێرەدا ڕووبەڕووی هەمان دژ و مەحاڵەکان دەبینەوە. [لەشیعری کلاسیکدا دەموچاو، وەک هەتاو وێناکراوە] بەڵام، هەوڵی تێپەڕکردنی ئەو وێنەو خەیاڵە کلاسیکییە دراوە، کە وێنەیەکی تەواوکارانەیە. لەبەرئەوە زەردەخەنە لێرەدا مانایەکی گەلێک فراوانتر وەردەگرێتو سەربەخۆ لە دەموچاو دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت. لەم دێڕەدا لەگەڵ شتە هەستپێکراوەکاندا دەژین، چونکە شاعیر هەنگاوبەهەنگاو لەڕێگەی ویستەوە خۆی لە شتە نابەرجەستەکان ڕزگارکرد بۆ ئەوەی بە تەواوی وێنەی ئەو دنیایە بەرجەستەبکات:

بەڵام ئەفسوس! کە ئەو شیعرە جوانانە باڵدارێکن جێناهێڵن هێلانە،

لەناوەوە ئەجریوێنن، ئەخوێنن هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن!..

(دیوانی گۆران، ل ١٢١)

لێرەدا ڕەنگە خوێنەر ئەوەی لا دروستبێ، کە شاعیر بۆ قۆناغی یەکەمو بێ ئومێدی دەگەڕێتەوە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی کۆی تێکستەکە، کە چەند قۆناغێک تەیکراوەو تەنیا لە دەرنەکەوتنو نەتوانیندا ناژین، واتا ئەگەر شیعرەکە وەک پرۆسەیەکی دیالێکتیکی لەبەرچاو بگرین، لەسەرەتاوە لەنێوان (بەرجەستەو نابەرجەستە)دایە، پاشان هەنگاو بۆ (لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمان) دەنێت، کە هەنگاوێکی هێواشە بۆ نزیکبوونەوە لە بەرجەستە. پاشان (دەروون-تۆمار) لە دواییدا(بێ فرمێسکو زۆرتر لە فرمێسک..) کە

332 - یو.م. لۆتمان.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

پرۆسەو ململانێی دەرچوون لە ناشیعرەوە بۆ شیعرە. لێرەشدا شاعیر وێنەکەی بەتەواوی ڕۆشنکردووەتەوە(باڵدار-هێلانە) هێلانە وەک دەروون، کە تەنیا ناوەوە نییەو وێنەی دەرەوەی دەبینین‌و تێیدا دەژین، ئەمەش پرۆسەی دەرهێنانی دەروونە لەنادیارەوە بۆ دیار کە پێویستی شیعرە، وەک ئەرستۆ دەڵێ: شیعر تەنیا لاسایی واقیع ناکاتەوە[333]. تەنیا لەگەڵ ئامادەو بەرجەستەدا ناژی، بەڵکو لێیان تێدەپەڕێت. لەبەرئەوە دیالێکتیکی لەنێوان (ناوەوە=تێز)و (دەرەوە=دژەتێز) گیری نەخواردووەو لەقۆناغێکی پێشکەوتوودا تێهەڵکێشی (باڵندە-جریوە=سینتێزی-لەناوەوە بۆ دەرەوە) کراوە.

ئەمە پێچەوانەی ئەو ڕایەیە، کە پێیوایە: شاعیر لە تێکستەکەدا کەمتوانابووە، چونکە کەرەسەکانی لاوازبوون.[334] لەبەرئەوەی شیعرەکە وەک سەرجەمێک گوزارشت لە (شیعرو ناشیعر) دەکات، کە ناوەوە نوێنەری شیعرەو دەرەوە ناشیعر. شاعیر بەردەوام هەوڵی دەرچوون لە دەرەوە بۆ ناوەوە، یاخود لەناوەوە بۆ دەرەوە دەدات، کاتێک لە ناوەوەیە شیعر کارایە، بەڵام شیعر کاتێ ڕوودەدات، کە لە دەرەوە بێت، بە هاتنە دەرەوەش شیعر نامێنێت‌و دەبێت بە ناشیعر. لەبەرئەوە شاعیر تا کۆتایی (باڵدارێکن جێناهێڵن هێلانە) گوزارشت لەو دۆخە دەکات، نەک لە کەوتن. ئەم دۆخە هاووێنەی دۆخی عاشق‌و مەعشوقە، کە لەگەڵ بەیەک گەیشتندا عەشق کۆتایی دێ؛ بەردەوامی شیعر بریتییە لەو ململانێ‌و دەرکەوتنی ئەو دەرنەکەوتەیە. ئەمەش هەر بە بۆچوونی لۆتمان ئەوەیە کە دەڵێ: "جیابوونەوەی شیعر، لە ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو ئاوێتەبوونیانە"[335]. وەکچۆن لەڕووی تابلۆی شیعرییەوە لە خوێندنەوەوە بۆ بینین‌و نیگارکێشان ڕۆیشتووە، لە کۆتاییشدا خوێندنەوەو بینین(هەرگیز قەڵەم بەکاغەزا ناهێنن) تێهەڵکێش‌دەکات.

شاعیر لە ئاستی کرداری‌و نیگاردا پرۆسەی جیابوونەوەو پاشان یەکگرتن‌و دووبارە (جیابوونەوەی یەکگرتوویی)نیشاندەدات. لێرەشدا دیسانەوە جەختی ئەو دیدەی لۆتمان دەکات، کە پێشتر هێنامانەوەو دەڵێ: "هەموو زمانێکی کولتوور وەک زمانی بە مۆدێلکراوی هەندێ سیستێمە کە ئیدعای سەرجەمی دەکات، لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرگی هەموو جیهان بپۆشێت‌و خۆی بکاتە دوومانی جیهان."[336] شیعرەکە وەک بەشێکی زمان، کۆی زمانی هێناوەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو بووەتە دوومانی جیهان، چونکە بەشێوەیەکی سازو گونجاو وشەکانی زمانی خستووەتە نێو جیهانێکی نوێی شیعرییەوە.

---

333 - ئەرستۆ، شیعر(پۆیەتیکا)، وەرگێرانی: د.محەممد کەمال، ل ٢١.

334 - پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، گوتاری کوردیی:

http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=6&Besh=Witar&Jimare=36989

335 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٨٨.

336 - یو.م. لۆتمان..سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

بۆ تیشکۆی زیاتری چەمکی "ئاستی لێکسیکیی شیعر"ی لۆتمان دەمانەوێ بەشێک لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ) بکەینە نموونەو نیشانیبدەین کە چۆن شاعیر هەر لەڕێگەی مەزراندنی(توظیف) وشەکانەوە جیاوازیی نێوان شارو لادێ ڕووندەکاتەوە:

عاسمانی شین و ئەستێرەکانی پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی؛

گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان؛ زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان.

دەڕژا لەسەردا کزەبای بەیان، ئەیلەرانەوە کولەو پەردەکان.

شاری پەنجەرەو دەرگا داخستوو: وەک یەک گیاندارو بێگیان تیا نووستوو..

ئالەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە، هەستەو بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە؛

کۆڵانەو کۆڵان برۆ بەرەوخوار بگەرە شوێنی کۆمەڵێ ڕێبوار!.. (دیوانی گۆران، ل ١٣٥_١٣٦)

سەرنج لە ئاستی لێکسیکی ئەم بەشە بدەین لە (١٩) ناو (١١) کردارو (٣) ئاوەڵناو پێکهاتووە. گوزارشتی جووڵەی جیهانی شتو نووستووی خەڵک دەکات. لە دێڕی یەکەمەوە نەزمو لادانی واتایی هەیە، ئەویش بە وەسفی (پێکەنین) کە دووانەی بەرانبەری (شەو—ڕۆژ)ی تێهەڵکێش کردووە. شاعیر سازان و هاوئاهەنگی لەنێو سرووشتدا بینیوە، کە لە چ کەش و هەوایەکی شادیی بەخشدا هارمۆنیای یەکێتیی سرووشت و ڕەگەزەکانی پێکهێناوە. گۆران بە کاریگەریی شیعری گۆرانی(هەورامی)، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی شێوازی گێڕانەوەی ئێپیکی و لە لیریکدا بەکارهێنانیەتی، بە زمانی(باڵاد_چیرۆکەشیعر) دەستپێکردووەو هەر ئەمەش لە بابەت (theme)ی شیعری گەشت چاوەڕواندەکرێ، چونکە ئەمە بەسەرهاتێکە کە دوای ڕوودانی بووە بە شیعر. بۆیە شاعیر بۆ ئەم مەبەستەو بە چاوی نیگارکێشێکەوە دێڕەکانی سەرەتای شیعرەکەی وەک چاوی کامێرایەک بە خوێنەر نیشاندەدا، بە تایبەتی دێڕی یەکەم و دووەم، کە زاڵیی ڕووناکیی سرووشت و جوانییەکەی بەسەر ئەوەی مرۆڤدا نیشاندەدەن، بۆیە "گڵۆپ" تەنیا لە تاریکیدا دەتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ ڕووناکی سرووشتدا بکا..

گۆران کاتەکەی وەک خۆی نیشانداوە، کە هێشتا ڕۆژهەڵنەهاتووە، بۆیە ئەستێرەکانیش هێشتا هەر دیارن (کزکز)یش تەواوکەریەتیو گوزارشت لە بێهێزیو خاوبوونەوە دەکات. (ئەسووتان)یش بۆ گڵۆپەو بیرخەرەوەی ڕووناکییە[دەشکرێ وەک: هەموو شتێک لەخزمەتی شاردا دەسووتێت بیخوێنینەوە]. (کۆڵان-جادە) گوزارشت لە شار دەکەن. دێڕی سێیەم سێ وێنەی جوڵاوی هونەریین کە تێهەڵکێشی یەکدی کراون(دەڕژا-کزەبای بەیان-لەرانەوەی کولەو). لە دێڕی چوارەم، پێنج وێنەی دەلالی هەیە: (شاری:دەرگاو پەنجەرە داخستوو..) لێرەدا جیهانبینی شاعیر لە وێنەی گشتگیری شاردا دەردەکەوێت، کە جیاوازیی گیاندارو بێگیانی نەهێشتووەو بەناو کراوەیە، بەڵام داخراوە؛ کە نیشانیدەدا شار حەز بە

شاردنەوە دەکات. هەروەک گوزارشت لە تەمبەڵیو بێئاگایی خەڵکی شار دەکات[نووستوو]. هاوکات [دەرگاو پەنجەرەداخستن] گوزارشت لە ترس‌و خۆپاریزی دەکات. وەک لە بنەڕەتی وشەکەوە[شار] دەردەکەوێ: "وشەی شار(City) ڕەگەکانی لەوشەی لاتینی(civis)هاتووە...واتە جیاکردنەوەی هاوڵاتی لەدڕندە یان کێوی."[337] یاخود گوزارشت لەجۆرێ لە سەربەخۆییو خۆدابڕان دەکات.

دەکرێ بەم ئەنجامە بگەین کە خۆجیاکردنەوەیە لە شێوازی ژینی لادێ. شاعیر بێ مەبەست ئەم وێنەیەی شاری نەکێشاوە، بەڵکو مەبەستی نیشاندانی جیاوازیی نێوان شارو لادێ بووە. لەڕووی هونەریشەوە بەهۆی نزیکایەتیی ڕەگەزەکان لەلایەک وەک دەرگاو پەنجەرە، کە هەریەکەیان یەکسەر ئەویترمان بە بیردا دێنێ و لەکاتی داخستنیشدان، کە زیاتر ئاستی نیگارکێشان و (visuad) بەرچاوی و بەرجەستەیی وێنەکە دەردەخەن، هەروەها بەهۆی لێکچوونەوە حاڵەتێکی پارالێلی هێناوە کە: دەرگاو پەنجەرەی داخستووەو شاعیر بۆ بەرانبەرکردنی بەهۆی دوانەی دژ "گیاندار و بێگیانەوە" هاوکێشییەکی لەگەڵ بەشی یەکەمی پارالێلەکەدا درووستکردووە کە: داخستن و نووستن، یەکەمیان"شت" و بێگیان، دووەمیان ڕاستە"نووستن"ە، بەڵام گیاندارن..

هەردوو دێڕی کۆتاییش خۆ-تێهەڵکێشکردنە بە فەزای دەوروبەر، ئەمەش جوانی بە تێکستەکە بەخشیوەو دەلالەت لە(من) دەکات، کە بەردەوام وەک شاعیرێکی لیریکی دەیەوێ ئامادەبێت. لەم گەشتەدا وەک بەراورد چەند دێڕێکیتر بە نموونە وەردەگرین، هەندێک جیاوازیی نێوان شارو لادێو کەس‌و کولتوورەکەی بکەین[ئەمە باسێکی چڕەو لە توانای ئەم باسە دوورە بەڵام بەشێوەیەکی خێرا هەوڵدەدەین هەندێک لایەن ڕۆشنبکەینەوە].

ڕێگای دێهاتی دەمی بەیانی، قەڵەباڵغە بۆ سولەیمانی ...

پۆل پۆل ژن‌و پیاو لەدووی کەرو بار، سڵاوێک ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار!

(دیوانی گۆران، ل ١٣٨)

وێنەی خەڵکی لادێ نیشاندەدات، کە بەراورد بە شاری نووستوو، چالاکانە لە دەمی بەیانییەوە کار دەکەن. لەمە گرنگتر وێنەی دەلالەتی (کەرو بار)ە، جگە لە لایەنی هونەری دەلالەت لە خزمەتکردنی خەڵکی شار لەلایەن لادێوە دەکات. خەڵکی شار نووستووەو خەڵکی لادێ بۆ خزمەتکردنیان دێن، کە نیشانەی هەژموونی شارە بەسەر لادێوە[لەڕووکەشدا، چونکە لە ئاستە قووڵەکەدا پێچەوانە دەبێتەوە]. هەروەها وێنەی ڕۆیشتنی ئەمان لە شار و هاتنی خەڵکی دێ بۆ شار؛ ئەمان لەشار هەڵدێن‌و ئەوان ڕوو لە شار دەکەن[بۆ بژێوی].

337 ـ عەلی زەڵمی، پرسی شوناس-لەمژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرن. لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی مەستی_سلێمانی، ٢٠١٢. ل١٠٤_١٠٥.

یەکەم دێی ڕێگات، کە (قارەمان)ە، هەشت نۆ ماڵێکی ناو دارستانە(...)

لە داپیرێکی سەرسپیی بێدان تێگەیشتین هۆی چۆڵیی (قارەمان):

تمەز خەڵقی دێ لەسەر فرمانن، خەریکی کێشەو شەن و خەرمانن!

(دیوانی گۆران، ل ١٤٢)

دەبینین لادێکان کەوتونەتە نێو دارستانەوە، ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی‌تر. دێ لەبری لەسرووشت بترسێ‌و خۆی جیابکاتەوە ئاوێزانی دەبێت‌و لەنێویدا دەژی. لەدێڕی یەکەمدا چۆڵی دێ بەرانبەر بە کۆڵانەکانی شار دەبینین. هاوکات لەدێڕەکانی‌تردا جیاوازی چالاکیی خەڵکی دێ‌و جۆری کاری شارو دێ دەبینین، کە خەڵکی دێ بیرو کار بۆ داهاتوو دەکەن.

بردینیانە بن کۆمەڵێک دار توو، لێفەو بەڕەیان بۆ داخستین زوو!

(دیوانی گۆران، ل ١٤٤)

لێرەدا گەرموگوڕی خەڵکی لادێ جیاواز لە شار دەبینین، لە لادێ بگەیتە هەر شوێنێ زوو خزمەت دەکرێیت‌و وەک بێگانە لێت ناڕوانن، بەڵام لەشاردا هەستی بێگانەیی‌و نامۆیی بێزارت دەکات. ئەمەش وای‌کردووە شاعیر نیشانەی سەرسووڕمان بەکاربهێنێت. هەروەها شوێنی حەوانەوەی دێ جیاواز لە شار داخراو نییە. لەناو سرووشتدا دەژیت‌و دەخەویت؛ لەگەڵ سرووشت ئاوێزانیت‌و بەدەرگاو پەنجەرە خۆت جیاناکەیتەوە.

سێ چوار گەڕەکی خانوو کەلاوە شینایی و باغچە چوار دەوری داوە.

سەرای گەچکاریی لەچاڵی وەستاو وەک سەرپۆش بەسەر جوان دێتە بەرچاو.

(دیوانی گۆران، ل ١٤٥)

شاعیر کەلاوەی لادێش جوان دەبینێ! کە دەلالەتە لە سۆزی بۆ لادێ. چونکە پەیوەندیی سۆزداری‌و گەرموگوڕی خزمایەتی لەژیانی شاردا، بەراورد بە ژیانی لادێ لاوازە. یاخود مەیلی شاعیر لە کیژی لادێ. چونکە لەتەواوی شیعرەکانی "بەهەشتی دڵ"دا، کە لە (٢٢)شیعر پێکهاتووە، (١٢)یان ڕاستەوخۆ وەسفی جوانیی کیژی دێ دەکەن. لێرەدا پارادۆکسێکی جوانی بە جوانکردنی کەلاوە سازداوە، کە بە ڕوانگەی لۆتمان، جوانییەکی نیشانداوەو چواردەورەکەی بەخۆیەوە بەستووەتەوە؛ واتە زانیاری لەسەر دەوروبەرەکە بەخشیوە.[338] هەروەها لە دێ وەک شێوەی بازنەیی‌و ئاسۆیی پەیوەندی پێکەوەیی

[338] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٣٨.

لەنێوان خانووەکانیاندا هەیە. بەڵام لە شار کۆڵان لە شێوەی ستوونیدا[لەبری] هەیە، ئەمەش پەیوەندیی نێوان ماڵەکان نیشاندەدا.

لەوبەر وشکە شیو گەڕەکی گەورە مزگەوتێکەو ماڵ لێیداوە دەورە؛

لە دەشتی ئەمبەر گەڕەکی بچووک تیایەتی ماڵی کوێخاو زاواو بووک!

(دیوانی گۆران، ل ١٥٢)

لێرەدا باشتر وێنەی دێ ڕووندەبێتەوە، گەڕەکی نێو دێ بە(شیو-دەشت)دەورەدراوەو جیاوازە لە کۆڵانی نێو شار، کە لە سەوزاییو سرووشت دوورە. هاوکات(دەورەدان) گوزارشتە لە نزیکیو پێکەوەیی. لەدێڕی دووەمدا وێنەی ماڵی کوێخای نیشانداوە، کە خۆیان لە خەڵک جیاکردووەتەوە. ئەمەش دەلالەتە لە دەسەڵات، کە لە دێدا وەک شار هەوڵی خۆجیاکردنەوەو چاودێریی خەڵک دەبینێت. لە کۆتایی گەشتەکەدا شاعیر بۆ نیشاندانی (من) دەگەڕێتەوە. دەکرێت وەک جیاوازیی من لە دێو شاردا بیخوێنینەوە، کە "من"ی نێو شار تەنیایەو "من"ی دێ لەگەڵ "ئەوان"ی تردا پێکەوەیە:

دەشت و دەر بێدەنگ، ناو دێ بێدەنگە، بێدار هەر دوانی وەک تۆی دڵتەنگە! (...)

ڕێی گەڕانەوەی شارت لەبەرە، چ وادەی جۆشی کەڵکەڵەی سەرە؟

(دیوانی گۆران، ل ١٥٤)

دەکرێ (دڵتەنگی)بە(ڕۆیشتن)ەوە ببەستینەوە، وەکچۆن (کەڵکەڵەی سەر) کەڵکەڵەی مانەوەیە. یان هەمان دۆخی گەڕانەوە بۆ شار و تەنیاییو بێزاری بێت. هاوکات گەڕانەوە بۆ خۆ پەیوەندە بەدۆخی شاعیرو تەنیایی [ئەم دۆخە لەلای هونەرمەندان بەردەوام هەیە]. لێرەدا (ناو دێ) وەک سەرجەم هاتووە، کە پاراڵێلە لەگەڵ شار وەک گشت، کە لەکاتی نووستنی شاردا هاتووەو لە هەمانکاتدا دەڕواتەوە. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی لێکسیکەکانی ئەو دێڕە شیعرانەی هێنامانەوە گوزارشتبوون لە دوو جۆر زمانو کولتوورو ژیانی جیاواز. بەڵام لێکسیکە فەرهەنگییەکان، هێنراونەتە نێو سیستێمێکی فراوانترەوە. لە کۆتا دێڕی شیعرەکەوە بۆ سەرەتا فراوانیی مانایی لێکسیکە فەرهەنگییەکان دیارن، کە (بێدەنگی) دەشتودەر لەگەڵ بێدەنگی شاعیردا هاودۆخی پەیدا کردووە. سووتانی گڵۆپو دەرگاو پەنجەرە.. تەنیا گوزارشت لە خۆیان ناکەنو لەنێو سیستێمێکی شیعریدا[مانای فەرهەنگیو شیعریی] تێهەڵکێشکراون، بەمەش ئەوەی ناشیعرییە شیعریکراوە، کە ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردەهێنێتەوە، کە دەڵێ: "ئەم سیستێمی کردارەی کە لە تابلۆ شیعریەکەدا دەوری گرێدانو بەستنەوەی ناو چەمکەکە دەگێڕێ،

جیابوونەوەی (ژیانیی ڕۆژانە) و (شیعری) کێڵگەی واتایی نیشانندادات، بەڵکو هی تێکەڵبوونیان(ئامێتەبوونیان)".[339]

## پێنجەم/ چەمکی پارالێلیزم (تەریبی)

پارالێلیزم گرنگیی بەرچاوی لە بونیادی واتاییو هونەری شیعردا هەیەو بنەمای چالاکیی شیعری لەم چەمکەدا دەردەکەوێت. چونکە هیچ تێکستێکی شیعری بێ پارالێل نابێ. وەک یوری لۆتمان دەڵێ: "شیعر- بونیادە، هەموو ڕەگەزەکانی لەئاستە جیاجیاکاندا لەنێوان خۆیاندا لە حاڵەتی پارالێلیزمدان، کە لە ئەنجامیشدا هەڵگری قورسایی واتاییە. لەم قسانەی سەرەوە دەگەینە ئەنجامێکی زۆر جەوهەری‌تر کە جیاوازیی بونیادی هونەری لە بونیادی ناهونەرییە"[340]. مەبەستی ئەم زانایە ئەوەیە، کە پارالێل لەنێو بونیادی شیعردایەو بەهۆی ئەمەشەوە شیعر دەبێتە هونەرو خۆی لە تێکستی ناهونەری جیادەکاتەوە. هەروەها سەبارەت بە کاریگەریی ئەم چەمکە لەتێکستی هونەریدا د.ئەنوەر قادر دەڵێ: "دەبێتە هۆی سازدانی کەشی گونجانو هاوئاهەنگی لەبەرهەمی هونەریدا"[341].

پارالێل بەشداریی لە مۆسیقای شیعردا دەکات و بنەڕەتی شیعرییەت بەرجەستە دەکات. لەبەرئەوە ئەم چەمکە، کە چەندین تەکنیک و هونەری جیاوازی لە خۆگرتووە، کە هەموویان دەوریان لە هێنانەئارای بونیادی هونەری تێکستدا هەیە. لۆتمان لەم بارەیەوە دەڵێ: "کاتێ ئێمە لە پارالێلیزم لەسەر ئاستی وشە یان لێکدانی وشە دەدوێین، لەنێوان ئەندامی-بابەتو ئەندامی-مۆدێلەکەدا، پەیوەندی خوازەیی [دێتەکایە]، ئەوەی کە پێی‌دەوترێت"مانای خوازەیی"و ئانالۆگیاش لەنێوان هەردوو چەمکەکەدا هەیە..ئاوها "وێنەگەری" لەدایکدەبێ، کە هەمیشە [بەشێوەیەکی تەقلیدی] بە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی شیعر لە قەڵەمدراوە"[342] گرنگیی ئەم چەمکە لە دوومانی یان جیاوازیی تەواودا نییە، بەڵکو لە حاڵەتی ئانالۆگی- وەکیەکی‌و لێکچوونە.[343] بۆیە ڕۆڵی لە سیستێمی کۆدکەرەوەی تێکستدا هەیە، چونکە لەئاستی هەڵبژاردنو یەکخستنی ڕەگەزەکاندا پارالێل هەیە. ئەدەبناسی ئینگلیز، چریس باڵدیک دەڵێ: "پارالێلیزم- ڕێکخستنی بونیادی لێکچووی دەربڕین، ڕستە یان دێڕی شیعر، یان پێشنیازکردنی هەمان شێوەی بەدوایەکداهاتنە وەک پەیامی نێوانگرییان. کاریگەریی پارالێلیزم بەشێوەیەکی ئاسایی یەکێکە لەو

339 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٨٨.

340 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

341ـ د.ئەنوەر قادر محەممەد، شێوازی شیعری مەولەوی لەڕوانگەی ستایلناسی[شێوازناسی] نوێوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارەی(٥١) ئابی ٢٠١٦. ل١٧.

342ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩١.

343ـ د.ئەنوەر قادر محەممەد، شێوازی شیعری مەولەوی لەڕوانگەی ستایلناسی..ل ١٨.

هاوسانیو هاوکێشی ڕاگرتنانەی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان شێوەی سینتاکسییەوە دێتەکایە، ئەم داهێنانە لە ڕەوانبێژی کۆندا بە(parison) یان(isocolon) [تەریبیەتو هاوشێوەیی] ناودەبران"[344].

لەبەرئەوە پارالێل لە شیعردا شتێکی تازە نییە، هەتا شیعر هەبێت پارالێل پێویستە. ئەم بڕیارە لەخۆوە نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی گرنگیو فرە مەودایی پارالێلە لە شیعردا، هیچ شیعرێک ناتوانێت بێلێکچوونو دژ بژی. زانای ئەدەبناسی ئێرانی شفیعی کدکنی پێیوایە: پەیوەندیی شیعر بەمۆسیقاوە پەیوەندییەکی سرووشتیو مێژووییە[345] ئاوەهاش پەیوەندی پارالێل بەشیعرەوە سرووشتیو مێژووییە. لەلایەکی ترەوە لۆتمان ئاماژە بە دەروێکی تری پارالێل دەکات و دەڵێ: "بەرهەمی هونەریی لە هاوپەیوەندیدایە لەگەڵ بەکارهێنەرەکەیدا..."[346] هەر لۆتمان خۆی ئەمە زیاتر ڕووندەکاتەوە: خوێنەر بەپێی کاتو شوێنو کولتوورو چێژی جیاوازی لەگەڵ تێکستەکەدا دەکەوێتە پەیوەندییەوە، لەم پەیوەندییەشدا تێکست[ئەو تێکستەی سیمای نەمری هەیە] ماناو زانیاریی هونەریی جیاواز بە وەرگر دەبەخشێت.[347] دوای هەڵچنینی ئەم سەرەتایە لەبیروبۆچوونەکانی یوری لۆتمان دەربارەی "پارالێلیزم" نموونە لە شیعرەکانی گۆران بۆ تەتبیقکردنی ئەم چەمکە دەهێنینەوە.

شیعری "ڕەوتێکی جوان" بە کێشی(٨) بڕگەیی نووسراوە؛ کێشێکی باوەو زۆرێک لەگۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان لەسەر ئەم کێشەن.[348] ئەم کێشە دەستەپێی جیاوازی هەیە، کە شێوازی سادەی (٤+٤)ە، بەڵام شیعرەکە بە دەستەپێی جیاوازی (٤+٤-٤+٢+٢-٢+٦ یان ٥+٣..) نووسراوە. سەروای شیعرەکەش سەروای مەسنەوی(جووت سەروا)یە، واتە هەر دوو نیوە دێڕێک یەک سەروای هەیە، بەڵام سەرجەمی تێکستەکە فرە سەروایەو تەنیا لە جووتی نیوە دێڕیدا هاوسەروان، وەک مارف خەزنەدار دەڵێ: "شیعری جووت قافیە، یاخود(مزدوج)، بریتییە لەو شیعرەی هەموو دێڕە شیعرێکی قافیەیێکی تایبەتی هەبێ."[349] ئەم جۆرەی سەروا جیاواز لە سەروای یەکگرتوو سەربەستییەکی زیاتر بە شاعیر دەدات، بۆ ئەوەی نەک لەتەواوی شیعرەکە، بەڵکو تەنیا لە دێڕە شیعرێکدا پابەندی سەروایەکی تایبەت بێت. کاکەی فەلاح سەبارەت بەلادانی گۆران لە سەروای یەکگرتوو دەڵێ: "لە تەقەلای شیعری خۆیدا، چەشنی یەک قافیەی

344- د.ئەنوەر قادر محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

345 - محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، ص ٣٥

346- یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٩٢.

347 - سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١_٩٢.

348 - گۆران، نووسینو پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، کۆیکردوونەتەوەو... ل١٥٨.

349 - معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفأ-بغداد- ١٩٦٣، ل: ٦٣.

شێواندو هەرەسی پێهێنا و زۆرتر دوو قافیەی بەکارهێناوە."[350] ئەمەش فرە پارالێلی لە هەر دێڕێکدا لەئاستی سەروا[ئەگەر دەنگێکیش بێت] دەهێنێتە ئاراوە.

بەشێوەیەکی گشتی شیعرەکە لە سەرتاپایدا یەکێتیی پارالێلی تێیدا زاڵە، دەرخەری بینینی نەزمو ڕێکییە لە شتەکاندا. شاعیر لە تەواوی سرووشتدا نەزم دەبینێتو بە مرۆڤو بەتایبەت[جوانێ لەبەژنێکی بەرزا]ی پەیوەستدەکات. سەرەتا تێبینی جۆری بزووتنو جموجووڵ دەکەین، کە لەنێو یەکدا لەحاڵەتی پارالێلدان (ئەگەڕێ، ئەکشێ، ئەڕوا، ئەشێلێ، ڕەوت، خوڕەی ئاو، لەرەی پرشنگ، شیعری تازە، پێیناز..) چوار وشەی یەکەمی ناو کەوانەکە(کردار)و جووڵەن، ئەمەش پارالێلیزمی ڕێزمانییەو هەمووشیان کرداری (ئێستا-داهاتوو)ن. شاعیر بۆ ئەم پارالێلە کردارییە، بەرانبەرەکانیان کە (ناون)و تایبەتن بە هەر کردارەی هێناوەو حاڵەتە تەرییبییەکەی بەرجەستەکردووە. سەرەتای شیعرەکەی بە(ئێپیتیت-وەسپی شیعری) کردۆتەوە:

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا　　　　بەناو چیمەنی گوێ ئاوا،

(دیوانی گۆران، ل ١١)

سێ ڕەگەزی گرنگی لێک نزیکی سرووشتی هێناوە، وەک یەکەم هەنگاوی هێلکاریی تابلۆکە: (زەرد-پرتەقاڵی، سەوز، ئاوی-شین) کە ئەگەر نیگارکێشانیش بێت ڕەنگەکان هەروەک ڕەگەزەکان=خۆرەتاو، چیمەن، گوێ ئاو(چیمەن)ن. کەواتە پارالێلییەکە لە ئاستی سێ ڕەگەز (شت)و سێ (ڕەنگ)دان. هەروەها ئەو (٣) ڕەگەزە (وەستاون)، شاعیر بەو چوار کردارە (Verb) خستوونییەتە جووڵە، ئەمەش لەسەر بنەمای دژ پارالێلی پێکهێناوە.

شاعیر لەسەرەتاوە تا کۆتایی پارالێلی نێو بەشەکان لەشێوەی وێنەدا نیشاندەدات، بەڵام هەموویان وەک بونیادی هونەری-واتایی لەگەڵ دوا دێڕدا یەکێتییەکی بونیادی ئیستاتیکی واتایی سازدەکەن. لەبەرئەوە هەموو ئەم جووڵانە (لێکچووی جیاوازن)و بیرخەرەوەی یەکدین. پەیوەندییەکی دیاریکراویان لەگەڵ یەک هەیە، کە دەکرێ وەک چەند پارادیگم[لەبری] بیخوێنینەوە. ئەمانە دووبارەکردنەوەی جۆراوجۆریی هەمانشتن، وەک سیستێمی هاوتەریبی. لۆتمان دەڵێ: "پارالێلیزم دووسەرییە(چڵییە) کە یەکێک لە بەشەکانی لەنێوان ئەوەی دووەمیانەوە، کە لەپەیوەندییدا بەوەی یەکەمەوە وەک ئانالۆگ دەکەوێتەوە: ئەم دوومانی ئەو نییە، بەڵام لێشی جیانابێتەوە، لە حاڵەتی ئەنالۆگیدایە لەگەڵیدا **-سیمای هاوبەشیان** هەیە."[351] لە شیعرەکەشدا لە زۆر شوێندا بەر دوو دووانی دەکەوین، لەلایەک وێنەکە[کەرویشک، پۆڕ..]و هەستی شاعیر بەرانبەریان؛ بۆ نموونە وێنەی کەو لەگەڵ جووڵەکەیدا دەبنە دووانی، هەستی

---

350 - حمە حەمە ئەمین قادر(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ل ٣٧.

351 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩٠.

شاعیرو وێنە شیعرییەکەش دووانین؛ واتا پەیوەندیی پارالێل لە هەستی شاعیر بۆ شتەکەو /شتەکە/ خۆیدایە، یاخود دەرکەوتنی زمانیو شتەکەخۆی [پۆڕ، کەو] دەرکەوتنی زمانی پارالێلی لەگەڵ جیهانبینی شاعیردا هەیە؛ پارالێلەکە ناوەکی_دەرەکییە. لای شاعیر پەیوەندییەکە هەیەو لە زماندا دەرخراوە؛ لەمەشدا پارالێلیتر لەئاستی دەنگو وشەو ڕستەو دێڕەکاندا دێنەئاراوە. لە خوارەوە دێڕ بە دێڕ پارالێلە جیاوازەکانی تێکستەکە نیشاندەدەین:

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا، بەناو چیمەنی گوێ ئاوا،

چەن بە ئاهەنگ، چەن سیحراوی ئەگەڕێ قاز، یان مراوی!

(دیوانی گۆران، ل ١١)

شاعیر لەڕێگەی دوو وێنەوە[زەردەی خۆرەتاو، چیمەنی گوێئاوا] فەزایەکی جوانو سیحراوی دەکێشێت، ئەم وێنە جوانە بەهۆی ئاهەنگو سیحری گەڕانی قازو مراوییەوەیە. لەبەرئەوە بەرزی[خۆر]و نزمیی[چیمەن] وەک دووانەی دژ لەو فەزایەدا یەکدەگرنو لەگەڵ گەڕانی قازو مراویدا پارالێلن. گەڕانیش[ئەگەڕێ] لەگەڵ ئاهەنگ لە پارالێلدایە، ئاهەنگیش لەگەڵ [چەن سیحراوی]دا، چونکە لێرەدا مەبەستی [ئاهەنگ] لایەنی ڕیتمە و ڕیتمیش سیحری خۆی هەیە؛ لەبەرئەوەی لە جووڵەی قازو مراویدا ڕیتم هەیە. دواجار سەرجەمی دیمەنەکە وەک ئاهەنگێکی سیحراوی پارالێلی لەگەڵ هەستو بینینی شاعیردایە. هەروەها لەنێوان (چەن-چەن) پارالێل هەیە، کە بۆ ژمارە نییە، بەڵکو بۆ نیشاندانی سەرسوورمانەو لەکۆتایشدا نیشانەی [!] هاتووە، بۆیە لەگەڵ[ئاهەنگ-سیحراوی]و [قازو مراوی] هاوتەریب دەبێتەوە:

یا کەو لەسەر بەفری نزار، بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار

چەن ئێسکسوک، چەن گورجو گۆڵ ئەکشێ:پشت لە تۆی تەختی دۆڵ!

(دیوانی گۆران، ل ١١)

دیسانەوە ڕیتمو ئاهەنگ بۆ کشانی کەو گواستراوەتەوەو پارالێل لەنێوانیاندا لە ڕێگەی[یا]وە سازکراوە. [کەو] پارالێلی لەگەڵ سەرجەمی دێڕەکەدا هەیە؛ چونکە بۆ لووتکە دەکشێ پشت لە تۆو دۆڵیش دەکات. کەو بەو خەسڵەتو جوانییەی هەیەتی پارالێل لەگەڵ هەستی شاعیردا دەکات، کە لە[ئێسکسوکو گورجوگۆڵ]دا دەیبینین. یاخود پارالێلی نزیکیو گونجانی سرووشتی لەنێوان (بەفرو لووتکە)دا هەیە. چونکە لانەی کەو شاخە ئەمەش هاوپەیوەندیی کەو بەلووتکەو شاخو بەفری نزارەوە نیشاندەدات. (هەزار بە هەزار) جگە لە پەیوەندیی بە لووتکە، لەئاستی دەنگیشدا پارالێلە. هەروەها پارالێلێکی چالاکیش هەیە، کە بریتییە لە[لووتکەو تەختیدۆڵ] کە دژیەکی ڕووکەشو یەکێتیی مانایی هەیە. چونکە[تۆ] لە تەختی دۆڵەوە سیحرو ئاهەنگی کەو لەو دیمەنەدا دەبینێت، دیمەنەکەش لەنێو دۆڵەوە بۆ

سەرەوە[لووتکە] لەگەڵ سۆزی شاعیردا پارالێلە؛ [تۆ] دەبێتە بینەری ئەو دیمەنەو سیحرت لێ‌دەکات. ئەمەش وەک لۆتمان دەڵێ: "کاتێک هەردوو بەشی دوو ئەندامییەکە یەکتر دەمۆدێلێنن لە هەریەکێکیاندا شتێکی تێدایە کە ئانالۆگی لەگەڵ ئەویتردایە"[352] لێرەدا دیمەنە سرووشتییەکە بە شیعر کراوەتە مۆدێلو لەگەڵ هەستی شاعیردا ئەنالۆگ بووەتەوە. هاوکات پارالێل لەنێوان[لەسەر-بۆ-پشت]دا هەیە، [لەسەر] ئاماژە بۆ بەرزی‌و[بۆ] ئاماژەی ئاراستەی بەرزبوونەوەو کشانە [پشت]یش ئاماژە بۆ خوارەوەو چاودێری سەرەوە دەکات. هەروەها لەنێوان (ئێسکسوک-گورجوگۆڵ)دا پارالێل هەیە. وەک لە کولتووری کوردیدا باوە گورجوگۆڵ، ئێسکسوکە:

یا کەروێشکی تێرو قەڵەو          لەبەر تریفەی مانگەشەو

چەن جوان ئەڕوا بە قونەقون          سرکو گورج وسپی و خرپن!

(دیوانی گۆران، ل ١١)

لەم تێکستەدا هەموو شێوازەکانی پارالێل هەن، چونکە بەشێوەیەکی هونەری پێکەوە بەستراون. هەموویان لە سیحری جوانیدا بەشێوازی جیاواز بەشدارن، بۆیە کاتێک دێڕەکە بە[یا] دەستپێدەکاتەوە تێبینی هەمان دۆخی کەوتنە نێو سیحری جوانی شتێک دەکەین. دەکرێت[یا] بەلایەنی ئۆتۆماتی تێکستەکە دابنێین، بەڵام فەزاو ڕەگەزەکانی‌تر نائۆتۆماتن. بۆیە [یا]یەکان پارالێل لەنێوان دێڕە شیعرە جیاوازەکان‌و خۆیاندا درووستدەکەن‌و یەکدی بیردەخەنەوەو دەمانخەنە سەر کەڵکەڵەی بینینێکی جوان. هەروەها لەڕێگەی (کەروێشک)ەوە پارالێل لەنێوان(جوان، ئەڕوا، قونەقون، سرک، گورج، سپی‌و خرپن)دا هەیە. وەک گرووپی دەلالی پارالێل لەنێوان[قەڵەو-خرپن]دا وەک بیرخەرەوەی [تێر]ی هەیە، پاشان گورجی‌و تێریی پارالێلی دژن؛ قەڵەوی‌و خرپنی لەگەڵ گورجی‌و سرکیدا نایەنەوە. بێجگە لەمەش کەروێشک بە سرووشتی خۆی سرکو گورجە. لەسایەی ئەمانەوە پارالێلی(لەبەر تریفەی مانگەشەو) وەک فەزای یەکخستنی جوانی ڕۆیشتنەکە دەردەکەوێت. لەبەرئەوە هەریەکەیان بەشداری بەمۆدێلکردنی ئەوی‌تر دەکات، لە کۆتایشدا هەموویان دەبن بە مۆدێل بۆ جوانیی سرووشت، ئەمیش دەبێ بە مۆدێل بۆ (پیی‌ناز). لێرەشدا: پارالێلی مرۆڤو سرووشت دەردەکەوێت:

یا پۆڕ لە گوێ‌ڕێگای دەشتا          لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا

چەن وردو جوان، بەلەنجەولار          ئەشێلێ سەوزە گیای بەهار!

(دیوانی گۆران، ل ١١-١٢)

352 ـ یو.م. لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

پاراڵێل لەنێوان(گوێڕێگا، سەوزە گیا) پەیوەست بە (سایەقەی پاش وەشت)دا هەیە، کە بە شێوەی ڕێکخراوەیی هونەرین. (وردو جوان، لەنجەولار) لە چۆنیەتیی ڕۆیشتنەکەدا پاراڵێلن و پەیوەستن بە [بەهار]ەوە وەک وەرزێکی دڵگیرو جوان. ئەم فەزا هونەرییە جوانەی شاعیر خولقاندوویەتی لەگەڵ بەهار وەک سرووشت پاراڵێلە، لەنێوان ئەم دووانەدا وێنەیەکی هونەری گەشەکردوو دەبینین. ئەمەش وەک زانای ئەدەبناسی ڕووس، ئا.ن. فیسێلۆڤسکی، لەبارەی دیالێکتیکی پاراڵێلەوە دەڵێ: "مەسەلەکە دووەمانیی ژیانی مرۆڤو سرووشت نییە، بەراوردێک نییە، کە ئاوەز گریمانەی لێکجیایی شتو بابەتە بەراوردکراوەکان بکات، بەڵکو بەرانبەر (یەک)گرتنیانە بەنیشانەی چالاکییان."(353) لێرەدا تێبینی ئەو بەرانبەرگرتنو چالاکبوونە دەکەین، کە سرووشت بەشداری لە فەزا هونەرییەکەدا کردووە. هاوکات [لە-لەگەڵ] بۆ نیشاندانی وێنەکە هاتووە، [لە] پاراڵێلی شوێنەو [لەگەڵ] پاراڵێلی کاتو دیمەنەکەیە وەک یەکگرتنو چالاکبوونی شوێن-کاتی پۆڕ[سایەقەی پاش وەشتا].

یا کۆتری حەوشی مزگەوت چەن خنجیلانەی لێدێ ڕەوت!

(دیوانی گۆران، ل ١٢)

لێرەدا پاراڵێلی شوێن هەیە؛ (کۆتر) لە(حەوشی مزگەت)دایە. شاعیر وێنەیەکی لە ژیانی ئاسایی کوردەواری وەرگرتووە کە لە زەینی بینەر-خوێنەردا هەیەو بەمەش شاعیر ڕایەڵێکی گەیاندنی لەگەڵ ئەو پاشخانە کولتوورییە، یان بە گوێرەی زاراوەی تیۆریایی دەروونناس ک.یۆنگ (ئارکیتیپ)دا هەیە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی هونەری (گونجان)ە لە وێنەکەدا. وێنەکە وەستاو نییە، چونکە (کۆتر) (ڕەوت)ی هەیە. ئەمەش هاوتەریبییە بەهۆی دژایەتییەوە: (شوێن-مزگەوت -وەستان) (کات-جووڵە-ڕەوتی کۆتر) ئەم نموونانەش ڕێک لەگەڵ میتۆدەکەی لۆتماندا دێنەوە، کە ئاوها پێناسەی کراوە: "دەقی شیعری وەک سیستێمێکی چین چین دەبینێت، کە تیایدا مانا تەنیا لە چوارچێوەی دەقدا بوونی دەبێتو ئەویش لەلایەن زنجیرەیەک لێکچوونو دژیەکەوە بەڕێوەدەبرێن. جیاوازییەکانو هاوتەریبەکان لە دەقدا خۆیان زاراوەی ڕێژەیینو تەنیا لەبوونی پەیوەندییاندا بەیەکترییەوە توانای لێتێگەیشتنیان هەیە. لە شیعردا سرووشتی داڵو شێوازەکانی دەنگو ئیقاع لەنیشانەکانی سەر لاپەڕەکان خۆیان پێکدێن، کە ئەوە دیاری دەکەن مەدلوول چییە"(354).

شاعیر لەم شیعرەدا(فوکوس-تیشکۆ)ی کردووە، گەڕاوە لە دیمەن و لادیمەنەکانی سرووشت، بە پاراڵێلزمێکی (یوری لۆتمان)انە، ڕەنگو دەنگو جووڵەی هەڵبژاردووە.. هەروەک ڕۆمان یاکۆبسن لای وایە، دەقی شیعری لەسەر بنەمای پاراڵێلزم پێکدێ. لەڕاستیدا شاعیر ڕیزکردنی ئەم وێنانەی بۆ نەخشاندنی جوانییەک کردووە بەهۆ، کە لە دوا دێڕەکاندا مەبەستی دەدات بە دەستەوە کە دەڵێ:

353 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٨٩.

354 - تێری ئیگڵتن، تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداغی، ناوەندی ئەندێشە-سلێمانی ٢٠١٦. ل ٢٣١-٢٣٢.

ئەوەندە جوان، لەوە جوانتر          لە شنەی بای شەو ڕەوانتر

لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە          لەخوڕەی ئاو، شیعری تازە

بە ئاهەنگتر، بە خورۆشتر          بەگوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا          جوانێ لەبەژنێکی بەرزا! (دیوانی گۆران، ل ١٢)

لەم نموونە شیعرییەدا بەشێوەیەکی دیالێکتیکی گەشەکردوو ئەم دێڕانە کۆکراوەی سێ لایەنی هونەری بەرزی سیمانتیکین، کە پارالێلی لەگەڵ سەرجەم تێکستەکە درووستکردووە. چۆن؟ [ئەوەندە جوان] نیشاندانی ڕێژەی ئەو جوانییانەی سەرەوەیە کە تائێرە ئەوەندە جوان، بەڵام [جوانتر_جوانترین] لە هەموو جوانییەکان هەیە. ئەمەش بەرانبەرگرتن‌و /پێشبینیکردن/ی دووجۆر جوانییە. جوانی سرووشتی‌و جوانتر لەو[وەک ئاوەڵناوی‌پلە] ئاوێزانبوونی ئەم جوانییەیە بە جوانیی شیعر.[355] هەروەها (٥)جار وشەی(جوان)ی لە شیعرەکەدا بەکارهێناوە. دووجار[چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون-چەن وردو جوان، بەلەنجەولار] هاتووە. پاشان لێرەدا [ئەوەندە جوان] هەیە، کە بریتییە لە(جوان)ی کۆکراوەو نیشاندان‌و بەراوردکاری؛ واتا دوو جار جوان بۆ سرووشت‌و دوو جاریش کە پلەی بەرزترە بۆ شیعرو پێی‌ناز. (جوانتر) ئاوێزانبوونی سێ ڕەگەزی بنەڕەتی: (سرووشت-شیعر-پێی‌ناز)ە. لەبەرئەوە بە شێوەیەکی دیالێکتیکی، جوانی سرووشت پارالێلە لەگەڵ جوانی شیعردا، ئەویش لەگەڵ پێی‌نازدا: [تێز=سرووشت، ئەنتی تێز=شیعر، سێنتێز=پێی‌ناز]. ئەمەش توانەوەی دیاردەکانی جوانییە لە ترۆپکی جوانییەکان-جوانی یاردا، کە دەرخەری ململانێی مۆتیڤی جوانییە لە هونەرو یاردا.. وەک ئەوەی هێشتا دڵی ئاوی بەم وێنانە نەخواردبێتەوە، دەڵێ: (لەمانەش جوانترو لە شنەی باش ڕەوانتر) دوو وێنەی بە چەمکی"نامۆکردن"ی شێوەخوازانە هێناوە، دەڵێ: لە لەرەی پرشنگ ئاوازە...

پرشنگ(ڕەنگە) بەڵام شاعیر (لەرە)و (ئاوازە)ی لێ‌نەخشاندووە؛ لە ڕەنگ‌و دەنگ، کە هەڵگری جووڵەشن، هەر لەم بارەیەوە ڕەفیق حیلمی دەڵێ: "(ئاوازە)، لە لەرەی پرشنگ پەیا نابێ و ئەمانە هەریەکە ئەچێتەوە سەر کانی هەستێکی تایبەتی"[356] دیسانەوە بەشێوازێکی ناباو چواندنێکی کورتکراوەو زەینیی پێکهێناوە، کە شکاندن‌و لادانی نەریتی شیعری تەقلیدییە، هەر خۆی سەرجەمی داڕشتنی ئەم شیعرە سەرەتای شکاندنی ئەو نەریتانە بووەو تەنانەت خاوەن چێژی کلاسیکی گاڵتەی بەمە هاتووە.. لە خوڕەی ئاو، شیعری تازە... کوانێ ئامرازی چواندن؟ نییە، کوانێ(ڕووی لێکچوون)ی تەقلیدی؟ دەبێ خوێنەری زیرەک دەرکی پێ‌بکا.. کە ئەمەیە: شیعری تازە، وەک خوڕەی ئاوە، وەسفکردنی ئاسان نییە. کەواتە دوو چەمکی فۆرمالیستی‌و بونیادگەریی (لۆتمان) پارالێلیزمیان پێکهێناوە.

---

355 ـ گۆران لە نووسینە ڕەخنەییەکانیشدا گرنگی شیعر لای بنەڕەتە: گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، ل:١٢_٨٢.

356 ـ ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ل ٢١٠

لەبەرئەوە ئەم دێڕانەی کۆتایی دەرئەنجامو کۆکردنەوەی شیعرەکەیەو لەیەکتر دابڕاونین، واتا ئەگەر هەر دێڕێک بۆ ئەزموونی یەکێک لە[کۆتر، کەرویشک..]هاتبێت، ئەوا ئەمەی کۆتایی ئەزموونی هونەریو واتایی گشت شیعرەکەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، کە زیاتر بە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد[جوانتر، ڕەوانتر، خۆشتر، ئاهەنگتر..]هاتووە. بۆیە بەشێوەیەکی پارادیگمی هەست بەو هەڵبژاردنە نزیکو لێکچووانە دەکەین کە ڕیتمی تێکستو لایەنی سیمانتیکی یەکخستووە؛ پاراڵێلە بنەڕەتییەکەش لەشیعردا هەر ئەمەیە.

هەروەها دەبینین لێکچوونەکە چووەتە ئاستی پلەی بەراوردو لایەنی ڕێژەییەوە(**ئەوەندە** جوان- لەوەجوان**تر**، ڕەوان**تر**) وەک نیشاندانی جوانی(شنەی بای شەو)و تێپەڕکردنی ئەم جوانییە پاراڵێلن، واتە لەمیانەی ڕەوانتر و جوانتر لەشنەی بای شەو شاعیر ئامادەسازی هونەری بۆ نیشاندانی شا جوانی گشت جووڵەکان(پێی‌ناز) دەکات. ئەوەی گرنگە ئەو کۆبوونەوە و بۆیەکدی گەڕانەوەیەیە، کە شیعرەکەی وەک سیستێمی گشتی پاراڵێلی ڕەنگکردووە. چونکە هەموویان ئاماژە بۆ یەکدی دەکەن، بۆ نموونە: (ئاوازە) بۆ (شیعر)و شیعریش بۆ ئاوازە. ئەمانەش لە ئەنجامی(بەگوێچکەی دڵ) دێنە دەرێو دەبن بە دەرخەری. لەسەروو ئەمانەشەوە (دەنگ) وەک یەکخەری سەرجەم جووڵەکانو دەرخستنیان (بوار بۆ هەستکردن) دیاریکراوە، بەڵام کاتێک (دەنگودڵ) وەک پاراڵێلی دژ دیارخراون ئەوا زیاتر هەست بە فەزای تێکستەکە دەکەین، کە ئەم هەموو پاراڵێلە بۆ(گوێچکەی دڵ) دەگەڕێتەوە، چونکە دڵ(وەک ماڵی خۆشەویستی) زیاتر لە هەر شتێک نەزمسازو نەزمکێشە.

لەبەرئەوە ئەم پاراڵێلەی وەک دژ خۆی دەرخست، زیاتر لەهەموو پاراڵێلەکان کۆدی تێکستەکەمان بۆدەکاتەوە. چونکە لێرەدا هەست بە یەکێتیی سرووشتو مرۆڤ دەکەین، کە لە گوێچکەی دڵدا پێی‌ناز دەبیسترێتو شیعرەکەی لە وەسفی سرووشت بۆ هەستو سۆز گواستووەتەوە. هەستوسۆزیش بۆ پێی‌ناز نیشاندراوە. [ئەمە بیرخەرەوەی شیعرێکیتری شاعیرە: "بەڵام تەبیعەت هەرگیزاوهەرگیز بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز"]. بۆیە شاعیر بەسوودوەرگرتن لەزمانو فەرهەنگی کوردی جۆرەکانی ڕۆیشتن بۆ هەریەک لە[کەو، کەرویشک، پۆڕ..] نیشاندەدات. واتە، وەک لێکۆڵەرێک پێی‌وایە: تێکست چەند تاکەکەسی بێتو گوزارشت لە یادەوەری تاک بکات، بەڵام یادەوەری کۆو کولتوورو فەرهەنگی گشتیشی تێدایە.[357]

لەم تێکستەدا تێبینی سەرجەم ئەو لێکچوونە نیشانەییانەمان کرد، کە لە پەیوەندیی لێکچوونو دژ، وەکیەکیو جیاوازیدا وەک سیستیمێکی توندوتۆڵ و یەکدی ناسێنەر بەیەکەوە بەستراون، هەموو ئەم هاوتاو دژانە فەزای دەوروبەری تێکستیان لەگەڵ خۆیان تێهەڵکێشکردووە: (حەوشی مزگەوت) فەزایەکی جیاوازە، بەڵام هیچی لە چێژی هونەریی تێکستەکە کەم نەکردووەتەوە. هەروەها تێکستەکە بوار بەخوێنەری سەردەمە جیاوازەکان دەدات لەڕێگەی ئەو وێنانەوە پاراڵێلی جیاوازی بۆ درووستبێت،

357 ـ د.بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی:د .محەمەد تاتانی، خانەی وەرگێڕان_سلێمانی-٢٠١١،ل ١٣٧.

وێنەکانی نێو دەقەکە هەستێکی نۆستالژی بۆ سازدەکەن، کە خوێنەری ئەمڕۆ لەو جۆرە بینینی جوانییانە بێبەشە، بۆیە تێکستەکە چێژی جیاواز بە خوێنەری جیاواز دەدات. لەخوارەوە هەندێک جۆری پارالێلیتر نیشاندەدەین:

**١. پارالێلی دەنگی:** لەم شیعرەدا چەند پارالێلی دەنگی هەن. بۆ نموونە[**یا** کەو، یا کەروێشک، یا پۆڕ، یا کۆتری..]. یاخود [لەشنەی،لە لەرەی،لەخورەی] دەکرێت وەک پێش‌سەروا بیانبینین. هەروەها [قونەقون، هەزاربەهەزار..] یاخود(ئەگەڕێ، ئەکشێ، ئەشێلێ، ئەنێ). لەبەرئەوە جۆرە جیاوازەکانی جوولەو ڕۆیشتنەکان تەنیا لەئاستی ڕێزمانیو واتاییدا پەیوەندیان نییە، بەڵکو لە ئاستی بەرزی هونەری و سیستێمی دەنگیشدا پەیوەندییان هەیە. وەک لەنێوان [خۆرەتاوا،گوێئاوا] [سیحراوی، مراوی] [یان-یا] [نزار، هەزار] [دەشتا، وەشتا]. [ئاهەنگتر، ڕەوانتر، خرۆشتر، خۆشتر]. [بەرزا، ئەرزا].

**٢ـ پارالێلی سینتاکسی:** هەندێک لە نزیکیو لەیەکچوون دەخەینەڕوو، کە لە ئاستی سینتاکسدا پارالێلن. بۆ نموونە پارالێلی ڕێزمانی لەئاستی کرداردا لەنێوان[ئەگەڕێ، ئەکشێ، ئەشێلێ، ئەڕوا، ئەنێ] دەبینین. یان پارالێلی ناوی: [قازومراوی، کەو، کەروێشک، پۆڕ..]. یاخود پارالێل لەم ئاماژانەدا [لەژێر، بەناو، لەسەر، بۆ، لە، لەبەر، لەگەڵ] هەریەکەیان پارالێلی دۆخی ڕێزمانی-ئاوەڵکاری شوێنیان درووستکردووە، ئاماژە بۆ ناوێک دەکەنو وەک پێشناو هەمان دۆخی ڕێزمانیان هەیە.

سەبارەت بە پارالێل لە تێکستەکانیتری شاعیردا شیعری "جوانی بێناو" گرنگە، چونکە چەند پارالێلی جیاوازی تێدایە. تێکستەکە بەکێشی (٣برگەیی ٤ جار)و جووت‌سەروا نووسراوە. شاعیر بۆ سازدانی ئاوازی شیعرەکە وەستانی لە هەر سێ برگەیەکدا کردووە، کە ئەویش بەڵگەی هەوڵدانی شاعیرە بۆ جۆراوجۆرکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعری. ئەم تێکستە بەگشتی بونیادی هونەریو واتایی پارالێلەو پێکەوە لکاونو تێکستێکی قووڵو پڕ لە ئاماژەی واتاییە. پارالێلی جیاوازی لەئاستی دەنگو واتا، سینتاکسو وێنەکاندا هەیە:

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!  قژکاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ،

گەندەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو  ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو

ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک‌سوک  ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لەهی بووک!

(دیوانی گۆران، ل ٤٥)

شاعیر وەک نیگارکێشێک بە وشە ڕووخساری دەرەوەی(جوانی بێ ناو) دەنەخشێنێ، بۆ ئەمەش بە کارامەیی داهێنەرێک پارالێلی ئەندامەکانی لەشی بۆ پێکهێنانی گونجانو هاوئاهەنگی دەخاتەگەڕ: پارالێلی دەنگو وێنە[قژ، لێو، نیگا، گۆنا، دەموچاو، مەچەک..] کە وەک گرووپی دەلالی پێکەوە لەپەیوەندیدانو لەمیانەی هەر یەکێکیانەوە ئەویترمان بیردەکەوێتەوە؛ سەر بەیەک کێڵگەی هاوبەشن. وەک لۆتمان دەڵێ:

"سیمای هاوبەشیان هەیە."[358] هاوکات گشتیان وەک ئەرکی ڕێزمانی(ناو)ن. هەروەها وەک وێنەو ئاوازی شیعری، لێکچوون هەیە: (قژکاڵی–لێو ئاڵی) لەبەرانبەردا هەمان وێنەو ئاوازە(نیگا کاڵ، نەختێک ئاڵ)هەن. هەروەها لەنێوان(پرشنگ) و (نیگا)دا پارالێلی دەنگیو وێنەیی هەیە. پارالێلێکیتر، کە جیهانبینی شاعیر لە تێکستەکەدا دەخاتەڕوو(نەختێک)ە. چونکە ڕێژەو تۆخو کاڵی لەسەرجەم شیعرەکەدا هەیە. [گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە–لەهەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەرەبەیان– ئەوەیان شیرنتر دێتە گوێم زۆر نزمە–دەریا–کانی]. ئەمە پارالێلی دژیەکی ڕەنگی (ئاڵ، کاڵ) ڕووندەکاتەوە. لێو ئاڵ بێت جوانە، بەڵام گۆنای ئاڵ نا، بەڵکو نەختێک ئاڵ، ئەمە دنیابینیی شاعیر بۆ جوانی دەردەخات. هەروەها پارالێلی بیرخستنەوەو نزیکی (مەنگ–چپە دوو) هەیە، لێرەدا دوو وێنەی جیاوازی لەیەک نزیککردووەتەوە، کە سوودی لەو چەند لادانە بینیوە [چپەدوو–بە چپەوە وتن. دوو=دواندن، هەروەها مەنگ بۆ کچ وێنەیەکی زەینی دووری تێدایە کە خوێنەر دەبێ پەی پێ ببا] ئەو قووڵیو بێدەنگییەی مەنگ هەیەتی، لەم کچەشدا هەیە، دەتوانین ئەمەش بە[بێناوی، ڕێبواری] ببەستینەوە، چونکە مەنگی بۆ چپەدوو کەمەو دەرناکەوێت. هەروەها لێکچوونی جیاواز لەنێوان (گەندەمووی دەموچاو) لەگەڵ(مەچەک هەڵنەگرتوو)دا هەیە.

هاوکات (بەرگی ساکار–بووک) پەیوەندیی لەنێوان دوو شتی جیاوازو بەرانبەریدا هەیە، بووک بەجلوبەرگە دیارو زەقەکەی دەناسرێتەوەو بەڵام بەهۆی (دڵگیرتر)پەیوەندی نزیکی لە نێواندا سازکراوە. (دڵگیرتر)ئاماژە بە بڕیاری هەستدەدات، دووانی جیاوازی بەرانبەر یەک داناوەو کەمو نزمی(ساکار)بە زۆرو بەرز (دڵگیرتر) نیشانداوە. شاعیر دەڵێ:

ڕاستە من ڕێبوارم، سەر پێی ئەڕوانم، بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم،

ئەڵێی نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە!

(دیوانی گۆران، ل٤٥)

لێرەدا چەند پەیوەندیی پارالێلی بنەڕەتی هەیە، کە پەیوەندیی بە تەواوی شیعرەکەو جیهانبینی شاعیرەوە هەیە. لای شاعیر ڕێبوار پانتاییەکی بەرینی داگیرکردووە، ئەمەش لەگەڵ پابەندنەبوونی بەیەک [جوان]ەوە دێتەوەو تیژبینی شاعیریش نیشاندەدات. لە شیعرەکانی: [گەشت لە هەورامان، بۆ جوانی سەرەڕێ، بۆ کچێکی بێگانە]دا. ڕێبواری شاعیر دەبینین، بۆیە ڕەخنەگران ئاماژە بە(من)ی ناجێگیر دەکەن][359] ڕەئوف حەسەن، لە وتارێکیدا بەناوی (با شاعیرێتیی گۆرانمان لەبیر نەچێتەوە) ئاماژە بە فرەیی لای گۆران دەکات، کە یەک ئافرەتو جوانی نەیبەستووەتەوە.[360] یاخود عەتا قەرەداغی پێیوایە،

358 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٩٠.

359 ـ د.حسین علی شانوف، عبدالله گوران: شعر الشاعر الکردی المعاصر، ص ٢٩. یان د. دڵشاد علی، گۆران و داهێنان. هەروەها سامان عزدین، ل ٢٠٨.

360 ـ رەئوف حەسەن، باشاعیرێتیی گۆرانمان لەبیر نەچێتەوە، گۆڤاری رۆژی کوردستان_بەغدا ژمارە ٥١. ١٩٧٨.

لەشیعرەکانیدا ویستی نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی خۆی هەبووە، کە ژیانیشی بریتییە لە ڕێبوارییەکی بەردەوام. ئاماژەش بە ناجێگیریو پابەندنەبوونی گۆران بە دەوروبەرو عاداتو تەقالیدی سەردەمەکەیەوە دەکات.[361] لەبەرئەوە پەیوەندیی نێوان (ڕێبوارم-سەرپێی ئەڕوانم) نزیکیی واتاییو دەنگی هەیە. ئەم پارالێلە نزیک لەیەکە، لەوێدا دوور دەکەونەوەو دژن کە (عومرێکی درێژ) هەیە. بۆیە گرووپێکی پارالێلی دەلالی هەیە، کە ئانالۆگو دژن(ڕێبوار، سەرپێی ڕوانین، ئێستا)، بەڵام (عومرێکی درێژە) لەگەڵیان دژەو بەهۆی (وا جوانی تۆ کاریکرد لە گیانم) دژیەکیەکە بەم لۆژیکە ئێستاتیکیە خاوکراوەتەوە. وەک لە دێڕەکانی کۆتاییدا هاتووە:

دەربەستنیم ڕێبوارم، دەربەستمنیم ڕەوتەنیم

ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم؟

هی ئەوەی نیگارێک لەیادم کێشراوە،

شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە. (دیوانی گۆران، ل٤٦)

ڕێبوار کەسێکی سەربەستو نا دەربەست بووە، بەڵام تیژبینو [دەربەستیشە]، چونکە ڕێبوارە ئازادە؛ بەڵام دەربەستی بینینو یادەوەرییە. لێرەدا (بێناوە)و(ڕێبوارم) نزیکو لێکچوون، چونکە ڕێبوارە ناسیاویی نییە، لەبەرئەوەی ئەو جوانانەی دەیانبینێت نەناسراونو بە وەسف دەیانناسێنێت، بەڵام (بێناوی) بووەتە ناسنامە، لێرەشدا (جوانیبێناو) ناونیشانی تێکستەکەیەو بووەتە ناسنامەو ناسراوی. لە (ڕێبواری) شەوە شاعیر پارالێلی دێڕی دواتری نیشانداوین:

ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆربن، لەباغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆربن،

(دیوانی گۆران، ل ٤٥)

لێرەدا جگە لەپارالێلی باغچەو گوڵباخ وەک پەیوەندیی گشتو بەش، پەیوەندیی وێنەی شیعری کچی کاڵو بەهار، کە پەیوەستە بە خۆری بەهارەوە نیشاندراوە. ئەمە دەبێتە بنەمای چەند پارالێلیتر کە جیهانبینیی شاعیر بۆ دژوەستانەوە لەگەڵ فراوانیو تۆخی نیشاندەدات. بۆیە ئەمە بە گوێرەی چەمکی پارالێلیزمی لۆتمان، نیشانەی بەرزی سیستێمی تێکستەکەیە، کە بەیەکەوە هۆنینەوەی تا ئاستی دانەبڕان لە تێکستدا ڕەچاوکردووە. چونکە کاڵی گرنگییەکی نیشانەی هەیە، بەیارمەتی ئەمەش پەیوەندیی ئۆرگانی لە تێکستەکەدا سازبووە:

[361] ـ عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ١٩٩٩. ل ١٢٤.

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،          کە لەژێر سێبەری تووترِکا خامۆشە!

لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!      ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!

لە تەختێک هەڵدەستێ هەزارو یەک نەغمە:    ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!

کانیی‌ەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:      لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو،

جوانترە لەلای من لە دەریای بێ سنوور    شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپو هووڕ!

(دیوانی گۆران،ل ٤٥_٤٦)

لەم دێرانەدا تەقینەوەی پارالێلەکان دەبینین، کە بەشێوەی وێنەی هونەری گەلێک زانیاریمان سەبارەت بە جیهانبینی شاعیر دەدەنێ. لێرەدا چەندین وێنەی جیاوازو بەرانبەری بۆ نیشاندانی میانڕەوی‌و ناوەندێتی شاعیر [لەهەموو، شیرینتر، زۆر، جوانترە]هەیە، کە بەهۆی بەرانبەری‌و پلەبەندی چەند کەرەسەیەک پارالێلی لەنێوان شتە جیاوازەکاندا درووستکردووە. هاوکات لەنێو هەموویاندا شتێکی هاوبەش‌و یەکخەر یان یەکێتی دەبینین، واتە لەنێوان فراوانی دەریا، بچووکیی کانی یاخود لەرزینی مرواریی زیخ‌وچەوی کانی‌و شەپۆل‌و شڵپ‌وهووڕی دەریا، ئەستێرەگەلی شەوو ئەستێرەی بەرەبەیان، ئاڵو کاڵدا، ڕێبواری‌و نیشتەجێبووندا، دەربەستی‌و بێدەربەستی، سەرپێی‌ڕوانین‌و ورد ڕوانیندا، بەرگی ساکارو بووکدا.. هەموویان پەیوەندیی پارالێلی نزیک‌و دژن‌و یەکدی دەمۆدێلێنن. لەڕێگەی یەکەمەوە، دووەم‌و لە دووەمەوە یەکەم دەناسین. شاعیر لێرەوە دنیابینی شیعری خۆی بەیانکردووەو بە ڕوانگەی لۆتمان: وێنەی هونەریی جیهانی کێشاوەو دنیابینییەکمان بۆ ڕوانین لە جیهان دەداتێ.[362]

لێرەدا هەندێک پارالێلیش هەن، کە فرە جۆرن: (ئاسمان-ئەستێرە) ناون‌و بۆ یەکتر دەگەڕێنەوە، هاوکات ئەستێرە بەشێکە لە گشت ئاسمان. (سپی، جوان) پارالێلی ئاوەڵناوین. (نەغمە-گوێ) دووانەی تەواوکەریی پێکەوەبەستراون. (زۆر-تر) گوزارشت لەدوو دۆخی ڕێزمانی دەکەن. یاخود پارالێلی (کانی‌و دەریا) جگەلەوەی بەرانبەرن (**تقابل مدرج**-Gradable Opposition)، شاعیر کانی‌پەسەندە تا دەریا پەسەند؛ بەبڕوای لاینز، تەنیا (بەرانبەری پلەبەند) دەکرێت بە دژ دابنرێ[363]. بۆیە دژەکە لە [سنووردارو بێ‌سنوور]یدا دەردەکەوێت، کە هەردووکیان [ناو]ن. دیدی -کانی پەسەند- بەهۆی پارالێلی زانیاریی کولتووری‌و فەرهەنگی‌و هاوپەیوەندی تێکستەکانی‌تری شاعیر[تایبەت بە هاتنی شێوازە جیاوازەکانی دەریا لە بەشی دووەمدا زیاتر سەرنجمان خستووەتە سەر ئەم لایەنە] زانیارییمان سەبارەت بە

---

362 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٣٧.

363 ـ د.کورش صفوی'نگاهی بە تقابل معنایی'مجلەی دانشکدەی ادبیات علوم انسانی، دانشگاه کرمان، شمارە١، ص، ١٠٨.

کانیپەسەندی دەداتیو بیرماندەخاتەوە: تێکست دەلالەتی ئامادەو واتای کۆتایی هاتووی نییە،[364] بەڵکو بەسەر چەند لایەنو واتایی جیاوازدا دەکرێتەوە. یاخود پەیوەندیی پارالێلی وێنەی تەواوکاریی لەنێوان(بەر تریفە مانگەشەو)و (لەرزینی مرواریی زیخو چەو)دا هەیە، کە (زیخوچەو) جگەلەوەی ناون پەیوەندی واتایی جووتە وشەی تەواوکەر و چوێنراون بە مرواری. وەک نیشانماندا تێکستەکە هەڵگری گەلێک پارالێلەو لە هەندێکی تریشیان دەدوێین: وەک (وەنەوشە، پەرۆشە، خامۆشە). یاخود هاتنی(٦)جار (جوان) بە هاودۆخی ڕێزمانیو دۆخی ڕێزمانی جیاواز. لە ئاستی فرێزیشدا ئەم پارالێلانە هەن: کچە جوانەکەی، کچە مەنگەکەی، نەختێک ئاڵ، چپە دوو. هەروەها لە ئاستی ڕستەدا: (دەربەستنیم ڕێبوارم.) (دەربەستنیم ڕەوتەنیم.) لەلایەکی ترەوە پارالێللیکیترمان هەیە، کە دەکری ناوی پارالێلی پرسیار و وەڵامی لیبنێین:

ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم؟

هیی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە،

شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە!.. (دیوانی گۆران، ل ٤٦)

جوانیی بە نامۆییکردنو سەرسووڕمانەکە لەوەدایە وەڵامەکەش دەبێتەوە بە پرسیار (بیناو). یاخود دووبارەبوونەوەی تەواوی دێڕیەکەم، لەدێڕی سیانزەدا کە وەک لۆتمان دەڵی: "دەکری سەیری پارالێلیزم وەک **دووبارەکردنەوەی تەواو** بکری"[365]. بۆیە تێکستەکە لەئاستی بونیادی هونەریو واتاییدا دەوڵەمەندە. شاعیر بەهۆی تێمای کچێکی نەناسەوە ڕوانینو جوانیناسیی خۆی نیشانداوە.

لە کۆتاییدا سی دێڕە شیعر لە سی تێکستی جیاوازی دیوانی شاعیر دەخەینەڕوو، کە بەشێوەیەکی زەقو ڕوون لە دۆخی جیاوازدا پارالێلن، کە نیشانەی پارالێلی دوالیزمی دژن، بەڵام بە پێچەوانەی ڕواڵەتی خۆیانەوە نەک ناکۆکنین، بەڵکو (یەکێتی دوو دژ) سازدەکەن، واتە ئەم دژانە چ بۆ هزرو چ بۆ وێنەی ئیستاتیکی گرنگنو شێوازێکی بنەڕەتیی سیستێمی وێنەی شیعریین.[366] ئەم دووانانە دەبنە پێناسە بۆ یەکدی، بەو واتایەی لەمیانەی ئەرێنییەوە نەرێنی و لە نەرێنییەوە ئەرێنی دەناسین. ئەمەش سی دێڕە شیعرەکەیە:

---

364 ـ د.بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل. ١٢٦.

365 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٨٩.

366 ـ د. ئەنوەر قادر، شێوازی شیعری مەولەوی، ل٢٥.

دیوانەکەی ((برۆنس)) کە نەغمەی شیعری، ئەڵێی کچە پێئەکەنێ، یان ئەگری!..

(بۆکچێکی بێگانە، ل ٤٩)

دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری بێ فرمێسکەو زۆرتر لە فرمێسک ئەگری

(هەڵبەستی دەروون،ل١٢١)

هەیهات چ بێمیهرو وەفا دەرچو نیگارم، حاڵی بەگەرم پرسش ئەکەم، سارده جەوابم!

(تاوێ نەگەڕا،ل ٦٧)

ئەم نموونانە ڕێک لەگەڵ میتۆدەکەی لۆتمانو ئەم چەمکەیدا دێنەوە، کە دەڵێ: "حاڵەتێکی ئاڵۆزتری پاراڵێلیزم هەیە، کاتێ هەردوولای دوو جەمسەرییەکە یەکتر دەمۆدێلێنن، لە هەریەکێکیاندا شتێکی تێدایە ئاناڵۆگە لەگەڵ ئەویتردا...ئەمە لە تێکستی ناهونەرییدا نەشیاوە، وەک ئاماژەیەک بۆ هەبوونی **دوو میزاجی ڕۆحیی جیاواز**...لە تێکستی هونەریدا هەردوو ئەندامەکەی[پاراڵێلیزم]وەک هاوئاناڵۆگو بەیەکەوە پەیوەند وەردەگیرێن"[367]

## شەشەم/ دێڕ(بەیت)ی شیعر وەک یەکێتییەک

هەمیشە کە باس لە بونیادی شیعر دەکرێ، مەبەست لەوەیە تێکستی شیعری لەسەر ئاستە هونەرییەکانی شیعر: فۆنۆلۆگی، سینتاکس، سیمانتیکی لە نموونەیەکی سەرکەوتوداو سەرجەم ڕەگەزو مەوداکانی شیعرییەت یەکێتییەک پێکدێنێت، کە بە لابردنی هەر ڕەگەزێک با چەندێ بچووک بێ و ئەو بایەخەشی نەبێ، بەڵام بونیادەکەی زەدە دەبێ و یەکێتییەکەشی نامێنێ. یوری لۆتمان، لە بەشێکی بەرهەمەکەیدا ئەمەی ڕۆشنکردۆتەوە، لە یەکە بچووکەکانی زمانەوە تا دەگاتە گەورەو ئاڵۆزەکان، تاوتوێی کردووەو چەمکە بونیادییەکانی خۆی گەڵاڵە کردووە، هەر بۆ نموونە دەربارەی سەروا دەڵێ: "سەروا سنووری دێڕی شیعرە"[368]. ئاناخماتۆڤ[ژنە شاعیرێکی ناوداری ڕووسە] لە شیعرێکیدا سەروا بە "زەنگۆڵەی ئاماژە ناودەبا، مەبەستی لە زەنگۆڵە ئەوەیە، لەکاتی نووسینەوەی شیعردا تابعەکە[ئامێری نووسین]، کۆتایی دێڕەکە دەستنیشاندەکا..."[369]. لێرەدا لۆتمان مەبەستی ئەو بناغەیەیە کە شاعیر لەسەرەتادا بە وشە دایدەڕێژێ. هەر دواتر بەردەوام دەبێ لەسەر پەرەپێدانی ئەم بۆچوونەی و دەڵێ:

---

367 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩٠.

368 - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

369 - سەرچاوەی پێشوو.

"لەشیعردا هەر فۆنێمێک وەک وشە مامەڵە دەکات، لەبەرئەوە دەکرێت تێکست وەک بونیادنانی وشە سەیربکەین، کە ناوەرۆکێکی یەکگرتوو و لێک جیانەبووەی هەیە"[370].

ئەمەش جەختی ڕایەکی تری لۆتمانە کە دەڵێ: "تێکست بە هەردوو بونیادەکە سینتاگم و پارادیگم سازدەبێت"[371]. هەروەها وتراوە، کە هەموو فۆنێمو دەرکەوتەیەک لە شیعردا مانادارەو هیچ ڕەگەزێ لە تێکستی هونەری سەرکەوتوودا لە خۆوە نایەت، بەڵکو هەموویان جۆرێ لە یەکێتی گونجان[یەکێتیو گونجان]یان هەیە.[372] لەبەرئەوە تێکست دوو بونیادی بنەڕەتی هەیە: بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکی، کە زانای ئەدەبی، جان کۆهن بە بنەمای جیاکردنەوەی سێ جۆری شیعری دادەنێت: (شیعری پەخشانی)، سەر بە بونیادی سیمانتیکییە. (هەڵبەست–نظم) وەک کێشو سەروا[بونیادی فۆنۆلۆگی] دەبینێ، بەڵام شیعری تەواو هەردوو بونیادەکەی تێدایە[373].

ئەم دووانە یەکێتیی شیعر پێکدەهێننو پەیوەندییان بۆ شیعرییەت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیە. لەبەرئەوەی بونیادی فۆنۆلۆگی لە بەرجەستەکردنی بونیادی سیمانتیکیو سیمانتیکیش لە بەرجەستەکردنی بونیادی فۆنۆلۆگیی شیعردا گرنگن. کاتێک تێکستێکی شیعری دێتە بەردەستمان، تێبینی ڕیزێک هەڵبژاردنی خوازراو دەکەین، کە هاوکات بە ناچاریشە، لە تێکستی شیعریدا ئەوەی خواستییە ناچارییە، ئەوەی ناچارییە خواستییە.[374] ئەمەش بۆ بەدیهێنانی پەیوەندیی ئۆرگانییە؛ شاعیر ناچارە هەماهەنگی لە ئاوازو واتادا سازبکات[دواتر ئەمە دەبێتە خواست]. هەروەک وتراوە: "شیعر بابەتێکی یەکگرتووی هەیە، چ لەڕووی شێوەوە، چ لەڕووی ناوەرۆکەوە، هەموو ئەو بنیاتانەی کە لەشێوەو ناوەرۆکی شیعردا ڕۆڵدەبینن، پێکەوە بنیاتێکی یەکگرتوو دروستدەکەنو شیعرییەتی تێدا بەرجەستە دەبێت"[375].

لۆتمان پێیوایە، توێژەر بۆ ئەوەی بە سیمانتیکای شیعر بگات، ناچارە پشت بە بونیادی فۆنۆلۆگی ببەستێت. گەر نا، ئەوا ڕەنگە لەبری شیعر، پەخشانو لەبری سیمانتیکای شیعر، واتای گشتی زمانی دەستبکەوێت. بە واتا دوو جۆر واتا لە تێکستدا هەن، واتای گشتیی زمانو سیمانتیکای شیعر، لۆتمان لای وایە: "پەیوەندیو گرژی نێوان ئەم دوو واتایە لە دەقدا گەلێ بەبڕشتە".[376] شیعری سەرکەوتوو

370 ـ یو.م. لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو. ل ٩٢.

371 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

372 ـ جەبار ئەحمەد حسێن. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی. ل٧٩.

373 ـ ولبور اسکات، دیدگاەهای نقد ادبی، ترجمە:فریبرز سعادت. انتشارات امیر کبیر، سپهر-تهران١٣٤٨.ص ٤٤.

374 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩٥.

375 ـ سامان عزدین، بنیاتی هونەریی لەشیعردا: وتارێکە کاتی خۆی لە ئینتەرنێتەوە وەرم گرتووە، کە هیچ ناونیشانی بڵاوکراوەیەکی لەسەر نییە.

376 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩٣.

هەماهەنگی‌و یەکێتی تێدایە. لێرەدا دەربارەی ئۆپەرێتی "گوڵی خوێناوی" گۆران[377] هەوڵدەدەین بەپێی ئەم چەمکەی لۆتمان شرۆڤەیەک بکەین. هەڵبژاردنی ئەم تێکستەش بە مەبەستە، چونکە ئەمجۆرە تێکستانە دەکرێ لەڕوویی شیعرییەتەوە (بەو جۆرەی لەسەرە باسمانکرد)سەرکەوتوو نەبێت. ئەم تێکستە شیعرە شانۆییەکی گۆرانیئامێزە[378] هەرچەند شاعیر ناوی ئۆپەرێتی لێنەناوە، بەڵام یەکێکە لە شیعرە شانۆییە لیریکییەکانی شاعیر. هاوکات خودی بەیتی شیعری وەک ناونیشانی ئەم پارە، زیاتر سەر بە شێوازی کلاسیکە، بەڵام گۆران وەک شاعیرێکی نوێخواز زیاتر شێوازی ستانزای بەکارهێناوەو ئێمەش جەختمان لەسەر ئەم لایەنەیەو لەنێو دەقەکەشدا دێڕە شیعرەکان بەپێی میتۆدەکەی لۆتمان بوونەتە جێگەی بایەخمان:

گوڵی خوێناوی!

(١)

**کوڕ:**
بڕوانە: شاییە، چۆپی‌یە، لەو ماڵە،
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!
زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە،
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تو نایە!
سا توخوا، خێراکە، با بڕۆین، دەست بگرین،
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!...
**کچ:**
گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ،
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!
**کوڕ :**
کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا،
کچ لە ڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا،
پایزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،
گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە!... (دیوانی گۆران، ل ١٦_١٨)

[377] ـ عومەر مارف بەرزنجی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣ س ٦،مارتی ١٩٤٥. کوردستانی نوێ، ژمارە١٢٠٠، دوو شەممە، ١٩٩٦/١/٢٦. پێی‌وایە ئەم تێکستە لەگەڵ تێکستێکی ئۆسکار وایلد، لێکچوونی هەیەو لەژێر کاریگەریی ئەو تێکستەدا نووسراوە.

[378] ـ عەبدوڵڵا رەحمان عەوڵا، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا...ل، ١١٥.

تێکستەکە بە کێشی بڕگەیی تێکەڵ(١٢-٨) کە شێوازێکی نموونەیی شاعیرە نووسراوە[379] لەنێوان دوو ئاوازدا ئاوازێکی نوێی سازکردووە، کە دەکرێت بە یەکێتی ئاوازەی ناوببەین. خودی کێش لە شیعردا بریتییە لە یەکێتیو گونجان. شفیعی کدکنی دەڵێ: "کێش جۆرێکە لە هاوتایی، کە هاوئاهەنگی و هاوتاییش تایبەتمەندییەکە لە ئەنجامی دەرک کردن و یەکێتی لەنێوان بەشە جیاوازەکاندا بەدی دێت."[380] لەبەرئەوە کێشو سەروا ڕۆڵی لە یەکێتیو هاوپەیوەندیی نێوان ڕستەو دێڕە جیاوازەکانی شیعردا هەیە؛ ئەگەر لەباری واتاییشەوە جیاوازبن. وەکچۆن لەباری واتاییەوە شیعری کلاسیک یەکێتی بەیتی [لەئاستی بەیتدا یەکێتی مانایی سازکراوە]هەبووەو لە شیعری نوێدا یەکێتی بابەت [لەئاستی سەرجەمی تێکستەکەدا یەکێتی واتایی هەبووە]ڕەچاوکراوە.[381] سەبارەت بەسەروای شیعرەکەش، بە سەروای چوارینی هەمەجۆر بونیادنراوە، واتە سەروای هەردوو بەیتێک جیاوازە لە سەروای دووبەیتێکی‌تر.[382] لەئاستی جووڵەو ڕووداودا لەدوو بەش پێکهاتووەو بە(١-٢) جیاکراوەتەوە. تێکستەکە دیالۆگە لەنێوان(کوڕ-کچ)دا کە بە زمانێکی سادەو شێوازی نوێی "کۆپلە-Stanza"یی هەیە. هەر ستانزایەک بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە ستانزای پاش خۆیەوە بەستراوە[383] چەند دووانەیی بەرانبەریەکی وەک(زەرد و سوور، ژنو پیاو، ئاغاو خێڵی دوژمن، ئەڕۆم، ناڕۆم..) هەن؛ هەموو ئەمانەش لە پنتێکدا یەکیان گرتووە.

چەندین شێوازو تەکنیک لەتێکستەکەدا هەیە، بۆ نموونە: لە گفتوگۆی نێوان(کوڕ-کچ)دا، ژمارەی دێڕەکانی کوڕ(١٨)و هی کچ(١٠) دێڕە. ئەم جیاوازییە لە دوو لایەنەوە خوێندنەوەی بۆ دەکەین:

١. لە کولتووری پیاوسالاریدا، ***(کوڕ)*** نەک (کچ) خاوەن دەسەڵاتو بڕیارەو کوڕ جۆری فرمان کردنی نەرم (بڕوانە-گوێبگرە-بابڕۆین..)بەکاردێنێت.

٢. بەڕەچاوکردنی بابەتی تێکستەکە، دەکرێ وەک هەوڵی نزیکبوونەوە لە یار بیخوێنینەوە؛ عاشق بەردەوام هەوڵی ڕازیکردنی یار دەدات. هەروەها لە دابەشکاری درێژ و کورتی دێڕی گفتوگۆکاندا تێبینی هاوبەشی بابەتو ڕیتمی تێکستەکە دەکەین: بۆ نموونە کوڕ بە(٣) دێڕ دەستپێدەکات، بەڵام کچ بە ٢جار وەڵامدانەوە (٣)دێڕ بەکاردێنێ؛ وەڵامی یەکەم بە(١) و دووەم(٢) دێڕ. هۆی زیادکردنی لەدووەمدا بە پاساوی کوڕەوە پەیوەستە، کە دەڵێ: (پایزە، گەڵای دار ڕژاوە...). هەروەها، کوڕ پاش گۆرانیی(باخچەی پاشا) بە دێڕو نیوێک دێتەگۆ، کە تا ئەو شوێنەی گفتوگۆکە هێندە کورت نەدواوە. کچیش بە نیودێڕو، لەبەرانبەریشدا کوڕ بە نیودێڕ وەڵامیدەداتەوە. لێرەدا کورتبوونەوەی وەڵامی کوڕو هاوتابوونەوەی بە

---

379 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل ٨٤.

380 ـ محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، ص٣٤_ ٣٥.

381 ـ عزددین مستەفا رەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر ١٩٩٠.

382 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، ل ١٠٥.

383 ـ پ.د.زاهیر لەتیف کەریم،-زانکۆی سلێمانی،یادێك بۆ گۆران:

http://khaktv.net/dreja.aspx?Jmare=6848&Jor=14

کچ، پەیوەستە بە جێبەجێکردنی داوای یارو ئەو ڕووداوەی بەسەر کوڕدا هاتووە، لەبەرئەوە کچ بە دێڕو نیوێک کۆتایی بە دیالۆگەکە دێنێت. لە بەشی دووەمیشدا ئەم هاوتاییە دەبینین، کە هەر یەکەیان بە دوو دێڕ بەمشێوەیە دەدوێن: کوڕ بە (٣-١)و کچ بە(١-٣). ئەم هاوتاییبوونەوەو یەکێتییە تەنیا لە تەکنیکو بابەتی تێکستدا نییە، بەڵکو لە ئاستی سەرواشدا یەکدەگرنەوە. تا سەرەتای بەشی(٢)ەم هاوبەشی سەروا لەنێوان کچوکوڕدا نییە. لەسەرەتای بەشی(٢)ەمدا کوڕ بە دێڕو نیوێک دێتەگۆو سەروای کۆتایی بەمجۆرەیە: (نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟) لەبەرانبەردا وەک یەکێتیو هاوبەشی، کچ بەهەمان سەروا وەڵامی دەداتەوە. ئەم هاوسەرواییەش لەگەڵ ناوەرۆکی تێکستەکە دێتەوە، کە بریتییە لە نزیکبوونەوە لەبەرئەوەی بەشێک لە داواکەی جێبەجێکردووەو ئومێد بەکوڕ دەدات، بۆ جێبەجێکردنی داواکەیتر. بۆیە جیاوازیو هاوبەشیی سەروای کوڕو کچ بە ناوەرۆکی دەقەکەوە پەیوەستە:

**کوڕ**: ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟

**کچ**: هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟ (دیوانی گۆران، ل ١٨)

هاوبەشیی کوڕوکچ لەئاستی بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکی تێکستەکەدا گرنگو پڕ مانایە، لەبەرئەوە خوێنەر هەست بە شێوازی یەکخستنی میکانیکیی ڕەگەزەکان ناکاتو هەست بە هەڵبژاردن لەئاستی هاوسەرواییو هاوحاڵەتیدا دەکات. هەروەک لەناونیشانو ناوەرۆکی تێکستدا لەڕێگەی دژەوە یەکێتی سازکراوە: (گوڵ)و(خوێن) جوانکارییەکی هونەرییە، کە لەنێو بابەتی تێکستەکەشدا دەبینرێت. بابەتی(زەماوەنو هەڵپەڕکێ) لەگەڵ کۆتایی تراژیدیی شیعرەکە نایەتەوە.[دەکرێ بە خوێندنەوەیەکیتر ئەم ئەنجامە هێندەش تراژیدی نەبێت]. لەم بارەیەوە لۆتمان دەڵێ: "...پێکدادان لەنێوان بونیادی ڕیتمی چێژی بەرزدا پەیدا دەبێ و ...هەروەها ئاوازەی تراجیدیی لە ئاستی لێکسیکیدا بە ئافراندنی [هەندێ دیمەنیتر]...کە لەوانەبوو لە کۆنتێکستێکی تردا ئاوازدانەوەیەکی کۆمیدی[یان ناتراجیدی] هەبووایە"[384] هەروەها سەبارەت بە بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکی دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ، کە شاعیر هەردوو بونیادی شاد و تراژیدی یەکخستووە. دیارە ئەم یەکخستنو گرێچنە لەهەردوو ئاستەکەدا زەمینەی بۆ ڕەخساوە: (دوو چەپکت ئەهانی لەباغچەی پاشا**وە**). وەڵامی ئەمە بەشێوازی گۆرانیو هاوسەروای (باغچەی پاشا لەوبەر ئا**وە**) جۆرێکە لە پێشبینیو یەکخستنی ڕیتمی چێژی بەرزو ئاوازەی تراژیدیا. چونکە **ڕێنیشاندانی** کوڕ لەلایەن کچەوە، چۆن بونیادی ڕیتمی چێژی (باخچەی پاشا) دەهێنێتە ئارا، ئاواش زەمینە بۆ ڕیتمی (هەی هاوار) دەڕەخسێنێت.

لێرەدا ئاوڕ لە فەرهەنگی وشەکانی تێکستەکەو پەیوەندیی نێوانیان دەدەینەوە. لەسەرەتاوە شاعیر بواری یەکخستنی چەند ڕەگەزێکی جیاوازی تابلۆ شیعرییەکەی داوە: (شایی، چۆپی، زوڕنا، شمشاڵ، هەرا، زەردو سوور، ژنوپیاو...) (شایی) کۆکەرەوەی ئەم ڕەگەزە جیاوازانەیە لە چەند دێڕێکداو فەزایەکی

384 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩٥.

سازکردووە، کە بەڕێوەچوونی (شاییە). لەم گرووپەوە، گرووپێکی دەلالیی نوێی (گوڵی زەردو سوور/ئاڵ)ی هێناوەتەئارا. لە یەکەمدا (زەردو سوور تێکەڵاوە/ دەلالەتە بۆ جلو بەرگی ژنو پیاو) لەنێو گرووپی دووەمدا وەک پارالێلو ڕیتمی شیعرەکە دووبارەبووەتەوە، بەڵام بە دەلالەتی جیاوازەوە، کە دەکرێ ئەم ڕەگەزە جیاوازانەی تێدا کۆبکەینەوە: (پایز، کانی، گەڵا، باغ، چەپک، باغچەی پاشا، زامی دڵ..). ئەم دوو گرووپە جیاوازە یەکێتییەکیان پێکهێناوە، کە لە هەندێ هونەریتردا دەیبینین. بۆ نموونە: شایی- وەک گشتێک، چەند ڕەگەزی جیاوازی وەک بیرخستنەوەو لێکچوون لەدەور کۆبووەتەوە. لە شاییدا: دەهۆڵو زوڕناو شمشاڵو هەڵپەڕکێ. لە هەڵپەڕکێ دەستگرتنو تێکەڵی کچو کوڕ، لەئەمیشدا (زەردو سوور)ی جلوبەرگمان بیردەخاتەوە. بۆ کچیش بیرخەرەوەی گوڵی(سوورو زەرد)ە، واتە پارالێلی لە (لەیەکچووی جیاواز) درووستبووە. هەروەها گوڵ بۆ(سوورو زەرد) دابەشبووە. هاوکات (زەردو سوور)ی کوڕ، لەلای کچ بۆ(سوورو زەرد) گۆڕاوە:

کوڕ: **زەردو سوور** تێکەڵ بوون ژن و پیاو، هەرایە،

کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم: **ئاڵ** چەپکێ، **زەرد** چەپکێ، (دیوانی گۆران، ل ١٦)

دواتر کاتێ کوڕ دەڵێ: "پایزە، گەڵای دار ڕژاوە" وێنە شیعرییەکان بەهۆی ئەوەی لە هونەردا پێی دەڵێن (association) وە بیرکەوتنەوە بەهۆی پرینسیپەکانی دژایەتیو هاوسێیایەتی و لێکچوون..کە لێرەدا (گەڵای دار ڕژاوە) گوڵی زەرد بەهۆی هاوڕەنگییەوەو "زەرد"یش بەهۆی هاوسیایەتی_هاوچەپکییەوە گوڵی سوور وەبیردێنێتەوە.. ئافراندنی ئەم شێوازە شیعرییە لای گۆران، بەڵگەی ئاستی بەرزی داهێنەرانەو چێژی پڕ بەهای ئیستێتیکی ئەوە. لێرەدا وەک بیرکەوتنەوە کچ لەم نیوە دێڕەدا زەرد پێشدەخات: "گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ".

ئەم هونەرە وردانە لەخۆوەوە نین، بەڵکو وردبینی شاعیرانەیە. شاعیر لە خووگرتن دوورمان دەخاتەوە. جگەلەمانە، دووبارەبوونەوەش بەشداری ڕیتمو ئاوازی تێکست دەکەن: (ئاڵچەپکێ، زەرد چەپکێ...نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ) ئەم دووبارەبوونەوەیە لای کوڕیش دێتەئاراوە: (کچ لەڕێی جوانیتا...کچ لەڕێی نیونیگای..) بەشێکی ئاوازی تێکست بەهۆی دووبارەبوونەوەوەیە، کە پەیوەندیی پتەوی لەناوەوەی تێکستدا سازکردووە. یان لە دەستپێکدا پەیوەندیی لەم هاودەنگییە هاوبەشانەدا هەیە: (بڕوانە، شاییە، چۆپییە، زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە، گوێبگرە، هەرایە، خێراکە...)، تونیانۆڤ ئەمە بە "ڕیزی پتەوی شیعر"[(385)] دەزانێت.

سەبارەت بەیەکێتی سیمانتیکیش لە تێکستەکەدا تێبینیدەکەین: هاتنی (ژنو پیاو) بەبێ لەپێشدا هاتنی(زەردو سوور تێکەڵبوون) مانایەکی ئەوتۆی نەدەبوو. هەروەها (سوور) کە هەمیشە ڕەنگێکە واتای

---

[385] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩١.

جۆش و خرۆش دەگەیێنیو تەنانەت"گوڵی سوور" لە ئەدەبی ئەورووپاییدا سیمبۆلی خۆشەویستییە. بۆیە گرووپێک دەلالەتی لەخۆی کۆکردووەتەوەو لەخۆی تێپەڕیوە، بەبێ هاوکاری وشەکانی دراوسێی، کە لە ڕەنگی جلوبەرگەوە بۆ گوڵو لە گوڵیشەوە بۆ خوێنی عاشق؛ نەیدەتوانی ئەو گۆڕانو فرە واتاییەی هەبێ. (خێڵی دوژمن) بەهۆی (باخچەی پاشا)و ئەمیش بەهۆی داواکردنی گوڵەوە هاتووە؛ لێرەشەوە ڕووداوی کوشتنی کوڕ زەمینەیەکی لۆجیکی هونەری نەدەبوو. ئەم زەمینە هاوبەشانە بەشێوەیەکی سرووشتیو ئۆرگانی پێکەوە بەستراون. وەک ئەدەبناسێکی ئێرانی ئاماژەی پێداوە، کە وشەکانی نێو تێکست بەهۆی پێکەوەهاتنو لەیەک نزیکبوونیان واتا و واتای نوێ دەخولقێنن[386]. بۆ نموونە (پایز) بیرخەرەوەی (گەڵای دار ڕژاوە..) هاوکات زەمینەی زەماوەندی کوردان لە پایزدا ڕاستییەکی مێژووییە.[387] لەبەرئەوە بوونی گوڵ لە (باخچەی پاشا) بەپێشترزانینی(پایز)ە کۆمەڵێک ماناو ئەگەری نوێو بەردەوامی شیعرەکەش دابیندەکات. جگەلەوە خوێنەر هاندەدات ***بەچاوێکی‌تر بڕوانێتەوە دێڕەکانی سەرەتا***. وەکئەوەی پاشایەکی زۆردار هەیە، ئیدی هەڵپەرکێ چ مانایەکی هەیە[لێرە خۆشیو لەوێ شەڕ]. ئەم پەیوەندییانە یو.ن.تنیانۆف بە "ڕیزی پەتەوی شیعر" ناویدەباتو لۆتمانیش دەڵێ: "واتای لێکسیکی وشە لەناوخۆی شیعرەکەدا لە وشەکانی دراوسێیدا هێزی بەردەوامی سەروو واتایی پێکدێنێ، کە لەدەری کۆنتێکستی ئەو شیعرەدا نەشیاوە"[388] ئەم هاوسێیەتیە وادەکات وشەکان بەدەر لەمانای فەرهەنگی، مانای نوێیان هەبێت. لێرەدا ئاماژە بە مانا جیاوازەکانی (زەردو سوور)دەکەین، کە بەهۆی کۆنتێکستی شیعرەکەوە بە هەردوو ڕەنگو سەرجەم دەقەکەیان بەخشیوە؛ تێکستەکەیان لە بابەتی دڵدارییەوە بۆ بابەتی خەباتو فیداکاری ئاراستەکردووە.

شاعیر بەشێوازێکی سرووشتی سوود لەم دوو ڕەنگە بۆ گوزارشتکردن لە تێکەڵبوونی ژنو پیاو دەبینێت، ئەم دوو ڕەنگە دەبنە دوو گوڵی داواکراو. شاعیر ئەمە دەکاتە بنەمای ڕەخنەگرتن لەچەند دەسەڵاتێک. کچ وەک دەستپێکی ڕاپەڕین لەدژی دەسەڵاتی ئاغا بە(دوو چەپکت ئەهانی لە باخچەی پاشاوە)، کوڕ ئاراستە دەکات. سەرەتا (کچ) جیاوازیی ژیانی ئاغاو خەڵک نیشانی (کوڕ) دەدات. بێ‌هۆ نییە(کچ) لەپایزدا داوای گوڵی زەردو سوور دەکاتو پاشان بە (زەرد) ڕازی نابێو پێیوایە دەبێت خەباتەکە تاکۆتایی بڕوات. هەروەها نەبوونی گوڵی سوور لە باخچەی پاشا دەتوانین بەمجۆرەش بیخوێنینەوە، کە "مانای نەبوونی جوانیی ڕاستەقینەیە لە کۆشکداو هەموو جوانییەکان زەردو ژاکاون، یان بە جۆرێکی‌تر نەبوونی ڕەمزێک بۆ سەربەستی لە تەلارەکاندا، کەواتە پێویستە گوڵە زەردەکان

386 ـ مازیار فیروزمند، بررسی رابطەی صورتگرایی روسیو پساساختگرایی، با تمرکز بر جایگاه متنو مولف. مقاله در(حلقه نشانەشناسی تهران): http://iransemiotics.ir/?p=10567

387 ـ فەرامەرز ئاغابەیگی، گۆران و گوڵی خوێناوی-ڕامان-ژمارە ٢٣٠- ٢٠١٦.

388 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ٩١.

بەخوێن ڕەنگ بکرێن، بە خوێن سەربەستی بۆ میللەت بگەڕێنرێتەوە"[389] واتا (زەردو سوور) ڕەمزن بۆ بەردەوامی خەبات دژی سیستێمی پاشایەتیو زۆرداری. ڕەمزیەتی ڕەنگەکانیش بەپێی کولتوورو جوگرافیاو ئایدۆلۆژیاو کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.[390] هەندێک بۆچوون (سوور) بۆ ئایدۆلۆژیای شاعیر دەگەڕێننەوە، کە جگە لە ڕەمزی دڵداری هێمای چەپبوونەو (باخچەی پاشا)ش هێمایە بۆ چینی بۆرژوازی، کە نیشانەی دەسەڵاتو زۆردارییەو چەپیش بە عەشقەوە دژی خەباتدەکات.[دیارە ئەمە بۆچوونە، چونکە ئەم شیعرە ١٩٣٢ نووسراوە.]

شاعیر لەم شیعرەدا توانیویەتی چەند بابەتی جیاواز یەکبخاتو یەکێتیی لەنێوان هەردوو بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکیدا بهێنێتەئاراوە. چونکە لە هەڵبژاردنی ڕەگەزەکاندا ڕەچاوی لایەنی جوانیی واتایی کردووە. سوودی لە گوڵ وەک کەرەسەیەکی جوانکاریو ڕەمزی دڵداریو خەبات دژی زۆرداری وەرگرتووە. بۆیە شاعیر بە تیرێ هەردوو نیشانەکەی پێکاوە. لە خوارەوە بۆ تەواوکاری ئەم باسەو پراکتیککردنی ئەم چەمکەی لۆتمان ئاوڕ لە شیعری (پایز) دەدەینەوەو هەوڵی شیکاریی دەدەین:

**پایز !**

پایز! پایز!

بووکی پرچ زەرد،

من مات، تۆ زیز:

هەردوو هاودەرد!

من فرمێسکم، تۆ بارانت؛

من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛

من خەم، تۆ هەوری گریانت..

دوایی نایە: دادم ، دادت،

هەرگیز، هەرگیز،

پایز! پایز! (دیوانی گۆران، ل ١٦٣_١٦٤)

تێکستی(پایز) بە نیوە دێڕی شیعری کورت و کێشی برگەیی(٤–٨) بونیادنراوەو چەند وێنەی هونەری تێدایە. بەجۆرێک شاعیر لەئاستی ئاسۆییو ستوونیدا توانیویەتی شیعرییەت بهێنێتەئاراوە. تێکستەکە

389 ـ عومەر مەعروف بەرزنجی، گوڵی خوێناوی گۆران و(بولبولو گوڵ)ی ئۆسکار وایلد:

http://www.kurdipedia.org/smartphones.aspx?lng=1&q=20151211085822128543

390 ـ د.علی سرور یعقوبی، رنگ حس آمیزی در شعر معاصر، فصلنامەی پژهش ادبی، دوره٤، شماره ١٤، ٢٠٠٩. ص ١٠٨.

بەسەر دوو کۆپلەی بنەڕەتیدا دابەشدەبێ کە یەکدی تەواوکەر و پاراڵێلن. بۆ نموونە وێنەی دەستپێکی کۆپلەی یەکەم "بووکی پرچ زەرد" دەستپێکی دووەم وێنەکە تەواوکراوە "شانوملی ڕووت". پایز وەک بووکێکی پرچ زەردی شانو مل ڕووت وێنەکراوە. ئەمیش پاراڵێلو دەرئەنجامە لەگەڵ وێنەی کۆتایی شیعرەکە "ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین". "ئاڵتونی دار" دەبێتەوە بە وێنەیەکی نوێ بۆ گەلا زەردەکانی پایز. واتا لەنێوان (پایز)و (بووک)-(من)و(تۆ=پایز)دا یەکێتیو پاراڵێل هەیە. ئەمەش بە هەردوو شێوازی خواستن بۆ(بووکی پرچ زەرد)و دوو هونەریی لە(ئاڵتونی دار-بۆ-شانو مل ڕووت)دا هاتووە، چونکە ئاڵتونی دار خۆی خوازراوەو جارێکی تر بۆ شان و مل ڕووتیش دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە سەرجەمی تێکستەکە[پایز] دەبێتە جەمسەرێکی بونیادیی بنەڕەتی کە لەگەڵ جەمسەری شاعیردا پێکەوە بەهۆی لێکچوون و هاودەردییەوە بونیادی تۆکمەو پڕ وێنەو ئاوازەی شیعرەکەیان نەخشاندووە. لەخوارەوە هەندێک لەهونەرەکانی‌تر دەخەمەڕوو. پاشان بەشێوەیەکی دیالێکتیکی یەکێتی تێکستەکە نیشاندەدەین.

شاعیر سوود لەشێوازی دووبارەبوونەوە "پایز-پایز" بۆ جیاکردنەوەی ستانزاو ئاوازی شیعرەکە دەبینێ، دەشکرێ وەک دەلالەتی دووانەیی (پایزی پایز و پایزی شاعیر) بیخوێنینەوە. هاوکات سوودی لە خەسڵەتە ئینسانییەکان بۆ دەرخستنی پایز بینیوەو ئەمەشی لە بە مرۆڤکردنی پایزدا بەرجەستەکردووە:

بووکی پرچ زەرد-من مات تۆ زیز-هەردوو هاودەرد!

لێرەدا جگە لە لێکچوونی "منوتۆ" و "ماتو زیز"، شێوازی پاراڵێلی دەنگی لەنێوان "زیز" و "پایز! پایز!"دا هەیە؛ واتا پایزی یەکەم دەنگی (ز)ی زیز و پایزی دووەم بۆ (ز)ی کۆتایی زیز پاراڵێلە. "هاودەرد"یش گوزارشت لە دووانەیی منوتۆ دەکاتو وەک گشتو دەرئەنجام بەشەکانی "ماتو زیز"ی کۆکردووەتەوە. یەکێکی‌تر لە هونەرەکان بریتییە لە سازکردنی پارادۆکس لەنێو لە یەکچووندا: "بووک" ئاماژەی دڵخۆشیو خۆشبەختی دەکات، بەڵام لێرەدا نیشانەی زیزو خەمباری هەڵگرتووە. هەروەک بونیادی وشەی(پایز) کە لە (پ،ا،ی،ز)پێکهاتووە، هەڵگری هەمان چەمکی خەمبارییو حوزنی شاعیرن، چونکە دەنگی(پ)بیرخەرەوەی دەنگی ورتەو چپەو نەرمییە، کە جەخت لەسەر دەمهەڵهێنانەوەو کرانەوەو لەدوایشدا داخستن دەکات.[391] هەردوو دەنگی(ا،ی) لەگەڵ درێژبوونەوەیدا نەرمییەک هەیە، بەڵام(ز) دەنگێکی لەراوەو توندە لەگەڵ دەنگەکانی‌تردا پارادۆکسە، کە ئەمەش وەک وزەو هێزی دەرچوون لەو دۆخە نیشاندراوەو جۆرێکە لەچالاکیو جووڵەی دەقەکە، بۆیە ئەم دەنگە لەکۆی تێکستەکەدا(١٧) جار دووبارەیە.[392]

هاوکات شاعیر لەم چەند ڕەگەزە: "فرمێسک-باران/هەناسە-بایسارد/خەم-هەوری گریان" چەند وێنەیەکی هونەری تەواوکارانە دەکێشێت. هەر سێ ڕەگەزی مرۆیی "فرمێسک، هەناسە، خەم" بەرانبەر

[391] ـ ا.د.ظاهر لطیف کریم، ا.م.د.نیان نوشیروان فواد:

http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=3392&type=farhang

[392] ـ د.حەمە نوری کاکی، شێوازی شیعری نوێی کوردی...ل١٣٥_١٣٦.

به سێ ڕەگەزی سرووشتی "باران، با، هەور" دەگرێت، وەک یەکێتی سرووشتو مرۆڤ، بەڵام یەک نین، چونکە "منوتۆ" هەن. هاوکات وێنەکان هاوئاهەنگیو بەردەوامییان هەیە. باران وەک هاوسۆزیو بیرخەرەوەی فرمێسک، یان بەپێچەوانەوە. هەروەها تەکنیکی پێشخستن کراوە "باران" پێش "هەوری گریان" خراوە. ئەمەش بەدیدی یو.ن.تینیاتۆڤ وای کردووە لە درواسێیەتی نێوان وشەکاندا، پتەویو بەردەوامیو هاوکاری هەبێتو وشەکان ماناو وێنەی نوێیان هەبێت.[393] هەروەها "دوایی نایە" پارالێلە لەگەڵ "هەرگیز، هەرگیز"، ئەمیش دەبێتەوە بە پارالێل بۆ"دادم، دادت"و"پایز! پایز!" کە لە ئاستی دەنگیو هاو دووانەییدا، کە یەکیان بۆ پایزی پایز و ئەویتر بۆ پایزی شاعیر پارالێلە.

لە ستانزای دووەمدا، شاعیر بە "پایز!پایز!" وەک بەردەوامیی پایز لەلایەنی مەجازییەوە دەستپێدەکاتەوە. وێنەکانی ئێرە پێچەوانەی وێنەکانی ستانزای یەکەم، زیاتر دیوە پایزییەکەی پایز نیشاندەدەن؛ واتا گەر وێنەکانی یەکەم دیوە مرۆییەکەی پایز سەرچاوەی بێت، ئەوا لێرەدا بەپێچەوانەوە. لە یەکەمدا وێنەو گوزارشتەکان پایزی (من)ی شاعیر نیشاندەدەن "فرمێسک، خەم، هەناسە، گریان". بەڵام لە دووەمدا هاوخەمیی بۆ پایزە، چونکە باسی سیسبوونی گوڵ، وەرینی گەڵای دارو فڕینی باڵندەیە. لەبەرئەوە دوو سیستێمی جیاوازی وێنەسازی هەن، سیستێمی وێنەیی مرۆڤسەنتەر، سیستێمی وێنەیی پایزسەنتەر. ئەمەش وەک لۆتمان دەڵێ، حاڵەتێکی جەوهەرییە، "کاتێ هەمان دەق زیاد لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێ، لێکدانەوەی مۆدێل لە ئاستێکی زیاد لە کۆنکرێتیدا هەر بەیەک جۆر کۆدەکان ناکاتەوە"[394].

ئەم دووانە لە پنتێکدا یەکگرو تەواوکەرن، چونکە وێنەکانی ستانزای یەکەم لەئاسی کردەدا دەبنە بنەمای وێنەکانی ستانزای دووەم: بۆ نموونە کاریگەریی هەبوونی با بۆ وەرینی گەڵاکان. ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەردار عەزیزە، کە گوایە شاعیر پایزی بەکارهێناوە[395].

لەبەرئەوە لە تێکستەکەدا پایز لە پەراوێزدا نییەو تەنیا بۆ بەکارهێنانی دۆزینەوەی هاوخەم نییە، کە هاوخەمیش دواجار لە پەیوەندییەکی مرۆییدا ڕوودەدات. هەروەها لەنێو پایزی شاعیریشدا دەتوانین پایزی ناوەکیو دەرەکی ببینینەوە، لە پایزی ناوەکیدا پایز دەبێتە هاوخەمی شاعیرو لە پایزی دەرەکیدا شاعیر دەبێتە هاوخەمی پایز، بەڵگەی ئەمەش لە وێنەکانی دووەمدا دەبینین [هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ...ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین...].

لە وێنەکانی کۆپلەی دووەمدا شاعیر شێوەی وێنەیی لۆجیکی بەکارهێناوە. واتە سەرەتا سیسبوونی گوڵ، پاشان (ئەڕژێ)و فڕینی باڵندەکان. ئەمەش بەیەکداچوونی سیستێمی سینتاگمو پارادیگمی تێکستەکەیە، کە چۆن هەرسێ کرداری "سیسئەبێ، ئەرژێ، ئەفڕێ" یەکیانگرتووەو پارالێلی دەنگیشیان سازکردووە؛ کە هەموویان لەگەڵ گریاندا پارالێلی کردارین، وێنە تەواوەکەشی لە "چاومان نەسڕین"دایە،

---

393 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل٩٣.

394 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

395 ـ سەردار عەزیز، پایزو مەرگ، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ستوونی'ئێرەو ئەوێ' ژمارە ٢٠١١/١٢/٦.

چونکە بەردەوامیی گریان پێویستیی چاوسڕین وەلادەنێت. لە تێکستەدا زۆرترین وێنەو کەمترین ئامراز هەیە.

تا ئێرە زیاتر دووانەیی تێکستەکەمان لەبەرچاوگرت. پێویستە بپرسین، ئایا یەکێتی دووانەیی لە تێکستەکەدا ڕەچاوکراوە؟ چۆن دەتوانین یەکێتیی ئەم دووانانە بدۆزینەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە لەنێو تێکستەکەوە چەند ژمارەیەک بخەینەڕوو بۆ ئەوەی لەوێوە یەکێتیی نیشانبدەین: لەتێکستەکەدا من (٥ جار)، تۆ(٥ جار)و بگرین(٥جار) هاتووە. هاتنی "منو تۆ" گوزارشت لە دووانەیی دەکات، بەڵام "بگرین" گوزارشت لە یەکێتیو (ئێمە) دەکات. لە کۆپلەی یەکەمدا "من" وەک سەنتەر دەردەکەوێتو لە دووەمدا "پایز"؛ بەڵام لە کۆتایی دووەمدا هەوڵی یەکێتیی نێوان "منو تۆ" دراوە. ئەمەش بەچەند بەڵگەیەک: لە یەکەمدا "هەردوو هاودەرد" گوزارشت لە دووانەیی دەکات، بەڵام لە دووەمدا "هەردووکمان **جووت**"گوزارشت لە جووتبوونی ئەم دوانە دەکات. بەهۆی ئامێری هونەریو وێنەسازیی نێو تێکستەکەوە، بەشێوازێکی دیالێکتیکی "منو تۆ" لە "ئێمە"دا تێهەڵکێش دەبێت. واتە بە پرۆسەی دیالێکتیکی "من=تێز" "تۆ=ئەنتی تێز" تێهەڵکێشبوونیانو بوون بە "ئێمە=سێنتێز".

لەم ڕەوتەدا "ئێمە" گوزارشت لە یەکێتیی "منو تۆ" دەکات، واتە لەنێو "ئێمە"دا (منوتۆ) بەشێوەیەکی گەشەکردوو هەن. گەشەکردووییش لەوێدا دەردەکەوێت، کە "من"ی مرۆڤو "تۆ"ی سرووشت یەکێتییەکیان سازکردووە. بۆ وردبوونەوە لەمە، دەڵێین، لەنێو "پایز"ی شاعیرەوە "پایز"ی سرووشتو لەنێو "پایز"ی سرووشتیشەوە "پایز"ی شاعیرمان بیردێتەوە، ئەمەش (یەکێتییەکی ئۆرگانییە).[396]

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، بنەمای ئەم یەکێتییەی نیشانماندا، لە دێڕی تێکستو بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکی تێکستەکەوە وەرگیراوە. چونکە ناکرێت پێمانوابێت (٥ جار) "من" و "تۆ" و "بگرین"[ئێمە] بەڕێکەوت هاتووە. هەروەک لە ڕواڵەتی تێکستەکەشەوە دەردەکەوێت، شاعیر سوودی لە هاوسەنگیی بابەتی نێوان منو پایز وەرگرتووە، ئەمەش لە هاوپەیمانێتی و یەکێتی ئازاردا زەقکراوەتەوە، وەک لۆتمان دەڵێ: "ئێمە دەچینە سەر ئەو باوەڕەی کە یەکێتی ڕیتم-فۆنۆلۆگی شیعرەکە لێک جیانەکردنەوەی یەکێتیی بیرۆکەکە دادەمەزرێنێ".[397] لەم شیعرەی گۆرانیشدا هەمان دیدی لۆتمان ڕەنگی داوەتەوە.

---

396 ـ د.محەممەد کەمال، لۆجیکی هیگڵ، دەزگای سەردەم-سلێمانی ٢٠١٦. ل ١٥٢.

397 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٠٧.

## حەوتەم/ "وشەی نامۆ" لە تێکستی شیعریدا

یەکێک لە تەکنیکو ڕێگە بنەڕەتەکانی داهێنان، بریتییە لە نامۆیی‌ڕوانین. شیعر هەوڵە بۆ نامۆکردنی شتە ئاشناکانو بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ، ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەتنی نێوان وشەو شتەکانە[کە لەزمانی ئاساییدا ڕێککەتنەکان پێشبینکراوو زانراون] بۆ داهێنانی ڕێککەوتنی نوێ، کە بواری بینینی جیاواز و نامۆ بۆ شتەکان دەڕەخسێنێت. لەبەرئەوە نامۆیی هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆماتو بونیادنانی نائۆتۆماتە.[398] لۆتمان دەڵێ: "لە پەیوەندیی ئاسایی زماندا وەرگری هەواڵ بەیارمەتیی سیستێمی کۆدی ئەو زمانە تێکستەکە دادەڕێژێتەوەو کۆدەکانی دەکاتەوە...[بەڵام]تێکستی شیعری لەمەیدانی بەیەکداچوونی گەلێک سیستێمی سیمانتیکیی هەمەجۆرداو، گەلێ زماندا دەژی".[399] ڕەخنەگران سەبارەت بە بونیادی وشەی نامۆ بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان جەخت لەسەر گرنگیی ئەم بونیادە دەکەنو بە یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی شیکاریی شیعری دەزانن. لەبەرئەوەی بنەمای دامەزراندنی گۆشەنیگای نوییە بۆ جیهان.[400] لۆتمان بەهۆی ئەم چەمکەوە تیشکۆی گۆشەنیگای ئیستاتیکیی خۆی و دیرگەیەکی بایەخداری سەرجەم میتۆدەکە دەکاتو دەڵێ: "تێکستی پۆیەماکان[بۆهەندێ لە پۆیەمای شیعری ڕووسییە] ئازادنو بەلامسەرلاییو نائاسایی لە سیستێمێکەوە دەچنە یەکێکی‌تر، کاتێ خوێنەر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ناتوانێ لە دەوروبەری کولتووری خۆیدا (زمانێکی) یەکگرتووی هەموو تێکستەکە هەستپێبکات. تێکست بە چەند دەنگێک قسەدەکات، کاریگەریی هونەریش لە ئەنجامی تێکەڵبوونیانەوە دێتەکایە، لەگەڵ ئەوەی وا سەیردەکرێ نەگونجاوبن. ئاوا بونیادی 'وشەی نامۆ' والادەبێ".[401] شکلۆڤسکی داهێنەری ئەم ڕوانینە، جەخت لەسەر نامۆیی وەک دژوەستانەوەی ڕاهاتنی بینین دەکات. پێی‌وایە بینینو زانینمان شێوەی ڕاهاتن[خوو]ی وەرگرتووەو پێویستە دەستکاری‌بکەین؛ ئەمەش بە هەستکردن بەشتەکان نەک وەک زانراو شتەکان دەربڕین[402]، کە ئەمەش گیانێکی نوێ بە بەر زمانو شتەکاندا دەکاتو ئەگەری نوێیان تێدا دەدۆزێتەوە.[403]

دۆزینەوەی ئەم ئەگەرانە بە لادان لەزمانی باو دەبێت. شکلۆڤسکی دەڵێ: "هێنانی دەوڵەمەندیی وشە یان وشەی ناوچەیی بۆ ناو زمانی ئەدەبی، ڕەنگە لە زمانی ئەدەبیدا ببێتە هۆی گۆڕینی سیستێمی نیشانە."[404] لەبەرئەوە گرنگە لە زانینی باوی زمان ڕزگاربین، بەو زمانە نوێیەش پەیوەندیی نوێ

---

[398] ـ د.ئەنوەر قادر محەممەد، شێوازی شیعری مەولەوی تاوەگۆزی، ل ١١.

[399] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٠٧.

[400] ـ د.ئەنوەر قادر، سەرچاوە پێشوو، ل ٨.

[401] ـ یو.م. لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

[402] ـ د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، بوونیاتی زمان لەشیعری.. ل ٧٨.

[403] ـ محمد رضا شفیعی کدکنی.رستاخیز کلمات:درس‌گفتارهایی درباره نظریه ادبی صورت‌گرایان روس_تهران،١٣٩١.ص ٧١.

[404] ـ د.ئەنوەر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

بخەینە نێو کەرەسە کۆنەکانەوە. بابک ئەحمدی لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە ئەرکی هونەر دەداو دەڵێ: ئەرکی هونەر بریتییە لە گۆڕینی ڕێسا ناسراو و پێکهاتە جێگیرەکان، دروستکردنی مەودایەک لەنێوان ئێمەو شتەئاشناکان[405]. پەرەپێدانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە جۆرێکە لە دیالۆگ لەنێوان ئەوەی باوەو ئەوەی نوێیە. وەک دژوەستانەوەی مۆنۆلۆگ لە شیعردا، کە چەمکی نامۆیی بەسەردا دەبڕێت. لۆتمان دەڵێ: "شیعر مەیلی دیالۆگی هەیە. لەبەرئەوەی هەر بونیادێکی فۆرمی لە هونەردا نەریتی بە ناوەرۆکیو مۆنۆلۆگیزمی هەیە"[406]

ئەم پارە تەرخانی وشەی نامۆیە لە تێکستەکانی گۆراندا. وەک لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا تێبینی چەندین بابەت و مۆتیڤ و شێوازی نوێو نامۆ دەکەین: (چیرۆکە شیعر، شیعری شانۆیی، مەتەڵە شیعرو گەشتی شیعری..)یان بەکارهێنانی کێشی برگەیی، گۆڕانی سەروا لەئاستی بونیادی نوێی ڕیتمو زماندا. نزیککردنەوەی زمانی ڕۆژانە لە شیعرو یەکخستنی زمانی ئەدەبیو ڕۆژانە. وێنەسازیی نوێ هونەری، زیندووکردنەوەی وشەی کۆنو بەکارهێنانی وشەی ناوچە جیاوازەکان[بەتایبەت لە گەشتەکانیدا]. با لە شیعری (یادی پیرەمێردی بوێژ)ەوە دەست پێ بکەین:

یادی پیرەمێردی بوێژ
ئەم بەهارە
لەسەر گردی مامەیارە،
بۆ یانزە جار،
نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی ڕژایە سەر گیای سەوز،
خوێن پەنگی خواردەوە وەک حەوز...
بۆ یانزە جار،
سەوزە گیاکەی گردی یارە
مووی سپی کرد وەک چوڕی شیر،
تووکی کەللەی بۆ یانزە جار
با ڕشتیـیە بەر پێی ڕێبوار ! (...) (دیوانی گۆران، ل ٣٤٢_٣٤٣)

ئەم شیعرە چەند بونیادی جیاوازو نامۆی تێهەڵکێش کراوە. لە بینینی وێنە، هونەری ستانزاو شێوازی تۆپۆگرافییەوە لە شیعری کلاسیک جیاوازە. ئەم بونیادانە نیشانەی تازەییو ناباوین. (بوێژ)ی

405 ـ بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو راڤەی دەق. کتێبی یەکەم،ل ٧٤.

406 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٠٩.

ناونیشانیش هەڵبژاردنێکی نامۆیەو لەگەڵ پیرەمێرددا پاراڵێلە، کە بەوە ناسراوە بایەخی بە کوردی پەتیداوە. شاعیر لەسەرەتاوە بەزمانی باو گوزارشتی لە نامۆیی کردووە: (بۆ یانزەجار، نوێ گوڵاڵە سووری بەهار) مەبەست لە(یانزەجار) چییە؟ (نوێ گوڵاڵە...). شاعیر درێژە بە وێنە نامۆکان دەداتو بونیادێکیان لێسازدەکات: (خوێنی ڕژایە...خوێن پەنگی خواردەوە وەک حەوز: حەوزی..) ئەمانە بەیەکداچوونی وێنەی جیاوازن؛ وێنەی گوڵاڵە سوورەی بەهار لەگەڵ خوێن ئامێتەکراوە. بەمەش دوو بونیادی واتایی تێهەڵکێش کردووە؛ کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی (سرووشتو مرۆڤ). یاخود (گردی مامەیارە) پەیوەندییەکی نوێیە لەنێوان سرووشتو ڕووداوو یادێکی کولتووریی نەتەوەیی کورد. حەوز[بیرخەرەوەی حەوزی ئاوە] کە ئاو لای فەیلەسوفی یۆنانی تالیس "بنەڕەتی بوونە"و خوێنیش هۆی پێشکەوتنی مرۆڤە[407]؛ هەروەک خوێن-گوڵاڵە=سرووشت: لە سرووشتەوە هەنگاو بۆ گەشەی مرۆڤ هەڵگیراوە. ئەم بەرانبەرییانە دووانەی بونیادگەرینو گوزارشتن لەدوو شێوە ژیان.[408] چونکە مرۆڤ لەنێو سرووشتدا گەشەدەکا، لە شیعرەکەدا سرووشت وەک نیشاندەری ئەزموونی گەشەی نەتەوە وێناکراوە. ئەمەش وەک لۆتمان دەڵێ: "تێکستی شیعری لەمەیدانی بەیەکداچوونی گەلێک سیستێمی سیمانتیکی، گەلێ زماندا دەژی"[409].

خوێنەر ئەگەر ئاشنای شیعری کلاسیک نەبێت نازانێت گوڵاڵە سوورە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی خوێنە. لێرەدا پێویستە زانیاری دەربارەی زمانی ڕۆژانەو ئەدەبی بۆ تێگەیشتن لەحەوزی خوێنو گوڵاڵەسوورە=خوێن هەبێ. ڕۆمان یاکۆبسن دەڵێ: "ئەدەب توندوتیژییەکی ڕێکخراوە بەسەر زمانی ئاساییدا... زمانی ئاسایی دەگوازێتەوەو چڕی دەکاتەوەو بەشێوەیەکی سیستێماتیکانە لەقسەی ڕۆژانە دووری دەخاتەوە."[410] تێکستەکە بەجۆرێ ڕێکخراوە، کە خوێنەر ناچاری گەڕان بەدوای زانیاریی دەرەکیدا دەکات. نامۆییش نەک تەنیا لە وێنەی کلاسیک وەردەگرێ[کە خۆی نامۆییە]، بەڵکو لەمەش لادەداتو وێنەو پەیوەندیو ئەگەری نوێ لە گوڵاڵە سوورەدا دەبینێتەوەو بە ئەزموونو یادی میللەتێکەوە پەیوەستیدەکات.

(یانزەجار) پەیوەندە بە شاعیر و تێهەڵکێشە بە فەرهەنگو کولتووری زمانەکە، وەک لۆتمان دەڵێ: "پەیوەندیی ئەم دوو زمانە فیکری، کولتووری، هونەرییە پەیوەندییەکە هەندێ جار نزیکیو چوونیەکیو هەندێ جار دووریو نەگونجانەو دەبێتە سەرچاوەی جۆرێک کاریگەریی نوێ لەسەر خوێنەر."[411]

---

407 - جۆرج ویلهێلم فریدریک هیگڵ.فینۆمینۆلۆجیی هۆش،وەرگێرانی، د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-٢٠١٦. ل ٥٣٤.

408 - د.احمد پاکتچی، مفاهیم متقابل، طبیعت و فرهنگ در حوزه نشانەشناسی، مکتب موسکو-تارتو،مقالات اولین هم اندیشی نشانەشناسی هنر،چاپ اول، تهران-فرهنگستان هنر.ص ١٨٠.

409 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٠٧.

410 - تێری ئیگڵتن،تیۆریی ئەدەبی... ل ١١

411 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٠٧.

خوێنەر لەسەرەتاوە هەندێ دەربڕینی بەرچاو دەکەوێ: (ئەم بەهارە) هەموو بەهارێ ناگرێتەوە. (گردی مامە یارە) شوێنێکە لە کوردستان. بەڵام ئەم شوێنە هەڵگری دەلالەتی کولتوورییە بۆ کورد. (یانزەجار) دەلالەت لە مردنی پیرەمێرد دەکات، شیعرەکە ساڵی ١٩٦١ لەبەغدا نووسراوە، پیرەمێردیش ١٩٥٠ مردووە. واتە ١١ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە. لەبەرئەوە پیرەمێرد وەک یادکەرەوەی جەژنی نەورۆز لەم گردەدا بووەتە ڕەمزی خەبات. گوڵو خوێنیش وەک دووانەی دژ کۆکراونەتەوە.

سەوزە گیاکەی گردی یارە-مووی سپی کرد وەک چوڕی شیر..

هەروەها ڕەنگە جیاوازەکان (سپی، سەوز، سوور) دەبنە گرووپێک، چونکە ڕەنگەکان دەلالەت لە ئەزموونی شاعیرو نەتەوەیەک دەکەن، دەلالەت لە ژیانو پیربوونو زیندوویتیو تیاچوونو کەمتەمەنی دەکەن[گوڵاڵەسوورە]. خوێنی گوڵ دەبێت بەحەوزو سەوز دەکات بە سوور. واتە سەوزی ژیانو بەهار بەهۆی ڕەنجی شاعیرەوەیە، کە سپیبوونو پیربوونی لێکەتووەتەوە. ئەم ئەزموونە لەبەرچاو نەگیراوە کەوتوەتە بەرپێی ڕێبوار. [شاعیر لەچەندین شیعریدا ئاماژە بۆ ڕەنجی شاعیران دەکات، کە قەدریان نازانین -بۆ گەورەیەکی شیعردۆست، بێکەس. دەروێش عەبدوڵڵا..]. لەبەرئەوە شاعیر بەشێوەیەکی هونەری تێهەڵکێشی ئەزموونی شاعیرو نەتەوەیەکی کردووە، بە یادکردنەوەی[شیعرەکە] زیندوویتیی شاعیرو خەباتی نەتەوەیی راگرتووە، کە پارالێلە لەگەڵ کۆتایی شیعرەکەدا؛ بەهۆی (گوڵی هێرۆ)وە. لێرەدا بونیادی نامۆی شیعرەکە دەرکەوتووە، کە شاعیر بەهۆی ئەو وێنە شیعریو پەیوەندییە نوێیانەی نێو ڕەگەزەکانەوە لەزمانی ئاسایی لایداوە.

-پووشی دەساڵ ئیستە خۆڵە...لەباخچەی هەڵبەستا چۆڵە-

هەروەها ئاماژە بۆ شیعرێکی پیرەمێردە['تلمیح']ە ئەمەش پەیوەندیی دوو شیعرە بەیەکەوە. شاعیر ئەم پیربوونو بەخۆڵبوونە لەڕێگەی [پیرەمێرد-گوڵی هێرۆ]ە دەژێنێتەوە. بەواتا (لە باخچەی هەڵبەستا چۆڵە) پارالێلی لەگەڵ (خۆڵە) لەسەر ئاستی ئاوازو واتاییش، کە چۆڵبوونی وەک بە خۆڵبوونە، بەڵام دەکرێت شیعرەکان وەک گێژەڵۆکە بن. شاعیر ئەم گێژەڵۆکەیە وەک گوڵی هێرۆ دەبینێت، کە بەردەوامە لەخەباتو بەسەر مەینەتییەکاندا زاڵە.

باغچەی هەڵبەست- هەزارویەک جۆر گوڵ ئەگرێ..

باغچەی هەڵبەست: لەڕێگەی ئەم فرێزەوە وێنەو پەیوەندیی نوێ دەخولقێنێ. ئەمەش جۆرێک نامۆییکردنەو جیهانبینی شاعیر نیشاندەدات، کە پێیوایە هێندەی جۆری گوڵ، شیعر هەن. جوانیی گوڵ=جوانیی شیعر، بەڵام مانەوەی تا جوانی[ئاخ زوو هەڵەوەرێ] گرنگترە. لەبەرئەوە شاعیر لەڕێگەی گوڵە جیاوازەکانەوە جۆرێک فرەیی دەنەخشێنێت کە دیالۆگێکە لەنێوانیاندا. هەروەک هەڵبژاردن[هێرۆ] لەنێو ئەم فرەییەدا ماناداره، چونکە هەندێکی فریودەرو (بۆن مەستە)، بەڵام زوو هەڵەوەرێ. خاڵێکیتر لە

تێکستەکەدا بەردەوامیی وێنەکانە، شاعیر دەستبەرداریان نابێت، بەڵکو لەگەڵ وێنە خوازراوەکاندا دەڕواتو وێنەی نوێیان لێسازدەکات، نەک بۆ بوونە واقیعییەکە بگەڕێتەوە، بەڵکو لەگەڵ بونیادە نامۆکە نەک ئاشناکان گفتوگۆ دەکات.

-لەناو هەزارو یەک گوڵا-هێرۆ-بۆ؟ دڕک و داڵ ئەگێڕێ بەباخ...

شاعیر باسی پێویستی ئەم جۆرە شیعرە دەکات، کە دڕکو داڵ ئەگێڕێ. گوڵێکی جوانو بۆن مەست نییە، بەڵکو جوانێکی خەباتکەرە. لێرەدا وەک لۆتمان دەڵێ: "ئەرکی ئیستاتیکیو سیاسی کۆکردووتەوە"[412]. لەکۆتایی شیعرەکەدا پاش پەسەندکردنی گوڵی هێرۆ دەڵێ:

بەسەر دڕکی ژینا زاڵە،

(گوڵی هێرۆ-دڕکی ژیان) جگە لە پارادۆکسی "گوڵو دڕک" کە وێنەیەکی شیعریی باوی کلاسیکی_تەقلیدیی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام گۆران تیشکۆی ئەمەی کردووەو نەهاتووە بەشێوەیەکی وشک و برینگ و نەبزاو بیگوازێتەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای وێنە کۆنەکە، وێنەیەکی نوێی داهێناوە، ئەمەش هەر دەچێتەوە سەر "پۆلیفۆنییەت"و دیالۆگیزمی میخائیل باختین، کە یوری لۆتمان هەر لەم پارەی کتێبەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە.[413] مەبەستمان ئەوەی کە گۆران دیالۆگی لەگەڵ نەریتە ئیستاتیکییە کلایکیەکەدا دامەزراندووە، چونکە ئێمە لەبەر تیشکی وێنەکەدا زەینمان بۆ لای وێنە کلاسیکیەکە دەچێ، نەک شاعیر دەقاودەق دووبارەی کردبێتەوە، چونکە ئەوکاتە دیالۆگیزم نەدەهاتەکایە. لایەنێکی تر لە (گوڵی هێرۆ) بۆ ئەزموونی ژیانە، کە دەبێت بە گوڵی دڕکاوییەوە بەسەر ژینی دڕکاوی زاڵبین. ئەم گوڵە جگە لەشیعر شتێکیتر نییە. ئەم وێنە شیعرییە راچڵەکاندنی وێنەو دیدی کۆنە بۆ شیعر، کە وەک جوانیو ناسکی دەیبینن. شیعر دەبێت وەک گوڵی دڕکاوی بێت. ئەمە گوزارشت لەمانەوەی گوڵ دەکات، کە ئەرکە جیاوازەکانی بەپێی کاتو دۆخەکان بەجێدەگەێنێت[لەکاتی گەرما-ئەشەکێتەوە، دڕکو داڵ ئەگێڕی..]، ئەوەی دەستی بۆ بەرێت دەستی دەبڕێت[ئەمەش توانای خۆپارێزگاریکردنە].

ڕۆژی نیوەڕۆ: گەرم(دەرزی داخ)..

لێرەدا حاڵەتێکی نوێی گوڵی هێرۆ دەبینین. گەرمی نیوەڕۆ پێویستی بە هەوای فێنکە، هێرۆ ئەرکی فێنکی دەگێڕێت، کە ئارامی دەهێنێ. ئەمانە بیرخەرەوەی ئەو ڕاستییەن، کە شیعر لە وشە نەک لە شت پێکهاتووە، وەک تێری ئیگڵتن پێیوایە: وشەکانیش بۆ مێشکی دانەر ناگەڕێنەوە، بەڵکو بەپێی خوێنەرو کاتو شوێنی جیاواز، مانای جیاواز دەبەخشن.[414]

---

412 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٠٧.

413 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

414 ـ تێری ئیگڵتن، تیۆریی ئەدەبی.ل١٣.

-هێرۆ لەسەر ڕەگی قوول بەندە- بەسەر درکی ژینا زاڵە. تائەمرێ سەر لقی ئاڵە

لێرەدا نەمری تواناو ئەرکی گوڵی هێرۆ دەردەکەوێت، کە تا ئەمرێ لە خەباتدایەو ناکەوێ؛ ئەرکی بەدیهێنانی ئازادییە. بۆیە شیعرەکە دەربڕی چەند سیستێمی سیمانتیکی جیاوازە. لەلایەک (یادی پیرەمێرد) تێهەڵکێش بە(مامە یارە-نەورۆز) هەروەک هەستی نۆستالژیی شیعرەکە گرنگە، کە دوانییە: شوێنیوکەسی[415] [نیشتمان-پیرەمێرد]. ئەمانە دەربڕی هەستی کوردبوونی شاعیرن، کە لە زێدو نیشتمانەوە دوورە، بەڵام ئامادەیی زیاترە، تا ئەوەی گەر لە زێدوخاک بوایە. هاوکات سوودی لەسرووشت بینیوەو تێهەڵکێشی لایەنی فەنتاسیو جۆرەکانی شیعرو جیاکردنەوەی شیعری نەمرو شیعری باوی کردووە. لێرەوە ئەوە بەزەینی خوێنەردا دێت، کە دەقەکە ناچێتە نێو یەک سیستێمی تایبەتییەوە. ئەمە ئەو بۆچوونەی لۆتمان بیردێنێتەوە، کە دەڵێ: "دەق بە چەند دەنگی جیاواز قسەدەکات".[416] هاوکات لەئاستی کێشی شیعرەکەشدا شاعیر دوو ئیستی جیاوازی لە هەمان کێشدا کردووە. لەسەر کێشی هیجاییو بەبڕگەی (٤-٨)، کە بەمجۆرە (٤-٨-٤-٨٨٨...)لەتیکردووە. لە دێڕی(٥)ەمدا سیلابەکان لەبەر پێداویستیی شیعری لێکدراون بۆ نموونە:

وشەی خوێنی (Xuweni)بەمجۆرەی لێکراوە(xwe) زۆرجار بە پیتی لاتینی ئاوا دەنووسرێت: (xoni) ئەمە نیشانەکەی (تۆفیق وەهبی)یە بۆ دیفتۆنگی (وێ)لەوشەی(خوێندا) کە بەجۆرێک لەلادانی هونەری دادەنرێ. لەبەرئەوە تێکستەکە لەلادانو نامۆیی لەسیستێمی باو لێوانلێوە، بە تایبەتی "وشەی نامۆ" کە لە نەریتی شیعری کلاسیکی پێش گۆراندا ڕووی هاتنە ناو زمانی شیعری نەبوو، بەڵام ئەم هونەرمەندانە دەرگای بۆ واڵا کردوونەتەوە. وەک تۆلستۆی دەڵێت: "بونیاد هەستپێناکرێت، هەتاوەکو بەرانبەر بونیادەکانی دیکە نەیگری، یاخود نەڕوشێنرێ".[417] بەو ڕیتمە جیاوازەی لە شیعرەکەدا هەیە، خوێنەر هەست بە فرە ئاوازیو فرەدەنگی دەکات، چونکە وەک فرەچەشنییەک لەنێوان(٤-٨)دا دێت، نەک ململانێ، بەڵکو نزیکبوونەوەیە، چونکە(٤)یان(٨) دووانەی جیاواز نین.

شاعیر بەهۆی ئەو پەیوەندییانەی سازیکردووە، چەند دیالۆگی لەنێوان بیرەوەریی خۆیو پیرەمێرد، پەیوەست بەجەژنی نەورۆزو مامەیارەوە دامەزراندووە. لەگەڵ شیعرەکانیو گوڵەهێرۆ. دەقەکە هەڵگری چەند دەلالەتی جیاوازی ئەدەبیو مێژووییو سیاسییە، هاوکات فیکریشە، چونکە باس لە نەمریی جۆرێکی تایبەتی شیعرە. ئەمەیە باختین پێیوایە: "مۆنۆلۆگی دەق بەهۆی ئەم کۆنتێکستانەوە دەشێوێتو دیالۆگ سەرهەڵدەدات".[418] هەروەها دەقەکە وەک سکالا یان قارەمانێتیو شیعری خەباتکاریش

---

[415] - د. فرزان سجودی،نوستالژی وزندگی روزمره: http://farhangemrooz.com/d/2015/04/21/0/13297.mp3

[416] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٠٩.

[417] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

[418] - سەودای وتوێژ، پێکەنینو ئازادی. میخایل باختین، ل ١٦٧.

دەردەکەوێ. لەبەرئەوە هەڵگری دەنگێکی زاڵنییە، بەڵکو دەنگی شاعیر لەنێو دەنگەکانیترەوە دەبیستریێت. ئەگەر بشێت لە ئاستی شیعردا بەم جۆرە لێکی بدەینەوە، ئەوا دەقاودەق چەمکی"پۆلیفۆنی" لەو دیدەوە هاتۆتەدی، کە چۆن نووسەر ناتوانێ لە ڕۆماندا پاڵەوانەکانی بخاتە ژێر ڕێکێفی خۆیەوەو "جیهانبینی" و ئازادی خۆیان هەیە، لێرەشدا ئاوایە.

من هێرۆم زۆر چۆ بە دڵا– هێرۆم بۆیە لاپەسەندە

دەقەکە بە ڕواڵەت زمانێکی ئاسانو سادەی هەیە، بەڵام لەو جۆرەیە بە عەرەبی پێیدەوترێ (سهل ممتنع)، ئاسانی دژوار[خۆبەدەستەوەنەدەر]. سەرەتا وادەزانین ئاسانەو واتایی شاراوەی تێدا نییە، بەڵام کاتێ ورد دەبینەوە، کۆدەکانی ئاسان ناکرێنەوە. (هێرۆ) تەنیا گوڵێ نییەو میتافۆرە. گوڵاڵەسوورە-میتافۆرێکی نەریتییە[چونکە لەشیعری کۆندا پێیئاشناین] باخچە، ڕێبوار-خوازەن. لەبەرئەوە شیعرەکە لەدەقێکی گێڕانەوەییەوە بووە بە دەقێکی وێنەیی[419].

ئەم بەهارە- پاش بەهارێ..

جۆرێک لە گێڕانەوە هەیە، بەڵام کە زیاتر دەچینە نێو تێکستەکەوە گێڕانەوە تێکدەشکێتو شیعرییەتی دەق دیالۆگێک لەگەڵ گێڕانەوەدا سازدەکات:

کاتێک ڕۆژی لای نیوەڕۆ- دەرزی داخی لێئەبارێ:

لێرەدا شیعرییەت بەسەر گێڕانەوەدا زاڵبووە: (دەرزی داخی لێدەبارێ) نامۆکردنی گەرمایە لە وێنەی شیعریدا. یاخود (ڕێبوار تکتک ئەتوێتەوە): میتافۆرەو (توانەوە) بۆ ماددەیەو سەهۆڵ دەتوێتەوە. لەبەرئەوە شاعیر زمانێکی شیعریی ئافراندووە. ئەمە ڕاست لەگەڵ دیدی لۆتماندا دێتەوە "لەتێکستەکەدا هەمیشە فرەیی سیستێمی جیاواز دێتە کایەوە، کە ڕووبەڕوی وەسیلەی لێکدانەوەی جیاوازو بە**سیستێمکردنی جیهان**، نەخشەی'تابلۆ'ی جیاوازی جیهان جێگای دەبێتەوە." [420]جگە لەو فرە سیستێمییە، نەزمێکی یەکگرتوو هەیە، کە بواری دیالۆگی بە فرەدەنگیداوە؛ لە دەقەکەدا ئەو نەزمە جگە لەشیعرییەت شتێکیتر نییە. لەخوارەوە سەرنجی هەندێ پەیوەندیی جیاوازی نێو تێکستەکە دەدەین، کە باشتر دەردەکەوێ تێکستەکە لە گێڕانەوەوە بۆ شیعرییەت ڕۆیشتووە:

هێرۆ: بەسەر دڕکا زاڵە. [ئەشەکێتەوە- ژیانەوە] دڕکوداڵ [بەدەوری باخدا] وەک [ئاو-بای کوێستان] تائەمرێ سەرلقی [ئاڵە]. ئەم خەسڵەتە جیاوازانەی هێرۆ وادەکەن، هێرۆ توانای بەرگەگرتنو دیالۆگی لەگەڵ دڕکی ژیاندا هەبێت.

---

419 ـ محبوبە خلام پور گلی، منسور حسامی کرمانی، تحلیل نشانەشناختی تصویری، از یک نگارە نسخە خطی 'هزارویک شب' بە روش یوری لوتمان،-فصلنامە علمی نگارینە هنر اسلامی، شمارە اول، بهار ١٣٩٣ ص ٦٩.

420 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١١٠.

هێرۆ=ژیانەوە

گولاڵەسوورە – خوێن..زوو هەڵوەرین..

مووی سپی–چۆڕی شیر

خوێن–گیای سەوز– حەوز

زووڕەس–بۆن مەست[زوو هەڵەوەرین]

یانزەجار– دەساڵ...[پوشی دەساڵ]

ئەمانە دەکرێ وەک پارالێلی سیمانتیکی بخوێنینەوە، کە دژ و تەریب بەیەک دەوەستن. لەبەرئەوە گوڵی هێرۆ–گولاڵە چەند واتای هەیە: فەرهەنگی، تایبەتی‌و سیاقی. هاوکات واتای هونەری‌و ئەدەبیی شیعری کۆن. بۆیە لە حاڵەتێکی وادا وەک ئەدەبناسێکی ئێرانی دەڵێ: نیشانەکانی شیعرەکە تەنیا لە دال‌و مەدلوولێ پێکنەهاتوون، بەڵکو یەکێکەو نیشانەیە بۆ فرەیی[421]. هەروەها سەرواو ڕیتمی تێکستەکە، نامۆو تایبەتە، تەنیا بەیەک شێوەی سەروا بونیاد نەنراوە:

جگە لە دوانی لەناوەوەش ڕیتم هەیە(بەهارە–مامەیارە) (یانزە جار–بەهار) (سەوز–حەوز)

گۆرانی سەروا: باخچەی هەڵبەست...گوڵ ئەگرێ بۆن مەست زوو هەڵەوەرێ... [ەست–رێ].

هەروەها لە(پاش بەهارێ...) دیسان سیستێمێکی‌تری سەروا دێتەئاراوە، کە هەماهەنگ لەگەڵ خێرایی‌و شەکانەوەی گوڵەهێرۆدا خێرادەبێت‌و خوێنەر ناتوانێت بزێویی فۆنۆلۆگی بەرانبەر ئامانجداری گوڵی هێرۆ لەبەرچاو نەگرێ:(بەهارێ–لێ ئەبارێ–نیوەڕۆ–گوڵی هێرۆ–ئەتوێتەوە–ئەشەکێتەوە..) لۆتمان بە سوودوەرگرتن لە باختین دەڵێ: "گرژی لەبونیادی سیمانتیکیی تێکستەکەدا والادەبێ: مۆنۆلۆگ دەبێت بە فرەدەنگ، یەکێتیش لە فرەدەنگی جیاواز پێکدێ."[422] لەکۆتاییدا دەڵێین تێکستەکە دژی یەک واتایی‌و یەک دەنگییە، دژی کاتێکی دیاریکراوە، سەرەڕای ئەمەش گۆران توانیویەتی لەو وشانەی کە لە نەریتی شیعری پێش خۆیدا بە نامۆو تەنانەت نەگونجاو سەیریانکراوە، داهێنەرانە بەکاربهێنێ و لە بۆتەی تێکستەکەدا بە قەولی لۆتمان "ببنە پاڵفتەکەری تێکستەکە، وەک چۆن لە مادیی ئاساییدا هەندێ مادە لە قاڵبێکی بە ڕوواڵەت نەشیاو ئەم دەورە دەبینن."[423] لانیکەم باسکردنی جۆری شیعری زیندوو تێهەڵکێشی بەیادی پیرەمێردەوە بەڵگەن. دەقەکە لەوە دەرچووە تەنیا شین بۆ پیرەمێرد بێت، بەڵکو پێکهاتەی هونەریی جیاوازی تێهەڵکێش کردووە.

421 ـ فرزان سجودی-نشانەشناسی کاربردی-چاپ اول، نشر علم، ص: ۱۸.

422 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ۱۰۷.

423 سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۹۲.

بۆ زیاتر پراکتیکی ئەم چەمکە لە دەقەکانی شاعیردا، ئۆپەرێتی "شیوەنی دارستان" دەکەینە نموونە، کە پێکهاتەی هونەریی لە تێکستی پێشوو جیاوازەو بە مەبەست هەڵمانبژارد، چونکە یەک پەردەیەو بەفۆرم دیالۆگی تێدا نییە.(424) هەوڵدەدەین چەند پێکهاتەو وێنەی هونەریی تێدا دەربخەینو دیالۆگی ئەو پێکهاتە جیاوازانە نیشان بدەین:

**شیوەنی دارستان**

-پەردە هەڵکشا-

(لادێیی چۆغە شڕ بەرامبەر بە کۆشکێکی گەورە وەستاوە، بە ئینگلیزیو بە عەرەبی لەسەر دەرگاکەی نووسراوە: ((دائیرەی دارستان)) ).

لادێیی چۆغە شڕ:

ئەم کۆشک و دەزگایە کە پۆشتەی تفاقە    بێگانە ئەیگێڕێ و بەناو هی عێراقە..

کەس نەبوو عێراقی کە هێندە دانا بێ:    بزانێ شاخ نابێ دارستانی تیا بێ!

ناچاربووین هێنامان پسپۆڕی بێگانە،    بە زانست سووتاندی ئەم دارستانە،

هەمووی کرد بە خەڵووز، پێشکەشی ئاغای کرد    ئاغاشمان بە دیاری بۆ پاشای بەغای برد..

ئێستاکە ئێمەین و شاخێکی وەک کەچەڵ،    با هەر بەین بەسەرا قوڕی خەست بە تۆپەڵ!.

-پەردە داکشا-    (دیوانی گۆران، ل ٣٦٤)

ئۆپەرێتێکی تەنزئامێزە، شاعیر لەیەک پەردەدا ڕەخنە لە چەندین لایەنی جیاوازی مەعریفیو سیاسی دەگرێ. سەرەڕای یەکدەنگی، بەڵام دیالۆگ لەسەرتاپای تێکستەکەدا لەنێوان چەند دووانەیی جیاوازدا هەیە: دنیای تازەو کۆن، لادێو شار، مۆدێرنەو سوونەت، بێگانەو کوردی لادێی، زانستو نازانست. دوو دنیای جیاوازی بەرانبەر بەیەک داناوە -دنیای کۆشکو پۆشتو پەرداغ، لەگەڵ لادێو چۆغەشڕدا- تەواو نامۆیی زاڵە، بەجۆرێ دوو زمانو کولتوورو دنیای جیاوازی لەیەک پەردەدا نیشانداوە. لەنێوان ئەم دوانیانەدا ململانێیی قووڵ هەیە، کە جووڵەی تێکستەکەی دابینکردووە. زمانەکەش ڕەنگدانەوەی ئەو دوو دنیایە-دائیرەی دارستان(دائیرە عەرەبیو دارستان کوردی). تێکستەکە لەدوو ئاستی سیمانتیکیو بونیادی دژو جیاوازدا (شیوەنو پێکەنین) یەکخراوە؛ پێکەنین بەو کردارە قێزەونە. هاوکات بونیادی مۆسیقایی دەرخەری هەمان تێهەڵکێشە. ڕیتمی خێراو خۆشی دێڕی دووەم [کەسنەبوو..دانابێ..بزانێ..

---

424 ـ عەبدوڵلا رەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا.. ل ٢١٧.

نابێ..تیابێ] له بەرانبەردا ڕیتمی هێواش‌و تراژیدی[ئێستاکە ئێمەین‌و شاخێکی وەک کەچەڵ، با هەر بەین بەسەرا قوڕی خەست بەتۆپەڵ].

تێکستەکە لەئاستی بونیادی واتایی فەلسەفیدا بەرهەمی دوو جۆر ڕوانینە: ڕوانینی سرووشت‌وێرانیی بێگانە‌و سرووشت‌پەروەری ئاشنا. بێگانە بە مەعریفە دەوڵەمەندە، بەڵام سرووشت وەک کەرەسە دەبینێ‌و وێرانی دەکات. لەبەرانبەردا لادێی چۆغەشڕ سرووشت وەک بەشێ له نیشتمان‌و ئاوەدانی دەبینێ. بێگانە تەنیا خەڵوزی دارەکان دەبینێ، چۆغەشڕ ژیان‌و بوونی دارستان دەبینێ. بۆیە[دارستانی کەچەڵ] ناوێکی نوێی داهێنراوە، کە سەرجەمی تێکستەکە دەکاتەوە. هاوکات پرۆسەی بە نامۆکردنە، دوو وشەکە (دارستان-کەچەڵ) بەتەنیا وشەی ئاساییین، بەڵام بەو جۆرە لێکدانەی شاعیر نامۆی کردوون. لێرەشدا دەسەڵات‌و زانست وەک هەوڵ بۆ لەبەین‌بردنی دارستان وێناکراون. بەڵام چۆغەشڕ هاوار و دەنگی دارستان دەبیستێت. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵات بە زانست چاوی کوێر بووە. ئەمانە وەک لۆتمان پێی‌وایە (فرە دەنگی) تێکستن. بۆ زیاتر نیشاندانی فرەدەنگی‌و بونیادی نامۆ لەخوارەوە چەردەیەک دووانەی دژ لە تێکستەکە دەخەینەڕوو:

کۆشک- لادێ،[لادێ= بچوک] [کۆشک=گەورە]

(ئینگلیزی‌و عەرەبی)- کوردی

چۆغەشڕ- پۆشتە

بێگانە- خاوەن ماڵ[بێگانە ئەیگێڕێ بەناو هی عێراقە]

زانا و نەزان[زانست و نازانست]: بەزانست سووتانی ئەم داستانە: دارستان- خەڵوز

پسپۆر – نەشارەزا[کەس نەبوو هێندە دانابێ]

ئاغا- پاشا[لەبەرانبەریاندا لادێ‌و لادێیەکانی چۆغەشڕ]

شاخ-دارستان- کەچەڵ...

ڕەنگە دەقەکە گومانی دژە زانستی‌و ئاوەدانی بهێنێتە ئارا، بەڵام بۆ ئێستا کە باسی قەیرانی سرووشت دەکرێ، زۆر پڕمانا و بەبرشتە، چونکە ئێستا زیاتر لەسەردەمی شاعیر، شاخەکان بەناوی ئاوەدانکردنەوەوە کەچەڵ دەکرێن. لەبەرئەوە دژوەستانەوەی کەچەڵکردنی دارستان کۆنەپەرستی‌نییە. تێکستەکە هەڵگری ڕۆحێکی گەردوونییەو دەکرێ لەچەندین لایەنی جیاوازەوە لێی‌بکۆڵرێتەوە. چونکە شاعیر چەند ئەرکی جیاوازی سیاسی‌و ئەخلاقی‌و هونەری تێهەڵکێش کردووە. هەر بۆ نموونە دەکرێ بە گیانی پێش ڕۆژگاری خۆکەوتووی گۆران لە قەڵەمی بدەین، لەڕووی گیانی پاراستنی جوانیی سامانی

سرووشتەوە، کە لە ئەمڕۆدا بۆتە پرینسیپێکی بەرزی مرۆڤانە. هەروەها لەلایەنی ڕیتمو فۆرمیشەوە، چەند هونەرێکی سینتاکسی سازدانی ئاوازو وێنەی شیعریی وەک (inversion) پاش و پێشخستن دەبینین، کە بەڵگەی ئاستی هونەریی شیعری سەرکەوتوون. بۆ نموونە:

بێگانە ئەیگێڕێ بەناو هی عێراقە [پاش سێ نیوە دێڕ]

ناچاربووین هێنامان پسپۆڕی بێگانە     یان

کەس نەبوو عێراقی کە هێندە دانا بێ

(دانا) وەک پێشهاتو بیرخەرەوەی وشەی(زانست). هەروەها ئاوازی شیعرەکە جگە لە کێشو سەروا. دووبارەکردنەوەی چەند وشە لە دێڕە جیاوازەکاندا هەن: لە دێڕی یەکەمدا(بێگانە-عێراق)، لە دێڕی دووەمدا (عێراق)و سێیەم(بێگانە)، هەر لە دێڕی دووەم(شاخ-دارستان-دانا)، لەدێڕی سێیەمو پێنجەمدا(دارستانو زانستو شاخ) هاتوون.

بێجگە لەمەش شاعیر وشە ئاشناکانی وەک بێگانەی ناو ئۆپەرێتەکە نامۆکردووە، بەڵام نەک بۆ ڕووشاندن، بەڵکو بۆ پێشخستنو فرەمانایی. تێکستەکە کورتە بەڵام پڕماناو فرەدەنگەو لێرەدا خۆمان لە هەندێ خوێندنەوەی سیاسی دوورگرتو تەنیا هەندێ لایەنی مەعریفیو هونەرییمان نیشاندا، کە چۆن شاعیر ڕاستیی بوونی دارستانی وەک ئەوەی هەیەو ئەوەی کە لێی کراوە [کەچەڵ] دەرخستووە. لەبەرئەوە (دارستانی کەچەڵ) وەک لاشەیەکی نامۆ ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردەخاتەوە کە دەڵێ:"لاشەیەکی نامۆ بکەوێتە ناو شلەمەنیەکەوە، دەبێتە هۆی بە کریستاڵبونی، بەواتایەکیتر بونیادی خۆی دەداتە بونیادی شلەمەنیە تواوەکە، (وشەو دەربڕینی نامۆ)ش بەنەگونجانی خۆی لەگەڵ بونیادی تێکستەکەدا ئەو بونیادە دەخاتەگەڕ".[425]

## هەشتەم/ تێکست وەک سەرجەم(کولل)ێک: پێکهاتەی شیعر

تێکست لە چەند بەشی جیاواز پێکهاتووە. نموونەی تێکستی سەرکەوتوو ئەوەیە، بەشە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئۆرگانی لە کوللێک[سەرجەم]دا کۆبکاتەوە. ئەدەبناسێک پێیوایە: توێژەریش بۆ ئەوەی لە تێکست وەک کولل تێبگات، پێویستە لە ڕەگەزە بەشەکییە پێکهێنەرەکانی تێکست تێبگات.[426] بەشەکانیش لەچوارچێوەی سەرجەمدا ببینێت. تێکست کە وەک بەرهەمێکی ڕێکخراو لە پێکهاتەیەکی زمانی دوو مەودادییە، لەلایەکەوە وەک لۆتمان ئاماژەی پێ داوە، هەر شیعرێک بگری دوو گۆشەنیگای هەن، وەک تێکست بە زمانێکی ئاسایی دیاریکراوە..هتدو وەک تێکستی زمانی شیعریش کە واتایەکی

---

425 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٠٩.

426 - د.بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ مێتۆدەکانی رەخنەی، ل ٢٧١.

تەواو و خەملاوی هەیە[427]. دیارە ئەمەش دەچێتەوە سەر چەمکی بونیادگەرانەو بەتایبەتیش زاراوەکانی ماکارۆفسکی "زمانی ستاندارد" و "زمانی شیعری"[428] یوری لۆتمان، ئەمەی ئاوا ڕوونکردۆتەوە، دەڵێ: "پێکهاتەی بونیادی تێکستی شیعری هەمیشە دوو تەبیعەتی هەن. لەلایەکەوە بەدوایەکداهاتنی سەگمێنتی جیاوازی تێکستەکەیە...هەرچەند ئەم سەگمێنتانە بەشێوەیەکی دیاریکراو هاوتان، لەهەندێ هەڵبژاردەی یەک واتای یەکگرتوو و گونجاودا لەپەیوەندیی دیاریکراوی یەکەکاندا شەقڵدەبەستن. بەڵام هەر یەکیش ناگرن، بەڵکو دژ بەیەکیش دەوەستن، هەندێ بونیادی پارادیگمی پێکدەهێنن"[429] ئاماژە بەوەش دەکات"ئەوشتەی بەشێکبێ لە سیستێمێک وەک هەموو سیستێمەکە دەردەکەوێ"[430] واتە (بەش)یش لەبەر ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی هەیەتی وەک کوللێک خۆی دەردەخات. هەروەک پسپۆڕێکی فەلسەفی دیدی هیگڵ لەبارەی بەش و سەرجەمەوە دەخاتەڕوو: پەیوەندیی بەشو کول، پەیوەندییەکی پڕجووڵەو گۆڕانە، ئەوەی بەشە کوللەو ئەوەی کولله بەشە[431] یان هەر لەم بارەیەوە ئەدەبناسێک، دەڵێت: "هەمان وردەکارییەکانی تێکست کاتێ دەچێتە ناو یەکانێکی لە جۆری گەورەترەوە وەک جاران نامێنێت"[432] واتە بەشو ڕەگەزەکانی تێکست دەبنە کولو تێکستەکە نیشاندەدەن، بەڵام ئەو کولله دەکرێت لە تێکستێکیتردا وەک بەش دەربکەوێت. تێکستی ئەدەبیش وەک زانای ناوبراو دەڵێ: "[بریتییە لە] کوللێکی ئۆرگانی، کە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لەخۆیاندا تەبیعەتی ڕەهای خۆیان لەدەستدەدەن، تەنیا لە پەیوەندییاندا لەگەڵ ڕەگەزەکانیتر داو لەگەڵ سەرجەمی تێکستەکەدا دێنەکایە"[433].

بۆیە هەموو بەشەکانی تێکست دەچنە خزمەتی سەرجەم تێکستەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە توێژەر بەشەکان لەبیربکات، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە تێکست وەک سەرجەم پێویستە توێژەر ئاگاداری تەواوی بەشو ڕەگەزە جیاوازەکانی بێت، چونکە تێکست وەک گشت پەیوەندیی یەکێتیو گونجانی لەنێواندایە. فۆرمو ناوەرۆک جیانین، بەڵکو یەکێتییەک پێکدێنن. هەروەها ڕەگەزە جیاوازەکان لەنێو کوللێکدا یەکدەگرن، ئەم یەکگرتنە بەها دەبەخشێتە ڕەگەزە جیاوازەکان.[434] بۆ تەتبیقکردنی ئەم چەمکە هۆنراوەی"بۆ بولبول"ی شاعیر هەڵدەبژێرین:

---

427 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١١٩.

428 - د.ئەنوەر قادر محمد، شیعری مەولەوی لەڕوانگەی شێوازناسی نوێوە، ل ٧.

429 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١١٣_١١٤.

430 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

431 - د.محەممەد کەمال، لۆجیکی هیگڵ، ل ٦٧.

432 - یوری لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، وەرگێڕانی بۆ زمانی سویدی، پێشەکی، لارس..ل ١٥.

433 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

434 - جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی.. ل ٧٩_٨٠.

ئەی باڵداری ئێسک سووک، بلبلی دەنووک بچووک،
باغچە بە باغچە ئەفڕی؛ وچانێکی لێ ئەگری:
کام سەرچڵ دڵت گرتی.. دەنگی لێ هەڵئەبڕی:
کام ئاوازە شیرینە، ڕووناکی و نەشئەی ژینە،
بە چوار دەوریا ئەپڕژێنی، دنیا پێ ئەکەنێنی...
لەو گەروە پچکۆلانە ئەم نەغمە بەرز و جوانە،
چۆن دێتە دەر؟ چۆن ئەڕژێ؟ وا گیان ئەسمێ، هۆش ئەمژێ؟
یا ئەو تۆزقاڵە دڵە چۆن ئەوەندە بە کوڵە؟
یا چۆن ئەو نەختە مێشکە بۆ فەن بووە بە بێشکە؟
چۆن؟ تو خوا چۆن؟ ئەی بلبل، ئەی باڵداری بەهرەزل،
نە پەریت، نە ئینسانی، نە قوتابیی فەننانی،
کام بەستە، کام گۆرانی سیحری ڕووتە، ئەیزانی؟...

***

منیش لای خۆم هەمیشە شیعرم کردوە بە پیشە،
وەک تۆ، بەڵام ئەم و ئەو: یەکەم ڕۆژە، دووەم شەو!
شیعری من کامیان چا بێ ئەمجا بێ فرمێسک نابێ؛
هەر خەمە و هەر هەناسە، یادە و ئەندێشە و تاسە...
شیعری تۆ، گشت نموونە، ئاوی سەرچاوەی ڕوونە...

(دیوانەکە ل ١٠٣-١٠٤)

ئەم شیعرەی گۆران لەسەر بنەمای دوو جەمسەر بونیادنراوە: شاعیر-بلبل، کە سەرچاوەکەیان-هونەرە. هەردووکیان خاوەن بەهرەن، شاعیر بە وشەو بلبل بەئاوازە دەربڕی جوانیو ڕاستیی ناخی بوونەوەرانن، لەڕاستیدا گۆران کێبڕکێ لەگەڵ بلبلدا دەکاتو پێیوایە ئەوەندەی یەزدان بەهرەو ئازادی و شادی بەم باڵندە بچووکە بەخشیوە، هێندەی بەشاعیر-مرۆڤ نەداوە... بۆیە ئیرەییەکی ئاشکراش لای شاعیر دەبینرێو بەم شێوەیە دەریدەبڕێ:

بەم بەهرەو، بەم هونەرە!
ئەگەر یەزدانی گەورە
لەو نیعمەتەی پێیداوی،
تۆزێکی نەک تەواوی
بەم شاعیرە هەژارە
ڕەوا بدیایە، دیارە،

منیش لە تۆ زیاتر،

پەسەندکەرو گوێ لێ گر،

سەری بۆ کەچ ئەکردم،

سوجدەی ئەبرد، وەک بردم! (دیوان گۆران، ل١٠٥)

کەواتە لە ئاستی بونیاددا ئەم جەمسەرە سەرەکییە هەیە، کە هەردووکیان دوو دیرگەی پێکهێنانی سەرجەم تێکستەکەن‌و بەدەوری هەریەکە لەم دووانەشدا هەندێ ڕەگەزیتر هەن کە تیشکۆی لایەنی خۆیان دەکەن..کەواتە ئەگەر بێت‌و هێلکاریی ئەم دوو جەمسەرەو ڕەگەزەکانیان بکەین ئەوسا تێدەگەین، کە مەبەستی یوری لۆتمان لە(تێکست وەک سەرجەمێک)چیبووە. لە خوارەوە هەوڵدەدەین نموونە بۆ ئەم سەرەتایە بهێنینەوە، کە لەبەر ڕۆشنایی بیری لۆتماندا خستمانەڕوو:

**بلبل**: کۆپلەی یەکەمی تێکستەکە تایبەتە بە بلبل‌و چۆنیەتیی هونەرەکەی، کە ئاوا وێنایان دەکات:(ئێسکسووک، دەنووکبچووک، گەرووی بچووک، ئاوازی بەرزو جوان، تۆزقاڵە دڵ، بە کوڵ، نەختەمێشک[بۆ هونەر بووەتە بێشکە] بەهرەزل، [سیحری ڕووتزانین]. یان ئەم ڕەگەزە دەلالەت هەڵگرانە: (فڕین، پشودان(وچان)، سەربەست[کامسەرچڵ دڵتگرتی]-شوێن- ئازادی [دەنگ‌هەڵبڕین] ئاوازی شیرین، ڕووناکی‌و نەشئەی ژین[خستنە پێکەنینی دنیا] گیان سمین، هۆش‌مژین[کاردانەوەی هونەری بەرزی بلبل].

شاعیر هەروەک سیفەت‌و شێوازەکانی(بلبل)ی ڕیزکردووە، دواتریش هاتووەتە سەر ئەوانەی خۆی: (منیش... شیعرم کردووە بە پیشە،... کامیان چابێ، بێ فرمێسک نابێ، هەر خەمەو هەر هەناسە، یادەو ئەندیشەو تاسە...) لە دواییدا لەم دوو دێڕەدا بەراوردی خۆی و بلبل دەکات:

ئەم شیرینی ئەو تاڵی، ئەم فەصاحەت ئەو لاڵی،

ئەمیان ئاوازەی شادی. ئەویان نووزەی بەربادی...(دیوانی گۆران،ل ١٠٥)

ئەم خەسڵەتانەی هەردوو جەمسەرو بەراوردکردنیان پێکەوە سەرجەمی تێکستەکە پێکدێنن، کە بەلای شاعیر خۆشییەوە پارسەنگ بەلای(بلبل)دا لار دەبێتەوە.

## جیاوازیی هونەریی شاعیر و بلبل:

کۆپلەی دووەم لە ١٤ دێڕ پێکهاتووەو بەشێوەیەکی ئۆرگانی بە کۆپلەی یەکەمەوە بەستراوەو (من)ی شاعیر دێتە ناوەوەو بەرانبەر (تۆ)ی بلبل دەوەستێت. (من‌و تۆ) وەک دووانەی جیاوازو هاوبەش دەردەکەون. هاوبەش لە هونەرمەندی‌و جیاواز لە بوون‌و جۆری هونەریاندا. شاعیر لەسەرەتاوە بە

دێڕێکی نامۆ[وەک تۆ بەڵام ئەم و ئەو] جیاوازی هونەری منو بلبل دەکاتو سوود لەم دوو ڕاناوە وەردەگرێت. بە پێچەوانەوەی سرووشتی ڕاناوەکانەوە(ئەم)ی بۆ هونەری بلبل، (ئەو)ی بۆ شیعری شاعیر بەکارهێناوە. واتا ڕاناوەکان شێوازی هاوشوناسیان بە کەسو بەرهەمەکەی بەخشیوە. ئەمەش تەکنیکێکی گرنگە بۆ خۆنزیککردنەوە لە دنیای بلبلو نامۆنەبوون پێی. لەم کۆپلەیەدا تەنیا (لێکچوون)ی نێوان ئەم دووانە بەردەوامیی هونەرە؛ کە شاعیر وەک بلبل شیعری کردووە بە پیشە. لەبەرئەوە ئەم بەشە لە جۆرەکانی دژ و جیاوازیی لێوانلێوە. لەخوارەوە هەندێک لە جیاوازییەکانیان دەخەینەڕوو:

هونەری بلبل=ئەم: (ڕۆژ، ئاوی سەرچاوەی ڕوونە-سەربەستەو(خوڕەی دێ-دەنگ). شیرین. فەساحەت. ئاوازەی شادی).

شیعری شاعیر=ئەو: (شەو، فرمێسک، خەم، یادو ئەندێشەو تاسە. تاڵ. لاڵ. نوزەی بەربادی).

ئەم جیاوازییانە هاوکات بنەمای جیاوازیی بوونی مرۆڤو بلبلن. بوونی شاعیر بە کۆمەڵێک بەند دەورەدراوە: (فرمێسک، خەم،یاد، هەناسە، ئەندێشە، پرسیارو گومانو گریان..). هاوکات هەندێک لەو خەسڵەتانەی بە بلبل بەخشراوە ڕوانینی شاعیرە بۆ هونەری بلبل. لەکۆتایی ئەم کۆپلەیەدا شا جیاوازیو هۆکاری جیاوازییەکە دەستنیشانکراوە؛ ئەویش بە هاتنەناوەوەی (یەزدان). یەزدان ڕوونکەرەوەو وەڵامدەرەوەی جیاوازییەکانە، ئەویش هونەری بە بلبل داوە، بەڵام شاعیری [مرۆڤی] لێبێبەشکردووە. ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانەی شاعیرو بلبل تەراوزوی هێز لەنێوانیاندا بەجۆریک هاوسەنگو بگرە بەلای شاعیردا دەشکێنێتەوە. چۆن؟ لەبەرئەوەی سەرچاوەی هونەری بلبل خودی نییەو پێیدراوە. واتە خۆپەروەردەییو پیشەیی نییە، بەڵکو سرووشتییە[شیعری تۆ ئاوی سەرچاوەی ڕوونە] لێرەشدا ئازادیو سەربەستی لەبنەڕەتەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام هونەری مرۆڤ پیشەییو خودیو خۆپەروەردەییە[خەم و یادوئەندێشە...] ئەمەش دەرخەری جیاوازیی بوونی مرۆڤو بلبلە. شاعیر بەشێوەیەکی هونەری دیالۆگ لەگەڵ بلبل دەکاتو پێیدەڵێ گرنگە لە خۆبایی نەبی لەبەرئەوەی هونەرەکەت یەزدان پێی بەخشیویت. ئەگەر یەزدان لەو هونەرەی بە منی[مرۆڤ-شاعیر] ببەخشیایە ئەوا لە تۆ زیاتر گوێرایەڵی دەبووم. لێرەدا ناڕاستەوخۆ باسی سرووشتی مرۆڤ دەکات، کە یاخیو لەخۆباییە. لەبەرئەوە دەتوانین شیعرەکە وەک کوللێک لەنێوان (بلبل-مرۆڤ-خوا) دابەشبکەینو دوو جۆر هونەر دەستنیشانبکەین: (بلبل=هونەری سرووشتی-یەزدانی)و (هونەری مرۆڤ= داهێنراوی بوونو شێوازی ژیانی).

لەم کۆپلەیەدا چەند شێوازی هونەریی گرنگ هەن، کە دەرخەری ئەو بونیادە سیمانتیکییەن. هەروەها ڕەگەزو وێنەکانی کۆپلەی یەکەم بەشێوەی جیاوازو پارالێلن لەگەڵ ئەم کۆپلەیەدا. بۆ نموونە لە یەکەمدا (ئاوازی شیرین، ڕووناکیو نەشئەی ژین، نەغمەی بەرزو جوان) لە دووەمدا (شیعری تۆ گشتی ئاوی سەرچاوەی ڕوونە، ڕۆژە[ڕووناکە]، شیرینە، ئاوازەی شادیو فەساحەت..). بەڵام ئەم ڕەگەزانە لەم

کۆپلەیەدا ئەرکی هونەرییتریان لەئەستۆ گرتووە؛ (شەو و ڕۆژ) وەک نیشانەی دوو جۆری هونەریی وێنەکراوە. یان (فرمێسک، خەم، یاد، ئەندێشەو تاسە) بۆ سرووشتی هونەرەکەو وەک مارتن هایدیگەر ئاماژەی بۆ دەکات: بۆ بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.[435]

وێناکردنی هونەری بلبل بە(ڕوونی، ڕووناکی-ڕۆژ، شاد..) بەرانبەر بە شیعری شاعیر بە(تاریکی[شەو] خەمو تاسە، تاڵی، لاڵی،..) چەند جیاوازییەکن لە دژ و بەرانبەری پێکهاتوون، کە ڕوونکەرەوەی سرووشتی بوونی بلبلو مرۆڤن، شاعیریش بەشێوەیەکی هونەریی بەرز لە سەرجەمی شیعرەکەدا (بەیەکەوە هۆنیونییەتەوە). دیالۆگو وێنە هونەرییەکان لەسەرجەم تێکستەکەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبینرێن، بۆ نموونە: سەرەتای کۆپلەی سێیەم بە (منیش) دەستپێدەکات، کە گوزارشت لە (تۆ)ی بلبل دەکات. کۆپلەی یەکەم بە بلبل تایبەت بوو هی دووەم بە شاعیر؛ لە کۆپلەی سێیەمو چوارەمدا جۆری جیاوازیو وەڵامی جیاوازییەکانیان خراونەتەڕوو: کۆپلەی یەکەم (کام سەرچڵ دڵت گرتی) لەسێیەمدا (جێی حەسانەوەم چڵ بێ). یاخود لە دووەمدا(هەر خەمەو هەر هەناسە، یادەو ئەندێشەو تاسە) لە سێیەمدا(ئێمە عومرمان تاسەر، ئەندێشەیەو دەردی سەر). لێرەدا ئەمە بەدیهێنانی ئەوەیە کە لۆتمان پێی دەڵێ: "یەکێتیی تێکست وەک نیشانەیەکی لێکجیانەبووەوە، کە هەموو ئاستی ڕێکخستنەکەی دابیندەکات".[436]

لەبەرئەوە کۆپلەی سێیەمو چوارەم وەڵامدەرەوەی (بۆچی)یە؛ بۆچی هونەری بلبل شادەو شیعری شاعیر ناشادە؟ جیاوازیی بلبلو مرۆڤ چییە؟ ڕۆڵی یەزدان لەم جیاوازییەدا چییە؟ لێرەشەوە جیاوازیی هونەری سرووشتیو هونەری شاعیر دەرخراوە: شاعیر جیاوازیی خۆیو بلبل دەکاتو پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت بەجیاوازیی لە بلبل وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەزو هۆشی ئاست بەرز پرسیارێکی فەلسەفی ئامێز بکات، کە ئەویش، پرسیارە لەبارەی بوونییەوە.[437] گۆران دەڵێ: (من مەل نیمو ئینسانم) و خاوەنی(**دڵ-مێشک**)م. ئەم دووانەش بە بنەمای کێشە بۆ دنیای -گیانو ژین-ی دەزانێت، کە کێشەی سەرجەمی و فەلسەفین. بۆیە شاعیر چەندین پرس دەخاتەڕوو: (بۆچی زاین، کەیو چۆن ئەمرین، پاش مردن چیمان لێدێ، چی ڕاستەو چی درۆیە، کامە ئەنجام، کامە هۆیە، بۆچی ئەگرین، بۆچی فرمێسک دەسڕین) ئەمانە نیشانەی جیاوازین، چونکە بلبل ئەم کێشەو پرسانەی نییە، بەڵام شاعیر هەمیشە لەگومانو پرسیاردا دەژی.

---

435 ـ مارتن هایدیگەر، بوون و کات، وەرگێرانی د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-سلێمانی٢٠١٣ ل ٢٤٤.

436 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١١٥.

437 ـ د.محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، دەزگای هەوار ئەدیلاند_ئوستراليا ٢٠٠١. ل ٣٤.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، شاعیر بەشێوازێکی هونەری پرسەکان دەخاتەڕوو: (بۆچی گریان، فرمێسکسڕین) وەک لۆتمان دەڵێت: یەکگرتنێکی نەشیاوی سازکردووە[438] کرداری دووەم[فرمێسک سڕین] دەرخەری بێهودەیی کرداریی یەکەمە. یان لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ: (**بێ** دەسەڵات، **پڕ** گومان) وەک دووانەی دژ خراونەتە تەکیەک. شێوازێکیتری (دژ) لەوێدایە کە شاعیر پاش ئەو هەموو پرسو گومانە، وشەی (وێڵ) بەکاردێنێت؛ وەکئەوەی ئاوەز بە دژی خۆی بەکاربێت. شاعیر لە دەرخستنی جیاوازیو کێشەکانی خۆی بەردەوام دەبێتو ئاوڕ بۆ هەندێک کێشەی (کۆمەڵایەتی، کولتووری) دەداتەوە، کە بلبل نییەتی. وەک دەڵێ:

منیش دەروونم شادبێ، ملم لە بەند ئازاد بێ،

دەوروپشتم گوڵزار بێ، عومرم یەکسەر بەهار بێ،

بەرەڵڵا بم، باڵدار بم، دوور لە مەینەتی شار بم،

پەرداغی ئاوم گوڵ بێ، جێی حەسانەوەم چڵ بێ،

خواردنم، جلو بەرگم بە ئابڕووم، خوێنی جەرگم

نەبێتە ماڵ لەسەرم، بێ منەت بێو بێ شەرم،... (دیوانی گۆران، ل ١٠٦)

شاعیر لەڕێگەی دەرخستنی جیاوازیی ناشادیو بەندیی خۆیەوە بەشیوەیەکی خۆڕسکو شێنەیی ڕەخنە لە شار و کولتوور دەگرێت. سەرنجی شاعیر لەسەر شتە وردو کاریگەرەکانەو پێیوایە: (جلوبەرگ)یش کێشەی ئابڕووی بۆ درووستدەکات، کە بلبل هیچ یەک لەم کێشانەی نییەو شوێنو تەمەنە کەمەکەی هەمووی لە خۆشیو ئازادیدا بەسەر دەبات. لەبەرئەوە پێکهاتەی شیعرەکە لە هەردوو جەمسەری گەورەی (شاعیر و بلبل)دا چڕکراوەتەوە، کە هاوتاییان لە پەیوەندییو خستنەتەکیەکی ڕەگەزەکاندا نەک یەکناگرن، بەڵکو دژ بە یەکیش دەوەستنەوە. لۆتمان دەڵێ: "ئەم سیگمێنتانە بەشێوەیەکی دیاریکراو هاوتان، لە هەندێ هەڵبژاردەی یەک واتای یەکگرتوو گونجاودا لەپەیوەندیی دیاریکراوی یەکەکاندا شەقڵدەبەستن. هەر یەکیش ناگرن، بەڵکو دژ بە یەکیش دەوەستن، هەندێ بونیادی پارادیگمی پێکدەهێنن"[439] لە تێکستەکەدا بلبلو شاعیر وەک دوو بونیادی هاوتای[بلبل-من] جیاواز هاتوون، کە تەنانەت جیاوازییان لە کێشەی عەشقیشدا دەبینرێت. عەشقی مرۆڤ پاکو ئەبەدی نییە، ئەمەش هۆکاری ناخۆشیو ناڕوونیو بێ هیواییە[لێرەشدا وەڵامی بۆ شیعری شاعیر شەو-تاریکیە دەدرێتەوە]. بەڵام هی بلبل پاکو ئەبەدییە. لەبەرئەوە (یەزدان) لە تێکستەکەدا وەڵامدەرەوەی جیاوازییەکانی بلبلو

438 - لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

439 - یو.م. لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

شاعیرەو لۆتمان گوتەنی: "دەوری... بیرۆکەی تەواوکەر دەگێڕێ"[440]. چونکە لە تێکستەکەدا یەزدان جیاواز لە ڕوانگەی باو لە بلبل نزیکەو بۆ ئەو بەخشندەیە تا شاعیر.

ئەمەش لەبری یەکێتیی، جیاوازیی هێناوەتە ئاراوە، چونکە هونەری پیرۆزو سرووشتی بلبل بەرانبەر هونەری داهێنراوی شاعیر هاتووە. لە سێ کۆپلەی تێکستەکەدا چەندجار ڕووبەڕووی ئەم جیاوازییە دەبینەوە: کۆپلەی یەکەم(سیحری ڕووت زانین)، دووەم(لە یەزدانەوە ئەم هونەرە دراوە) سێیەم (ئەی مەلی پیرۆز)هاتووە، کە هەموویان بەیەکەوەن‌و شێوەی پاراڵیلیان هەیە. لەبەرانبەریاندا شاعیر: پیرۆز نییە (من مەلنیم‌و ئینسانم). پیرۆزنەبوونیش نەتوانینی هونەری سرووشتییە، کە هونەرێکی پڕو کامڵە. بۆیە گەر کامڵ بوایە ئەوا وەک بلبل دەیتوانی: (شاخ بخەمە بوومەلەرزە، ئاسمانی بێ بن پڕکەم لەشنە..). واتە وەک بلبل سیحری ڕووتی نیشاندەدا. بۆیە لەبەر ڕۆشنایی بیری (لۆتمان)دا دەکرێت بڵێین: لەنێوان بلبل‌و یەزداندا یەکگرتنێکی نەگونجاو کە بچووکی بلبل‌و گەورەیی هونەرەکەی بەهۆی یەزدانەوە گونجێنراوە. ئەمەش وەک سینۆنیمی(هاوواتا)ی پیرۆزو نەمری خوا لە هونەری بلبلدا وێنەکراوە. کە پاراڵیلەکەی لە تێمای شیعرەکەدا ڕەنگیداتەوەو بەشێوەیەکی هونەریی چەند پرسی فەلسەفی دەوروژێنێت، کە وەک لۆتمان جەختی لەسەر دەکات: "واتای[نەمری]و "دووبارەنەبوونەوەی" تێکستەکە دەگەیەنێت"[441].

لەبەرئەوە یەکێک لە تێکستە گرنگەکانی شاعیرە، کە لەئاستی چڕی مانا و هونەریدا نموونەییەو شاعیر توانیویەتی بەشێوازێکی هونەری بەرز چەندین پرسی تایبەت بە مرۆڤ‌و هونەر لە ڕێگەی (بلبل)و هونەرەکەیەوە بەسەربکاتەوە. هاوکات لەڕێگەی ئەو وێنەسازییەی کێشاوییەتی، وەک ئەدەبناسێکی ئێرانی لەم ڕووەوە دەڵێ: خوێنەر والیدەکات بە جۆرێکی جیاواز لە بولبول‌و بوونی مرۆڤ بڕوانێت[442]. وەکچۆن لەو ڕەگەزە جیاوازانە جیهانێکی یەکگرتووی سازکردووەو دیدێکی نوێمان بۆ ڕوانین دەداتێ. ئەمەش لەڕێگەی ئەو چەمکەی لۆتمانەوە باشتر ڕووندەبێتەوە، کە پێیوایە "دەقی هونەری، بۆئەوەی بە ئامانجی ئیستاتیکیی خۆی بگات، پێویستە هەڵگری ئەرکێکی ئەخلاقی، سیاسی یان فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها بەپێچەوانەشەوە"[443].

440 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

441 - یو.م. لۆتمان. سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

442 - د.علیرضا نبی لو، بررسی تصاویر شعری بلبل در ادبیات فارسی(علمی-پژوهشی. نشریه ادب و زبان،دانشکده ادبیات وعلوم انسانی،دانشگاه شهید باهنر کرمان،سال ١٨،شماره ٣٧ بهارو تابستان٩٤، ص ٢٣٦.

443 - عزالدين المناصره: يورى لوتمان. تحليل النص الشعري. الأردن:

http://www.jehat.com/Jehaat/ar/JanatAltaaweel/maqalatNaqadeya/aizaldeen.

لێرەدا بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەی لۆتمان-تێکست وەک سەرجەمێک- ئاوڕ لە (دێ) کە بەشێکە لە شیعری(گەشت لە هەورامان) دەدەینەوە. گۆران دەڵێ:

**دێ**

کام بەر بەڕۆچکەی زۆر باسەفایە        چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە!

خانووی بەگزادە لەسای درەختا        ئارامی بووکە لە کۆشی بەختا

خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم:        هەندێ قنج و قیت، هەندێ لارو کۆم...

یەک لەسەر یەکتر، بەرەو لووتکەی کێو        بۆ ئاسمان ئەچن وەک پێپیلکەی دێو!

لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت:        ماڵی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت!..

(دیوانی گۆران، ل ١٣٩)

ئەم گەشتە شیعرییە بە کێشی دە بڕگەیی‌و جووتسەروایەو لە (١٠) کۆپلە یاخود دیمەنی جیاواز پێکهاتووە. لەم دیمەنەدا بەسادەیی وێنەی دوو جۆر ژیان‌و فەرهەنگ‌و کولتوور و مرۆڤی جیاوازمان لە یەک شوێن بۆ کێشراوە. لەدێڕی یەکەمدا یەکێتییەک لەنێوان دڵی شادو دێدا سازکراوە، ئەمەش بەهۆی سینۆنیمی[دێ-ئاوایی]ەوە. لەم وێنە هونەرییەدا سیستێمی تێکهەڵکێشی (شوێن‌و کەس‌و سرووشت)، بەهۆی[بەر بەڕۆچکە،-دڵی شاد-دێ]وە یەکخراوە. لە دێڕی دووەمدا لەڕێگەی وێنەی خانووی بەگزادەوە خۆشی ژیانیمان نیشاندەدات[لە کۆشی بەختا]. ئەمەش لەو خاڵە گرنگانەیە لۆتمان جەختی لێدەکاتەوە، کە وێنە هونەرییەکان دەوروبەر بەخۆیانەوە گرێبدەن[444]. هەروەک(کۆشی) لەئاستی دەنگ‌و واتادا بیرخەرەوەی(کۆشکە). دێڕی سێیەم، جگەلەوەی یەکێتیی ئاوازەیی لەگەڵ دێڕی پێشخۆی سازدەکات، هاوکات تێیدا جیاوازیی ماڵ‌و ژیانیش بەرانبەر دەوەستنەوە. لێرەدا ژیانی خەڵکی بەهۆی وێنەی خانووەوە نیشاندراوە. (قنج‌و قیت، لاروکۆم)، وێنەکە جگە لە ئاوازەکەی، زانیاریی هونەری‌و ئەخلاقی‌و سیاسیشی نیشانداوەو خوێنەر بیری بۆ خانووی بەگزادە دەچێت، کە وەک کۆشکە. نیشاندەری ئەو ڕاستییەشە: بەگزادەبوون‌و ئەهالیبوون جۆرێکە لە بەخت؛ واتە کە لەدایکدەبیت بە بەگزادەیی یان ئەهالی لەدایکدەبیت. چوارەم دێڕ وێنەی گشتی خانووی دێ دەکێشێت، کە بەرەو ئاسمان بەرزبوونەتەوە، کە جگە لەوێنەی هونەریی مانای دەلالی هەیەو گوزارشت لە شێوەی ژیان‌و سرووشتی دێ‌و خانووەکانی دەکات.

444 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٢٣.

دێڕی کۆتایی وەک کلۆم و ئەنجام بەدەستەوەدان گرنگە، چونکە کۆی وێنەی ژیانە کە لە جیاوازی پێکهاتووە- دەسەڵاتدارو بێدەسەلات. هەروەها وێنەکە نیشاندەری تێهەڵکێشی ئایین‌و دەسەڵاتە، ئەوەی جێی گەورەیە، دەسەڵاتی هەیە. واتە لێکچوون لەنێوان دەسەڵات[ئاغا]و ئایین[خانەقا، مزگەوت] هەیە. کۆی وێنەکە پێمان دەڵێ، (دێ) وەک گشتێک جێگەی ژیانە جیاوازەکانە. (جێگەی گەورە) بووەتە ناونیشان (کام جێت گەورە بەرچاو کەوت)، هەر ڕێبوارێ لە دێدا شوێنی گەورەی بینی دەزانێ شوێنی دەسەڵاتدارە. ئەم تاقمانەش چەند جیاوازن یەکیانگرتووە. لەبەرئەوە چەند جیاوازی‌و لێکچوونێک لە دیمەنەکەدا نیشان‌دەدەین:

خانووی بەگزادە: ئارامی بووک، کۆشی بەخت.      خانووی ئەهالی: قنج‌و قیت، لارو کۆم.




لێرەدا (بەگزادە، ئاغا، خانەقا، مزگەت) لەگەڵ جیاوازییان هاوبەشی‌و یەکێتیان هەیە، واتە دوو بەدوو[بەگزادە-ئاغا]و[خانەقا، مزگەوت] یەکیان‌گرتووەو وەک فەیلەسوفی فەرەنسی مێشێل فوکۆ ئاماژە بە پەیوەندیی دەسەڵات و زانین دەکات‌و پێی‌وایە، لەڕێگەی مەعریفەوە دەسەڵات‌و لەڕێگەی دەسەڵاتەوە مەعریفە بەرهەمهاتووەو[445] بۆ نادادی بەرانبەر خەڵک بەکارهێنراوە. لێرەدا خانەقاو مزگەوت وەک نوێنەری ئایین نیشاندراوەو کە مەعریفەو دەسەڵاتی[ئایینی-ئاسمانی] وازیدەکات، هەروەها بەگزادەو ئاغا نوێنەری دەسەڵاتی زەمینین. ئەمەش پارالێلە، کە لە یەکێتیی[دەسەڵات] و دژ [زەمینی-ئاسمانی] پێکهاتوون. لەبەرانبەریاندا ئەهالی هەیە، کە بێ‌دەسەڵات‌و خزمەتکاری هەردوو دەسەڵاتە، ئەمەش بیرخەرەوەی[پارالێلی] جیاوازیی نێوانیانە. بۆیە وەک نووسەرێک لەم ڕووەوە ڕای وایە: لەڕێگەی ڕواڵەتی گەڕەکو خانووەکانەوە شێوەی ژیان‌و بیرکردنەوەو فەرهەنگو کولتووری دەخوێننەوە.[446] وەک نیشانماندا سەرجەمی شیعرەکە کە لە بەشە جیاوازەکان پێکهاتووە، هاوئاهەنگییەکی هونەری‌و واتاییان لەنێواندایە. ئەمەش ئەو چەمکەی لۆتمانمان بیردەخاتەوە، کە دەڵێ: "بەرهەمی هونەری جۆرێکی واقیعییەتە دەکرێ لە خۆیدا بەش بەش بکرێ. دێڕێکی شیعر، یان تابلۆی مرۆڤێ(سەری مرۆڤەکە

---

445 ـ د. کەمال میراودەلی، زانین و دەسەڵات-خوێندنەوەیەکی فوکۆ وەک خۆی.چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی ٢٠٠٧. ل ٢٩. فوکۆ بەشێوەیەکی گشتی لە کارەکانیدا پشکنینی بۆ مێژوویی زانین[بەشێوەیەکی گشتی زانینە جیاوازەکان] کردووەو لەوێوە هەوڵیداوە بگاتە چەند دەرئەنجامێک، کە یەکێکیان، پەیوەندیی دەسەڵات و مەعریفەیە.

446 ـ عەلی زەڵمی، پرسی شوناس-لەمژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرن.. ل٥٢.

بەتەنیا-لووتی) لێرەوە بەشەکان لەناو کوللێکی گەورەتردا هەمان ئەو بەشانە نامێنن"[447] ئەمەش گرنگی تێکستی هونەرییە، کە بەشەکانی پێکەوە بەستراونو لێک جیاکردنەوەیان زیان بە لایەنی هونەریو واتایی دەگەیەنێت.

## نۆیەم/ تێکست و سیستێم

پەیوەندی تێکست و سیستێم ئالۆزە. هەندێ جار وەک دوو ڕووی دراوێکن. ئەمە مانای ئەوە نییە، پەیوەندیی نێوانیان ئاساییەو دەکرێت جێگۆڕکێیان پێ بکەین، چونکە نابنە یەکو جیاوازن. تێکست هەیە وەفاداری سیستێمەو سیستێمپارێزە، هەیشە سیستێمشکێنە. وەک لۆتمان دەڵێ: "لەهەر شوێنێ یاساو ڕێسا نەبێ بەزاندنیشی نییە"[448] هاوکات لادان لە سیستێم دواجار دەبێتەوە بە جۆرێکی تر لە سیستێم. بەڵام چەندین وردە سیستێممان لە تێکستە جیاوازەکاندا هەن، کە بەشێوەی ئۆرگانی یەکێتییان سازکردووە. لەبەرئەوە سیستێمە جیاوازەکانی تێکست بەیەکەوە بەستراونو وەک لۆتمانیش دەڵێ: تێکستی باش فرە سیستێمی پێوە دیارەو بە تەواوی چاوەڕوانکراو-ئۆتۆمات نییە[449]. ئەم بۆچوونەی لۆتمان بۆ فرەسیستێمی، لایەنێکی بایەخداری ڕوانینە لە سیستێمی تێکستی شیعری، لەبەرئەوە ئەم زانایە بەهۆشیارییەکی قووڵەوە سیستێمی تێکستی ئەدەبی[بەتایبەت شیعر] لەبەرچاوگرتووەو لە سیستێمی تێکستی نا ئەدەبی جیای کردووەتەوە. بۆیە درێژە بە بۆچوونەکەی دەداو دەڵێ: "لادان لە سیستێم هێندەی بەدیهێنانی بایەخدارە"[450]. هاوکات سیستێم ئەبستراکتو گشتگیرە، بەڵام ئاوێنەی تێکست نییە، بەڵکو بۆ کردنەوەی کۆدەکانی تێکست کلیلە. هەر خۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: "تێکستی هونەری بە واقیعکردنی ئۆتۆماتیکی بونیادێکی ئەبستراکت نییە، لەکەرەسەیەکی کۆنکرێتیدا-ئەمە هەمیشە پەیوەندیی ململانێ، گرژیو ئالۆزی و بەیەکدادانە."[451] ئەمە خاڵێکی جەوهەرییە لە پەیوەندیی تێکستو سیستێمدا، چونکە دەریدەخات تێکستی هونەری بۆ بەرجەستەو وێنەدانەوەی سیستێم نییە، بەڵکو پەیوەندییەکەیان لەو گرژیو ئالۆزییەدایە، کە دەبێتە هۆی زیندوویێتیی تێکستی هونەری. بۆیە گەورەیی تێکست لە گوێرایەڵیدا نییە، بەڵکو لە عەجولیو لادانو بێوەفاییدایە.

بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی تیۆریدا نەمێنینەوە، بەپێی ئەم چەمکە ئاوڕ لە هەندێ لایەنی گشتیی شیعرەکانی شاعیر دەدەینەوە. کەم شاعیری کورد هەیە، هێندەی گۆران لەسەری نووسرابێت. زۆرینەش جەخت

[447] - یوری لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، وەرگێڕانی بۆ زمانی سویدی، پێشەکی، لارس کلێبیرگ. ل ١٥.

[448] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٢٠.

[449] - سەرچاوەی پێشوو.

[450] - یو.م. لۆتمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

[451] - سەرچاوەی پێشوو.

لەسەر داهێنەری‌و لادەریی گۆران لە سیستێمی شیعری کۆن دەکەنەوە.[452] داهێنەریی گۆران لەو گیانی یاخیبوونەیدا دەبینینەوە. نوێگەرییەکانی گۆران جۆرێکە لە لادان لەسیستێمی کۆن. بێهۆ نییە داهێنەران سەرەتا بە توونددی دژایەتی دەکرێن، ئەمە بۆ یاخویبوون‌و دژایەتییان بەرانبەر سیستێمی کۆن دەگەڕێتەوە. گۆرانیش وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، لە دژایەتی‌و ناڕازیبوونی جەماوەری ئەوکات بەدەر نەبووە[453]، چونکە دەستکاریی سیستێمی باوی‌کردووەو ڕۆڵی لەگۆڕینی چێژی هونەریی سەردەمەکەیدا بینیوە. فەرهاد پیرپاڵ دەڵێ: "ئەم لەدەستدانەی ژانرو تەکنیکە کلاسیکەکان هێندە بەهێزو کاریگەرە کە دەتوانێ ببێتە سنوورێک لەنێوان سەردەمی کۆن‌و سەردەمی نوێ. گۆران لەوانەیە یەکەم کەسێک‌بێت هەستی بەم سنوورە کردبێت"[454] شارەزایی شاعیر لە سیستێمی کۆن‌و نوێ هۆکاری گۆڕانکارییەکەیە. لێرەدا بەشێک لەو گۆڕانانە دەخەینەڕوو:

**١ـ زمانی شیعری:** شیعرەکانی شێوازێکی نوێی زمانی هەیە، کە کوردی پەتی نووسین‌و نزیکبوونەوەیە لە زمانی ڕۆژانە. ئەمەش دابڕانە لە زمانی تێکەڵی شیعریی کلاسیک. هەروەها وشەی ئەورووپی بەکارهێناوە، کە پێشتر بەکارنەهاتوون[تانگۆ، گیتار، ئەلتریک، تەوالیت، ترۆمپێت، ڤینۆس...]. لە گەشتەکاندا سوودی لەوشەکانی ناوچەی هەورامان‌و قەرەداغ [تەلان، پیپیلکە، کەڵەک، کاکۆڵ، کنالەیل، سیاچەمانە. چارەوێ، کناچە، پەنگاو، چەپەر..] بینیوە. پەخشان عەلی، لە نامەی ماستەرەکەیدا سەرژمێری کردووە، کە لە کۆی (١٦٧) شیعر، تەنیا (٣٧)شیعری بە زمانی تێکەڵ نووسیوە، کە دەکاتە ڕێژەی(٢٢،١٥%)و (١٣٠) شیعری بەزمانی کوردیی پەتی نووسیوە؛ واتە(٧٧،٨٤%)، ئەم ڕێژە زۆرە بەڵگەی لادانە لە زمانی شیعری کلاسیک‌و تێکەڵ. بۆیە گۆران شۆڕشێکی بەسەر ئەو بیرە باوەدا پەرپاکرد، کە وەک ڕەفیق حیلمی دەڵێ: "تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لەوشەی پەتی‌و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەڵام بەهۆی ئوسلووبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی."[455]

**٢ـ هەمەڕەنگی ژانر:** گۆران هەوڵیداوە سوود لە ژانری جیاواز ببینێت. دیوانەکەی گەلێ ژانری جیاوازی لەخۆگرتووە[وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێکردووە] بۆ نموونە: شیعری گەپ، سروود، شیعر بۆ منداڵان، مەتەڵە شیعر، شانۆی شیعری، گەشتی شیعری، هەروەها ئۆپێراو ئۆپەرێتەکانی بەڵگەی

[452]ـ د.علی طاهر حسین، د.شنۆ محمد محمود، زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعریی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٣) ٢٠١٢ بەشی(B) ل، ٦٨.یان پ.ی.د. دڵشاد علی، گۆران داهێنان و نوێخوازی،لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە(٢٠) ٢٠٠٧ بەشی(B).ل ٣٢.

[453] ـ گۆران، نووسین‌و پەخشان‌و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، ل ٣٢.

[454] ـ فەرهاد پیرپاڵ، شیعری نوێی کوردی.. ل، ٨٤.

[455] ـ رەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،ل٢٠٩.

سوودوەرگرتنن لە ژانری جیاوازی ئەدەبی. ئەمە شتێکی نوێیەو دەوڵەمەندبوونی زمانی شیعریی لێکەوتووەتەوە. وەک لۆتمان دەڵێ: "لەهەمووو حاڵەتێکدا لەزەینماندا فۆرمێکی (یاساوقانون)ی دیاریکراوی دانانی تێکستی هونەری بۆ هەر سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو هەیە"[456]. گۆران بەم ژانرە جیاوازانە چەندین فۆرمو یاسای نوێی هێناوەتە ئاراوە.

**٣ـ گۆڕینی کێشی شیعر:** هەر کێشێک سیستێمی خۆی هەیە. سیستێمی کێشی شیعری کۆن عەرووزە، بەڵام بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیر بە کێشی بڕگەیین. لەبەرئەوە شاعیر گۆڕانی بەسەر سیستێمی مۆسیقای شیعری کۆندا هێناوە. هاوکات لە سیستێمی کێشی بڕگەیشدا لادانی هەیەو کێشی عەرووزو بڕگەیی ئاوێتەکردووە، یاخود چەند جۆر بڕگەی جیاوازی لەشیعرێکدا بەکارهێناوە، کە تێکەڵکردنی چەند سیستێمە لە شیعرێکدا. بەمەش شۆڕشێکی مۆسیقایی بەرپاکردووە.[457] بەگشتی لە دیوانی شاعیردا ٦٢،٨٥ %ی شیعرەکانی بەکێشی بڕگەیین. لە ٢٥،١٢% کێشی عەرووزیین، لە ٧،٧٥% کێشی ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. لە ٤،٧٣% کێشی تێکەڵی[کێشی خۆماڵیو عەرووزی تێکەڵکردووە] بەکارهێناوە.[458]

**٤ـ گۆڕینی سەروا:** سیستێمی سەروا ڕۆڵی لە پابەندبوونی دنیابینی شاعیردا هەیە، چونکە زۆرکات ناچاریکردوون واتای شیعریی بۆ قوربانی بکەن.[459] شاعیر لەم سیستێمەشدا گۆڕانکاری کردووە. چونکە ویستی ئازادبوون لەسەروا بۆی گرنگبووە، هەرچەند کەمتر و درەنگ ئەم ویستەی جێبەجێکردووە[460] لەگەڵ ئەوەشدا عەزیز گەردی دەڵێ: "گۆران پێشەنگی بەکارهێنانی سەروای ئازادە"[461] کە لەسەر ئاستی دیوانەکەیدا تەنیا لە ٣،٨٤% سوودی لە سەروای یەکگرتوو بینیوە، لە ٩٦،١٥% سەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە، کە جوتسەروا زۆرترین پانتایی داگیرکردووە ٦١،٦٧%.

هەروەها دەتوانین چوارخاڵیتر لەبارەی ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەوە ڕیزبکەین، کە شاعیر لەئاستی فۆرمو تەکنیکدا هێناونیەتە ئاراوە. بۆ نموونە لەبری بەیت ستانزای بەکارهێناوە. سوودی لە خاڵبەندی وەک یەکەیەکی دەلالی وەرگرتووە. لەبری یەکێتیی بابەت لە بەیتدا، سوودی لە یەکێتیی بابەت لە سەرجەم تێکستدا بینیوە. لە بابەتی شیعریدا، وەک شاعیر خۆی باسی دەکات:

---

456 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٢٠.

457 ــ فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل ٩٨

458 ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل ٩٨.

459 ـ محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، ١٣٦٨ ص ٤١.

460 ـ فەرهاد پیرپاڵ، شیعری نوێی کوردی، ل٩٤.

461 ـ عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، ل ٣٠٥.

له شیعری کۆن سیانەی(میرو پیرو یار)[462]بنەما بوون؛ هەڵیوەشاندوونەتەوە[هەرچەند ئەم بۆچوونەی گۆران بۆ-یار،پیر-دروستە، بەڵام بۆ –میر-دەکرێت بۆچوونی جیاوازمان هەبێت]. هەروەها لە ئاستی بابەت و مۆتیڤیشدا تایبەتمەندی و جیاوازیی دنیابینی شاعیر هەست پێ دەکەین، بۆ نموونە: لەبری یەک یاری تایبەت هەموو جوانێک سەرنجی بردووە. هاوکات ڕووبەڕووی کێشەکانی گۆمەڵگە بۆتەوەو هەڵوێستی نواندووە. لە سیستێمی رەوانبێژیشدا گۆڕانکاری کردووە، شیعرەکانی لە وێنەی نوێ پڕنو وێنەو بیرۆکەی تێهەڵکێشکردووە[463]. لەخوارەوە جەخت لەسەر تێکستی تایبەتی شاعیر دەکەین.

تێکستی هونەری زیندوو، چەندە بزێوە هێندەش توانای بەرگریکردنی هەیە. وەک لۆتمان دەڵێ: "بزێویی تێکستی هونەریو لەلایەکی تریشەوە چەسپاوییەکی بێ وێنەیە"[464] ئەمە ڕێگری لە دەستکاریکردنی تێکست دەکات، بەڵام بواری لێکدانەوەی جیاواز بۆ خوێنەر دەکاتەوە. ئەم ڕوانینە بە ڕواڵەت دژیەک دەردەکەوێت، بەڵام تێکستی هونەریی سیستێمی ئاست بەرزی تێدایەو تاکەکەسییە. لەبەرئەوە تێکستی باش توانای خۆتازەکردنەوەی هەیە، هەرچەند تێکستەکە تەواوبووە، بەڵام نەمردووە. ئەو تێکستەی لەبەردەست خوێنەردایە، هەمان تێکست نییە، کە شاعیر نووسیویەتی، بەڵکو لەگەشەی بەردەوامدا دەژی. چونکە تێکستی چاک خەسڵەتی گەردوونی تێدایە، کە بواری مانەوەی پێ دەدات[465]. شیعری (مۆسکۆی ئایار) لە سەردەمو کاتو بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو نووسراوە، بەڵام بەهۆی خەسڵەتی گەردوونییەوە بواری خوێندنەوەی جیاوازی بە تێکستەکە بەخشیوە.

تێکستەکە چەندین لادانی جیاوازی تێدایە. لە ئاستی سەروادا هیچ پابەندییەکی بە دەستوورو یاسای سەرواوە نییەو بەپێی هەستو سۆزو پێویستی شیعرەکە سەروا هەیە[466] هەروەها شاعیر سیستێمێکی نایەکسانو پڕ جووڵەشی بۆ دابەشکردنی کۆپلەکان[ستانزا] ئەنجامداوە. شیعرەکە شازدە دێڕەو بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر هەشت کۆپلە دابەشکراوە: کۆپلەی یەکو دوو، چوارو حەوت لە دوو دێڕ پێکهاتوون، بەڵام سێو پێنج لە یەک دێڕ، کۆپلەی شەشو هەشتیش لە سێ دێڕ. بەڵام لە چاپی پێنجەمی دیوانەکەدا شیعرەکە بەسەر شەش کۆپلەدا دابەشبووە، کە تەنیا کۆپلەی یەکو پێنج دوو دێڕەو کۆپلەکانی دوو و سێو چوار و شەش سێ دێڕن[467]، کە دەکرێ بەهۆی ئەو لادانانەوە ئەم گۆڕانە

[462] ـ گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، ل ٢٩.

[463] ـ فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل ١٢٣.

[464] ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٢٠.

[465] ـ ویلفرد.ال گورین، ارل.جی لیبر،جان.ار. ویلینگهام، لی مورگان، راهنمای ریکردهای نقد ادبی، ترجمە، زهرا متهن خواه.انتشارات اطلاعات-تهران١٣٧٧-چاپ سوم، ص ٤١.

[466] ـ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران. ل١٣٠.

[467] ـ دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی محەممەدی مەلا کریم. بڵاوکراوەی پانیز، چاپی پێنجەم، ١٣٩٣، ل. ٢٣٩.

ڕووی‌دابێت. ناوەڕۆکی شیعرەکەش هەماهەنگ بەئاوازەکەی لەجووڵەو بزێویی بەردەوامدا دەژی. لۆتمان پێی‌وایە کۆدەکان هاوکاری یەکتر دەکەن، دەڵێ: "بەدوای‌یەکداهاتنی کۆدەکان، کە پەیوەندیی نێوانیان کاریگەریی بیرۆکەیی تەواوکەر دەئافرێنێ"[468] تێکستەکە لە دووریی نیشتمان نووسراوە، بەڵام لە دوا کۆپلەدا نیازی شاعیر دەردەکەوێ، کە چۆن بە نیشتمان‌و ئایدۆلۆژیای شاعیری پەیوەست دەکاتەوە. لەخوارەوە بە وردی کۆپلەکان دەهێنین‌و باری سەرنجمان دەخەینەڕوو:

کە پێکەنی جەژنی ئایار

بەفری زستان کردی ئارەق،

مۆسکۆی پێشڕۆی دنیای ڕزگار

جووڵەی تێکەوت لەگەڵ شەبەق.. (دیوانی گۆران، ل ٣٢٤)

لێرەدا تێبینی چەندین لادانی جیاواز لە سیستێمی زمان‌و واتایی دەکەین. ئەگەر تێکستەکە وەک سیستێمی زمانی ئاسایی دابڕێژین، بەمجۆرەی لێدێ: (بەفری زستان ئارەقی کرد، کە جەژنی ئایار پێکەنی) هەروەها(مۆسکۆی پێشڕۆی دنیای ڕزگار لەگەڵ شەبەق جووڵەی تێکەوت..) تێکستەکە بەمجۆرە گیانی شیعری تێدا دەمرێت. لەبەرئەوەی سیستێمی ئاوازو ڕێکخستنی تێکستەکە نادیارو جووڵاوە. لەڕووی لایەنی هونەری‌و واتایشەوە لادانی تێدایە: (جەژنی ئایار) پێناکەنێ، (بەفری زستان)ئارەق ناکات. هەروەک، لە ئاستی وشەو دەنگیشدا لادانی ئەنجامداوە (پێشڕۆ-پێشڕەو). بەڵام دەقی باش بە بەرد دەبێت، هاوکات وەک هەوێر بۆ خوێندنەوەی جیاواز دەکشێ. ئەم کۆپلەیە هەڵگری خوێندنەوەی جیاوازە بەپێی سیاقی مێژوویی‌و ئایدۆلۆژی‌و خوێنەری جیاواز. وەک لۆتمان دەڵێ: " توانای تێکستی هونەری کە دەوروبەرەکەی بەخۆیەوە گرێداو وای لێ‌بکا هەڵگری زانیاری بێ، لەڕاستیدا زۆر نایابە".[469] لە سەرجەمی دەقەکەدا هەست بە دەوروبەرێکی زانیاری هەڵگر دەکەین، کە شاعیر سرووشت‌و ڕووداوێکی مێژوویی تێهەڵکێش کردووە، لەبەرئەوە کۆدەکانی بە سیستێمی جیاواز بونیادنراون‌و خوێنەر پێویستی بەخەزنکراوی کولتووری‌و مێژوویی بۆ کردنەوەیان هەیە. هەر لەم بارەیەوە لۆتمان پێی‌وایە: "لەهەندێ شوێنی دیاریکراوی بەرهەمەکەدا ئێمە تێبینی دەکەین، کە گونجان‌و هاتنەوەی تێکست‌و کۆدەکە رووشاوە...کودەکە کارناکا، هەروەها بەرهەمەکە چیتر(کۆدەکان)ناکاتەوە. خوێنەر ناچاردەبێ کە پەنا بۆ گەنجینەی کولتووریی خۆی بەرێ"[470]. لێرەدا (بەفری زستان کردی ئارەق) بە جەژنی ئایارەوە پەیوەستکراوە. بۆ تێگەیشتن لە جەژنی ئایار خوێنەر پێویستی بە زانیاری مێژوویی‌و دەرەکی هەیە.

468 ـ یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١٢٤.

469 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

470 ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

هەروەک پێکەنین دراوەتە پاڵ ڕووداوێک، کە هەڵگری پێکەنین نییە. ئارەقکردنی بەفر پارادۆکسەو خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ، کە ڕەنگە مەبەستی لە واتای دەرەکیی "توانەوەی بەفرە"، چونکە لەوێ ساڵی وا هەیە تا مانگی ئایاریش بەفر هەر ناچێتەوە، هاوکات دۆخە سرووشتییەکەی تێهەڵکێشی جووڵەو دۆخی واقیعی ئەو ڕۆژەی کردووە. با سەرنجێک لەم بەشەی شیعرەکە بدەین:

لە کۆشکە بەرزەکانی شار

مرۆڤ دایدا وەکوو باران،

لافاوی ناو شەقامەکان،

بە گرمەی وەک هەوری بەهار،

بەرەو مەیدانی سوور کشا؛

دەریای مەیدان تێکخرۆشا! (دیوانی گۆران، ل ٣٢٤)

خوێنەر لەپەراوێزی ناونیشانی دەقەکەدا ئەم زانیارییە دەخوێنێتەوە:(بیرەوەری راوەستانێک لە خۆپیشاندانی جەژنی یەکی ئایاردا لە مەیدانی سوور-مۆسکۆ، ساڵی ١٩٦٢). ئەم زانیارییە بۆ کردنەوەی کۆدەکان هاوکارە. چونکە دەقەکە بەزمانی شیعرو مەجاز نەک پەخشان نووسراوە. یەکێک لە خەسڵەتە گەردوونیەکانی شیعرەکە پەیوەستە بە وێنە هونەرییەکانی، کە ڕژانە سەرجادەی خۆپیشاندەران وەک لێزمەی بارانو لافاو وەسفکراوە. ڕاستییەکەی ئەم وێنە شیعرییەی گۆران، کە لە تەلارە چەند نهۆمییەکانەوە خەڵک دێنەخوارەوە بۆ سەر شەقامەکان، وەک چۆن هەوری بەهار دادەکا، هێندە ناوازەو تەڕو تازەیە کە لێوانلێوی شێوازی بە نامۆکردنی زمانە بەگشتی و وێنەی شیعریش بەتایبەتی، هەروەها لێکدانی دوو سیستێمی کلاسیکی_تەقلیدی و نوێخوازیشە. "هەوری بەهار"، وێنەیەکی باوی شیعری کلاسیک و تەنانەت ڕۆمانتیکیشە،...بەڵام چواندنی بەو مرۆڤانەی لە تەلارەکانەوە دێنە خوارەوە خوێنەر ڕادەچڵەکێنێو سەرسامی دەکا!. خوێنەر دەزانێت باران، لافاوی شەقامو گرمەی هەوری بەهارو دەریای مەیدان، بە پەراوێزی ناونیشانەوە هاوئاهەنگن، چونکە گەر ئەو پەراوێزە نەبێت، ئەوا پابەندی لێکدانەوەی تایبەت نەدەبوو؛ شاعیر سرووشتی بۆ پەسنکردنی رووداوەکە هێناوە. (مۆسکۆ-جەژنی ئایار-مەیدانی سوور) کۆدکەرەوەن بۆ دەقەکە. (گرمەی هەوری بەهار..) هەڵبژاردنی گرمەی هەوری بەهار پڕاوپڕە. لەمەش گرنگتر زانیاریی لەبارەی ئایدۆلۆژیایی شاعیرەوەیە:

شەپۆل ئاڵای سوور بوو، گوڵ بوو،

ڕەنگاوڕەنگ ئەشەکایەوە؛

لەگەڵ هەر جووڵەو هەر ڕەنگێک

جۆرە دەنگێک ئەزرِایەوە

...

دوو ڕەنگیش بوو، وەرزشکەران

وەک پەردە ئەچوونە پشتی:

ئاڵ: وەک کوڵمێک گەرمی خەبات،

سەوز: وەک ژینێک پڕ لە ئاشتی!...     (دیوانی گۆران، ل ٣٢٤_٣٢٥)

لێرەدا وشەو پێکهاتە جیاوازەکان بەشدەکەین، کە شاعیر سوودی لە بونیادی زمانی جیاواز بۆ چنینی دەقێکی جیاواز بینیوە: (مۆسکۆ-جەژنی ئایار-کۆشکە بەرزەکانی شار-مەیدانی سوور-ئاڵای سوور-ئاشتی-وەرزشکەران-خەبات-مۆسکۆی بەهەشتی-جۆش-دووری وڵات-ڕزگاری-ژینی تاڵ). لەم وشەو دەربڕینانەوە خوێنەر گریمانەی تێکستێ تایبەت بە خەباتی شار دەکات، کە شاعیر ویستی سوود وەرگرتنی لەم خەباتو ژینە بۆ نیشتمانی خۆی هەیە، واتە دەقێکی سیاسیو واقیعی دەبینین. بەڵام لێرەدا بەر ئەم وشەو گوزارشتانەش دەکەوین: (پێکەنین-بەفری زستان-شەبەق-باران-لافاو-گرمەی هەوریبەهار-دەریا-شەپۆل-گوڵی ڕەنگاوڕەنگ-ئاڵ-کوڵم-سەوز-شەپۆل-جۆش-گیانی منی خستە سەربال -خەیاڵ...) ئەمانە گریمانەی دەقێکی وەسفیو سۆزداری دەکەن. لەبەرئەوە سوودی لە پێکهاتەیەکی وەسفی بۆ دارِشتنی بونیادێکی سیاسیو واقیعی بینیوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەمە بەپێی بۆچوونی لۆتمان دیالۆگە لەنێوان دوو سیستێمدا: ئەوەی پێشوو کلاسیک، ڕۆمانتیک_نوێخوازی بوو، بەهەمان پێوەر ئەمەشیان ئامێتەکردنی دوو کەش و هەوای جیاوازو فەرهەنگی لێکسیکییە: وەسفی سۆزداری لەگەڵ واقیعی و سیاسی.

[مەیدان]ی وەک [دەریا] کە بە بارانە مرۆڤو لافاوی شەقامو شەپۆلی نارەزایی(گرمەی هەور) وێناکردووە. (دەریا-لافاو) هەیبەتیان هەیەو جێی سڵکردنەوەن، چونکە فراوانو ناتوانین زاڵبین بەسەریانداو لێیان تێبگەین، کە کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییەو چەند جیاوازیی کۆکردووەتەوە. وردبوونەوەی شاعیر لە دیمەنەکەو سازدانی مانا بۆی تەواو گونجاوە. چونکە دەریای خۆپیشاندەران

دەتوانێ هەموو شوێنێ داپۆشێ. لافاوی خۆپیشاندەران پێچەوانەی وێرانکردنە، بەڵکو لافاوی ئاشتییە، هەموو جیهانی پێدادەپۆشن.

لەبەرئەوە شاعیر بەشێک لە وشەکانی بۆ چەمکی ئیستاتیکیی سیاسی گۆڕیوە، ئەمەش گۆڕانی بونیادی واتاییو ئاوازی وشەکانە. لێرەدا باشتر لە ڕوانگەی لۆتمان تێدەگەین، کە دەڵێ: "پەیوەندیی سیستێمو تێکست لەبەرهەمی هونەریدا بەشێوەیەکی دیار ئاڵۆزترە لەچاو سیستێمی نیشانەی ناهونەری"[471] هەروەها (ئاڵای سوور)ی وەک هێمای چەپ لەگەڵ خەڵکو گوڵی سووردا تێهەڵکێشکردووە[کە تێکستی "گوڵی خوێناوی"مان بیردەخاتەوە]. بۆیە ئاڵاکە وەک گشتێ گوزارشت لەبەرزیو قوربانی دەکات. خەڵکەکە لە پێناو بەرگری ئەو ئاڵا پیرۆزەدا خەباتدەکەن؛ کە نیشانەی خەباتو ڕووناکی[گەشی] جوانیو ئاشتییە. هاوکات لە ئاستی سیستێمی ڕێکخستنی زمانیدا شاعیر سیستێمی سینتاکسیشی تێکشکاندووە، بۆ نموونە دێڕی یەکەم دەبێت بەم جۆرە بێت:

مرۆڤ وەکوو باران لە کۆشکە بەرزەکانی شار دایدا..

هاوکات (دایدا) لادانی واتاییە لە هەردوو ئاستەکەدا، بۆ سرووشت (بارینە)و بۆ مرۆڤ (ڕژانە-هاتنەخوارەوە بۆ سەر شەقام)ە. هەروەها(کشا) بۆ لافاو نابێت. یەکێکیتر لە لادانە زمانیو لۆژیکیەکان بریتییە لە (بەهەشت) بەرانبەر ئایدۆلۆژیایەکی چەپی ماددی. دواتر شاعیر دەڵێ:

جۆشی دەنگو ڕەنگو جووڵە

گیانی منی خستە سەر باڵ،

لە ئاسۆی دووری وڵاتم

ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ:

بو[بۆ] ڕەنگی سەوز، پاش ڕەنگی ئاڵ،

بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ !...      (دیوانی گۆران، ل ٣٢٥)

شاعیر وەک دوورە وڵاتێک چووەتە نێو ژیانو کولتووری جیاواز، ئەمەش خاڵێکی گرنگی پێکهاتنی دەقەکەیە. هیواخواستن بۆ ژیانێکی جیاواز لە نیشتماندا، کرانەوەیە بەسەر دنیای جیاوازو هێنانە ناوەوەی شیعرە بۆ سیستێمێکی واتایی جیاواز. لۆتمان دەڵێ: "بەچوونە ناو زمانی جیای کولتوور، تێکست بەسەر لایەنی جیاجیادا دەکرێتەوە، ئەوەی لەدەری سیستێمەوەیە دەبێتە هی ناو سیستێمو

471 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١١٩.

بەپێچەوانەشەوە"[472] کۆشکی بەرزو و ڕەنگی سەوزو ئاڵ، خراونەتە نێو سیستێمێکی جیاوازەوە. ئەمە کردنەوەی دەق نییە بەسەر شتە جیاوازەکاندا، بەڵکو دەوڵەمەندکردنی دەقە بە بونیادە جیاوازەکان. لێرەدا لە ئاستی بونیادی واتادا دوو بونیادی جیاوازی واتاییمان هەیە، خەباتی جەژنی ئایار لە مۆسکۆ و هیوا خواستن بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەزموونە لە نیشتمان. هەرچەند بەشی زۆری بونیادی واتایی تێکستەکە تایبەتە بە مۆسکۆ، بەڵام بەم کۆپلەیەی کۆتایی شاعیر پەیوەندیی ئۆرگانی لەنێوان ئەم دوو بونیادەدا سازکردووەو بونیادێکی واتایی نوێشی هێناوەتە ئاراوە، کە تێهەڵکێشی هەردوو بونیادی هونەریو واتاییە.

لۆتمان دەڵێ: "ئەوەی ئێمە دەربارەی تەبیعەتی یاساو ڕێسا سەرنجمان داوەتیو لێی وردبووینەتەوە، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێ لەو تێکستە شیکارییکراوەدا پەیوەندیو تەرتیبی زاڵی [تێکستەکە] بخەینەڕوو"[473]. لێرەدا تێبینی ئەو ڕێکخستنە وردەی شاعیر دەکەین، کە بەشێوەیەکی دیالێکتیکی گەشەکردوو، لە کۆپلەی کۆتاییدا تێهەڵکێشێکی نوێی دەوڵەمەندی رەخساندووە. لەمەیاندا تێبینی کاتو جوگرافیایی جیاواز، تێهەڵکێشی واقیعو خەیاڵ دەکەین؛ کە چۆن واقیع خەیاڵ دەجووڵێنێت. هاوکات تێبینی ڕەمزو ئایدۆلۆژیای هاوبەش لە زەمینەی جیاوازدا دەکەین. مەبەست لە ڕەمزی هاوبەش: [جۆشی دەنگو ڕەنگو جووڵە]و بە تایبەت[سەوزو سوور]، کە شاعیر لە دووریی وڵاتدا سوودیان لێوەردەگرێت، ئەویش بە هاوکاری[گێرام چاویخەیاڵ].

ئەم پەیوەندییەی خەیاڵو واقیع زەمینەی دیالێکتیکی شیعرەکە نیشاندەدات، کە دوور نزیک دەبێتەوەو خەیاڵ هێزی ئەم نزیککردنەوەیەی بۆ خواستنی بەردەوامی ئەم واقیعە جووڵێنەرە[بەهاوکاری خەیاڵ] هەیە. لێرەدا باشتر ستایشی شاعیر بۆ ئەم شارەو خەباتەکەی دەبینین، کە بۆ دوورە وڵاتێ بووەتە بەهەشت[دوورە وڵاتی وەک جەهەنەم دژە بەهەشتە] لەم بەهەشتەدا شاعیر نامۆ نییەو هەست بە نیشتمان دەکات. بۆیە لێکچوونی جووڵەی ناوەکیو دەرەکی هەیە، کە جووڵەی دەرەکی ناوەوەی شاعیر دەخەنە جووڵە[جۆشیمنی خستە سەر باڵ]. دەبینین وشەکانی نێو شیعرەکە هەمان وشەی ئاساییین، بەڵام شاعیر خستوونیەتە نێو سیستێمێکی جیاوازەوە.

هەروەها هەندێ لایەنی هونەری_ئیستێتیکی بەهێزی تریش دەبینین: دژ(بەفری زستان-عەرەق) تەواوکاری (کۆشکی بەرز-دایدا) میتافۆر(گرمە-هەور-خۆپیشاندەران). گونجان(دەریا-شەپۆل)، بیرخستنەوە (ئاڵا:شەکانەوە) پەیوەندی گونجانو تەواوکەرانە(گوڵ-ڕەنگاوڕەنگ=ئاڵا). پەیوەندیی لێکدانەوەیی (جووڵەودەنگ/ زرانەوە-دەنگدانەوە). (ئاڵ-کوڵم/ سەوز -ئاشتی-بەهەشت) بیرخەرەوەی

---

[472] - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل ١٢٣.

[473] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٩.

دوورەوڵاتی [جەهەنەم] و [تاڵ]ی ژیانی نیشتمانن. لێرەدا پەیوەندیی توندوتۆڵ لەنێو ڕەگەزە جیاوازەکاندا هاتووەتە ئاراوە. ئەمەش خاڵی بەهێزی کۆبوونەوەی فرەسیستێمییە لە یەک سیستێمدا. بۆ نموونە: جۆشی دەنگ-ڕەنگ-جووڵە/ گیانی منی خستە سەربال/ دووری وڵات-چاوی خەیاڵ/ ڕزگاری ژینی تاڵ. پێکەوە بەستنێکی توندوتۆڵە، کە سەرجەمی کۆپلەکانی لەخۆیدا بۆ مەبەستی نیشتمان کۆکردووەتەوە. واتا (جۆشی: دەنگ، ڕەنگ، جووڵە) پێویستیی ئەو بەهەشتەی خەڵکی مۆسکۆ بوون، کە گیانی شاعیریشی خستووەتە سەربالی هیواخواستن بەو بەهەشتە بۆ دەرچوون لەدۆخی جەهەنەمی نیشتمان. ئەم بەهەشتە سەرەتا ڕەنگی ئاڵ ڕەنگڕێژی دەکاتو ڕەنگی سەوزی لیَبەدیدێت؛ واتە بە خەبات ژینێکی بەهەشتیو ئاشتی دێتەئاراوە. دەتوانین بڵێین هەردوو ڕەنگی[سەوزو سوور] لەدەری ئەو سیستێمە واتاییەی تێکستەکە هەڵگری ئەو چەردە واتا ڕەمزییە نین، کە تێکستەکە زەمینەی بۆ ڕەخساندوون. بۆیە لە کۆپلەی کۆتاییدا خوێنەر بەبێ ئەو زەمینە هاوبەشە ناتوانێ پەیوەندی نێوان[سوورو سەوز] بەڕزگاری لە ژینی تاڵەوە ببەستێتەوە. لەبەرئەوە بەسوودوەرگرتن لە لۆتمان دەڵێین: ڕەگەزە ناسیستێمییە جیاوازەکان هێنراونەتە نێو سیستێمێکی هونەری نوێوە، ئەمەش بواری ماناو دەلالەتی نوێی پێداون[474].

لە کۆتاییدا لەم تێکستەدا خوێنەر هەست بەو ئامێتەبوونە ئۆرگانییەی نێوان ڕەگەزەکانی تێکستەکە دەکات، کە شاعیر توانیویەتی لە دوانەیەکی بەرانبەری: نیشتمان_ دوورەوڵاتی، ژیانێکی شاد لەو دوورە وڵاتەو دەردیسەریی وڵات "سوور_سەوز"ی کۆکردۆتەوەو ئەمانەشی هەموو لە وێنەی شیعری ناوازەو دەنگ و ڕەنگو جووڵەدا دەربڕیوەو سیستێمێکی شیعریی دەگمەن و داهێنەرانەی بەشیعری کوردی بەخشیوە.

---

474 - یو.م. لۆتمان، شیکاری تێکستی شیعری، ل١١٩.

# ئەنجام

شیعری گۆران جیهانێکی تایبەتمەندو فراوانی ئاستی فیکری_ ئیستاتیکییە، زەمینەیەکی لەبارو بە پیتی توێژینەوەیەو لە هەر ڕوانگەیەکەوە بۆی بڕوانی و لێی بکۆڵیتەوە بە ئەنجامگەلێکی وردو کۆنکرێت دەگەی، ئەمانەش ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەی ئێمەیە:

- ژانری لیریک زۆر بە بڕشتەو لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا جێگەی تایبەتی هەیە. ئەم ژانرە لە چەندین فۆرم و ژانرو بابەتی جیاوازدا بەدیدەکرێت. لە شیعری گۆرانیشدا بە فراوانی لە چەندین قاڵب و بابەتی جیاوازدا دەربڕدراوە. هەندێک لەوانە قاڵب و شێوازی کۆنو گەلێکیشیان نوێن. زۆربەی شیعرەکانی بە شێوازی نوێن و لەئاستی بابەتیشدا لیریکی هزری پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. لە کۆی ١٣١ شیعر لە نۆ کۆمەڵە شیعردا، چەندین فۆرمو بابەتی جیاوازی بەکارهێناوە:

لەڕووی قەبارەوە سێ جۆرن:

١. لیریکی کورت، لە ٥ بۆ ١٢ دێڕ شیعر دەگرێتەوە، لە دیوانی شاعیردا ٥٣ شیعرمان هەن. ٢. لیریکی ناوەند، لە ١٣ بۆ ٢٠ دێڕەو ٣٩ شیعرمان هەن.

٣. لیریکی درێژ، ئەو شیعرانەن لە ٢١ دێڕو زیاتر دەگرێتەوە، ٣٩ شیعرمان هەن.

- شاعیر ستانزای جۆراوجۆری بە فراوانی بەکارهێناوە، کە (٦٧) شیعرن.

- لە کۆی (١٣١) شیعری تەنیا (٣٥)شیعریان بە کێشی عەرووزن، زۆرینەیان چوارینەن. شیعرەکانی تری زۆرینەن و بە کێشی بڕگەییو خۆماڵین.

- گۆران ناونیشانی کۆمەڵە شیعرو بەشەکانی کردووە، بە سوود لەم نوێکارییەی ئەم لە دیوانەکەشدا هەوڵی جیاکردنەوەی ژانرو بابەت دراون، کە کارێکی چاکە، بەڵام ئێمە سەرنجی خۆمان دەربارەی هەندێ لایەنی ژانرو بابەتەکانی هەیەو دەرمان بڕیوە..

- لیریک شیعری خودە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی کورت مەوداو سنووردار، بەڵکو بێجگە لە ئەرکە گەردوونییە وجوودییەکەشی، فرە ئەرک و لە چوارچێوەیدا لەگەڵ بایەخی لۆتمان بە کۆنتێکست و شیعری نەمر دێتەوە.

- بابەتی لیریکی لای شاعیر بەم جۆرەن:

لیریکی هەستو نەست (٤٠) و لیریکی هزر (٧٢)و لیریکی وەسفی (١٩) هۆنراوەن.

- هەروەها لەئاستێکی وردتری بابەتی شیعریدا بەم جۆرەن:

- دڵداری(٣٤)و سرووشت(١٣)، خەباتی سیاسی(٣٠)، ئاشتیو ئازادی(٩)و بۆنەو بەسەرهات (١٤)، ڕەخنەی کولتوورو جیاوازی چینایەتی(٦)، لاواندنەوە (١٦)، هەمەڕەنگ (٩) شیعرن.

- ئەزموونی نەسرەوتن و چەرمەسەریی ژیان و تاڵی ژیانی ڕۆژانی زیندان و شکستە ژیارییەکانی شاعیر لە شیعریدا دیدو جیهانبینییەکی قووڵ و بەرفراوانیان بۆ ڕەخساندووە و لە ئاستی خۆشەویستیشدا (با)ئاسا بە دوای گوڵ و جوانیدا وێڵبووەو پابەندی عەشقێکی تاقانەو تەقلیدی نەبووە.

- چێژی شاعیر بۆ جوانی تایبەت بووە، دەکرێ بوترێ زیاتر جوانیی میتافۆری بە لاوە پەسەندبووە، ئەمەش زادەی زێدو سرووشتی وڵاتەکەی بووە؛ "کانی" لا لە "دەریا" و "تەڵی وەنەوشەی خامۆشی ژێر توترکی"،.. بە کورتییەکەی لە ئاستی دەرەوەدا کوردەواری و لێرەش جوانی و کیژی لادێی لاپەسەندتر بووە..

- شاعیر گەلێک مۆتیڤی شیعریی دیاری هەن، بەڵام لە هەموویان جێی بایەختر(دەریا، شیعر)ن، کە "دەریا" لە (٥) کۆمەڵەی شیعریدا (٣٠) دووبارەبۆتەوە. "شیعر"یش (٦٠) جار لە سەرجەمدا و (٦) جاریش وەک ناونیشانی شیعری هاتووە.

- لە ئاستی زمانی شیعریی پەیوەست بە چەمکی (زمان وەک کەرەسەی ئەدەب)ی لۆتمان، شاعیر زمانێکی دەوڵەمەندی شیعری سازکردووە، کە سوودی لە زمان بەگشتی و زمانی رۆژانە وەرگرتووە. لەم زمانە شیعرییەدا بەهۆی خستنەتەک یەک و لەبری(هەڵبژاردن) شاعیر توانیویەتی زمانێکی شیعری فرە دەلالەت سازبکات، کە وشەکان لەپێکهاتەی شیعریدا جگە لەواتاکەی خۆیان واتای دیکەش لە خۆبگرن.

- لە ئاستی چەمکی پاراڵێلی (لۆتمان)دا، شیعرەکانی شاعیر گەلێک دەوڵەمەندن بەم هونەرەو جۆرە جیاوازەکانی: لێکچوون و دژیەک و بەرانبەری و پەیوەندی بەش و گشتو پاراڵێلی زمانی لەئاستی ڕێزمان و وشە و دەنگەکاندا بەرچاون. بەهۆی کارامانە خستنەگەڕی ئەم هونەرەو بینینی نەزم لەسەرتاپای شتەکاندا، شیعرەکانی شاعیر لەگەڵ وەرگر و خوێنەردا هاوئاهەنگ دەبن.

- دیاردەی "دووبارەکردنەوەی هونەری" لە شیعرەکانیدا بەچەندین شێوازی جیاواز هەیە، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی دەنگی، وشە، فرێزو ڕستە، کۆپلە، یان دووبارەکردنەوەی جۆراوجۆری هەمان شت، یان جیاواز. بەڵام تەنیا دووبارەکردنەوە نییە لەبەر دووبارەکردنەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ناوەرۆکو دنیابینی شاعیرەوە بۆ جەختو کاریگەریدانان لەسەر خوێنەر. هاوکات بەشدارییەکی چالاکی لە مۆسیقای شیعرەکاندا کردووە.

ـ زمانی شیعریی گۆران لە ڕووی زانیاریبەخشیی فیکری_ئیستاتیکییەوە، لەگەڵ کۆت و پێوەندی کێش و سەرواشدا، لە ئاستێکی بەرزدان و شاعیر باڵادەست بووە لە زمانداو چەندین هونەری شێوازناسکی وەک جۆرەکانی لادان و کورتکردنەوەو چڕکردنەوەو پاش و پێشخستنی سینتاکسی بۆ خەملاندنی لیریکی بەرزی بەکارهێناوە.

ـ بونیادی یەکێتی لە شیعری شاعیردا بەشێوەیەکی هونەریو دیالێکتیکییە. شاعیر سوودی لە تێهەڵکێشی هەردوو بونیادی فۆنۆلۆگیو سیمانتیکی وەرگرتووە، تاوەکو یەکێتییەک سازبکات. هەروەها شێوازی تێهەڵکێشو یەکێتیی چەند بونیادی ئاوازەی جیاوازی ئەنجامداوە[عەرووزو برگەیی، یان چەند جۆر برگەی جیاواز] کە لەگەڵ بونیادی واتایی شیعرەکەدا یەکێتییەکی هونەریان پێکهێناوە. لەشیعری (پایز)دا بەشێوەیەکی هونەریو دیالێکتیکی یەکێتی من و تۆ لە ئێمەدا پێکهاتووە، ئەمەش لە پێکهاتەی زمانی شیعریشدا دەرکەوتووە، کە (٥)جار هەرسێ ئاماژەی[من، تۆ، ئێمە] هەن.

ـ بونیادو وشەی نامۆ لای شاعیر لە چەندین ئاستی جیاوازدا هەن، لە تێهەڵکێشی ژانرە جیاوازەکانەوە، تاوەکو تێما، زمانو ئاوازە جیاوازەکان. ئەم بونیادە جیاوازانە بەپێچەوانەی سرووشتی فۆرمی شیعر خۆیەوە کە مۆنۆلۆگە، دیالۆگیان سازکردووە. بنەمای دیالۆگیش جیاوازییە. بۆ نموونە شاعیر بەهۆی ئەو وشانەی گوزارشت لە سرووشت دەکەن، تێمای خەباتی سیاسیو نیشتمانپەروەری گەیاندووە. هاوکات لەشیعرەکانیدا شێوازی هەستکردن بەشتەکان نەک زانینیان واتە بە نامۆکردنیان ڕەچاوکراوە، کە بە گوتەی شکڵۆفسکی کرۆکی شیعری نەمرە.

ـ پەیوەندیی تێکست و سیستێم لە شیعری شاعیردا لە ئاستی جیاوازدایە، کە شاعیر هەوڵی تێهەڵکێشی سیستێمە جیاوازەکان و شکاندنیانی بۆ بونیادنانی سیستێمی نوێ داوە. جگەلەوەی فرە سیستێمی لە شیعرەکانیدا هەیە، لەگەڵ نەرمیی ئاوازەو ناسکیی وێنەکاندا، توندوتۆڵی و بە بەردبوونیش تێبینی دەکرێن، کە ئەمەش زامنی هێنانەکایەی سیستێمێکی شیعریی تەلارئاسای هاوئاهەنگ و گونجاو و تۆکمەیە.

# سەرچاوەکان

## **به زمانی کوردی_کتێب:**


١. د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، ئەکادیمیای کوردی-هەولێر، ٢٠٠٥.

٢. M.H ئەبرامز، تیۆرە[بیە] مۆدێرنەکانی ئەدەبو رەخنە وەرگێڕانی، عوسمان ئەحمەد، چاپەمەنی ژێر_سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣. ئەرستۆ، شیعر(پۆیەتیکا)، پێشەکی، وەرگێڕانی: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-سلێمانی ٢٠٠٩.

٤. ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی(١٨٠٦-١٨٨٢) دەزگای سەردەم_سلێمانی، چاپی سێیەم، ٢٠٠٧.

٥. ئومێد ئاشنا، گۆران نووسین و پەخشانو وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا کۆی کردووەتەوەو ڕێکیخستووەو پێشەکی بۆ نووسیوە. دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٢.

٦. بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو راڤەی دەق. کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی، مسعود بابایی.چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما- هەولێر ٢٠٠٤.

٧. بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٤.

٨. د.بەسام قەطوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د.محەمەد تاتانی، خانەی وەرگێڕان_سلێمانی-٢٠١١.

٩. بوکنەر. ب. تراویک، مێژووی ئەدەبی جیهان، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف_ بەرگی یەکەم، دەزگای موکریان_هەولێر ٢٠٠٨.

١٠. تێری ئیگڵتن، تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:عەتا قەرەداغی، ناوەندی ئەندێشە-سلێمانی ٢٠١٦.

١١. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، مەڵبەندی کوردۆلۆجی_ سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٢. پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا-کرمانجی خواروو ١٩٨٠-ڕاپەڕین. دەزگای سەردەم_سلێمانی-٢٠٠٨.

١٣- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، واتاو وەرگێڕان لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە. دەزگای موکریان_هەولێر-٢٠٠٩.

١٤- پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس-هەولێر ٢٠٠٦.

١٥- پیتەرهاڵبێرگو دانەرانیتر، تیۆری ئەدەبیو شێوازناسی، ئامادەکردنو وەرگێڕانی، ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی_سلێمانی٢٠١٠.

١٦ - د.جەبار ئەحمەد حسێن. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠)، دەزگای سەردەم-سلێمانی-٢٠٠٨.

١٧- جۆرج ویلهێلم فریدریک هیگڵ، فینۆمینۆلۆجیی هۆش،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-٢٠١٦.

١٨- جۆن هال، ولیام بویلوور، ولیامز شۆپان، چەند وتارێک دژی بونیادگەری، وەرگێڕانی: حسەین لەتیف، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی-سلێمانی،٢٠١٣.

١٩- حمەحەمە ئەمین قادر(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد_بەغدا ١٩٧٨.

٢٠- د.حەمە ڕەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی_کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای (چاپو نەشر احسان)، ٢٠٠٦.

٢١- حەمە نوری کاکی، شێوازی شیعری نوێی کوردی_کرمانجی ناوڕاست١٩٢٠-١٩٧٠، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٢- ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا-هەولێر، ١٩٨٨.

٢٣- د.زەکەریا ئیبراهیم، کێشە فەلسەفییەکان، کێشەی بوونی مرۆڤ،وەرگێڕانی، محەمەد مستەفا قەرەداغی، خانەی وەرگێڕان_سلێمانی٢٠١٣.

٢٤- سدیق بۆرەکەیی(سەفیزادە) مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس_هەولێر ٢٠٠٨.

٢٥- عەبدولخالق یەعقووبی، دەنگی بلوورینی دەق-ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی راز_ سلێمانی ٢٠٠٥.

٢٦. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەکادیمیای کوردی_هەولێر ٢٠٠٨.

٢٧. عەبدوڵڵا رەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا- باشووری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)، ئەکادیمیای کوردی-هەولێر٢٠١١.

٢٨. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ألا یا أیها الساقی و دەبابەتی تر، لەبڵاوکراوەکانی بزافی ڕۆشنبیری نوێخواز_هەولێر،٢٠٠١.

٢٩. د.عبدالقادر حمەامین محمد، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا. مەڵبەندی کوردۆلۆجی_سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣٠. عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ١٩٩٩.

٣١. عەبدولواحد مشیر دزەیی، واتاسازی-چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، دەزگای موکریان_-هەولێر-٢٠٠٩.

٣٢. عەزیز گەردی، سەروا، چاپی یەکەم. دەزگای ئاراس-هەولێر، ١٩٩٩.

٣٣. عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠١٤.

٣٤. عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر-١٩٩٩.

٣٥. عەلادین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف_بەغدا، ١٩٦٩.

٣٦. عەلی زەڵمی، پرسی شوناس-لەمژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرن. لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی مەستی_سلێمانی، ٢٠١٢.

٣٧. عیزددین مستەفا رەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا_ هەولێر_١٩٩٠.

٣٨. غەمگین فەرەج، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، زنجیرەی کتێبی ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان(٢)چاپی یەکەم-هەولێر ٢٠٠٥.

٣٩. فەرهاد پیرپاڵ، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، لە بڵاوکراوەکانی گروپی هانەی ئیعلامی-٢٠٠٥.

٤٠. فەرهاد پیرباڵ، عبدولڕحیم ڕەحمی هەکاری، تازەکردنەوەی شیعری کوردیو داهێنانی شانۆنامە لەئەدەبیاتی کوردیدا، وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-٢٠٠٢.

٤١. د.کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپو بڵاوکردنەوەی-سلێمانی، ٢٠١٢.

٤٢. د. کەمال میراودەلی، زانین و دەسەڵات-خوێندنەوەیەکی فوکۆ وەک خۆی.چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی ٢٠٠٧.

٤٣. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چاپی دووەم_خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع-سلێمانی ٢٠٠٥.

٤٤. مارتن هایدیگەر، بوون و کات، وەرگێڕانی د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-سلێمانی٢٠١٣.

٤٥. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس_هەولێر، ٢٠٠١.

٤٦. مارکس، لۆکاچ، ئادۆرنۆ...: فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، وەرگێڕ، هادی محەمەدی، چاپخانەی شڤان_سلێمانی ٢٠٠٦.

٤٧. د.محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، دەزگای هەوار ئەدیلاند_ ئوستralia ٢٠٠١.

٤٨. د.محەمەد کەمال، لۆجیکی هیگڵ، دەزگای سەردەم_-سلێمانی ٢٠١٦.

٤٩. د.محەمەد کەمال، هایدیگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥٠. مەریوان وریا قانع، بەختەوەری و بێدەنگی، دەزگای سەردەم_سلێمانی ٢٠٠٤.

٥١. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێوە- ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نموونە، دەزگای موکریان_ هەولێر،٢٠١٢.

٥٢. د.محەمەدی مەحوی، زمانو زانستی زمان، سەرەتایەک بۆ زانستی زمان. بەرگی یەکەم، دەزگای سەردەم_سلێمانی، ٢٠٠١.

٥٣. معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفأ-بغداد- ١٩٦٣.

٥٤. د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لەبڵاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر_ سلێمانی٢٠١٢.

٥٥. موراد فرهاد پور، جوانیناسی شکست. وەرگێڕانی، مەنسوور تەیفوری، چاپخانەی ڕەنج_ سلێمانی ٢٠٠٦.

٥٦. میخایل باختین، سەودای وتوێژ، پێکەنینو ئازادی، و. بەختیار سەجادی، دەزگای موکریان ـ هەولێر، ٢٠٠٨.

٥٧. ناز ئەحمەد سەعید، لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت، چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١٣.

٥٨. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس-سلێمانی ٢٠١٥.

٥٩. پ.ی.د.هیمدادی حوسێن، دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، موکریان-هەولێر،٢٠٠٧.

## نامە ئەکادیمییەکان:

١- پەری عومەر عەلی، شیعرە کوردییەکانی بێخود: ژانر، بابەت و شێوازیان.[نامەی ماستەر]، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٦.

٢- سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا[نامەی دکتۆرا]، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی-٢٠١٤.

٣- هەڤاڵ ئەبوبەکر حەسەن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لەشیعری کوردیدا[نامەی دکتۆرا] زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی- ٢٠١٠.

## گۆڤارو ڕۆژنامە، پێگەی ئینتەرنێتی:

١- ئەمیر حەسەنپور، نامەیەک بۆ فەرهاد شاکەلی، گۆڤاری مامۆستای کورد[دەنگی بەشی کوردی، خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵمە] ژمارە(٤-٥) ١٩٨٧.

٢- ئەنوەر قادر محەمەد، شێوازی شیعری مەولەوی لەڕوانگەی ستایلناسی نوێوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە(٥١)ئابی ٢٠١٦.

٣- بەکر عەلی، دیدی مارتن هایدیگەر نامۆبوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر. گۆڤاری ئازادی_سلێمانی، ژمارە(٤).

٤- پ.ی.د. دڵشاد علی، گۆران داهێنان و نوێخوازی-لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە(٢٠) ٢٠٠٧ بەشی(B).

٥- حەمە نوری کاکی، گۆران و ئەرکی شیعر. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(٤٥) ئابی ٢٠١٤ بەشی(B).

٦- ڕەئوف حەسەن، باشاعیرێتیی گۆرانمان لەبیر نەچێتەوە، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٥١. ١٩٧٨.

٧پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، گوتاری کوردیی:
http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=6&Besh=Witar&Jimare=36989

٨- پ.د.زاهیرلەتیفکەریم، پ.د.نیان نەوشیروان فوئاد مەستی: ئۆنتۆلۆژیا لە شیعری گۆراندا:
http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=3392&type=farhang

٩- پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، یادێک بۆ گۆران- زانکۆی سلێمانی.
http://khaktv.net/dreja.aspx?Jmare=6848&Jor=14

١٠. سامان عزدين، بنياتی هونەريی لەشيعردا: وتارێكە لە ئينتەرنێتەوە وەرم گرتووە، هيچ ناونيشانو لۆگۆی بڵاوكراوەيەكی لەسەر نييە.
١١. سەردار عەزيز، پايزو مەرگ، رۆژنامەی ئاوێنە، ستوونی'ئێرەو ئەوێ' ژمارە ٢٠١١/١٢/٦.

١٢. د.علی طاهر حسين، د.شنۆ محمد محمود، زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شيعريی، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە(٣٣) ٢٠١٢ بەشی(B).

١٣. عومەر مارف بەرزنجی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣ س ٦،مارتی ١٩٤٥. كوردستانی نوێ، ژمارە١٢٠٠، دوو شەممە، ١٩٩٦/١/٢٦.
١٤. عومەر مەعروف بەرزنجی، گوڵی خوێناوی گۆران و(بولبولو گوڵ)ی ئۆسكار وايلد:
http://www.kurdipedia.org/smartphones.aspx?lng=1&q=20151211085822128543
.
١٥. فەرامەرز ئاغابەيگی، گۆران و گوڵی خوێناوی-رامان-ژمارە ٢٣٠- ٢٠١٦.
١٦. گاستۆن باشلار، شيعرييەتی فەزا، وەرگێڕانی: د. ئەحمەدی مەلا، گۆڤاری شيعر، ژمارە (٢)سلێمانی ٢٠١٦.

١٧. هەڤاڵ ئەبوبەكر، ئەدەب و ژيانی مەدەنيەت، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژمارە(٤٠) ئايار ٢٠١٣بەشی(B)

١٨. همزە حسين حمە، لادانی واتايی لەزمانی شيعر، گۆڤاری زانكۆی راپەڕين، ژمارە (١). چاپخانەی حاجی هاشم_هەولێر،٢٠٠٤.

## به زمانی فارسی_كتێب:

١. ابوالقاسم حسينی، بر ساحل سخن، قم، انتشارات دار الشعلين، 1378.

٢. اسماعيل حاكمی، انواع شعر فارسی تحقيق درباره ادبيات غنايی ايران، نشر دانشگاه تهران، چاپ اول، 1386.

٣. ايرنا ريما مكاريک، دانش نظريه ادبی معاصر،ترجمه مهران مهاجر، محمد نبوی، چاپ سوم، تهران:آگه. ١٣٩٤.

٤. بابک احمدی، از نشانەهای تصويری تا متن(بەسوی نشانەشناسی ارتباط ديداری). نشر مركز:تهران. چاپ دهم-١٣٨٩.

٥. بابەک احمدی، حقيقت و زيبايی-درسهای فلسفەی هنر. نوبت چاپ بيستم، انتشارات- تهران، ١٣٩١.

٦ـ پرتو نوری علا، هنرو آگاهی(مجموعه مقالات و نقد ادبی) چاپ سوم. انتشارات سندباد-١٣٨٦.

٧ـ جورج لوکاچ، نظریه رمان، ترجمه، حسن مرتضوی، نشر قصه-تهران، ١٣٨١.

٨ـ حسن انوشه، دانشنامه ادب فارسی، تهران، انتشارات وزارت ارشاد، جزء 2_ 1380
٩ـ حسین رزمجو، انواع ادبی، تهران، نشر توس، چاپ دوم،1385.

١٠ـ خسرو فرشیدورد، درباره ادبیاتو نقد ادبی، انتشارات، امیر کبیر_تهران چاپ: سوم. ١٣٦٣.

١١ـ رابرت اسکولز، ساختگرایی در ادبیات، ترجمه‌ی فرزانه طاهری، چاپ اول: نشر آگه_ تهران. 1379.

١٢ـ راجر فالر، یاکوبسن..دیگران،زبانشناسی و نقد ادبی. ترجمه، مریم خوزاد، حسین پاینده، تهران نشر-نی١٣٦٩.

١٣ـ رنه ولک، آوستین وارن، نظریه ادبیات، ترجمه، ضیاء موحدو پرویز مهاجر، انتشارت علمیو فرهنگی، تهران ١٣٧٣.

١٤ـ سیروس شمیسا، انواع ادبی، چاپ اول، انتشارات باغ آینه، تهران، ١٣٧٠.

١٥ـ سیروس شمیسا، نقد ادبی، تهران، فردوس، چاپ دوم، 138٠.

١٦ـ سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی-واژه‌نامهء مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی-اوروپایی(تطبیقی و توضیحی)، انتشارات مروارید، تهران-چاپ هشتم.

١٧ـ عبدالحسین زرین کوب، شعر بی دروغ شیعر بی‌نقاب، تهران، چاپ هشتم،١٣٧٩

١٨ـ عبدالحسین زرین کوب، نقد ادبی، موسسه انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٥٤.

١٩ـ عبدالعلی دست غیب، هنرو واقیعیت، چاپ دوم، مرکز نشر شپهر، تهران،١٣٦٩.

٢٠ـ فرزان سجودی، نشانه‌شناسی کاربردی-چاپ اول، نشر قصه. ١٣٨٢.

٢١ـ کورش صفوی، از زبانشناسی به ادبیات(جلد اول:نضم)، انتشارات سوره مهر، چاپ دوم، ١٣٩٠.

٢٢ـ کورش صفوی، آشنایی با نشانه‌شناسی ادبیات. انتشارات علمی، چاپ اول، ١٣٩٣.

٢٣ـ گراهام آلن، رولان بارت، ترجمه‌ی پیام یزدانجو، نشر مرکز-تهران.

٢٤ـ لطفعلی صورتگر، منظومه های غنایی ایران، تهران، دانشگاه تهران، چاپ دوم، 1384.

٢٥- محمد رضا شفیعی کدکنی'انواع ادبی، شعر فارسی'خرد و کوشش، دورەی چهارم، دفتری دوم، سوم ١٣٥٢.

٢٦- محمد رضا شفیعی کدکنی، زبان وادبیات عمومی فارسی، نشر چشمه، تهران 1384.
٢٧- محمد رضا شفیعی کدکنی.رستاخیز کلمات:درس‌گفتارهایی درباره نظریه ادبی صورت‌گرایان روس_تهران،١٣٩١.

٢٨- محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، انتشارات، خاوران،١٣٨٦.

٢٩- محمد علی حق‌شناس، شعر،نضم،نثر، سی گونەی ادبی. در میر عمادی (گردآورنده) مجموعه مقالات دومین کنفرانس زبانشناسی نظری‌و کاربردی. تهران ١٣٧١.

٣٠- محمد غنیمی هلال، ادبیات تطبیقی، ترجمه، سیدمرتضی ایت الله زاده شیرازی، تهران، چاپ اول 1373.
٣١- محمود عبادیان، انواع ادبی شمه‌ای از سیر گونه‌های ادب در تاریخ ادبیات فارسی تهران، سازمان تبلیغات اسلامی 1379.
٣٢- ناصر بهرامی، فارسی عمومی، ادبیات کاربردی و ادبیات محض. نشر بانو-تهران، ویرایش چهارم، ١٣٩٠.
٣٣- نوری محمد اسماعیل، موسیقی و غنا از دیدگاه اسلام، قم، موسسه بوستان کتاب، (1385).
٣٤- ولبور اسکات، دیدگاه‌های نقد ادبی، ترجمه: فریبرز سعادت. انتشارات امیر کبیر، سپهر-تهران١٣٤٨.

٣٥- ویلفرد.ال گورین، ارل.جی لیبر،جان.ار. ویلینگهام، لی مورگان، راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ترجمه، زهرا متهن خواه.انتشارات اطلاعات_تهران، چاپ سوم،١٣٧٧.

## گۆڤاری فارسی:

١- احمد پاکتچی، مفاهیم متقابل، طبیعت‌وفرهنگ در حوزه نشانه‌شناسی، مکتب موسکو-تارتو، مقالات اولین هم‌اندیشی نشانه‌شناسی هنر، چاپ اول، تهران-فرهنگستان هنر.

٢- آزیتا طالقانی، برجسته‌سازی در زبان‌و نقش آن در شعر معاصر فارسی سال ٣٠، شماره ٤، زمستان ١٣٩٤.

٣- د.اسحاق رحمانی، زیبایی‌شناسی تکرار در شعر توفیق زیاد شاعر مقاومت(پژوهشی در سبک‌شناسی آوایی)، نشریه ادبیات پایداری، سال ششم،شماره یازدهم، ١٣٩٣.

٤ـ امیر عباس عزیزی‌فر، مهدی نیک‌منش، نگاهی به‌مهم‌ترین گونه‌های هنجارگریزی زبانی در شعر نیما، فصلنامه علمی–پژوهشی زبان، دانشگاه زهرا، سال ششم، شماره ۱۰ بهار ۱۳۹۳.

٥ـ تئودور آدورنو، مترجم، کاشیگر، سخنی پیرامون شعر غنایی و اجتماعی، بوطیقای نو، جلد ۱ بهار، چاپ اول، ۱۳۷٤.

٦ـ تقی پورنامداریان، انواع ادبی در شیعر فارسی، مجله دانشکده ادبیات و علم انسانی، دانشگاه قم، سال اول، شماره سوم،بهار ۱۳۸٦.

۷ـ حسین اقا حسینی، زینب زراع، تحلیل زیباشناختی ساختار زبان شعر احمد عزیزی بر اساس(کفش‌های مکاشفه)،مجله پژهش‌های زبان‌شناسی، سال سوم، شماره دوم، ۱۳۹۰.

۸ـ رحمان مشاق مهر، رسول کاضم‌زاده، انواع ادبی، شعر غنایی و حسب حال سرایی، فصلنامه علم–تخصصی علامه، سال دهم–شماره پیایی ۲٦، بهار و تابستان.

۹ـ زهرا پارساپور، بررسی ارتباط انسان با طبیعت در شعر، مجله ادب فارسی، دوره ۲شماره ۱ بهار–تابستان،۱۳۹۱.

۱۰ـ د. سید آحمد حسینی کازرنی، سخن پیرامون ادبیات تعلیمی و غنایی، فصلنامه‌ی تحقیقات تعیلمی و غنایی زبان و ادب فارسی، دانشگاه آزاد اسلامی–واحد بوشهر، شماره پیایی، هشتم، ۱۳۹۰.

۱۱ـ ضیا موحد، سیلویا پلات، مجله ارغنون، شماره ۱٤، زمستان ۱۳۷۷.

۱۲ـ د.علیرضا نبی لو، بررسی تصاویر شعری بلبل در ادبیات فارسی(علمی–پژوهشی. نشریه ادب و زبان،دانشکده ادبیات وعلوم انسانی،دانشگاه شهید باهنر کرمان،سال ۱۸، شماره(۳۷)۱۳۹٤.

۱۳ـ د.علی سرور یعقوبی، رنگ حس آمیزی در شعر معاصر، فصلنامه‌ی پژهش ادبی، دوره٤، شماره ۱٤، ۲۰۰۹.

۱٤ـ د.غلامحسین غلامزاده، د.قدرت ألله طاهری، فرزاد کریمی، بررسی عملرد روایت در آشعار نیما با تکیه‌بر نشانه‌شناسی ققنوس، ادبیات پژهشی شماره پازده بهاتر ۱۳۹۰.

۱٥ـ د. فرشته ناصری، مروری بر تاریخچه ادبیات غنایی در ایران،–فصلنامه در دری–سال اول، شماره دوم–بهار ۱۳۹۱.

۱٦ـ د.فرهاد رجبی، رویکردهای انسانی به(شهر) در شعر معاصر عربی و فارسی. مجله ادب پژهشی، دوره ٥، شماره ۱٥، ۱۳۹۰.

١٧. قدسیه رضوانیان، فاطمه هدایت‌نژاد، بررسی تطبیقی مولفهای رمانتیک در شعر سهراب سپهری و ولیام بلیک، نشریه ادبیات تطبیقی، دانشکده ادبیات‌و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال ٧شماره (١٣)،١٣٩٤.

١٨. کورش صفوی'نگاهی به تقابل معنایی'مجلەی دانشکدەی ادبیات علوم انسانی، دانشگاه کرمان، شماره (١).

١٩. د.لیلا هاشمیان، فردین شریف نیا، بررسی توازن آوایی در اشعار منوجهر آتشی. نشریه ادبیات پایداری، دانشکده ادبیات علوم انسانی، شماره ٣٦، پاییزو زمستان ٩٣.

٢٠. محبوبه خلام پور گلی، منسور حسامی کرمانی، تحلیل نشانه‌شناختی تصویری، از یک نگاره نسخه خطی 'هزارویک شب' به روش (یوری لوتمان)-فصلنامه علمی نگارینه هنر اسلامی، شماره اول، بهار ١٣٩٣.

٢١. د.محمد رضا عمران‌پور، کارکرد هنری قید و گروهای قیدی در اشعار شاملو، فصلنامەی پژهشای ادبی، سال٥، شماره١٨ زمستان١٣٨٦.

٢٢. د. مرتضی حیدری، ارزیابی نظریه انواع ادبی فارسی:کلید نگارش تاریخ ادبیات نوین، نشریه ادب و زبان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی سال ١٨، شماره ٣٧..

٢٣. مهدی دهرامی، بررسی چگونگی نام‌گزاری عنوان شعر. در ادبیات سنتی‌و معاصرو کارکردهای زیباشناختی آن. مجله شعر پژهشی_دانشگاه شیراز، سال هفتم شمارەی سوم، ١٣٩٤.

**<u>نامەی ئەکادیمی(بەزمانی فارسی):</u>**

١. احمد ولی زاده، تحلیل و بررسی اشعار غنایی مهدی حمید شیرازی با تکیه بر اشک و معشوق و سال‌های سیاه[پایان نامه]کارشناسی ارشد در رشته زبان‌و ادبیات فارسی، ١٣٩٠.

٢. کمال رضایی شعبان، بررسی زمینه‌هایی غنایی سبک هندی در غزلیات حافظ، [پایاننامه] دانشکدەی ادبیات علوم انسانی، گروه زبان و ادبیات فارسی.

٣. مهناز شریعتی، بررسی تطبیقی شعر نو کردی و فارسی(با توجه به اشعاری نیما یوشیج و عبدالله گوران)[پایاننامه] کارشناسی ارشد رشتەی ادبیات محض. دانشگاه کردستان، دانشکده ادبیات، گروهی زبان و ادبیات فارسی. ١٣٨٨.

**پێگەی ئینتەرنێتی[بەزمانی فارسی]:**

١ـ اعظم بابایی، ادبیات غنایی. فرهنگ علوم انسانی اسلامی پژوهه:http://pajoohe.ir/

٢ـ د.احمد پاکتچی، رویکرد فرهنگی مطالعه به معنا:
http://www.ihcs.ac.ir/Pages/Features/MovieDetail.aspx?id=7670

٣ـ رضا نجیفی، سلسه نشست دربارەی رمانتیسیسم:

https://www.youtube.com/watch?v=Zv1jWk-CGr8

٤ـد.فرزان سجودی، نوستالژیو زندگی روزمره:
http://farhangemrooz.com/d/2015/04/21/0/13297.mp3

٥ـ مازیار فیروزمند، بررسی رابطەی صورتگرایی روسیو پساساختگرایی، با تمرکز بر جایگاه متنو مولف. وتارێکە لە سایتی:(حلقه نشانەشناسی تهران): http://iransemiotics.ir/?p=10567.

**بە زمانی عەرەبی:**

١ـ د.حسین علی شانوف، عبدالله گوران: شعر الشاعر الكردی المعاصر.(ت:شكور مصطفى)، مطبعه دار الجاحظ- بغداد١٩٧٥.

٢ـ رحمه مهدی علی الریمی، بناء القصیده الوجدانیه، عند الشعراء المدینه المنوره المعاصرین. جامعه ام القری، كلیه اللغه العربیه، قسم الدراسات العلیا،٢٠٠٥.

٣ـ عزالدین المناصره: یوری لوتمان، تحلیل النص الشعری، الأردن:

http://www.jehat.com/Jehaat/ar/JanatAltaaweel/maqalatNaqadeya/aizaldeen

**بە زمانە ئەورووپاییەكان:**

1- Abrams M.H. A Glossary of Literary Terms. “ Seven Edition”, USA, 2001.
2- Baldick CHris. Oxford Concise Dictionary of Literary Terms. “Second Edition”, Oxford University Press, New York, 2001.
3- Booker K. A Practiced Introduction to Literary Theory and Criticism. “Longman Publishers” , USA, 1996.

4- Cuddon A. Dictionary of Literary Terms & Literary Theory. "Penguin Book", London, 1988.
5- LotmanYury. Analysis of the Poetic Text (Analizpoetcheckogotexta). Edited and Translated by D. Barton Johnson, USA, 1975.
6- Peter Auger. The Anthem Dictionary of Literary Terms and Theory. " Second Edition", New york, 2010.
7- Peter Childs and Roger Fowler, *The Routledge Dictionary of Literary Terms*. Third Edition. Routledge, New York: 2006.

8- Aurelius E.H. & Gostelius (red). Genre _ teori, Lund (Sweden), 2001.
9- Lars Ellestrom. Lyrikanalys– En intro duction, lund(Swedn) 1999.
10- Genette Gerard. Introdection till Arketexten. _ Genre teori, Lund (Sweden), 2001.
11- Lotman Juri. Den poetiska texten. Intoduktion av Lars Kleberg, Stockholm,1972.

12- Duhamel G. Anthologie de la poesie lyrique en France, Flammarion,1999.
13- Theodor Aderno, Notes sur la littérature, Flammarion, paris, 1948

14_ Грегорева А.Д. Язык лирики Х1Хв. , « наука» , Москва, 1981.
15_ Жан _ Поль . Приготовительная Школа Эстетики, « Искусство», М.,1981.
16_ Лихачв Д.С. Поэтика Древнврусской Литературы, Л.,1971.
17_ Кожевников В.М. и Николаев П.Е. (отв.ред.) Литературный Энциклопедический Слрварь, « Советская Энциклопедия», Москва, 1987.
18_ Лотман Ю.М. Анализ Поэтического Текста_ Структура стиха , «Просвешение», Ленинград, 1972.
19_Лотман Ю.М. Структура Художественного Текста , Москва, 1970.
20_ Мукаржовский Я. Литературный язык и поэтический язык . _ в кн.: Пражский Лингвистическый Кружок , Москва, 1976.
21_ Поспелов Г. Н. Введение в Литературоведение , Москва , 1983.
22 _ Стеблева И. Н. Семантика Газелей Бабура , « Наука» , Москва, 1983.

# ملخص البحث

" الشعر الغنائي للشاعر عبدالله گوران من منظور المنهج البنيوى التكاملي( المفتوح) "

يعالج هذا البحث شعر الشاعر الكردي المبدع عبدالله گوران ( 1904- 1962) وفق المنهج البنيوي التكاملى (المفتوح)، اى منهج العالم الروسي المعروف يورى لوتمان (1920_ 1996)، والذي يعتبر بحق منظر البنيوية لدراسة الشعر، وتتجلى طروحاته حول دراسة الشعربالاخص في كتابه: "تحليل النص الشعري: بنية الشعر - 1972"، والذي ترجم الى عدة لغات لاهميته النظرية و التطبيقية.

لقد اثار شعر گوران اهتماما كبيرا لدى النقاد و الباحثين و كتبت دراسات مختلفة حول حياته و نتاجه الشعري منذ اواسط القرن الماضي و حتى الآن، الا ان تراثه الشعري الثمين لايزال معين لا ينضب للدراسات من الممكن تبئيره وفق المناهج المختلفة . اما ما تخص دراستنا هذه، فهى محاولة لتحليل شعر گوران وفق منهج (يورى لوتمان) البنيوى الذى يختلف عن بنيوية (رومان ياكوبسون)، لان الاخير يؤمن باستقلالية النص و فصله عن جميع السياقات و حتى عن مؤلف النص ذاته، فى حين يهتم لوتمان بسياقات غير نصية و يستخدمها فى دراسته للشعر، بالرغم من انه يضع ايضا النص في مركز الاهتمام .

تتالف هذه الدراسة من: مقدمة، ثلاثة فصول، الخاتمة (الاستنتاجات)، قائمة باسماء المصادر و المراجع و ملخصين للبحث باللغتين العربية و الانجليزية .

تتضمن المقدمة اسطرا عن اهمية شعر گوران الغنائي و اختياره _ من قبلنا للدراسة _ وكذلك المنهج المتبع لتحليله والصعوبات التى رافقت انجاز البحث...الخ

يتناول الفصل الاول _ مفهوم النوع الادبي واغراضه و كذلك الشعر الغنائي من الناحية النظرية .

اما الفصل الثانى _ فهو تطبيق الجانب النظري للفصل الاول، و قمنا بتعريف و تصنيف الشعر الغنائي للشاعر گوران، من حيث النوع الادبي و اغراضه ..

ولكن الفصل الثالث و الاهم هو تطبيق لمنهج يورى لوتمان في تحليل الشعر و استعملنا بالتحديد (9) تسعة مفاهيم اساسية من منهجه لدراستنا و هى:

1)اللغة كمادة للشعر، 2) طبيعة الشعر، 3) التكرار الفني ، 4) مستوى المفردات للشعر، 5) التوازي، 6)البيت (السطر) الشعري كوحدة متماسكة، 7) "الكلمات الغريبة" في النص الشعري، 8) النص ككل، 9) . النص و النظام .

و في الختام توصلنا الى استنتاجات دقيقة مبنية على اساس الارقام و الاحصائيات لان المنهج البنيوى بشكل عام و منهج لوتمان بالاخص يعير كثيرا من الاهتمام بهذا الجانب لتبيان خصوصية النص و ذلك ماستفدنا منها في تاويل و تحليل شعر گوران الغنائي و جوهره الابداعي الخالد.

## Summary

The title of this study is : “The lyrical poems of Goran from Yury Lotman’s structural method of poetic analysis“.

Professor Y.Lotman’s(1920-1996) substantial book: the “Analysis of the Poetic text -The Structure of Poetry (1972) is what we used in our research. The book is an attempt to provide an abundant illustration of the relationship between his structural theory and the critical analysis of poetic language. Since the 20th century and further on an interest in Goran’s poetry is prominently evident. There are many books and essays written about his life and poetry, therefore, our thesis strives to interpret Goran’s lyrical poems in light of Lotman’s analysis methodology and concepts:

1) Language as the Material of Language
2) The Nature of Poetry
3) Belletristic Repetition
4) The Lexical Level of Verse
5) Concept of Parallelism
6) Line as a Unity
7) “The Alien Word“ in the Poetic Text
8) The Text as a Whole : The Composition of the Poem
9) Text and System.

The study consists of:an introduction, three main conceptual parts, a conclusion, bibliography and the summaries of the study in Arabic and English.

Part 1 _ Literary Genres, Theme and Motives.

Part 2 _ Literary Genres, Theme and Motives of Goran’s Lyrical poems.

Part 3 _The Analysis of Goran’s Lyric from Y.Lotman’s Structural Theory perspective.

Consecutively, we examined Goran’s lyrical poems with Lotman’s structural concepts, thereby achieving a successful purpose in our study that shows the high aesthetical values of Goran’s poetry.